کنێر عەبدوڵڵا

# گۆشەنیگاکانم

هەواڵنامەی کتێب

# گۆشەنیگاکانم

ناوی نووسەر: کنێر عەبدوڵڵا

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

نۆرەی چاپ: ٢٠١٩

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: دینار

چاپ: چاپخانەی

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٩ پێدراوە

هەواڵنامەی کتێب

کنێر عەبدوڵڵا

# گۆشەنیگاکانم

٢٠١٩

هەواڵنامەی کتێب

**پێشکەشە...**

بەو مرۆڤانەی داکۆکیکارن لەپێناو ئازادی و دادپەروەری... کۆڵنەدەرن بە ئامانجی پاراستنی کەرامەت و بەها مرۆییەکان...

**کنێر عەبدوڵڵا**

هەولێرنامەی کتێب

# پێڕست


پێشەکی.............................................................................7

**بەشی یەکەم**..............................................................13
ڕۆژی خۆشەویستی؛ چیرۆک و مێژووی...................................14
ژنانی نووسەر؛ لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا.................................27
ژنانی کارکەر لە نێوان دۆخی ئەرێنی و نەرێنیدا......................41
ڕۆڵی ژنان لە بنیاتنانی دەوڵەتدا.............................................53
پێگەی ژنان لە کەناڵی بینراودا.............................................63
پێگە و ڕۆڵی ژنان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا..................................79
ژن و ناوەندی بڕیار؛ ڕاستی و ئامارەکان...................................95
ڕەهەندەکانی فیمینیزم.......................................................111
مێژووی توندوتیژی؛ لێکەوتە و چارەسەرەکانی........................127
ژنان لە نێوەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا..................................141
(8)ی مارس، مێژوویەکی پڕ لە خەباتی ژنان.............................151

**بەشی دووەم:**.............................................................169
مافی مرۆڤ لە ئازادیی ڕادەربڕیندا ........................................170
قبووڵکردنی «ئەوی دی» وەک کەلتووری پێکەوەژیان..........179
چەمکی ئازادی؛ جۆر و ڕەهەندەکانی......................................189
ئەخلاق و سیاسەت وەک دوو چەمکی گرێدراو...........................205
ئینتیمابوونی هاووڵاتی لە نێوان نیشتمان و حزبدا..........215


هەوانامەی کتێب

ئاشتی، گرنگی و ئاسەوارەکانی لە کۆمەڵدا......................... 223
ئەتەکێت وەک هونەرێکی ژیان............................................ 237
عەلمانییەت و کاردانەوەکانی لە کۆمەڵگەی کوردەوارید...... 247

**بەشی سێیەم:**.......................................................... 261
گرنگیی پەروەردە لە پێگەیاندنی مرۆڤەکاندا.......................... 262
پێگەی زانکۆکان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا........................... 275
گرنگیی تەکنۆکرات لە فەرمانڕەوایەتیدا................................. 279
کاریگەریی ڕۆشنبیری لە ژینگەی زانکۆدا............................... 289
گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پێشکەوتنی شارستانییەتدا....... 303
ڕۆڵی بەهاکان لە ژیانی مرۆڤەکاندا....................................... 319
ڕۆڵی سەرکردە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا.......................... 333
قەیرانی دارایی، هۆکار و کاردانەوەکانی.............................. 347
فەیسبووک وەک دراوێکی دووڕیو......................................... 361
ڕۆڵی زانکۆکان لە گەشەپێدانی مرۆییدا............................... 371
بەرهەمە بڵاوکراوەکانی ( کنێر عەبدوڵا)................................ 381

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز...

کتێبی «گۆشەنیگاکانم» بریتییە لە دەربڕینی بیرو دیدگاکانم کە لە ڕێگەی (29) ووتاری هەمەجۆرو فرەبوارو لایەنی جیاوازەوە خستومەتە ڕوو، بە بڕوای من گرنگی ووتارەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بابەتەکانی فرەجۆرو لایەنن، هەر وتارێکی شیکارییەکی بابەتییانەی ووردی بۆ کراوە کە هاوشێوەی لێکۆڵینەوەیە، بۆیە هەوڵمداوە لەڕێی کۆکراوەی ووتارەکانمەوەو لە دووتوێی ئەم پەرتووکەوە بە گۆشەنیگاکانم ئاشنا بیت کە ئومێدەوارم دواتر ببێتە سەرچاوەی دیالۆک و لێکەوتنەوەی گفتوگۆ، بە ئامانجی خزمەتی کۆمەڵ و مرۆڤەکان.

کتێبی «گۆشەنیگاکانم» لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە وهەوڵمداوە لە دوو مەوداوە تێڕوانینەکانم بخەمەڕوو، مەودایەکی گشتگیرانەیەو گوزارشت لەو مەسەلانە دەکات کە پەیوەستە بە ژیانی هەر مرۆڤێکەوە، مەودایەکی دیکەی گوزارشتە لە دیدگاکانم وەک ژنێک تایبەت بەو کێشە و بابەتانەی پەیوەستن بە خودی ژنانەوە وەک ڕەگەز.

بەشی یەکەم: (11) ووتاری هەمەڕەنگی لەخۆگرتووە کە تایبەتمەندە بە ژنان. لەم بەشەدا هەوڵمداوە هەموو ئەو بوارە جیاجیانە بخەمەڕوو کە پەیوەندیدارن بە ژنانەوە؛

لەو روانگەیەی ژن و کایە جۆربەجۆرەکان دووانەیەکی دانەبڕاون لەیەکتری، نە ژن وەک مرۆڤ دەتوانێت خۆی بەدوور بگرێت لەو بوارو کایانەی پەیوەندیدارن بە ژیانی کۆمەڵ و هەموو مرۆڤێکەوەو نە پێشکەوتن و گۆڕانکاریش لەو بوارانەدا دێتە ئاراوە بێ بەشداربوونی راستەقینەی ژنان و پیاوان پێکەوە لەسەر بنەمای عەقڵی و تواناو لێهاتوویی مرۆڤەکان.

ئەوەی پاڵنەرم بوو لە نوسینی ئەم بەشەدا ئەوەیە کە لە کۆمەڵی کوردیدا تا ئێستا کێشەی ژنان بەردەوامییەتی هەیە، ژنان ئەوەندەی وەک رەگەزێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت؛ وەک مرۆڤێک نابینرێن، مرۆڤبوونیان نەبۆتە سەنتەرو چەقی پەیوەندییەکان، لە زۆر بواردا نەگەیشتونەتە دۆزینەوەی چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکانیان و توندوتیژییە دەروونی و جەستەیی و سێکسییەکانی رووبەڕوویان دەبێتەوە لە هەڵکشاندایە؛ بۆیە دەرئەنجام تا ئەمرۆ بەشێوازو هۆکاری جیا رووبەڕووی جۆرەکانی توندوتیژی دەبنەوە. لە نێوەندی دەسەڵاتی حوکمڕانیدا دەنگ و کاریگەرییان لاوازەو حسابیان بۆ ناکرێت. ناباڵانسی هەیە لە جومگە سەرەکییەکانی بڕیارسازیدا و گوێیان لێ ناگیرێت. تێڕوانین و ئایدیای جیاواز هەیە بۆ چاکسازی لەیاساکانداو تەنانەت گۆڕانکارییەکانیشی لە یاساکاندا کراون چەقبەستوویی بەخۆوە دیوە لە ڕووی جێبەجێکردنەوە. بۆچوون و هەڵوێست و پێشنیازەکانیان

حسابی لەسەر ناکرێت؛ ئەمە سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و بوونی ڕێکەوتننامە نیودەوڵەتییەکانی تایبەتن بە ژنان سەبارەت مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان و ڕێکەوتننامەی بەگژاچونەوەی شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان و هتد.

بەشی دووەم: بریتییە لە (8) ووتاری پەیوەندیدار بە پێناسەو شیکارکردنی سەرجەم ئەو چەمکانەی تایبەتمەندن بە بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان.هتد، لەو ڕوانگەیەی تا ئێستا لە کۆمەڵی کوردیدا ئەو چەمکانە پێناسەیان بۆ نەکراوە و تەنانەت کارکردنیش بەوەی هەیە؛ تەنها لە چوارچێوەی ووشەو بانگەشەکردندا دەبینرێت و بگرە بۆ جوانکردن و پەردەپۆشکردن و نیشاندانی ڕووی شارستانی بەکاردێن؛ سەرەڕای بوونی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام تا ئێستا پێواری بەها باڵاکان لە خێزان و شوێنی کارو پەیوەندییە مرۆییەکاندا درێژەی هەیە، کەلتوری پێکەوەژیان و لێبوردەیی و یەکترقبوڵکرن نەبۆتە ڕەفتارو شێوازی ژیانی مرۆڤەکان، سیستەم و فەلسەفەو پرۆگرامی پەروەردە نەبۆتە چەقی بەرهەمهێنەری فکرو بونیادنانی عەقڵ و هزرو داهێنانی مرۆڤەکان؛ وێڕای ئەوەی خۆشەویستی و ئینتمابوون و درککردن بە ئەرک و مافەکانیش بۆ ئامانجە گەورەکان لە ئاستێکی لاوازدایەو هتد.

بەشی سێیەمی ئەم پەرتووکە تایبەتمەندە بە کۆمەڵە

هەواڵنامەی ڕێڤ

بابەتێکی فرەبواری پەیوەست بە ئەرک و ماف و ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی و خستنەڕووی پێشنیارو چارەسەری گونجاو کە بابەتەکانی لە (10) ووتاردا خۆی دەبینێتەوە؛ لەو روانگەیەی ئەرکی ڕۆشنبیران یان نوسەر یاخود ئەکادیمی و سیاسی و هاوڵاتییان و هتد تەنها دیاریکردنی کێشەکان و خستنەڕووی هۆکارەکان و ووروژاندنی بابەتەکان نییە بەتەنها؛ هێندەی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و گەڕانیشە بەدوای ڕێگەچارەسەرەکان و لەئەستۆگرتنی ئەو بەشەی بەریدەکەوێت لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان؛ ئەوەش هەریەکەمان بە پێی دەسەڵات و شوێنی کارو پلەوپۆست وکەسایەتییەکەی ئەرک و بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ؛ گرنگ زانینمانە بەوەی هەموومان بەرپرسیارین لەهێنانەکایەوەی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی و شارستانی و پاراستنی شکۆی مرۆڤەکان؛ بەدەر لەهەر جیاوازییەکمان.

بۆیە بە ئامانجی خزمەتکردنی واقعی کۆمەڵی کوردی و گۆڕانکاریی لە ژیان هزرو هۆشیاری مرۆڤەکاندا بۆ دەرچوون لەو گرفت و دۆخانەی ئاماژەم پێکرد، هەروەها لە گۆشەنیگای هەستکردنمەوە بەو بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆمدایە، و لە روانگەی ئەزموونەکانی (27) ساڵی رابردووی ژیانی کارکردنمەوە هەوڵمداوە؛ لەڕێی ووتارەکانی ئەم سێ بەشەوە یارمەتیدەر بم بە خستنەڕووی گۆشەنیگاکانم لەڕێی بابەتەکان و دیاریکردنی هۆکارو لێکەوتەو دەرهاویشتەکانی و لە هەمان کاتدا خستنەڕووی

پێشنیارو چارەسەرەکانیش؛ لەپێناو خزمەتکردن بە ئامانجە گشتییەکان، بەمەبەستی پێشکەوتنی کۆمەڵ و هاوڵاتیان.

خوێنەری ئازیز...

هیوای بەسەربردنی کاتێکی سوودمەند و چێژبەخشت بۆ دەخـوازم، تا هێدی هێدی رۆبچیتە نێو ووردەکـاری بابەتەکانەوە، وێڕای ئەوەی ئومێدەوارم بەخستنەڕووی گۆشەنیگاکانم توانیبێتم لە دووتـوێی ئـەم پەرتووکەوە خزمەتێکی بچووکم بە کۆمەڵەکەم کردبێت وهـەروەها ئاواتەخوازم تێڕوانینەکانم؛ ببێتە پردێکی پتەوی بەهێزکردنی نزیکبونەوەی دیدگاکان بۆ هێنانەکایەوەی پلان و پرۆژەی نوێ لەپێناو خزمەتی مرۆڤەکاندا بەگشتی.

داواکـارم بە سەرنج و دیدو ڕەخنەکانت دەوڵەمەندم بکەیت، وێـڕای دڵخۆش بوونم بـەوەی بـەم پەرتووکەی کە دەبێتە (14) کتێبی چاپکراوم توانیبێتم خزمەتێک بە نەوەکانی داهاتوو بکەم. لە هەمان کاتدا یارمەتیدەر بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کـوردی، لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی و هـیـوای یەکترقبوڵکردنمان بـۆ دیدگا جیاوازەکانی یەکتری، لەو روانگەیەی کتێب لە هەموو سـات و قۆناغێکدا دەتوانێت یارمەتیدەرو هاوڕێیەکی بێ بەرژەوەندی بێت بۆمان کە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە زیاتر رۆشنبیربوون و بونیادنانمان لە ڕووی زانیارییەوە.

هەولێرنامەی کتێب

ماوەتەوە سوپاسی بەڕێز (د. سەلاح محمد عەزیز) بکەم بۆ گفتۆگۆ و راوێژی بەمەبەستی نوسینەوەی پێشەکی و پۆلێنکردنی ووتارەکان. هەروەها سوپاسی کوردستانی نویّ و بەڕێز (ستران عەبدوڵلا) دەکەم بۆ هاوکاریکردنی لە چاپکردنی ئەم پەرتووکەدا. وێڕای سوپاسم بۆ  خێزانەکەم.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستیم ....

کنێر عەبدوڵا
2018/11/24
Kner_abdullah@yahoo.com

هەوڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆژی خۆشەویستی
# چیرۆك و مێژووی

سالآنە لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژی خۆشەویستی بە شێواز و ڕێگەی جۆربەجۆر یاد دەکرێتەوە و مەراسیمی جیاوازی بۆ ساز دەکرێت؛ ئەگەرچی بەپێی ناوچە و لە وڵاتە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتتر لە کوردستاندا، سەبارەت بەم بابەتە دید و تێڕوانینی جیاواز لە ئارادا دەبێت و بۆچوون و لێکدانەوەی جیاوازیش دەکرێت.

ڕۆژی خۆشەویستی بۆ؟

14/ی شوباتی هەموو ساڵێک، ڕۆژی خۆشەویستی، یان ڕۆژی ڤالانتاین، یاخود ڕۆژی عاشقان، بۆنەیەکە کە لە سەرتاسەری جیهاندا عاشقان، یان خۆشەویستەکان خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕن و یادی دەکەنەوە و ئاهەنگی بۆ ساز دەکەن.

لەم ڕۆژەدا خۆشەویستان لە ڕێگەی جۆربەجۆری وەک نامەگۆڕینەوە، ناردنی لقێک گوڵی سوور، یان دەستە گوڵێکی بچووک، چوکلێت، کارتی پیرۆزبایی، نامەیەکی دڵداری، ئاڵوگۆڕی وشە و هەست، چەند دێڕە هۆنراوەیەکی دڵداری و جۆرەکانی شیرینییەوە، گوزارشت لە خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتری دەکەن و هەوڵی دەرخستنی هەست و نەستی سۆزدارییان دەدەن و، بە هۆیەوە دیاری دەدەنە یەکتری و هەر بەو

بۆنەیەوە جلوبەرگی سوور دەپۆشن، وەک بەڵێنێک بۆ دووپاتکردنەوەی خۆشەویستی لە نێوانیاندا. ڕەنگەکانی ئەو ڕۆژە تایبەتن و، بەزۆری لە ڕەنگی سوور، هەروەها سپی و پەمەییدا خۆی دەبینێتەوە.

## چەمکی خۆشەویستی چییە؟

خۆشەویستی، وەک هەر چەمکێکی تری زانستی، لە یەک پێناسەدا کورت ناکرێتەوە؛ ئەوەیش بە هۆی فرەڕەهەندی و فرەتێڕوانینی بوارە جیاجیاکانەوە. بەڵام بە مانا فراوانەکەی، خۆشەویستی ماناگەلێک دەبەخشێ و بەپێی پۆلێنکردنی جۆری پەیوەندییەکە، جیاوازی بەخۆوە دەبینێ کە دەشێت جۆری خۆشەویستییەکە خۆشەویستی مرۆڤ بێت بۆ گەل، نیشتمان، وڵات یان پلە یەکەکانی خزمایەتی، یان زیاتر، یاخود بۆ هاوڕێ، خۆشەویست و هاوسەر و ...بێت.

بە دیویێکی تردا بناغەی هەموو پەیوەندییەکی مرۆیی، هەموو تازەگەری و بوونێک، هەموو داهێنان و گەشەکردنەکان، لە بنەڕەتدا ڕەگوڕیشەی بۆ چەمکی خۆشەویستی دەگەڕێتەوە.

## ڤالەنتین کێیە؟

ڤالەنتین ئەو قەشەیەیە کە لە ڕۆژانی حوکمی ئیمپراتۆڕی یۆنانی، کلاودیۆسی دووەم، لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی میلادیدا ژیانی بەسەر دەبرد. لە فبرایەری 270م لە سێدارە درا. هۆکاری لەسێدارەدانی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرپێچیکردنی لە بڕیارەکانی ئیمپراتۆر، کە لەبەر هۆکارێک بانگەشەی بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو مارەکردنێکی کچان و کوڕان دەکرد،

بەڵام ڤالەنتینی قەشە بە شێوەیەکی نهێنی، وەک ڕێزێک بۆ خۆشەویستان و عاشقان ئەنجامی دەدا، تا ئەو کاتەی نهێنییەکەی ئاشکرا بوو و ئیدی لێپێچینەوەی لێ کرا.

### ڤالانتاین وەک جەژنێکی ڕۆژاوایی:

ئەگەرچی ڤالانتاین جەژنێکی ڕۆژاواییییە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەو ڕۆژەدا بە شێوازی جۆربەجۆر یاد دەکرێتەوە و، لە هەمان کاتدا لە هەندێک وڵات یان ناوچەی تردا بە هۆکاری جیاجیا، یادی ئەو ڕۆژە ناکرێتەوە.

لە کوردستاندا دید و تێڕوانینی جیا دەخرێنە ڕوو، بەتایبەت لە لایەن کەسانی ئایینی و حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە و، لەسەر ئەو ڕۆژە قسەی جیاوازی خۆیان هەیە. هەندێک باوەڕیان وایە کە ئەو بۆنەیە هیچ پەیوەندییەکی بە کەلتووری کوردستانەوە نییە و یادکردنەوەی هیچ پێویست و گرنگ نییە؛ ئیدی بەشێکی هۆکارەکانی دەبەستنەوە بەوەی ئەو بۆنەیە پەیوەندیدار و هەڵقووڵاوی کۆمەڵی ڕۆژاوایە، بەشێکی تریش هۆکارەکان دەبەستنەوە بەوەی کە گرێدراوی ئایینی مەسیحە و هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵی کوردییەوە نییە. لە ڕاپرسییەکی تایبەت بە وڵاتانی ئیسلامیدا، ڤالانتاین وەک جەژنێکی قەدەغە دێتە هەژمار و، تەنانەت جەژنگرتن و سازدانی بۆنە لەو ڕۆژەدا بە دژی یاسا دادەنرێ.

لە عەرەبستان، فرۆشتنی هەر شتێکی پەیوەندیدار بە ڤالانتاین لەو ڕۆژەدا قەدەغەیە و پۆلیسی مەزهەبیی ئەو وڵاتانەیش ڕێگری لە فرۆشتنی هەر دیارییەکی ئەویندارییی

وەک گوڵی سوور و هەر شتێکی تر، دەکەن. هەروەها لە هەندێ شوێندا سازدانی ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە بە هۆکاری جیاواز قەدەغە دەکرێت، بۆ نموونە بەرپرسانی شارێکی قیرقیزستان بڕیاریان دا سازکردنی ئاهەنگ بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستییەوە لەناو قوتابخانەکانی ئەو شارەدا قەدەغە بکرێت و، هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆ پارێزگاریکردن لە پاراستنی ڕەوشتی منداڵەکان.

### ڤالانتاین لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

سەبارەت بە ڤالانتاین و سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەو ڕۆژە، چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە. یەکێک لە بۆچوونەکان ئەوەیە پاش بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت و هاتنی ڕۆمانەکان بۆ ناو ئایینی مەسیحیەت، ڕۆمانەکان لەسەر ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی «جەژنی خۆشەویستی»یەوە بەردەوام بوون، بەڵام لە چەمکە بتپەرستییەکەی خۆیان (خۆشەویستی ئیلاهی)، گواستیانەوە بۆ چەمکێکی تر و، بە گەواهیدەرانی خۆشەویستی گوزارشتیان لێ دەکرد.

لە سەدەی سێی زایینی و سەردەمی «ئیمپراتۆریی ڕۆم»دا، سەرکردەیەک هەبوو بە ناوی «کلاودیۆسی دووەم» کە حوکمڕانیی ڕۆمانییەکانی دەکرد و بە هۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگەوە، ژنهێنانی لە سەربازەکانی قەدەغە کرد، بۆ ئەوەی بەشداریی جەنگەکان بکەن و بەژنهێنانەوە سەرقاڵ نەبن، بەڵام «ڤالەنتین»ی قەشە، ڕووبەڕووی بڕیارەکەی ئیمپراتۆر بوەوە و، ژێربەژێر و بەنهێنی گرێبەستی ژنهێنانی بۆ سەربازەکان ئەنجام دەدا.

ئەم قەشەیە بەوە ناسرا بوو کە گوڵی دەکردە دیاری بۆ هەموو خۆشەویستەکان، بەتایبەتی ئەوانەی مارەکراون. ئەم کارەی دژی ڕۆمانییەکان ئەنجام دەدا، کە لەو سەردەمەدا مارەکردن بە شەرعییەتی مەسیح لە ئیتاڵیا قەدەغەکراو بوو؛ لەبەر ئەوەی  ئایینی مەسیحی پەیڕەو نەدەکرا. هەرچەندە ڤالەنتین لە لای پاشای کلاودیۆسی دووەم کەسایەتییەکی بەهێز و پەسەند بوو، بەڵام کاتێک کلاودیۆس بەو مەسەلەیەی زانی، بڕیاری زیندانیکردنی ڤالەنتینی دەرکرد.

ڤالەنتین لەناو زیندان‌دا عاشقی کچی زیندانیانەکە بوو. بەو جۆرەی کە لە ئەفسانەکان‌دا هاتووە، ڤالەنتین نامەی بۆ ئەو کچە دەنارد و لەسەری دەنووسی «لە لایەن ڤالەنتینی تۆوە». ئەو کارەی ڤالەنتین، بووە هۆی ئەوەی کە پاشا ڕقی لێ هەڵبستێ و بڕیار بدات لە سێدارەی بدا و، لە ئاکامدا قەشە بە تاوانی لەیەکمارەکردنی ئەو عاشقانە بەپێچەوانەی یاساکانی کلاودیۆسی دووەمەوە، لە 14-2-269 لە سێدارە درا. بەڵام لە پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی و لە دوای مردنی ڤالەنتین بە 200 ساڵ، قەشە گێلاسیس بڕیاری دا 14ی شوباتی هەموو ساڵێک ببێتە ڕۆژی خۆشەویستیی جیهانی، کە بە ناوی «ڤالەنتین»ەوە، ناو نرا «جەژنی خۆشەویستی»، یان «جەژنی عاشقان»، کە بانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەکرد.

هەر بۆیە، وەک شەهیدی ڕێگەی عەشقی دەناسن و، لەو ڕۆژەوە ڤالەنتین وەک هێمایەکی عەشق و خۆشەویستی

هەواڵنامەی کێبر

پێناسە دەکرێ و هەموو ساڵێ لە ڕۆژی 14ی فێبرایەر عاشقان بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەیەکتر دەکەن.

لە ساڵی 350ی زایینی لە ڕۆما، بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی ناوی «ڤالەنتین» و یادکردنەوەی، لەو شوێنەی کە تێیدا کوژرا کەنیسەیەک دروست کرا. دواتر پیاوانی ئایینیی مەسیحی دژ بەم دیاردەیە وەستانەوە و بە شێوێنەری ڕەوشتی کچان و کوڕانی لاویان لە قەڵەم دا و، لەناو خودی ئیتاڵیادا کە پێی بەناوبانگ بوو، ئەم جەژنە هەڵوەشێنرایەوە؛ بەڵام لە سەدەی (18و 19)ی زایینیدا دووبارە زیندوو کرایەوە.

ئەم دیاردەیە تەنیا وڵاتانی ڕۆژاوای نەگرتەوە، بەڵکوو تەشەنەی سەند و خۆی هاوێشتە نێو وڵاتانی ئیسلامییەوە و، کچان و کوڕانی موسڵمانیش دەستیان بە جێبەجێکردنی داب و نەریت و دروشمەکانی ئەوان کرد و، بە بۆنەی جەژن و یادەکانی ئەوانەوە ئاهەنگ و خۆشییان دەردەبڕی.

کلاودیۆس هەندێک باوەڕی سەیری هەبوو، بۆ نموونە پێی وابوو ئەو سەربازانەی کە سەڵتن، باشتر و بەهێزترن لەو سەربازانەی کە ژن و منداڵیان هەیە؛ بۆیە بڕیارێکی دا و گوتی: «سەربازانی ئیمپراتۆری ڕۆم، نابێ ژن بخوازن و دەبێ سەڵت و ڕەبەن بن.» کلاودیۆس هەر بڕیارێک کە دەری دەکرد لێی پاشگەز نەدەبۆوە و دەبوایە جێبەجێ بکرێت، بۆیە کەس نەیدەوێرا یارمەتیی ئەو سەربازانە بدات کە دەیانویست ژن بخوازن.

## چیرۆکی جەژنی خۆشەویستی:

جەژنی خۆشەویستی، بە یەکێک لە جەژنەکانی ڕۆمانە بتپەرستەکان دادەنرێت و زیاد لە (17) سەدە لەمەو پێش، لای ڕۆمانەکان بتپەرستی باو بووە و، ئەو جەژنە گوزارشت بووە لە چەمکی بتپەرستیی ڕۆمانییەکان بۆ خۆشەویستیی خودایی.

ئەم بۆنە بتپەرستییە، چەندین ئەفسانە و خورافیاتی لەپشتەوەیە کە لای ڕۆمانەکان و میراتگرە گاورەکانیش هەر بەردەوام بووە. لەوانە، ڕۆمانەکان کە باوەڕیان وا بووە «ڕۆملیۆس»ی دامەزرێنەری شاری «ڕۆما» ڕۆژێک لە ڕۆژان گورگێک شیری داوەتێ و ئەمەیش هێز و بیرتیژیی پێ بەخشیوە؛ ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە ڕۆمانەکان بە هۆی ئەو ڕووداوەوە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی هەموو ساڵێکدا ئاهەنگیان گێڕاوە.

## جەژنی خۆشەویستی چییە؟

لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئەم ڕۆژە خەسڵەتێکی ڕۆمانسیی پێ بەخشراوە و، گەورە ئەدیبی ئینگلیزی، جیڤری چۆسەر، هۆنراوەی بۆ ئەم بۆنەیە نووسیوە. لە سەدەی نۆزدەوە لە بریتانیا کارتی جەژنی خۆشەویستی دەرکەوتووە و جێی نامەی گرتۆتەوە و، بووە بە مۆدێلێکی ئەو سەردەمە لەو ڕۆژەدا. لە ساڵی 1847دا ژنێک بە ناوی «ئەستر هاوڵاند»، بۆ یەکەم جار کارتی

جەژنی خۆشەویستیی لە ماڵەکەی خۆی و لە ویلایەتی ماساچووسێت/ ئەمریکا دروست کردووە، کە لاسایی کارتە ئینگلیزییەکانی کردبۆوە و، دەستی کرد بە فرۆشتنی. لەو کاتەوە ئیتر کارتی جەژنی ڤالانتاین کەوتە بازاڕەوە و دەفرۆشرێت و، بوو بە بازرگانییەکی پڕقازانج وەک کارتی جەژنەکانی تر.

ساڵانە لە هەموو دنیادا یەک بلیۆن کارتی پیرۆزبایی ئەو جەژنە دەفرۆشرێت و، بەمە، دوای کارتی جەژنی سەری ساڵ بە پلەی دووەم دێت. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، پیاوان دوو ئەوەندەی ژنان ئەو کارتانە دەکڕن. لە باشووری کوردستان، وێڕای تێڕوانینی جیاواز سەبارەت ئەم بۆنەیە، ماوەی چەند ساڵێکە ئەم ڕۆژە لەناو خەڵکدا و بەتایبەت لەناو گەنجاندا گرنگیی پێ دەدرێت و چالاکیی جۆراوجۆری بۆ ڕێک دەخرێت.

**بیروباوەڕەکان دەربارەی جەژنی خۆشەویستی:**

بیروباوەڕەکان لەبارەی ئەم بۆنەیەوە، تێڕوانینی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە، یەکێک لەو بیروباوەڕانەی هەبووە، لە ماوەی ئەو جەژنەدا ئەو کچانەی دەگەیشتنە تەمەنی هاوسەرگیری، ناویان لەناو کاغەزێکی بچووکدا دەنووسرا و دەخرایە شوێنێکی دیاریکراوەوە، پاشان ئەو گەنجانەی ئارەزووی هاوسەرگیریان دەکرد، دەهاتن و هەر یەکەیان کاغەزێکی دەردەهێنا، بۆ ئەوەی لە دواییدا لە خزمەتی

خاوەنی ئەو ناوەدا بوایە. بۆ ماوەی ساڵێک هەر یەکەیان یەکتریان دەناسی و لە کۆتاییدا هاوسەرگیرییان دەکرد. بەڵام کەنیسە ئەو نەریتەی ڕەت کردەوە؛ لەو ڕوانگەیەی دەبێتە هۆی تێکدانی ئاکاری کچان و کوڕان.

ئەم بیروباوەڕە لە وڵاتی ئیتاڵیادا ناوبانگی هەبوو و لەوێش سەری هەڵدا. هەندێک لە دید و تێڕوانینەکان وا باس دەکەن کە ئینگلیزەکان لە سەدەی پازدەی زایینییەوە ئاهەنگیان دەگێڕا و، لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژاوا دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد. پاش ئەوە لە هەندێ کتێبخانەکاندا لە شێوەی کتێبی بچووکدا بە ناوی «کتێبی ڤالەنتین» بڵاو بووەوە، کە هۆنراوەی ڕۆمانسی و پێشنیاری دەربارەی چۆنێتیی نووسینی نامەی ڕۆمانسی و سۆزداری و ئەوینی لەخۆ دەگرت، بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانویست کارتی پیرۆزبایی و خۆشەویستی بۆ خۆشەویستەکانیان بنێرن.

## پەیوەندیی خۆشەویستی لە کوردستاندا:

پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز لە باشووری کوردستاندا  ئەگەرچی لە دۆخێکی تەمومژاوی و بگرە لە قەیراندایە، بەڵام لە هەمان کاتدا لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاوازی لە ئاستدا دەکرێت. بە جۆرێک کە لە کۆمەڵی کوردیدا پەیوەندیی خۆشەویستی، نەک تەنیا نەبووەتە کەلتوورێک کە لە لایەن خێزان و تاکەکانەوە پەسەند بکرێت و لە هەمان کاتدا بەدیدێکی

مرۆڤدۆستانەوە سەیر بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکوو بە شێوەیەکە گەر لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەنجام بدرێت، دەبێت کۆتاییەکەی تەنیا بە گەیشتن بێت بە یەکتری و لەژێر سەقفی هاوسەرگیریدا کۆتایی بێت. چونکە دەرەنجام گەر هاوسەرگیری نەکەن، ئەوا شکست و بێئومیدی و بێمتمانەیی و کارەساتی جۆربەجۆری لێ دەکەوێتەوە کە زۆر جار بە هۆی هۆکارگەلێکەوە تەنیا کچەکە باجی گەورە و زیانی ئەو پەیوەندییە دەداتەوە. ئەوەیش لەو ڕوانگەیەوەیە کە تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەز پرۆسەیەک نییە بۆ نزیکبوونەوە و ناسین و تێگەیشتنی دوو مرۆڤەکە لە یەکتری کە لە کۆتاییدا، گەیشتنیان بە یەکتری ئەگەرێک بێت و پێچەوانەکەیشی ئەگەرێکی تر و بێ ئەوەی دواجار ببنە دوژمنی یەکتری؛ جگە لەوەی بە دیوێکی تردا زۆر جار ئەوەندەی لە ڕوانگەی ئەقڵییەتێکی پیاوسالارییەوە سەیری ئەو پەیوەندییانە دەکرێت کە ئامانج لێی بەیەکگەیشتنە بۆ تێربوون و بەتاڵکردنەوەی پەیوەندییە سێکسییەکان و سەیرکردنی کچان لە دیدێکی مێیینەبوونەوە، ئەوەندە سەیری ئەو پەیوەندی و پرۆسەیە ناکرێت وەک جۆرێک لە پەیوەندیی مرۆیی و خۆشەویستیی ڕاستەقینە کە وەک دوو مرۆڤ دەبنە تەواوکەری یەکتری.

بۆیە دەرەنجامی هەموو ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە، کاریگەری و ئاسەواری جۆربەجۆری لێ دەکەوێتەوە. هەندێک لە کوڕان و کچان بەشاراوەیی و دزیی کەسوکار و دەوروبەرەوە پەیوەندیی خۆشەویستی دەبەستن. هەندێکی تر دەترسن و، گەر بشیانەوێ، ناتوانن پەیوەندییەکەیان بە پرۆسەی خۆشەویستیدا بڕوات و ئەمە وێڕای ئەوەی کەمینەن ئەوانەی بەئاشکرا پەیوەندی ببەستن و دەوروبەریش بیزانن. چونکە زۆر جار زانینی ئەو پەیوەندییە، لە لایەن کەسوکارەکانەوە و بەتایبەت لەلایەن کەسوکاری کچەکەوە بە ئاقاری ناخۆش کۆتایی دێت. ئەوەیش هەندێ جار بە کوشتنی کچەکە، یان هەردووکیان کۆتایی دێت، یان دەبێتە هۆی بەزۆر بەشوودانی کچەکە بە کەسێکی تر یاخود ڕەزامەندنەبوون بەو کوڕەی پەیوەندیی لەگەڵیدا هەبووە و هتد.

وێڕای هەموو ئەو لێکدانەوە و هەڵوێستە جیاوازانە، بوونی خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤەکاندا، گەر بە ئاقاری هاوسەرگیری یان پێچەوانەکەیەوە بڕوات، گرنگی و کاریگەریی خۆی هەیە؛ ئەگەرچی چاندنی تۆوی خۆشەویستی، یان تێگەیشتن و کارکردن بە هەست و سۆز و ڕەفتاری خۆشەویستی، پەیوەست و پەیوەندیدارە بە پرۆسە و سیستەمێکی درێژخایەن و تەواوکەر و بەردەوامی پەروەردەیییەوە، کە هەر لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵییەوە فێر دەکرێن و کاری پێ دەکرێت و، لە هەمان

کاتدا لە ژیانیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت و، دەبێتە کەلتوور و، لە ژیان و ڕەفتاری مرۆڤەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت و کاری پێ دەکرێت.

بۆیە گرنگی و بەهای خۆشەویستی لە نێوان دوو مرۆڤدا، لەوەدا بەرجەستە و بەردەوامیی دەبێت کە هەر یەکەیان قبووڵی یەکتری بکەن وەک خۆیان کە هەن، نەک وەک ئەوەی تەنیا خۆی، یان ئەوی دی دەیەوێت، بە شێویەک کە هیچ کەس هەوڵی قۆرخکردن و سەپاندنی جیهانی خۆی بەسەر ئەوی تردا نەدات. چونکە دواجار لە خۆشەویستیدا موڵکداریتی، یان خاوەندارێتی نییە، ئەوەندەی بەیەکگەیشتنی دوو جیهان و ژینگەی جیایە و پێکەوە جیهانێکی یەکگرتووی هاوبەش پێک دەهێنن کە هەر یەکەیان هەوڵی بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکانی یەکتر دەدەن و ڕێز لە خاڵە جیاوازەکانی یەکتریش دەگرن.

ئەمە بەدەر لەوەی خۆشەویستی بە واتای لێبووردەیی، بەخشین و قوربانیدان دێت و، لە هەمان کاتدا مەرج نییە خۆشەویستی، گرێدراوی ئامانج بێت و دواجار هەر ئەو هەستکردنانەیە وا لە مرۆڤەکان دەکات خوازیاری بەختەوەری و ژیانێکی ئارام و خۆشی بن بۆ یەکتری؛ چونکە دواجار ئەوە خۆشەویستییە وا لە مرۆڤەکان دەکات لێبووردەیی، یەکترقبووڵکردن، قوربانیدان و ئینتمابوون لە مرۆڤەکاندا بچێندرێ و، وا لە مرۆڤەکان دەکات ئارەزوومەندانە بەخشندە بن و بەتەنگ یەکترەوە

بن و یەکتری بپارێزن و خۆشی و چێژ لە ژیان وەربگرن. خۆشەویستییە وا لـە مـرۆڤـەکـان دەکـات بـاوەڕیـان بە مەسەلەکان هەبێت و ئامانجیان هەبێت و خەبات لە پێناوی ناوەڕۆکی بەدیهێنانی بابەت و ئامانجەکانیان بکەن، نەک ڕواڵەتکارانە و ڕووکەشانە کاری بۆ بکەن. خۆشەویستییە هەمیشە دەبێتە وزەبەخش بە تۆ و، تۆیش بە کەسانی تر دەیبەخشیت و، ئەوانیش بەوانی دیکە و هتد.

ئـیدی ئــەوە خۆشەویستییە کـە وا لـە شـتـەکـان و دەوروبەر و مرۆڤەکان و ژیان دەکات کە بەجوانی ببینرێن و بەخۆشەویستییەوە مامەڵە لەگەڵ هەمووواندا بکرێت؛ مرۆڤەکان حەز بە بەردەوامێتیی ژیان بکەن و هەبن و، هەست بە بوونی خۆیان لە ژیاندا بکەن.

**سەرچاوەکان:**


1. ضحايا الحب: يوسف الحاج احمد
2. قصة عيد الحب: عبد الحميد شمس الدين

# ژنانی نووسەر
# لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئاشکرایە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو و نووسراو)، لە هەر وڵاتێکدا دەتوانن بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی کاریگەر و چالاک لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا بگێڕن؛ هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشێلکارییەک بۆ ئەو مافانە. زۆرێک لە نووسەرەکان بە ژن و پیاوەوە، دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ دەربڕینی تێڕوانین و ئاوێتەبوون و هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن، بە مەبەستی ڕوودانی گۆڕانکاریی باش و گوێگرتن لە دەنگی ژنان و دەرخستنی ڕۆڵیان لە بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیرییەکان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا. بەڵام وێڕای هەموو ئەو جیاکاری و توندوتیژییانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، بەگشتی بەرنامەکانی کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پیادەی دەکەن، ناچێتە چوارچێوەی سیاسەت و ستراتیژیی ئەو ئامرازانەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پیادەی دەکەن، بەڵکوو دەکەوێتە چوارچێوەی ڕووماڵکردنی بۆنە و یادە جیهانییەکان و ڕووداوەکانی کە ڕوو دەدەن، کە پەیوەستن بە کات و زەمەنێکی دیاریکراوەوە. بۆیە وتووێژ لەسەر ئەو شێوازە و کارکردن بۆ ستراتیژێک کە کار لەسەر گۆڕینی ئەو وێناکردنە باوە تەقلیدییەی ژنان بکات، کارێکی پێویست و گرنگە؛ بە شێوەیەک کە کاریگەریی باشی هەبێت بۆ گۆڕینی عەقڵییەتی باوی کۆمەڵگە لە بەرامبەر ئەرک و مافەکانی ژنان.

**دۆخی ژنانی نووسەر لە باشووری کوردستان:**

بـواری ڕاگـەیانـدن و نووسین و ڕۆشنبیری لە پاڵ بوارەکانی تری ژیاندا، یەکێکی ترە لەو بوارانەی بە هۆی جیاکاریکردن لەگەڵ ژناندا، بۆتە جێی مشتومڕ و ململانێی نێوان مرۆڤەکان.

بەگشتی گـەر لـە هـەرێمی کوردستاندا بـەراوردی بـوون و ڕێـژەی ژنە نووسەرەکانی کـورد لەگەڵ پیاوە نووسەرەکاندا بکەین، دەتوانین بڵێین لە ساڵی 1991 ڕێژەی ژنانی نووسـەر زۆر کەم بوون. بێ گومان کۆمەڵێک هۆکار هـەبوون، لـەوانـە: ناجێگیری و ناسەقامگیری لە ڕووی سیاسییەوە، کە سـەرەتـای قۆناغێکی نـوێ بوو بۆ دەربـازبـوونـی خەڵکی کـوردسـتـان لـەدەست ڕژێمی بەعس، کە واقعێک سەری هەڵدا بریتی بوو لە ژێرخانێکی کاولبوون و دەرەنجام بەگشتی توندڕەوی و نائارامی و قورسایی زۆری بۆ سـەر مرۆڤەکان بەجێ هێشت. واقعێک کە بەگشتی ژیانێک تێیدا دەگوزەرا کە دەرفەتی لە بەردەم تاکەکان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی زۆر تەسک کردبووەوە و، ژنانی زیاتر بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرقاڵ کردبوو و، زیاتر خەریکی بەڕێوەبردنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ بوون و هتد.

لـە کاتێکدا گـەر بـەراوردی ئێستای بـوونـی ژنانی نووسەر لەگەڵ پیاواندا بکەین، بێ گومان ڕێژەکەیان ڕووی لە زیادبوون کردووە. ئەگەرچی بە پێوەری بوونی

ژنان، بەگشتی هێشتا ژنانی نووسەر کەمینەن و شوێن و پێگە و دەرفەتیان کەمترە لە پیاوان، بەڵام وێڕای ئەو ڕێژە کەمەیش، پەراوێز خراون. بۆ نموونە، گەر لە کەسێک پرسیار بکرێ خوێنەری کام لە نووسەرەکانی، یان باشترین نووسەر لای تۆ کێیە؟ لە وەڵامدا دەیان نووسەری پیاو ڕیز دەکات، بەڵام ئامادە نییە ناوی نووسەرێکی ژن بهێنێ!

بە دیوێکی تردا، ڕاستە نووسەرەکانی پیاو زیاترن، بەڵام ئەدەبیاتی ژنان بە جیاواز لە پیاوان، هەمیشە کۆسپ و تەگەرە و کێشەی هەمەڕەنگی بۆ دروست دەکرێت. ئەوەیش گرێدراوی ئەو ژینگە و پەروەردەیەیە کە تاکەکان ژیانی تێدا دەگوزەرێنن کە هەمیشە لە ڕوانگەیەکی کەموکورت و ناتەواوەوە سەیری ژن دەکەن. زۆربەیان دان بە سەرکەوتن و دەرکەوتنی ژناندا نانێن. لە زۆربەی بوارەکاندا، بەپێی حەز و ئارەزووی خۆیان، مافی ئەوەیان نییە و ناتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن. بابەتەکانی تایبەت بە ژنان هەمیشە جێی باس و مشتومڕی زۆرن، جا چ جای ئەوەی ژنەکە خوێنەر، ڕۆشنبیر، قسەکەر و نووسەر بێت. بۆیە زۆر جار ئەوە دەخەنە پاڵ نووسەرە ژنەکان، کە بەرهەمەکانیان هی خۆیان نییە و کەسێکی تر بۆی نووسیونەتەوە، یان لە نووسەرێکی پیاو دزیویانە، یاخود هەندێ جار، بە مەبەستی هەڕەشەکردن و بەکەم سەیرکردن و کەمکردنەوەی توانای ژنان، پیاوان دەیانەوێت ژنەکانیان بەوە بترسێنن، کە بڵێن: «بە خەڵک دەڵێین

بەرهەم، یان بابەتەکانیان، ئێمە دەینووسینەوە.›› ئەمە، زیاتر لەنێو هاوسەرەکاندا ئەگەری هەیە و ڕوو دەدات. ئەم بۆچوون و نموونانە لە سەرجەم وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هاوشێوەن. بۆ نموونە، کاتێک لە وڵاتی جەزائیر ‹‹ئەحلام موستەغانمی››ی نووسەریان تاوانبار کرد و، بانگەشەیان کرد کە نووسەری ڕاستەقینەی ڕۆمانەکەی یەکەمی، خۆی نییە، بەڵکوو ‹‹سەمیح قاسم››ە و دزیویەتی؛ ئەوەیش بە هۆی ئەوەی باوەڕیان بە سەرکەوتن و ناوبانگی ئەحلام نەدەکرد وەک نووسەرێکی ژن، سەبارەت بە ڕۆمانە دیار و سیانییە بەناوبانگەکەی بەناوی «ذاکرة الجسد»، «فوضی الحواس» و «عابر سریر».

ڕۆمانی «بنات الریاض»یش، کە تایبەت بوو بە ژنە نووسەری سعوودی «رەجا سانع»، کە پاش بڵاوبوونەوەی لە ساڵی 2005دا زۆر مشتومڕی لێ کەوتەوە و، لە ئاستی ناوخۆ و جیهاندا ناوبانگێکی گەورەی هەبوو، وێڕای ناوزڕاندن و ئابڕووبردنی نووسەرەکە تا ئەو ئەندازەیەی کە ڕێگری لە خوێندرانەوەی ڕۆمانەکەی کرا، بێ هیچ گوێدانە هزر و بەهێزیی نووسەرەکە لە چۆنێتیی گوزارشتکردنی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە سەبارەت بە کێشەکانی کۆمەڵگەکەی لە ڕووی بابەتی تایبەت بە جەستە و سێکس. بێ گومان گەر نووسەرانی پیاو لەسەر ئەو بابەتانە بنووسن ئاساییتر وەردەگیرێت، بەڵام کاتێک ژنان خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتانە دەدەن، ڕووبەڕووی تانە

و تاوانی زۆر دەبنەوە و، بەوە تاوانبار دەکرێن کە باس لە ئەزموونی کەسێتی و بەسەرهاتی خۆیان دەکەن. بەو شێوەیەیش گرفتی جۆراوجۆری دیکەی لێ دەکەوێتەوە؛ بۆیە ئەوەیش یەکێکە لە ڕێگرییە گەورەکان کە دەبێتە هۆی گەمارۆدانی ژنان.

**هۆکارەکانی کەمیی ژنانی نووسەر:**

واقع و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن، بەگشتی کەمیی بوونی ڕێژەی ژنان دەردەخەن، بۆ نموونە، بەپێی دوا لێکۆڵینەوەیەکی سایتە ئەلکترۆنییەکان کە لە هەرێمی کوردستان ساڵی 2016 ئەنجام دراوە، ڕێژەی ژنان وەک بەرپرس و جێگری بەرپرسی سایتەکان و تەنانەت وەک ستافی دەستەی نووسەران، یان بەڕێوەبردن، بریتی بووە لە 0% بەرامبەر بە ڕێژەی پیاو کە 100% بووە. بەو واتایەی لەناوەندی بڕیارسازیدا، کە لووتکەی یەکلاکەرەوەی مەسەلە هەستیار و چارەنوسساز و ستراتیژییەکانە لەناو دامەزراوەکەدا، ژنان بوون و دەنگیان نییە.

ئەم واقعە، نەک تەنیا لەو کەناڵەی ڕاگەیاندندا، بەڵکوو بەگشتی لە زۆربەی ناوەندەکانی تری ڕاگەیاندندا هەمان ڕێژەی ژنان بەدی دەکرێت. بۆیە بۆ تیشکخستنە سەر کەمیی ژنانی نووسەر، دەتوانین هۆکارەکانی لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

1. کەلتووری باوی کۆمەڵگەی کورد؛ کە بە شێوەیەکە

مرۆڤ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی ناتوانن مومارەسەی سەرەتاییترین مافی خۆیان بکەن، چ جای ئەوەی وەک نووسەر دەربکەون و ڕۆڵیان هەبێت. بەڕاددەیەکە هیچ کات درک بە توانا و لێهاتوویی و دەستکەوتەکانی ژنانی نووسەر ناکرێت. عەقڵییەتێکە، ژنان بەشیاو نازانێت بۆ پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەرپرسی دەزگا و سەرنووسەری ڕاگەیاندنی نووسراو. کەلتوورێکە کە بە هۆی پەروەردەکردنی تاکەکان بە عەقڵییەتێکی نێرسالاری و پیاوسالارییەوە، وای کردووە ڕەگەزەکان هەمیشە لە ململانێ و جیاوازیدا ژیان بگوزەرێنن.

ئەو جۆرە کەلتوورە لە دەرەنجامدا ژینگەیەک دەخولقێنێ، کە تێیدا پەروەردە و فەلسەفەیەک زاڵە؛ نە خوێندنەوە و نە نووسین، نەبوونەتە کەلتوور و فەلسەفەی ژیانی تاکەکان و، تەنانەت تەرخانکردنی کات لەو بوارەدا بۆ ژنان بە گونجاو و کاری بەرهەمهێن و گرنگ و پێویست نازانرێ و، پێی وایە ئەو بوارە بۆ ژنان شیاو نییە و نابێت.

2. بەگشتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران نەیانتوانیوە تیشک بخەنە سەر بەرهەم و قەڵەمەکان و تەنانەت کەسایەتییەکانی ژنانی نووسەر و، لە میدیاکانیانەوە کەمتر کار لەسەر ناساندنی ژنانی نووسەر دەکەن، وەک ئەوەی متمانە و باوەڕیان بە نووسین و بەرهەمەکانی ژنان نەبێت. یان زۆرینەیان هەمان ئەو عەقڵییەتەن، کە زادەی پەروەردەی پیاوسالارییەکەن، کە

بێ گومان ئەوەیش ڕەنگدانەوەی ئەو کەلتوورەیە، کە ڕۆ چووەتە ناو میدیاکانیشەوە؛ وێڕای ئەوەی بە دیوێکی تریشدا، عەقڵییەتی بەڕێوەبەرانی کەناڵەکان بەگشتی پیاوانن، کە وا دەکات تەنیا لە گۆشەنیگا و دیدگەیەکەوە بڕواننە مەسەلەکان و دواتر ئەو بیرکردنەوە یەکلایەنەیشە کە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە بەسەر پلان و ستراتیژیی کەناڵەکاندا زاڵ دەبێت.

دەرەنجام، هەموو ئەوانەیە کە وا دەکات میدیا و میدیاکارانی کوردستان ڕووناکی نەخەنە سەر کار و بەرهەمەکانی ژنانی نووسەر و، بەگوێرەی توانا و زەحمەتەکانیان گرنگییان پێ نادرێت؛ چونکە تا ئێستا بەجددیوەرگرتنی عەقڵ و تونای ژن لە ئاستێکی زۆر سەرەتاییدایە. لەناو زۆربەی کۆمەڵگەی کوردیدا، گوێگرتن لە ژن هێشتا عەیبەیە و تەنانەت لەناو توێژی ڕۆشنبیریشدا، کەمن ئەو ژنانەی میدیای کوردی مەبەستی بێت بە خەڵکیان بناسێنێت؛ بەڵام بۆ نووسەرە پیاوەکان بەپێچەوانەوەیە.

3. خودی ژنان لایەنێکی تری هۆکارەکانن، کە بەگشتی بە هۆی سەرقاڵبوونی زیاتریان بە بۆنە و یادە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ و زۆر کاری دیکەوە زۆر لایەن و تواناکانی خۆیان فەرامۆش کردووە، تا بتوانن لە ڕووی خوێندنەوە و نووسینەوە دەرفەت بۆ خۆیان بڕەخسێنن. یان بە شێوەیەکی تر، لاوازیی هێزی ململانێ و بەرەنگاربوونەوە

و توانای ڕێچکەشکاندنیان لە بەرامبەر سەلماندنی خۆیان لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا، هەروەها تەرخاننەکردنی زیاتری کاتەکانیان بۆ خوێندنەوە و نووسین و دانانی نووسین بە قۆناغێک لە ژیانیاندا، بەوەی ماوەیەکە و بە کۆتاییهاتن بە قۆناغێکی تەمەنی دیاریکراو لە ژیانی ژناندا، تێ دەپەڕێ و دەڕوات، بەدەر لەوەی ژنان نەیانتوانیوە سەیری نووسین بکەن، وەک ئەوەی مەسەلەیەکی گرنگ و کاریگەر بێت، یان دەبێت لە پێناوی نووسین و چەسپاندنی توانا و ئیمکانییەتی خۆیاندا لە بواری نووسیندا خەبات و تێکۆشان بکەن؛ هەموو ئەوانە وا دەکات پێواری ژنان لە بواری نووسیندا زیاتر هەبێت، چونکە بێ گومان نووسەر هەمیشە پێویستی بە خوێندنەوە و بەدواداچوونی بەردەوام هەیە و، پێویستی بە ئاگاداری و گەشەکردن و هۆشیاری و داهێنانی فکری هەیە.

4. کەمبایەخدانی عەقڵییەتی سیستەمی حوکمڕانیی وڵات لە ڕێی دەزگە پەیوەندیدارەکانەوە؛ بۆ نموونە وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری و دامودەزگەکانی، کە بە هۆی کەمتەرخەمی و کەمباوەڕییان بە تواناکانی ژنان، کەمتر بایەخ بە بڵاوکردنەوە و چاپکردنی بەرهەمەکانی ژنانی نووسەر دەدەن و کەمتر دەرفەتی تێکەڵبوون و بەشداربوون و ناسینیان لە ئاستی ناوخۆ و وڵاتانی دەرەوەدا بۆ دەڕەخسێ. ئەم وەزارەتە نێوندێکە، کە بە هۆی قۆرغکردنی جومگە بنەڕەتییەکانی دامودەزگەکان لە

لایەن پیاوانەوە و، بە هۆی نەبوونی سیستەمێکی مەدەنی و جێگیرەوە، زیاتر جۆری پەیوەندییەکان و ناسین و تێکەڵبوون و میزاجییەتەکان حوکم و کاریگەرییان لەسەر ئاڕاستەی بڕیاردانەکان دەبێت؛ کە بێ گومان هەمیشە بە هۆی کەلتووری باوی کۆمەڵەوە، پێواری ژنان لە نێوەندی جۆر و بەرفراوانیی پەیوەندییەکان و بوونیان لە دانیشتنە جۆربەجۆرەکانی پیاواندا کەمتر بەدی دەکرێت. وێڕای ئەوەی ئەو پێوەرانە بەڕاست نازانرێ و دوورە لە هەموو پێوەر و بنەمایەکی کارگێڕی و بەها مرۆییەکان بە لای زۆرێک لە ژنانەوە، بۆیە ئامادە نین خۆیان بخەنە نێوەندی ئەو ژینگەیەوە و، دەرەنجام، بەدوورگرتنی خۆیان لەو ناوەندانە بە باشتر و گونجاوتر دەزانن، وەک لە کارکردن و قایلبوون بەو شێوازانە؛ ئەوەیش لە پێناو پاراستنی کەسایەتی و کەرامەتی خۆیاندا.

**لە دەرەنجامی هۆکارەکانەوە چی دەخوڵقێت:**

بوونی ئەو هۆکارانە لە بەردەم ژناندا کۆمەڵێک گرفتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، دەروونی و سیاسی و... دێنێتە ئاراوە، لەوانە:

1. ژنان کەمتر لە ناوەندەکانی بڕیاردانی نێو حکوومەت و کەرتی تایبەتدا بوونیان دەبێت، وەک پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ... کە بە دیوێکی تردا کاریگەری دەخاتە سەر

کەمتردەرکەوتنی ژنانی نووسەر، کەمتر چاپکردنی کتێب و بەرهەمەکانی ژنان، بەشدارنەبوون و پێواری عەقڵی ژنانە لە پلان و ستراتیژیی کارەکان و، کەمتر لە ڕێوڕەسم و نێوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا بوونیان دەبێت.

2. پەراوێزخستنی زیاتری ژنانی نووسەر لە ڕێی ئەو خەڵاتکردنانەی چ لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتەوە دەدرێن و، چ لە نێوەندەکانی دیکەوە؛ کە ئەوەیش بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە، ساردبوونەوە، بەهەندوەرنەگرتن و پاشەکشەکردنی ژنان لە بواری نووسیندا.

3. کەمیی ڕەخساندنی دەرفەت لە بەردەم ژناندا بە بەشداربوونیان لە بۆنە و ڕێوڕەسم و کۆنفرانس و پێشانگەکانی کتێب و ...، لە ئاستی ناوخۆی وڵات و وڵاتانی دەرەوەدا؛ کە ئەوەیش وا دەکات ژنانی نووسەر و بەرهەمەکانیان کەمتر بناسرێن و گەشە بکەن و، هەروەها پەیوەندییەکانیان لەگەڵ نووسەرانی تری وڵاتانی جیهاندا بەرتەسکتر بێت.

4. ناهاوسەنگی لە ڕاگرتنی باڵانسی جێندەری لەنێو سەرجەم نێوەندەکانی حکوومەت و کەرتی تایبەتدا؛ کە وا دەکات دامودەزگەکان درەنگتر گەشە بکەن و کەمتر داهێنان و تازەگەری لەو بوارەدا بهێننە ئاراوە، جگە لە پاشەکشەکردن و کارنەکردن بە بنەماکانی دیموکراسی، وەک ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بانگەشەی بۆ دەکات.

به دیوێکی تریشدا وا دەکات کارکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان بەگشتی، بۆ نەهێشتنی جیاکاری و جیاوازییەکان درێژە و بەردەوامییان هەبێت.

5. سەرهەڵدان و بەکارهێنانی چەندین نازناو و گەورەکردنەوە و پیاهەڵدان بە نووسەرانی پیاو لەژێر ناوی وەکوو ‹‹نووسەری گەورەی کورد››؛ لە کاتێکدا خودی بەکارهێنانی دەستەواژەی نووسەری گەورە، یان شاعیری گەورە، بە بۆچوونی من ناڕاستە، چونکە نووسەر بێت، یان شاعیر، گەورە و بچووکی بۆ نییە، بەڵکوو هەندێ بنەما و پێوەر حوکم دەکات کە پێی بگوترێت نووسەر، یان شاعیر، یاخود ناوی تر. بۆیە، بەگشتی بەکارهێنانی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا زیاتر دەچێتە چوارچێوەی زیادەڕۆیی و وەسفکردنەوە.

6. پێداویستییەکانی برەودان بە نووسینی ژنان لە بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندندا، نەک تەنیا لە قۆناغەکانی خوێندنگەکاندا، بەڵکوو لە زانکۆکانیشدا، لە ئاست مێژوو و خەباتی ژنان و ناساندنی مافەکانیاندا کەمتەرخەمیی پێوە دیارە، چونکە ژینگەی پەروەردەکردن، چ لە خێزان و چ لە ناوەندەکانی خوێندندا، بە شێوەیەکە، کە بۆ چەسپاندنی کەلتووری خوێندنەوە و نووسین هاندەر نین؛ هەروەها بە ئەندازەیەکە، کە جۆرە داخراوییەکی هەیە کە لە ڕووی ناسین و تێکەڵبوون و تەنانەت بەشداربوونیان لە چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا، نەبووەتە کەلتووری کارکردن و شێوازی ژیانیان.

**چارەسەر:**

کارکردن و خوێندنەوە و شیکاری و ڕێگەچارەی گونجاو لە ئاست هەموو ئەو فاکتەرانەی هۆکارن لە بەردەم کەمیی ژنانی نووسەر لە باشووری کوردستاندا، یارمەتیدەرە بۆ چارەسەری دۆخەکە بەرەو باشتر.

لە لایەکی دیکەوە، خودی ژنان یەکێک لەو فاکتەرە گرنگانەن کە دەتوانن کار لەسەر پێگەیاندن و هۆشیاریی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بەربەست و ڕێگرییانە بشکێنن کە دێنە بەردەمیان و، بە مەبەستی بەرتەسککردنەوەی تواناکانیان ڕێگرییان لێ دەکەن. ئەوەیش بە خۆپەروەردەکردن و فێربوونیان دەبێت، تا بتوانن بە متمانە و ئیرادەیەکی بەهێزەوە ڕووبەڕووی واقع و بەربەستەکان ببنەوە و، بەسەر ئەو هەموو تانە و تەشەر و ناوزڕاندنانەدا زاڵ بن کە بە هۆیەوە تووشی دەبن و زۆر جاریش بەو هۆیەوە دەبنە قوربانی. چونکە بە پلەی یەکەم، ئەوە ژنان خۆیانن کە دەتوانن بە هەوڵی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی، ئەم دۆخە تێ پەڕێنن و، بێ گومان هەموو ئەو لایەنانەی دیکەیش کە کار بۆ ژنان دەکەن؛ تا پێکەوە تاک بە تاکی ئەم کۆمەڵگەیە فێری کەلتووری خوێندنەوە و گرنگیی نووسین بکەن و، بەهێزیی بەرهەم و ناوەڕۆک و باشیی نووسینەکان، حوکم بکات کە خوێنەرەکان بڕیار بدەن ئاخۆ خوێنەری کام نووسەرن و کام نووسەر بە

باشتر دەزانن، نەک جۆری ڕەگەزی نووسەرەکە لە لایان حوکم بکات.

دارشتنەوەی پلان و ستراتیژیی کارکردنی دامودەزگەکانی حکوومەت بە ڕاگرتنی بالانسی جێندەری و ڕەخساندنی دەرفەتی وەکیەکی لە بەردەم ژنان و پیاواندا بەبێ جیاوازی؛ کە دەرەنجام توانا و لێهاتوویی و کارامەییی مرۆڤەکان، بۆ بردنەپێشەوەیان حوکم بکات، نەک پێوەرەکانی یەکترناسین و پەیوەندییەکان؛ ئەوەیش بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە عەقڵییەتی باوی کۆمەڵگە و دوور لە پیاوسالاری؛ بەدامەزراوەییکردنی زیاتری دەزگەکانیش، لایەنێکی تری چارەسەرەکانە.

لە لایەکی دیکەوە کارکردن بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بەگشتی، ئەرکێکی هەمەلایەنەی گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی حکوومەتە، بە مەبەستی بە کەلتوورکردنی خوێندنەوە و قبووڵکردنی نووسەرەکان وەک خۆیان، لە هەر ڕەگەزێک بن.

جگە لەوەی پێداچوونەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بەرنامە و پلانیاندا و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر لە بەردەم ژنان و بوونیان لە پۆستە باڵاکانی بڕیارسازیی سەرجەم کەناڵەکانی بینراو و نووسراو و بیستراودا، هەنگاوێکی گرنگی چارەسەرەکانە؛ بۆ ئەوەی بە شێوەیەک بەرنامەکانیان ڕێک بخەن کە بۆ دەرخستنی توانا و

کارەکانی ژنانی نووسەر و، بە مەبەستی ناسینی خۆیان و دەستکەوتەکانیان، هەوڵی زیاتر بدرێت و بایەخی زیاتریان پێ بدرێت.

**سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە:**

المرأة والكتابة/ هل تكتب المرأة نفسها، د.ميساء الخواجة، سايتى
( الرياض )، 14 يناير 2017م.

# ژنانی کارکەر لە نێوان
# دۆخی ئەرێنی و نەرێنیدا

کارکردنی ژنان هەمیشە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا جێی مشتومڕ و گفتوگۆکردنە لە ماوەیەکەوە بۆ ئەوی دی، کە بەگشتی تێڕوانینەکان دەکرێنە دوو بەش: بەشێکیان، لایەنگریی کارکردنی ژنان دەکەن لە کۆمەڵگەدا، بێ هیچ کۆتوبەند، یان سنوورێک، یان جیاکردنەوەی بوارەکانی کارکردن؛ بەشێکی تری تێڕوانینەکان، کارکردنی ژنان وابەستەی کۆمەڵێک مەرج و سنووری دیاریکراو دەکەن. بۆیە پرسیار ئەوەیە کە گرنگیی کارکردنی ژنان لە کۆمەڵگەدا چییە؟ مەبەست لە کارکردنی ژنان دەرچوونی ژنانە بۆ مەیدانەکانی کارکردن لە دەرەوەی چوارچێوەی ماڵەکەیاندا؛ گەر هاوسەرگیرییان کردبێت، یان نا.

### لایەنگرانی کارکردنی ژنان

لایەنگرانی ئەم دید و تێڕوانینە، دەکرێن بە دوو بەشەوە: هەندێکیان ڕایان وایە، لەبەر ئەوەی ژنان کۆڵەکەیەکی گرنگ و سەرەکی و چالاکن لە کۆمەڵدا، بۆیە بوارەکانی کارکردنی ژنان بێسنوورە و مەرجدار نییە؛ بەو واتایەی لە هەر بوارێکدا و چۆن بیانەوێت، بەپێی خواست و توانای خۆیان، مافی بڕیاردانی کارکردنیان هەیە.

هەندێکی دیکە، کارکردنی ژنان مەرجدار دەکەن و، پێیان وایە لە ڕوانگەی شەریعەت و بنەماکانی ئیسلامەوە، ژنـان مافی کارکردنیان لە کۆمەڵگەدا هەیە و هەڵگری کۆمەڵە خەسڵەتێکی جیاوازن لە پیاوان، کە دەتوانن بە هۆیەوە لە ڕێی کاری باش و جوانەوە خزمەتی کۆمەڵگە بکەن؛ وەک خەسڵەتی سـۆزداری و هەست و نەستی دایکایەتی. بـەڵام یەکێک لە مەرجەکانیان پابەندبوونی ژنـە بە پۆشینی جلوبەرگی شەرعی و حیجابەوە؛ لەو ڕوانگەیەوە کە خـوداوەنـد فـەڕزی کـردووە، ئەمە جگە لە دانانی چوارچێوەیەکی دیاریکراوی کارکردنی ژنان. بەو واتایەی هەندێ شوێنی کارکردن، کە تایبەتمەندە بە فرۆشتنی محەڕەمات، یان شوێنی مەیخواردنەوە، کە بۆ ژن و پیاو حەرام کراوە، یان ئەو شوێنانەی لەگەڵ مێیینەبوونی ژناندا ناگونجێن، کە پێویستی بە توانای جەستەییی زیاتر هەیە، یان بە دوورڕاگرتنی ژنان لەو شوێنانەی کە پێویست بە تێکەڵبوونیان لەگەڵ پیاوان ناکات؛ لەو ڕوانگەیەوە کە تێکەڵبوونی ژنان و پیاوان، بێ زەمینەیەکی گرنگ و پێویست، گەندەڵی دەخاتەوە و دەبێتە مایەی خوڵقاندنی کێشەی هەمەڕەنگی کۆمەڵایەتی و دەروونی و، بگرە بە هۆیەوە مرۆڤەکان، بەتایبەت ژنان دەگەنە چارەنووسی نادیار، یان کوشتن و ئەتککردن و بەکارهێنانی ناڕەواترین شێوەکانی توندوتیژی.

## نەیارەکانی کارکردنی ژنان

خاوەن دید و تێڕوانینەکانی ئەم لایەنە پێیان وایە، ژنان تەنیا ئەرکی ماڵ، بەڕێوەبردنی منداڵ و خزمەتکردنی مێردیان لە ئەستۆدایە و، هەموو هەوڵێکیان، دەبێ لە پێناو خۆشی و خۆشگوزەرانیی ئەواندا بێت و دژی کارکردنی ژنانن لە دەرەوەی ماڵ. بێ گومان هەڵگرانی ئەم دیدە، پەیوەستن بە کەلتوور و دابونەریت و پەروەردەیەکەوە، کە جیاوازیی ڕەگەزی، یەکێکە لە باوەڕەکانیان لە ڕوانگەی زاڵێتیی عەقڵییەتی پیاوسالاری و بنەماڵەیی و خێڵەکییەوە؛ بۆیە کارکردنی ژنان لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا ڕەت دەکەنەوە و بە سووکایەتیکردن و کەمکردنەوەی هەیمەنەی پیاوەتی و بنەماڵەکەیانی دەزانن.

## باشییەکانی کارکردنی ژنان

کارکردنی ژنان واتای سەربەخۆیی و ئازادیی ژنان دێنێتە ئاراوە، بە شێوەیەک کە ئیدی ژن زیاتر پشت بە خۆی دەبەستێت و بەرپرسیارێتیی خۆی دەگرێتە ئەستۆ لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیانیدا و، دەبێتە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی فراوانتر. هەروەها زیاتر بە زۆرێک لە شارەزایی و ئەزموونی نوێ ئاشنا دەبێت و بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە دەبێتە پێشڕەو و پێشەنگ بۆ منداڵ و ژنانی دیکە لە کۆمەڵدا، ئەو کاتەی لە کار و ماڵەوەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و، ئاستی گوزەرانی خێزانەکەی و وڵاتەکەی بەرز دەکاتەوە.

## خراپییەکانی کارکردنی ژنان

خراپییەکانی کارکردنی ژنـان بریتییە لە زیادکردنی بەرپرسیارێتییەکانی ژنـان. واتە وێڕای داواکـردن لێی بۆ کـارکـردن و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی، یـان هـەوڵدان بۆ سەلماندنی بوونی خۆی، یان مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی لە بواری کارکردندا، داوای لێ دەکرێت لە بەڕێوەبردنی ماڵ و میوانداریکردندا کابانێکی سەرکەوتوو بێت، هاوسەرێکی باش بێت بۆ مێردەکەی، دایکێکی بەخزمەت و پـەرۆش بێت لە پەروەردەکردنی منداڵەکەیدا، خانمێکی سەرکەوتوو بێت لە بەڕێوەبردنی پێداویستیی ماڵ و خواردن و هتد. لە کاتێکدا ئەوە نەک تەنها دەبێتە هۆی ماندووبوون و شەکەتیی مرۆڤەکان، بەڵکوو قورساییەکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆیان.

سەرقاڵبوونی ژنان بە کارکردنی زیاتر و دوورکەوتنەوەیان لە ماڵ و منداڵ، کە هەندێ جار لە ڕێی داینگە و کارەکەرەوە چارەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانیان دەکەن و، زۆر جاریش ماندووبوونێکی دووهێندە دەبینن لە نێوان بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان لە دەرەوە و نـاوەوەی ماڵەکانیان؛ هەموو ئەوانە کاریگەری دەخەنە سەر باری جەستەیی و دەروونیی ژنان و، ڕەنگدانەوەی لەسەر ماڵ و منداڵەکانیان دەبێت، جگە لە پەیوەندیی نێوان هاوسەرەکانیان، کە بە شێوەیەک ڕووبەڕووی لاوازی و کەمتەرخەمی و ساردی دەبێتەوە، بە هۆی کەمیی کاتی یەکتربینینیان، یان سەرقاڵی و هتد. ئەمە وێڕای ئەوەی سەرزەنشتکردن و بێزاری و ڕەخنەگرتنی پیـاوان بۆ ژنـان دووهێندە دەبێت، بـەوەی هەمیشە پێی

دەڵێت کە لە ئاست خزمەتکردنی منداڵ و پیاو وماڵدا، یان بەسەربردنی کاتی کەمتر لەگەڵ منداڵ و مێرد و بەڕێوەبردنی کارە میوانداریيەکانی ناوماڵ، کەمتەرخەمە. هەمووی ئەو لێکدانەوانەیش، وا دەکات کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تەڵاق و جیابوونەوە و، کێشە دەروونییەکانی وەک دڵەڕاوکێ و گرێ و گوشارە دەروونییەکان ڕوو لە زیادبوون بکەن.

### سەرچاوەی دیدە جیاوازەکان

کارکردنی ژنان، کە لە ڕوانگەی باسکردن لە ئازادیی ژنانەوە مشتومڕی زۆری لەسەر دەکرێت، زیاتریش لەو دەنگ و بانگەشانەوە، کە لە دیدی عەلمانییەوە دەکرێن، سەرچاوەی گرتووە. بیروڕاکان تا ئێستا سەبارەت بە کارکردنی ژنان بەپێی سروشتی کۆمەڵگەکان گوڕانکاری و جیاوازی بەخۆوە دەبینێت. بۆ نموونە لە هەندێ کۆمەڵگەدا تا ئێستا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنانەی خاوەنی کارن و لە دەرەوەی ماڵدا کار دەکەن، ڕەت دەکرێتەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە لە دابونەریتی کۆمەڵگە دەرچوون؛ کە ئەمەیش پەیوەستە بە پێکهاتە و ئاست و شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە، چونکە هەندێ کۆمەڵگە کارکردنی ژنان لە سنوورێکی دیاریکراودا قەتیس دەکەن و تەنیا لە چەند بوارێکی وەک مامۆستایەتی، یان بواری تەندروستیدا کورتی دەکەنەوە.

هەندێکی دیکە هۆکاری ڕێگەپێدانی، دەگەڕێننەوە بۆ خراپیی بواری ئابووریی خێزانەکان؛ لەو ڕوانگەیەوە کە

ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بژێوی خێزان و باشتربوونی باری دارایییان. هەمووی ئەو تێڕوانینانە لە دەرەوەی چوارچێوەی هزر و بیروباوەڕە سەرەکی و بنەڕەتییەکەوەیە و، دوورە لە ئامانجە گەورەکەوە، کە خەباتە بۆ کارکردنی ژنان؛ لەو ڕوانگەیەوە کە پێی وایە ژن و پیاو مرۆڤن و مافی هەموو جۆرە کارکردنێکیان هەیە کە خۆیان خوازیاری بن، بێ هیچ جیاوازییەک لە ڕووی ڕەگەزییەوە؛ هەروەک لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی ژناندا هاتووە.

تەنانەت دۆخی ژنانی ئەوروپا، پێش شۆڕشی فەڕەنسا و پیشەسازی، هیچ باشتر نەبووە لە دۆخی ژنان لە ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا؛ چونکە لەو کاتەدا ئەوروپا لە قۆناغێکی تاریکیدا لە چوارچێوەی زاڵبوونی کەنیسە بەسەر ئەوروپا و جیهانی ڕۆژاوایدا ژیانی بەسەر دەبرد، بەڵام شۆڕشی فەڕەنسا و سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی عیلمانی، یان جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، وای لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان کرد، کە لەمبارەوە لە تەنگانەیەکی گەورەدا بن و، وای لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان کرد پەیوەست بن بە بیروباوەڕی ئازادیی ژنان و وەرگرتنی مافەکانیان. جەنگی جیهانی بە ملیۆنان کوژراوی لێ کەوتەوە، کە زۆربەیان پیاوان بوون، لە بەرامبەر ئەوەیشدا بە ملیۆنان بێوەژن و خێزانی بێسەرپەرشتی لێ کەوتەوە. بۆیە ژنان بەناچاری چوونە دەرەوەی ماڵ بۆ کارکردن لە کارگە و چەندین شوێنی تردا لە پێناو بەدەستهێنانی قووتی ڕۆژانەی خۆیان

و خێزانەکانیان، وێڕای گۆڕینی بیروبۆچوونەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

ژنان لە کۆمەڵگەی نوێدا بە نیوەی کۆمەڵ دادەنرێن، بە شێوەیەک کە لە ڕێی تواناکانیانەوە لە گشت بوارەکاندا خۆیان سەلماند؛ وەک چۆن لە سەرۆکی وڵاتەوە دەستی پێ کرد، کە لە فیلیپین و پاکستان بوو، پاشان بە تێپەڕبوونی بۆ سەرۆکوەزیران و وەزیر و کارکەر لە هێزی ئەتۆمیدا، وەک کارکردن لە ناسا. لە عێراق و کوردستانیشدا، ژن بووە ئەندازیار، پارێزەر و پەرلەمانتار و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حزبەکان و هتد. تەنانەت لە کۆمەڵگە گەشەسەندوو، یان محافزکارەکاندا، کۆمەڵگە پیاوسالارییەکان، خۆیان لە تەنگوچەڵەمەیەکی زۆردا بینییەوە؛ بۆیە خۆیان لە بەردەم هەڵوەستە و گۆڕانکارییەکاندا دەبیننەوە سەبارەت ڕەتکردنەوەی بیر و باوەڕ و دابونەریتی کۆمەڵ، لە هەمان کاتدا فەلسەفەی پەروەردەیەک کە خۆی لە نێوەندی واقعدا فەرز کردووە.

کارکردنی ژنان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، جیاوازە لە پێدانی ئازادیی تەواو پێی؛ ئەگەرچی تێڕوانینێکی هەڵە هەیە بەوەی پێدانی ئازادی بە ژن، یان ڕاستتر، گەیشتنی ژنان بە ئازادییەکانیان هۆکار بێت بۆ بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی بەرەڵڵایی و لادانی ئاکاری، چونکە هیچ دەستپێکێک بەبێ بوونی شەریکێکی سەرەکی نابێت، کە بریتییە لە پیاو. بۆیە کارکردنی ژنان بابەتێکە و ئازادیی ژنانیش بابەتێکی تر، کە گرێدراوی بەرەڵڵایی و لایەنی ئاکاری نییە. بۆیە ئێستا

کارکردنی ژنـان لە سـەرجەم بوارەکاندا لە پێشکەوتن و گەشەکردنێکی زۆردایـە و، توانیویەتی لە گشت ئاستی جیهاندا، بوون و توانای خۆی بسەلمێنێت و، بواری ئەوە نەماوە کە بە دەوری پرسیارێکدا بسوورێینەوە، کە ئایا ڕێی پێ دەدەن کار بکات، یان نا؟

بۆیە کارکردن بۆ هەر دوو ڕەگەز، بووەتە ئەرکێک کە پێویستە بیکەن؛ چونکە زامنی بەردەوامیدانە بە ژیان لەسەر زەوی و، بنیادنانەوە و ئامرازێکە بۆ بەردەوامیدان لە لایەک و، لە لایەکی دیکەیشەوە چەسپاندن و سەلماندنی خودی مرۆڤەکانە بۆ کەسایەتیی خۆیان کە هەم خاوەنی کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیان بن و هەم سەربەخۆییی دارایییان هەبێت. بۆیە کارکردنی ژنان بە یەکێک لە گرنگییەکان لە ژیانی مرۆڤەکاندا دادەنرێت، نەک بۆ خۆشی بێت، یان نەنگی، یان گرنگ نەبێت بۆی. بۆیە گرنگیی کارکردن، یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابینکردنی سەربەخۆییی دارایی، کە پێویستە پشت بە خۆی ببەستێت و بۆ خۆی و بۆ ئەوانی تر خەرجی بکات، تا هەست بەوە نەکات بووەتە بارگرانی بەسەر ئەوانی دیکەوە، یان هەمیشە چاوەڕوانی دەستی ئەوانی تر بکات. هەروەها بە هۆیەوە دەبێتە خاوەن بڕیار و، حیساب بۆ قسە و تێڕوانین و گفتوگۆ و ڕاکانی دەکرێت و، یارمەتیدەرە بۆ تەوزیفکردنی توانا و شارەزاییی نیوەی کۆمەڵگە. چونکە دوورخستنەوە و بایەخنەدان بە توانای ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ و پەراوێزخستنیان لـە کـرداری گەشـەپێداندا، زیـان و زەرەرێـکـی زۆر لە

مرۆڤایەتی دەدات، لەبەر ئەوەی ژنان تەنیا بە پاراستن و پەروەردەکردنی منداڵ و بە چڕکردنەوەی ڕۆڵیان لە ناوماڵ و لای هاوسەرەکەیان بوونی خۆیان ناسەلمێنن.

**لێکۆڵینەوەیەکی زانستی چیمان پێ دەڵێت؟**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئەڵمانی، کە ڕاپرسییەکی لە نێوان هەزاران کوڕ و کچ لە تەمەنی 14–15 ساڵاندا سەبارەت بە کارکردنی ژنان ئەنجام دا، بەپێی دەرەنجامەکانی ڕاپرسییەکە 84% ئومێدەوارن کە خێزان پێک بهێنن؛ 65% لەوانە کچانێک دەخوازن کە کاری دەرەوەی ماڵیان نەبێت. لە هەمان کاتدا توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە کارکردن، زیاتر ژنان بەهێز دەکات و هەستێکی خۆیی زیاتریان پێ دەبەخشێت، بەوەی کە خاوەنی بەها و کەسایەتی و بەهێزیی زیاترە لە گشت لایەنە دەروونی و مەعنەوییەکاندا و، کاری جێگیر، هەست بە ژن دەدات کە بوونی خۆی بسەلمێنێت و، زۆرێک لە هەستە خراپەکانی لا بڕەوێنێتەوە. بۆ نموونە، ئەوەی کە هەست بکات ئەو بوونەوەرە لاوازەیە، کە خاوەن توانایەکی دیاریکراوە. چونکە هەستکردنی هەر مرۆڤێک بە ستەمی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی بەرتەسک بۆ ڕۆڵ و هاوکاری و ئازارەکانی، هەروەها بەدەستنەهێنانی مافە پیشەیی و وەزیفی و کۆمەڵایەتییەکانی، بەدەرە لە کەمدەرفەتی و کەموکوڕیی دەرفەت لە ڕووی پاداشتکردن و هاندانییەوە. هەمووی

ئەوانە دەبنە فاکتەری کاریگەر بۆ توانا و تەواوکاری و چالاکبوونی ڕۆڵی ژنانی کارکەر لە هەر مەیدانێکی کار و بەرهەمدا بێت.

تا ئێستا بەها کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە کارکردنی ژنانەوە بەگشتی، ئەرێنی نییە. ئەوەیش دووفاقییەکی گەورەیە لەگەڵ واقعدا، چونکە بەواقعی و فیعلی ژنان تێکەڵی بوارەکانی کارکردن بوون، کە گرنگ و فرەجۆر و فرەبوارە، بەڵام تا ئێستا بەهاکان بەگشتی کارکردنی ژنان لە ناوماڵ بەهەندتر و پڕبایەختر دەبینن؛ کە دەشێت ئەو گوشارە کۆمەڵایەتییانە ڕۆڵی کاریگەر و نەرێنی بۆ بواری دەروونیی ژنانی کارکەر بگێڕن.

ڕاستە کارکردنی ناوماڵ و خێزان بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام ژیانی سەردەم بە گشت ئاڵۆزییە جیاوازەکانی و گەشەکردن و داخوازییەکانییەوە، یارمەتیدەر بووە لە گۆڕینی وێناکە و، زۆرێک لە کارە گرنگ و بنەڕەتییەکان دەریان خست، کە کارکردن لە دەرەوەی ماڵدا پێویستییەکە، وەک: خزمەگوزارییەکانی تەندروستی، فێرکاری، کاروباری بازرگانی و دامەزراوەکانی تایبەت بە کاروباری هەمەجۆری ژنانەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی هیچ کات ژنان لە کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ دانەبڕاون، بەڵکوو هەمیشە لە ژینگەی لادێ و بیابانەکاندا بۆ کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕومالات و کارە بەرهەمهێنەرەکانی دیکە بەردەوام بوون.

## دووفاقیی بەهاکان

پسپۆرانی بواری دەروونناسی، پێیان وایە هەندێ لە ژنان تا ئێستا هەڵگری کۆمەڵە بەهایەکی دووفاقی و لێکجودان، کە وا لە ژنان دەکات پەرۆشییان بۆ چالاکی و بەشدارییان لە کارکردندا لە ڕووبەڕووبونەوەیاندا سەبارەت بەو گوشارە ئاساییانەی لە کار و ماڵدا بۆیان دێتە ئاراوە لاواز بێت. بۆیە ژن لە بەرامبەر گوشار و ڕێگری و بەربەستەکان و ئەو بێزارییانەی بۆی دەخوڵقێنن، بەئاسانی و سادەیی پاشەکشە دەکات و دەگەڕێتەوە. بۆیە تەحەممولی دڵەڕاوکێ و شپرزەییەکان ناکات، جگە لەوەی هەندێکیان دەچنە بواری کارکردنەوە بە هۆی کات بەسەربردن، یان گۆڕانکاری؛ کە ئەو بۆچوونە وا دەکات بە گشتی لە لایەن کۆمەڵەوە مەودای نەرێنی هەبێت بۆ کارکردنی ژنان. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ تازەکارکردنی ژنان، بەتایبەتی لە هەندێ بواردا، هەروەها بۆ گوشار و ڕێگرییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، بەدەر لە پێکهاتەی ژنان لە ڕووی ڕاهێنان و ئامادەسازیکردنەوە، کە بێ گومان ئامادەکردن و ڕاهێنانی ژن کاتێکی باشی دەوێت، بۆ ئەوەی بتوانێت داخوازییەکانی ژیان جێبەجێ بکات.

## شڵەژاوییە دەروونییەکان

ئەم لایەنە، هاوکارە لە باشترکردنی تەندروستیی ژنان لە ڕووی دەروونییەوە و زاڵبونی زیاتر بەسەر داهاتوو و تەنگوچەڵەمەکانی ژیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەوە و، دەشێت ئەو گوشارە زۆرانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، ببنە هۆی زیادکردنی دڵەڕاوکێ و، هەروەها

شپرزەیی و بێزاربوون و نەگونجان بۆی. بۆیە کێشە خێزانی و هاوسەرگیرییەکان بە کێشە دیار و بڵاوەکان لە لای ژنانی کارکەر دادەنرێت، کە بەشێکی زۆری ئەوەیش پەیوەندیدارە بە ناڕوونی و دابەشنەبوونی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی هەر دوو هاوسەرەکە، کە بێ گومان بەگشتی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ئەوە گرێدراوی نەبوونی دابونەریت، یان یاسا و ڕێسای تایبەتە بە ڕێکخستن و دیاریکردنی بەشداریکردنی هاوسەرەکان لە کاروباری ژیانیاندا لە ڕووی بەشداری و هاوکاریکردنی دارایی و کاروباری ناوماڵ و پاراستن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و زۆری ترەوە، کە وردەکاری و درێژەی هەیە لە ژیانی هاوبەشی ڕۆژانەدا. ئەوەیش دیالۆگ و تێگەیشتنی زیاتری دەوێت لە نێوان هاوسەرەکاندا بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێچارەی هاوبەش و گونجاو، کە لەگەڵ ژیانی کردەییدا یەک بگرێتەوە. تا ئێستا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ کارکردنی ژنان لە هەندێ پیشە و بواردا لە ئاستێکی کەم و نزمدایە، یان بەگشتی بە هۆی بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵوێستێکی نەرێنیی لێ وەردەگرن، وەک: بواری پەرستاری، یان بواری شانۆیی و فیلمسازی و هتد.

# ڕۆڵی ژنان
# لە بنیاتنانی دەوڵەتدا

قۆناغی دەوڵەتداری و پێش بەدەوڵەتبوون، دوو قۆناغی تەواوکەر و گرێدراوی یەکترن؛ بەو واتایەی چەندە لە قۆناغی دەوڵەتدا گرنگە کار بۆ چەسپاندنی زیاتری بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بکرێت و، چەند دەتوانرێت کار بۆ گۆڕانکارییەکان بکرێت، پێش دەوڵەتدارییش هێندە پێویستە لە بوار و ڕووی جیاوازەوە هەنگاوی جددی بنرێت، بە واتای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەوڵەتێک، کە دامەزراوەیی بێت و بنەماکانی دیموکراسی لەخۆ بگرێت و بنەماکانی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوونی تێدا چەسپاو بێت. پێویستە خەباتکردن بۆی، پێش پێکهێنانی دەوڵەت، بەرنامە و پلان و شێواز و ستراتیژیی جیای بۆ دابڕێژرێت. بۆیە دەکرێ بگوترێت قۆناغی پێش دەوڵەت، بە قۆناغی ئامادەسازی و گواستنەوە دادەنرێت و، پێویستە بەهەستیاری و وریاییەوە مامەڵەی لە ئاستدا بکرێت، کە پێویستی بە توانا و هەوڵی هەمەلایەنە دەبێت.

لە هەر دوو قۆناغەکەدا توانا و هەوڵی هەر دوو ڕەگەزەکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان گرنگ و پێویستن، بەڵام تەرکیزخستنە سەر ژنان و تایبەتمەندییەکانیان، گرێدراوی هۆکاری جیاوازترە؛ لەو ڕوانگەیەوە کە زۆر جار ژن تەنیا وەک ڕەگەزێک تەماشا کراوە و، دوور لە مرۆڤبوونی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە بە هۆیەوە هەموو چەوساندنەوە

و جیاکارییەکی دەرهەق دەکرێت. بۆیە چەوساندنەوەی ژنان، یان پێچەوانەکەی، گرێدراوی جۆری سیستەمی دەوڵەتدارییە لە هەر دەوڵەتێکدا.

ژن و دەوڵـەت، دوو چەمکی گـرێـدراون و کارلێکی هاوتەریبیان پێکەوە هەیە. بەو واتایەی بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز و دیموکراسی، پێویستیی بە توانا و هزر و فکری ژنان هەیە، کە بەشداریی کاریگەر و چالاکیان هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەیش، پێویستە گوێ لە ژنان بگیرێت و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنرێت. ژنانیش بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی خۆیان وەک هاووڵاتی بگێڕن، پێویستە هەنگاو بو کاری جددیتر هەڵێنن و، لە هەمان کاتدا بتوانن سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە دەوڵەت بۆیان دەڕەخسێنێت. ئەوەیش لە پێناو هێنانەدیی دەوڵەتێکی شارستانی، دیموکراسی و دامەزراوەییی بەدوور لە زاڵبوونی هیچ مەزهەب و ئایدیۆلۆژی و ئایینێکی دیاریکراو؛ دەوڵەتێک کە بە سیاسەتێکی نوێ و ناسنامەیەکی نیشتمانیی نوێوە لە چوارچێوەی دامەزراوەکانیدا پلان و ستراتیژیی هەبێت.

**فەرامۆشکردنی توانای ژنان:**

یەکێک لە ڕێگرییەکانی بەردەم ژنان، بۆ ئەوەی ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەر بگێڕن لە بنیاتنانی دامـەزراوەکـانـی دەوڵەتدا، ئەوەیە کە لە کاتی دابەشکردن و هەڵبژاردنی پۆستەکان بەسەر ژناندا، لە هەر بوارێکی حزبی، حکوومی، یان پەرلەمانیدا، لەسەر بنەمای توانا و کارامەییان نەبێت.

هەروەک چۆن ئەم ڕاستییە بۆ پیاوانیش هەر ڕاستە. بۆ نموونە، ئێستا چەسپاندنی کۆتا بە ڕێژەی 25% کەمتر نەبێت لە پەرلەمانی عێراق و 30% کەمتر نەبێت لە پەرلەمانی کوردستان، دەستکەوتێکی باشی ڕێکخراوەکانی ژنان بوو بۆ ئەوەی ژنان بچنە ناو ناوەندەکانی بڕیاردانەوە. بەڵام گرفتەکە وەک قۆناغی یەکەم لە بوونی ڕێژەکەدا نییە، هێندەی لە چۆنێتیی پێوەرەکانی هەڵبژاردنی تاکەکاندایە لە لایەن حزبەکانەوە، کە ئەوەندەی لەسەر بنەمای ئینتمایان بۆ حزب، یان پەیوەندیی خزمایەتی و خێڵەکی و بنەماڵەیییەوە هەن، ئەوەندە لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویییان نەبووە و نییە و، بگرە هەندێ جار، نەک توانا، بەڵکوو هەڵگری هیچ بڕوانامەیەک نەبوون، یان هیچ ئەزموونی کار و باکگراوندێکی سیاسییان نەبووە و، ئامادەیییان نەبووە بۆ فێربوون، یان گەشەکردنی توانا و پەیوەندییەکانیان لە نێوەندەکانی کۆمەڵگەدا. تەنانەت وەک ڕەگەز، باوەڕیان بە بەرژەوەندییەکانی ژنان نەبووە و، هەندێ جاریش پێیان وا بووە ژنان پاشکۆی پیاوانن و لەسەر ئاستی کەسی و گشتی، لە ئاستێکی کەمی بەشداربووندان. هەر ئەوەیش وا دەکات شێلگیرانە داکۆکی بکەن لەسەر ئەو کوتلە سیاسییانەی ئینتمایان بۆی هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی زۆربەی ئەوانەی لەو پۆستانەدان هەست و درک بەوە ناکەن کە پێویستە لە خزمەتی گەلدا بن، یان دەبێ نوێنەرایەتیی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکەن. لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی لە

هەموو نێوەندەکاندا، بەتایبەتی کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە دەردەچن، بەرپرسیارێتییەکی گەورە و گرنگە و پێویستی بە گەشەکردن و بەرەپێشچوونی خۆیان هەیە، چ لە ڕووی فکری و سیاسییەوە، یان لە ڕووی تەکنیکییەوە، وەک: کۆمپیوتەر و زمانی جیا لە زمانی دایکی.

وێڕای دارمانی ژێرخانی ئابووری و سیاسی و فکری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و...، لە هەمان کاتدا پەککەستنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوەکانی حکوومەت و لاوازبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی مەدەنی لە لایەکی دیکەوە، وا دەکات کە کۆمەڵگە پێویستیی بە توانا و هێزی هەمووان هەبێت، واتە ژنان و پیاوان پێکەوە، کە لێرەیشدا نابێ ژنان فەرامۆش بکرێن. بۆیە پەککەستنی ڕۆڵ و نەڕەخساندنی دەرفەت و لاوازکردنی ڕۆڵی ژنان لە بنیاتنانەوەی دەوڵەت لە گشت بوارەکاندا کۆسپ و ڕێگریی گەورە دەخاتە بەردەم پرۆسەی گەشەکردن و بنیاتنانی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی و دیموکراسی و پتەو، کە بنەما سەرەکییەکانی لەخۆ گرتبێت. بە دیوێکی تردا، ڕووبەڕووبوونەوەی عێراق و کوردستان لەگەڵ جەنگی داعش و جەنگەکانی پێشتر، هەمیشە وای کردووە ژنان لە بنیاتنان و بەرهەمدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن و ئەرکی زیاتریان لەئەستۆدا بێت؛ ئەوەیش بە هۆی ئەو پێوارەوە لە کۆمەڵگەدا ڕووی دەدا، لە کاتێکدا پیاوان زیاتر ڕووبەڕووی جەنگ دەبوونەوە و زۆربەی کاتیان لە خێزان و بەرپرسیارێتییەکانی دیکەوەدوور بوون.

## ژنان دەبێت چی بکەن؟

خەباتکردنی ژنان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، هاووڵاتیبوون، هزری ناتوندوتیژی و ئاشتی و... لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە خەباتکردنیان بۆ هەیکەلەی دەوڵەتێک، کە مافەکانی ژنانی تێدا پارێزراو بێت، گرنگ و پێویستە. ئەوەیش لە ڕێی چەند لایەن و مەودایەکەوە دەبێت، وەک دەسەڵاتێکی سیاسی، کە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی و گەیشتنی ژنان بە ناوەندی بڕیار و پۆستە سیادی و باڵاکان لە هەموو ئاست و ناوەندێکدا، ئامادە بێت دانوستانی سیاسی بکات؛ بە شێوەیەک ژنان لە ڕووی ڕێژە و سەنگی خۆیانەوە، دەنگ و ڕەنگی ڕاستەقینەیان هەبێت. هەروەها کارکردن بە هێنانەئارای دەستەواژەی «تەسویەی سیاسی»، کە ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتان ئەوەیان سەلماندووە، کە کارکردن لەم ڕووەوە کاریگەریی باشی لەسەر دۆخی ژنان دەبێت، کە بە واتای ڕێککەوتنی دەستەبژێرێک (نوخبە) دێت، لەگەڵ دەوڵەتدا لە ڕووی بیروباوەڕەوە، بە مەبەستی گەرەنتیکردنی مافەکانیان. هەروەها گەرەنتیکردنی لایەنی ئاسایش گرنگیی خۆی هەیە، کە دەکرێت لە ڕێی دامەزراوەکانی تایبەت بە دەزگای پۆلیس، ئاسایش و هێزی سەربازی و...، دادپەروەری بەرجەستە بکرێت بۆ کارکردن لەسەر دابونەریتی سەپێنراو بەسەر ژنان و مۆرکە کۆمەڵایەتییەکاندا.

دەسەڵاتی یاسا، لایەنێکی ترە بۆ ئەوەی لە ڕێی کارکردن لەسەر دەستوور و یاساکان و لە ڕێی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە چاکسازی ڕەچاو بکرێت، بە شێوەیەک کە لە ڕێی سیاسەتێکی نیشتمانییەوە باڵانسی جێندەری بپارێزرێت و کاری بۆ بکرێت. بێ گومان، دەکرێ هەموو ئەو کارانەیش لە ڕێی ئەم میکانیزمانەوە ئەنجام بدرێن:

- ڕێکخستنەوەی خودی ژنان، بەپێی پلانێکی تۆکمە و بەهێز لە گشت بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، ئابووری، فکری و...، بە شێوەیەک کە ژنان خۆیان و ڕێکخستنێکی ژنانە، ببنە مەرجەعی گشت ژنان و، هاوکات ژنانیش بە مەرجەعی خۆیانی بزانن، دوور لە دەستێوەردانی پیاو، یان چوونەپاڵ تەکەتولێکی پیاوان، لە کاتی هەڵبژاردن و پێویستییەکانیاندا.

- یەکگرتوویی ژنان، وەک هێزێکی یەکگرتوو و تۆکمە و گوشار، بە مەبەستی داڕشتنەوەی پلان و گوشارخستنە سەر لایەن و هێزە سیاسییەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان وەک ڕەگەز.

- گەڕانەوەی ژنان بۆ ناسنامە و تایبەتمەندییەکانی خۆیان؛ بە واتای دەرچوون لەوەی وەک پیاو بیر بکەنەوە، یان جل بپۆشن، یان ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکەن. بە دیوێکی تردا، مێینەبوونی خۆیان بۆ سوودوەرگرتن لە بەرژەوەندییەکانیان بەکار بهێنن. هەروەها بەپێچەوانەیشەوە، پیاوان بۆ ئەوەی ببنە مرۆڤ، پێویستە لە تایبەتمەندییەکانی ژنان بگەن، وەک ئەوەی لە گریان،

سۆز و ئاشتیخوازیی بگەن؛ هەروەک چۆن ژنان پێویستە کار بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان بکەن و هەوڵ نەدەن لە بەرگی خۆیان بێنە دەرەوە.

- ئاشتبوونەوەی ژنان لەگەڵ کۆمەڵگە، یاسا، خەڵک، دابونەریت و...، بە مەبەستی گۆڕینی ئەو دابونەریت و عەقڵییەتانەی هەمیشە جیاوازییان لەگەڵ ژناندا کردووە و بە پەروەردەیەکی جیاکارانە ڕەفتاریان لەگەڵ هەر دوو ڕەگەزەکەدا کردووە، کە دەرەنجام نەک ژنان، بەڵکوو پیاوانیش بە شێوەیەکی دیکە باجی ئەو پەروەردە نادروستە دەدەنەوە.

- گرنگیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ڕێی کەناڵێکی تری کارکردنیانەوە، سەبارەت بە گۆڕین و چاکسازی لە یاساکاندا و بوونی دەستوورێکی مەدەنی، هەنگاوێکی گرنگی ترە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت، بە مەبەستی بنیاتنانی واقعێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی، کە پاڵنەری ژن بێت بۆ ئەوەی ببێتە کۆڵەکەیەکی چالاک و هەڵگری بەرپرسیارێتییەکانی لە گشت دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. بۆ ئەوەیش بەرزبوونەوەی ڕێژە و بوونی ژنان لە گشت ناوەندەکانی بڕیارسازیدا خاڵێکی گرنگە بۆ ژنان، تا بتوانن ڕۆڵی کارای خۆیان ببینن. ئەمەیش بۆ خۆی ململانێیەکی گەورەی ژنانە، کە پێویستە هەنگاوی جددیی بۆ بنێن، بە ئاوڕدانەوە لەو ژنانەی بەتوانا و لێهاتوون، نەک لەسەر بنەمای ڕەگەزی، پیاوانی بێتوانا بەباشتر بزانن، کە لە دامەزراوەکاندا

هەڵیان بژێرن، بەڵکوو پێویستە توانا، بنەمای ئەکادیمی و شارەزاییی کەڵەکەبووی مرۆڤەکان سەنگی محەک بێت بۆ هەڵبژاردنیان، کە تەنیا خزمەتکردن بە هاووڵاتییان و نیشتمانەکەیان بکرێتە خاڵێکی بنەڕەتیی کارکردنیان؛ لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی لە پشت هەموو ئەو هەوڵانەی کوردستان و نیشتمانەوەیە، وەک دەوڵەتێکی شارستانی، یاسایی، دامەزراوەیی، دیموکراسی، نەک حزبی و فرەمەرجەعی ئایینی و سیاسی.

– پێویستە ژنان، خۆیان بێ تێکەڵبوون بە هیچ ئایینێک، ببنە سەرچاوەیەک بۆ یاسادانانی ئەو یاسایانەی زیاتر مرۆیی و دادپەروەرن و، بتوانن بە کۆدەنگی و یەکگرتوویی، کار لەسەر گۆڕینی ئەو یاسایانە بکەن کە بە هەر هۆیەکی ئایینی، یان سیاسی، جیاکاری و نادادپەروەریی ڕەگەزییان لێ کەوتووەتەوە و هەموو پێکەوە بڵێن: نا بۆ زاڵبوونی پیاوسالاری و باوکسالاری، نا بۆ هاوسەرگیریی پێشوەخت، نا بۆ فرەهاوسەرگیری، نا بۆ پیکهێنانی ژیانێکی زۆرەملێ و پڕ لە توندوتیژی، نا بۆ ڕێگریکردن لە ژنان بۆ سەفەرکردنیان بەتەنیا و بەبێ مەحرەم، نا بۆ گەورە بە بچووک و خەتەنەکردن و بازرگانیکردن بە جەستەی ژنان و، چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتیی باوی تر، کە هەمیشە ژنان قوربانی بوون و بە هۆی دابونەریت و تێڕوانینی نادادپەروەرانەی کۆمەڵگە بۆیان، باجی گەورەی نەهامەتییەکانیان داوە.

**واقعی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی:**

ئەگەرچی بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان لە کوردستاندا مێژوویەکی درێـژی هەیە و ژنـان خەباتی هەمەڕەنگ و جۆراوجۆریان کـردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام بێ گومان لە قۆناغی پێش دەوڵەت و پاش بوون بە دەوڵەتدا، چوارچێوە و قەوارەی سیاسی و میکانیزمی کار و گوشارەکان بۆ بەدستهێنانی دەستکەوتەکانیان گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت. ئەگەرچی ئێستایش زۆر کراوە و زۆریش بەدەست هاتووە، بەڵام زۆریش مـاوە، کە نەکراوە و لە ئاست تمووحی ژنان و خواستی گەشەکردنی کۆمەڵێکی شارستانی و پێشکەوتوودا نییە، لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەروەردەییدا. بۆیە بۆ کارکردن لەسەر بەهێزکردنی بنەماکانی بـەدەوڵـەتبوون لـە ڕووی بنەمای سیاسی، ئـابـووری، ڕۆشـنـبـیـری، کـۆمـەڵایـەتـی، پـەروەردەیـی و فکرییەوە، پێویستمان بە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە کۆی سیستەمی دەستووری، یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەییدا هەیە، بەدوور لە سیستەمی پشک و بەش. هەروەها پێویستمان بە بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانی و بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و چەسپاندنی کارکردن بە هەندێ بیروباوەڕی وەک، یەکترقبووڵکردن، لێبووردەیی، ڕای جیاواز، دیالۆگ و... هەیە و، ئەرکی هەمەلایەنەی هەمووانە، کە کاری جددیی بۆ بکەن.

**سەرچاوە:**

1. دور المرأة في بناء الأمة الديمقراطية، حسين شاويش.
2. دور المرأة في بناء الدولة والمجتمع،
نادیه کاظم شبيل.

# پێگەی ژنان
# لە کەناڵی بینراودا

هاتنەپێشەوەی ژنانی میدیاکار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و بینراو بەتایبەتی بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا، زەمینەی قسەکردن و وتوویژی زیاتری هێناوەتە ئاراوە لەبارەی نەڕەخساندنی دەرفەت و کەمیی ڕێژەی ژنان و نەبوونی باڵانسی جێندەری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، سەرەڕای بوون و ئیرادەی ژنانێکی بەرچاو لە نێوەندی ڕاگەیاندنەکاندا و بوونی بەربەست و ڕێگریی جۆراوجۆر لە ئاست ناوخۆیی و دەرەکییەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ڕاگەیاندنی بینراو بەجیا لە جۆرەکانی تری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە خۆی لە نوسراو و بیستراودا دەبینێتەوە، بە گرنگترین ئامرازەکانی کاریگەر دادەنرێت لەسەر جەماوەر کە ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی لەسەر تاک و کۆمەڵ هەیە.

### ئامارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان چیمان پێ دەڵێن؟

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ژنانی ڕۆژنامەنووس لە وڵاتی ئۆردن، ڕێژەی میدیاکاران لە ئەنجومەنی سەندیکا و سەنتەرەکاندا، 1% تێ ناپەڕێنێت (تەنیا دوو سەرنووسەری ڕۆژنامە و سەرنووسەرێکی گۆڤار و بەڕێوەبەرێکی بەرێوەبەرایەتی هەیە). بەپێی لێکۆڵینەوەکە، 70%ی ڕۆژنامەنووسانی ژنانی تۆمارکراو، لە ڕۆژنامە،

یان ئاژانسەکانەوەن و، ڕێژەکەی تر بەسەر فەرمانگەکانی هەواڵسازی لە دامەزراوە تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆییەکاندا دابەش دەبێت. لە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا، تەنیا ژنێک هەیە و، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە و لە کۆی 11 ئەندام، پۆستەکەی بەدەست هێنا؛ واتە بە ڕێژەی 9%ی کۆی گشتی.

لە ئامارەکانی ماڵپەڕێکدا هاتووە: لە کۆی 356 ڕیکلامی تەلەڤزیۆنیدا، 300 لەو ڕیکلامانە ئاماژەن بۆ توندوتیژیی دژ بە ژنان لەڕێی بڵاوکردنەوەی دەنگ و وێنەی جۆراوجۆری ژنانەوە، واتە بە ڕێژەی 84%؛ هۆکاری ئەوەشیان بۆ بەرپرسان گەڕاندۆتەوە؛ بەوەی وەک شتوومەک، کڕین و فرۆشتن بە ژنانەوە دەکەن، هەروەها ورووژاندنی ئەو کڕین و فرۆشتنەش بە ئاشکرا لە گۆرانی و ڤیدیۆ و کلیپەکاندا دەردەکەوێت، جگە لەوەی تەرکیز دەخەنە سەر فاکتەرەکانی سێکس. هەروەها 93%ی کەناڵە ئاسمانییەکان، ژنان بەکاردەهێنن و، لە 73% پێشکەشکردنەکانی، لە ڕێی دەرخستنی جوانی و جووڵەی ژنانەوە بایەخی پێ دەدەن و، 58% لە ڕێی بەزاندنی زمان و زیاتر لە نیوەیش لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کار لەسەر ورووژاندنی دەکەن.

دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەک، کە لە کۆتاییی ساڵی 2016دا دەربارەی (6) لە تەلەڤزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، ئەوەمان پێ دەڵێت: لە (21) ئەندامی بۆردی تەلەڤزیۆنەکاندا، تەنیا (4) لە ئەندامەکانیان ژنن. لە کۆی (42) بەڕێوەبەری بەش لە تەلەڤزیۆنەکاندا

(39) بەڕێوەبەری بەش پیاون و تەنیا (3) بەڕێوەبەری بەشی تەلەڤزیۆنەکان ژنن. بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنەکان ڕێژەی 100% پیاون، بەرامبەر ڕێژەی ژن کە بریتییە لە 0%. لە کۆی (6) تەلەڤزیۆندا، تەنیا یەک تەلەڤزیۆن جێگری بەڕێوەبەری هەیە. ژمارەی ئامادەکاری بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن کە بەگشتی بریتین لە 110 کەس، (66) لەوانە پیاون، بەرامبەر (44) ژنی ئامادەکار. لە کۆی گشتیی (1282) کارمەند لە تەلەڤزیۆنەکاندا، تەنیا (363) کارمەندی ژنیان هەیە و، لە کاتێکدا ژمارەی کارمەندانی پیاو دەکاتە (919)؛ واتە پیاوان، سێ ئەوەندەی ژنان لە ڕاگەیاندنی بینراودا بوونیان هەیە.

کۆی گشتیی پەیامنێری تەلەڤزیۆنەکان دەکاتە (156) پەیامنێر؛ تەنیا (18) پەیامنێریان ژنن و ئەوانی تر پیاون، کە دەکاتە (138). بەپێی دوا لێکۆڵینەوەی ساڵی 2016 سەبارەت بە (4) ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا، دەرکەوتووە کە هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە کەسایەتی و ڕێکخراو و دەستکەوتەکانی ژنان، ڕێژەی (0%) پێک دەهێنێ. ڕێژەی ژنان لە پۆستی بەرپرس و جێگری ماڵپەڕە کوردییەکان، بەگشتی بریتییە لە 0%، بەرامبەر 100%ی پیاوان.

### دەرەنجامی ئامارەکان چیمان پێ دەڵێت؟

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێداگیری و تیشک دەخەنە سەر کۆمەڵێک لەو بەها و کەلتوورانەی جەخت دەکەنەوە

لەسەر ڕەوایەتیدان بە بوونی جیاکاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی نێوان دوو ڕەگەزەکە؛ لەو ڕوانگەیەی لە مەسەلە ئاساییەکانە کە هیچ گفتوگۆیەک هەڵناگرێت. کە دواجار زۆربەی ئەوانە خۆی دەبینێتەوە لە چەسپاندن و بەرجەستەکردنی وێنەی خراپ تایبەت بە ژنان، وەک بوونەوەرێکی سێکسی کە بە ئەنانییەت و دڵەڕاوکێ و خراپ وەسف دەکرێت؛ جگە لەوەی، وەک ئامراز و هێمایەک لە ڕێکلامەکاندا بۆ سێکس بەکار دەهێنرێت. هەروەها زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لایەنگرن بۆ وێنە و ڕۆڵی باو بۆ ژنان و، هەوڵ دەدەن لە سێ وێنەی دووبارەدا گەمارۆی بدەن، لەوانە: دایکێکی بەخشندە، ژنە هاوسەرێکی کڕنۆشبەر و کچێکی گوێڕایەڵ.

ڕاگەیاندنەکان بەگشتی پشتیان بە سیاسەتێک بەستووە کە زیاتر بە لایەنگری دژ بە ژنان ناسراون، ئەوەش بەئاشکرا لە گفتوگۆ و ڕۆڵەکانیان، چ لە دراما تەلەڤزیۆنییەکان، یان لە بەرنامە هەمەڕەنگەکانی نێو شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە بێت، دەردەکەوێت؛ بە شێوەیەک کەلتووری چیرۆکە میللییەکان و دراما دۆبلاژکراوەکان و پەندەکانی پێشینان، لە دووبارەکردنەوەی وێنە باوەکانی پەیوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاوان و نێوانیان لەگەڵ منداڵەکانیان تەوزیف دەکەنەوە.

تا ئێستا کەناڵە ئاسمانییەکان، پشت بە کۆمەڵێک کەسایەتیی دیاریکراوی ناپسپۆر لە مەسەلەکانی ژنان و خێزان دەبەستن، کە دەرئەنجام دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە

و پەراوێزخستنی ئەو کەسانەی بەتوانا و جدیین لەبارەی دەربڕینی تێڕوانینێکی ڕەخنەییانە سەبارەت بە واقعی ژنان بۆ گۆڕینی بەرەو باشتر و دادپەروەری زیاتر.

**گرنگیی کەناڵی بینراو لە ژیانی مرۆڤدا:**

کەناڵی بینراو، یەکێکە لەو کەناڵانەی کە لە ڕێگەیەوە دانوستان لەگەڵ ژمارەیەکی گەورە و دیار و ناهاوسەنگ و جیاواز دەکات لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیری، فێربوون، خوێندن، تەمەن، ئایین، شوێن، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ڕەگەز، نەژاد و شوێنی جوگرافی، بەدەر لەو خەسڵەتانەی مرۆڤ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە هەڵگریەتی. هەروەها، کاریگەریی لەسەر ڕاددەی کاردانەوە و وەرگرتنەوە هەیە، بۆیە، بە بەهێزترین و کاریگەرترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا دادەنرێت؛ بە شێوەیەک کە زانیاری و شارەزایی بۆ بینەرانی دەگوازێتەوە لە ڕێگەی بینینی ڕاستەوخۆوە و پشت دەبەستێت بە وێنەی زیندووی مانابەخش کە گرێدراوی دەنگ و هەست و ناوەڕۆک و ئامانجی ڕووداو و بەڵگەکانە. هەروەها واقع بۆ بینەران دەگوێزێتەوە؛ بە شێوەیەک کە هیچ کەناڵێکی تری هاوشێوەی تەلەڤزیۆن ناتوانێت بەو شێوە زیندووە واقع بگەیەنێت. هەروەها تەلەڤزیۆن کار لەسەر تێکەڵبوون و یەکخستن و ئاوێتەبوونی کەلتووری ڕۆشنبیرییەکان دەکات لە نێوان خەڵکدا لەڕێی دەرخستنی داب و نەریتی میللەتە جیاوازەکانەوە لە بەردەم خەڵکدا لە هەر شوێنێک بن.

**ڕێگرییەکانی ژنان لە بواری ڕاگەیاندن:**

1. فاکتەری کۆمەڵایەتی: بەردەوامبوونی تێڕوانین بۆ ژنان بەپێی دیدێکی باو و تەقلیدی لای ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ چەمکی جێندەر، بەوەی بە بەراورد لەگەڵ پیاو، لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە بڕیاردا بێدەسەڵاتە؛هەروەها گوشارە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان ئاسەواری خراپی لەسەر توانای ژنانی میدیاکار دەبێت و، بە شێوەیەکی دیاریکراو سنوور بۆ بەرزبوونەوەی بۆ شوێنەکانی سەرکردایەتیبوونی، دادەنێت.

بەگشتی کۆمەڵگە بە شێوەیەک تەماشای پیشەی ڕۆژنامەگەری و کارکردن لە ڕاگەیاندن دەکات، بەوەی لەو پیشانەن کە ئازادیی ڕەهای دەوێت؛ ئەو جۆرە کارانەیش بە جۆرێکە کە بە کارێکی نەگونجاو و نەشیاو بۆ ژنان سەیر دەکرێت. وێڕای ئەوەی زۆربەی زانکۆکان لەم ساڵانەی دواییدا خوێندنی کچانیان لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکاندا پەسەند کرد و لە ئێستایشدا چەندین نەوەی دەرچووی بواری ڕاگەیاندن هەیە، بەڵام زۆربەیشیان پیشەی خۆیان مومارەسە ناکەن، لەبەر ئەوەی تا ئێستا عەقڵییەتی کۆمەڵگە لە مەسەلەی کارکردنی کچان لە بواری ڕاگەیاندندا قبووڵی کارکردنی ژنان لەو بوارەدا ناکات و، لە هەمان کاتدا عەقڵییەتی کۆمەڵگە بە دڵەڕاوکێوە سەیری مەیدانی ڕاگەیاندنەکان دەکات بۆ ژنان.

بە شێوەیەکی دیکە، سەختیی بارودۆخی ئابووری

پاڵنەرێکی تر بوو لە کۆمەڵدا، سەبارەت پەسەندکردنی بوونی ژنان لە جیهانی ڕاگەیاندندا، بە بەڵگەی ئەوەی لە دە ساڵی کۆتاییدا ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی ژنانی کارکردووی نێو دامەزراوە میدیاییەکان زیادی کرد، بەڵام ئەو بەرزبوونەوەیە هاوتەریب، یان یەک دەگرێتەوە لەگەڵ مەرجێکی پێشوەختی شاراوەدا کە بەگشتی لە لایەن داب و نەریت و عەقڵییەتی کۆمەڵگەوە پەسەند کراوە کە لە بواری ڕاگەیاندندا ڕێگە بە کارکردنی ژنان دەدات، بەوەی تەنیا وەزیفەیەکە و لە پاڵیدا مووچەیەک، یان دەستکەوتێکی ماددی وەردەگرێت، نەک پیشەیەکە و داخوازی و مەرج و توانای خۆی دەوێت. بۆیە کۆمەڵ ڕاستییەک ڕەت دەکاتەوە، بەوەی پیشەی ڕۆژنامەگەری و کاری ڕاگەیاندن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و، وا لە ژنان دەخوازێت کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەن و بە دەوامێکی زۆرەوە.

واتە ڕاگەیاندن وەزیفەیەک نییە کە تەنیا پەیوەست بێت بە کاتێکی دیاریکراوی فەرمییەوە، ئەوەندەی پیشەیەکی ڕۆژنامەگەرییە کە فەرزی وەزیفە و کارکردنێک دەکات کە کاتی دووردرێژ و زۆر دەخایەنێت بێ سنوور و بێ دیاریکردنی کات؛ هەروەها وا لە کارکردووان دەخوازێت کە پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی پەیوەندییەکان لە دەرەوەی نووسینگە و شوێنی کارکردندا، بەردەوامی و بوونی لە شوێنە گشتییەکاندا هەبێت.

تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردی، بەو کۆمەڵانە ناوزەد دەکرێت کە عەقڵیەتی پیاوسالاریی تێیدا زاڵە کە بە هۆی بوونی کەلتوورێکی باوەوە هەمیشە لە زۆربەی کارەکاندا ڕێگری لە ژنان دەکات و، لە کۆمەڵگەدا پەراوێزیان دەخات؛ بە شێوەیەک ڕەوایەتی بە دۆخەکە دەدات کە هەمیشە شکست، واتە سەرنەکەوتنی ژنان لە هەموو شتەکاندا بە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو دەزانێت، تەنیا ڕۆڵبینینی نەبێت لە چوارچێوەی ماڵدا، وەک بەخێوکەری منداڵ و مێرد و کاری ناوماڵ و وەچەخستنەوە.

هەروەها بە شێوەیەک تەماشای دەکات کە ئەو لایەنەیە هەمیشە پێویستیی بە پاراستن و پاڵپشتی هەیە لە پیاو، باوک، برا و مێرد کە سنووری چالاکی و بەشداربوونی لە کار و کایەکانی کۆمەڵگەدا سنووردار دەکات، چونکە ئەو کۆمەڵانەی کە پیاوسالارن؛ بە شێوەیەک سەیری مەسەلەی ژنان دەکەن، بەوەی بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆی پیاودایە، بەدەر لەوەی، واقع جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاسایش و پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگە بە گشتی بەرپرسیارێتیی دوولایەنەیە.

2. فاکتەری دامەزراوەیی: دامەزراوە میدیاییەکان بەدەر نین لە بوون و زاڵێتی ئەو عەقڵییەت و دەسەڵاتە پیاوسالارییەی کە باوە لە تەواوی کۆمەڵگەدا کە بەهەمان شێوە بۆتەوە بە هۆکاری ڕێگریکردن لە بەردەم گەشەکردنی دۆخی ژنان لە کۆی ڕۆژنامە و دامەزراوە میدیاییەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی، بەشی کارگێڕیی دامـەزراوە میدیاییەکان، پیاوان بەرپرسیارێتی دەکەن، ئەو ژینگە و واقعـەش دەبێتە هـۆی گـەڕانـەوەی ژنـان بۆ پیاوان سەبارەت کار و بڕیارەکان و پەراوێزخستنی ڕەگەزی ژنـان لە بەرژەوەندیی پیاواندا؛ ئەمەش لە پاڵ ئەوەی لە دەزگا و دامەزراوەکاندا پیاوان کەمتر پاڵپشتی ژنە هاوکارەکانیان دەکەن.

هاوکێشەکە لەوەدایە کاتێک هەوڵدان بۆ پۆست، یەکێک دەبێت لە خولیاکان و کێبڕکێی ژنـان لەناو یەکتری و، لەگەڵ پیاواندا دەبێتە واقعێکی کارکردن، ئیدی ئەو کات ئەو ساتەوەختە دێتە ئاراوە کە ململانێ و جەنگەکان دەست پێ دەکات. ئەو کات ئەوانە دەمێننەوە کە نەفەسدرێژ و پشوودرێژ و خۆڕاگر دەبن لە بـەردەم واقع و ئامانج و خولیاکاندا و لـە پێناویدا خـەبات دەکـەن. هـەروەها دامەزراوە میدیاییەکانیش خۆیان لە دامەزراندنی ژنان لە پۆستە میدیاییەکاندا بەدوور دەگرن، بەو پاساوەی کاری ڕۆژنامەگەری بەکردەوە لە کاتەکانی شەودا دەست پێ دەکات، یان پێویست دەبێت؛ ئەوەیشە وا لە ژنان دەکات مانەوەیان لە دامەزراوەکاندا تا ئەو کاتە درەنگانە قورس بێت.

ئـەو بـانـگـەشـەکـردنـانـە ئـەوە دەردەخـات کە گەشەکردنی تەکنەلۆژی لە ڕوانگەی پیاوانەوە وەک ڕێگرییەک نەماوەتەوە. ئەگەر لای دروستکەری بڕیاری

میدیایی، ئیرادە بە بەشداریکردنی ژنان و گەیشتنیان بۆ شوێنەکانی بڕیارسازی و سەرکردەی نێو ڕاگەیاندن هەبێت، دەشێت بەدواداچوون بۆ جۆرە سیاسەتێکی کارکردن بکرێت کە دەرەنجام یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان لە شوێنەکانی سەرکردایەتیدا. ئەوەی ئاشکرایە سیستەمی پەیوەندیی ئەلیکترۆنی، ڕێخۆشکەرە بۆ ژنان، یان دەرفەت دەڕەخسێنێ کە بەدواداچوون بۆ لاپەڕە و بەیەکگەیشتنەکان لەگەڵ بەشەکانی نووسین لەڕێی ئامێری کۆمپیوتەر لە ماڵەکەی خۆیاندا ئاسان بکات و، دەتوانن نووسین و شێوەی لاپەڕەکانیان بگۆڕن؛ هەروەها هەندێ ئەرک و کاری تر هەیە لە ڕێی تەلەڤزیۆنەوە، یان بەریدی ئەلیکترۆنییەوە بەڕێ بکەن. هەروەها فاکتەرێک هەیە پەیوەندیدارە بە بڕیاری دامەزراندنەوە لە پۆستەکانی ڕاگەیاندندا، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەژێر ڕکێفی بڕیارێکی سیاسیدایە، زیاتر لەوەی کارگێڕی بێت. بۆیەسەرەتا ژنان دوور دەخەنەوە، پاشان هەڵبژاردنەکە لە نێوان میدیاکارانی کوڕاندا دەمێنێتەوە.

3. خودی ڕۆژنامەنووسان: نابێت ئەوە ڕەت بکەینەوە کە بەشێکی زۆری ڕێگرییەکان دەکەوێتە ئەستۆ و بەرپرسیارێتیی ژنانی میدیاکار، چونکە خۆیان ڕەزامەند بوونە بەو ڕووپێوەی لە کۆمەڵگەوە بۆیان دانراوە و، هیچ خەبات و هەوڵێکیان نییە بۆ زیاتر و لە زۆربەی

کاتدا لە بەردەم بەربەرەکانێیەکاندا خۆڕاگر نین؛ بۆیە زۆربەیان پیشەکەیان گۆڕیوە بە وەزیفە، کە لە کات و ڕۆژی دیاریکراودا دەست پێ دەکات و بە تەواوبوونی کاتی دەوام، کۆتایی دێت. هەروەها بەشێک لە ژنانی ڕۆژنامەنووس و میدیایی، بایەخ نادەن بە گەشەکردنی توانا و پەیوەندییەکانیان و سروشتی ئەو کارکردنانەی ئەنجامیان دەدەن؛ ئەوەیش هەڵقووڵاوی تەماشاکردنیانە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی وەک وەزیفەیەک.

4. فاکتەرە سیاسییەکان: کەمیی بەشداریی ژنان لە هەندێک وەزیفەدا، لەوانە کاری ڕاگەیاندن بە نموونە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕاگەیاندنی وڵاتاندا کار دەکەن. بۆیە، ئەو وێناکردنەی ئەو دامەزراوانە دەیانەوێت لەسەر ژنان بیکەن، ئەو وێناکردنەیە کە لە ڕووی ڕێکپۆشی و ئەناقەتەوە بە چەمکی ڕۆژاوا پێشکەوتووخوازانەیە، کە زۆر جار لەگەڵ داب و نەریت و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگەدا یەکانگیر نابێتەوە.

5. ڕێگرییە ئابوورییەکان: ژنان لە دونیادا هەژارترینیانن؛ بە شێوەیەک 75%ی هەژارانی دونیا پێک دەهێنن کە ژمارەیان دەگاتە 3،1 ملیار، بە هۆی کەمیی دەرفەتی بەردەم ژنان و سەرقاڵبوونیان بە کارگەلێکەوە کە 75%ی کاتی دەبات، بێ ئەوەی هیچ کرێیەکی بدرێتێ.

**واقعی ڕاگەیاندنی کوردی:**

1. میدیای کوردی، میدیایەکی گشتی یان تایبەت نییە بە خەڵکەوە؛ یاخود بە واتایەکی تر، کۆمەڵی کوردی بەرهەمهێنەری نییە، ئەوەندەی کۆپیکراو، یان تەقلیدی میدیای وڵاتانی ترە.

2. کاری میدیا بە هەموو پۆستەکانییەوە، وەک کارێکی پیشەیی، نەبۆتە کەلتووری کارکردن و، بەبایەخەوە وەک بەشێکی ئەکادیمی کاری پێ نەکراوە، ئەوەندەی زۆربەی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن یان بەهۆی حەز و ئارەزووەوە، یاخود پاڵنەری ماددی و بەدەستهێنانی کار، بۆتە خەم و پاڵنەری کەسەکان، بۆ ئەوەی کار لە بواری ڕاگەیاندندا بکەن.

3. سەیرکردنی کۆمەڵگە بۆ ژن، لە دید و تێڕوانینێکەوەیە کە لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە ئەو بوارە بۆ ژنان بەشیاو دانانێن، هەروەها درێژی و زۆریی کاتی کارکردن لە بواری میدیادا و تێکەڵبوون و دەرکەوتنی کەسەکان چ لە نێوەندی خودی میدیاکانەوە بێت، یان لە نێوەندی کۆمەڵگەدا بێت، دەبنە جێی پرسیار بۆ ژنان؛ ئەمە وێڕای ئەوەی کەلتووری پەروەردەیی، تا ئێستا بە شێوەیەکە کە متمانە بە ژن ناکرێت و، بە هۆیەوە خودی ژنانیش کێشەی متمانەبوونیان بە خۆیان هەیە.

4. کارکردن لە میدیا، کارێکی تاقەتپڕووکێن و ماندووبوونە و شەو و ڕۆژی بۆ نییە. سەرقاڵبوونی

ژنان بە ئەرکی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و زۆر ئەرکی کۆمەڵایەتیی تر، وای کردووە گەر ئارەزووی کارکردنیشی هەبێت دەرفەتی بۆ کارکردنی میدیا تەسک بکاتەوە. بۆیە زۆر جار ئەوندە دەتوانن لە کارەکەیاندا بەردەوام بن کە کچن و هاوسەرگیرییان نەکردووە.

5. بەشێک لە ماڵپەڕە کوردییەکان، بە مەبەستی ڕاکێشانی خوێنەر و زیادکردنی فرۆشی بڵاوکراوەکانیان، بابەتی وروووژاندنی سێکسی بڵاو دەکەنەوە، یان بەدوای هەواڵی شەخسی و سێکسی یاخود وێنەی ڕووت و وروووژێنەرەکاندا دەکەون. بۆ ئەوەیش، زیاتر پەنایان بردۆتە بەر وەرگێڕانی هەواڵی بێسوود، یان بایەخدان بە هەواڵی کەسایەتییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

6. تەلەڤزیۆنەکان بەگشتی نەیانتوانیوە باڵانسی جێندەری لە نێوەندی بۆردی ڕاوێژکاریدا ڕابگرن، کە ئەوەیش دواجار کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ستراتیژ و پلان و بەرنامەی کارەکانی تەلەڤزیۆن و، تەنانەت لە ڕووی ناوەندی بڕیارسازییە هەیە. بەوەیش دۆخی ژنان لە نێوەندی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراودا، وەک خۆی ماوەتەوە و ژنانیش لە دۆخێکی چەقبەستووی کارکردندا دەسووڕێنەوە.

7. زۆربەی ماڵپەڕە کوردییەکان، بابەتی وروووژاندنی سێکسی بڵاو دەکەنەوە، ئەوەش بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و زۆرکردنی خوێنەر و زیادکردنی فرۆشتنی

بڵاوکراوەکانیانەوەیە یان زیاتر بەدوای هەواڵی شەخسی و سێکسی  یاخود وێنەی ڕووت و ورووژێنەرەکاندا دەگەڕێن، بۆ ئەمەش زیاتر پەنایان بردۆتە بەر وەرگێڕانی هەواڵی ئەو کەسایەتییانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردوستان ژیان بەسەر دەبەن.

**چارەسەر:**

چاکسازیکردن لە وێنای ژنان لە ڕاگەیاندندا کردارێکی فرەبوار و مەودایە. دیاردەیەکە کە ڕەگ و ڕیشەی لە بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکاندا هەڵقووڵاوە؛ بە شێوەیەک تەماشای ژنان دەکات کە خاوەن کیانێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی نین کە لەگەڵ پیاواندا هاوسەنگ بێت. هەروەک چۆن کێشەیەکی ڕۆشنبیرییە، دەرهاوێشتەی بارودۆخە ئابوورییەکەیە کە لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، لەوانە: بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری، نەبوونی هاوسەنگیی دەرفەتی کار، زیادبوونی گوشارەکان بە مەبەستی هێشتنەوەی ژنان کە لە چوارچێوەی فەزایەکی کۆمەڵایەتیدا گەمارۆ درابن.

بە شێوەیەکی ئاسان مەسەلەکە بە بوونی دامەزراوە میدیاییەکانەوە گرێ دراوە، بەوەی تەنیا درێژەپێدەری دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیری نین، بۆ ئەوەی هەمان ئەو کەلتوور و نەریتە کۆمەڵایەتییە ڕۆشنبیرییە بەرهەم بهێنێتەوە کە جارێکی دیکە دەبێتەوە هۆی

جووڵێنەری بوارەکانی کۆمەڵگە کە پێویستی بە گۆڕانکاریی جددی هەیە. هەروەها هەنگاونان ڕووەو ستراتیژییەکی میدیایی بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەهێزکردنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگە، لە چەند مەودایەکەوە خۆی دەبینێتەوە:

1. یارمەتیدانی ژنان بە وێناکردنەوەی ژنان لە میدیادا بە شێوەیەکی نوێ و بە دیدگایەکی بابەتییانە و هاوسەنگ لە ڕوانگەی بوارەکانی یاسایی و مرۆیییەوە؛ بە شێوەیەک وەک مرۆڤ  نیشان بدرێ کە خاوەن توانا و ئیرادەی خۆیەتی.

2. سوودوەرگرتن لە گەشەکردنی تەکنەلۆژی بۆ ڕەخساندنی دەرفەت لە بەردەم ژنان بۆ کارکردن لە ڕێی ماڵەوە؛ بە شێوەیەک وانەی زانستی و گفتوگۆی سیاسی هەن کە لە ڕێی تۆڕە ئەلکترۆنییەکانەوە بەڕێوە دەچێت.

3. گرنگیی پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێنماییەکاندا، کە پەیوەستە بە مافەکانی ژنان بۆ گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکاندا، بە مەبەستی گەیشتن بە ستراتیژێکی نیشتمانی کە ڕێخۆشکەر بێت بۆ یەکسانی و دەرفەتی وەکیەکی لە نێوان ڕەگەزەکاندا.

4. نەهێشتن و تێکشکانی ئەو وێنا باو و تەقلیدییەی بۆ ژنان نەخشێنراوە، یان بەرنامەڕێژی بۆ ئەنجام دراوە و نەوەکانی پێ پەروەردە کراوە لە لایەن ئەو کەسانەی بانگەشەی مافی مرۆڤ و ژنان دەکەن یان لە لایەن ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی هەڵگری دروشمی یەکسانین، بۆ

ئەوەی دەست بە بەرنامە و پلانێک بکرێت کە بە هۆیەوە لە داهاتوودا نەوەیەکی باوەڕبوو و دروست پەروەردە بکرێت کە بایەخ بە گرنگیی ڕۆڵی ژنان و بوونی شەراکەت بدات لە نێوان ڕەگەزەکاندا، هەر لە نێوەندی کاری دایەنگە و باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغ بە قۆناغی تەمەنی مرۆڤەکان.

**سەرچاوەکانی لێی سوودمەند بووم:**


1. دراسة بعنوان: العلاقة بين الإعلام المرئي والعولمة «إعداد، عبد المجيد نايف علاونة.
2. المرأة في الإعلام والإعلان- ماريو أنور.

# پێگە و ڕۆڵی ژنان
# لە ڕاگەیاندنی کوردیدا

پێناسەی ڕاگەیاندن: مەبەست لە ڕاگەیاندن، گەیاندنی هەر زانیارییەکە بۆ گشت مرۆڤەکان بە ئامرازی جیاواز؛ بەو واتایەی هەر زانیارییەک گەر لای کەسێک، یان لە شوێنێکدا بوونی هەبێت، لە ڕێی ئامرازێکی دیاریکراو دەیگوێزێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ ئەوی دی، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

دەشێت ئەو زانیارییانە ڕاست و سوودمەند، یان بەناوبانگ یاخود هیچ بەهایەکیان نەبێت. بەو شێوەیە لە ڕاگەیاندندا وەرگر و گەیەنەر هەیە و، دەشێت ئەو ئامرازەی کە گەیەنەر لە گەیاندنی زانیارییەکاندا بەکاری دەهێنێت بریتی بێت لە ئامرازی (تەلەڤزیۆن، ئێزگە، تۆمارگە و کۆمپیوتەر)، یان نووسراو، یان بیستراو بێت لە ڕێی (تەلەفۆن، ئاخاوتنی کەسێک بۆ کەسێکی تر) و، دەشێت ئامرازی وەرگرەکە لە زۆربەی کاتدا هەمان کەرەسە بێت.

### سەرهەڵدان و کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن:

بەگشتی جیهان بە شێوە و وێنەیەکی خێرا لە گۆڕانکاریدایە و هەڵقووڵاوی زانیارییەکانە. بۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هەر سێ جۆرەکەی (بینراو، نووسراو و وتراو)ەوە کاریگەری و ئاسەواری زۆریان لەسەر ژیانی خەڵک لەسەر ئاستی تاک و کۆدا هەیە؛ بە شێوەیەک کاریگەرییەکەی لە هەندێ کاتدا داب و

نەریت و کەلتووری باوی کۆمەڵ تێ دەپەڕێنێ و دەبێتە بەرهەمهێنەری داب و نەریتی ژیانی نوێ، بە ڕاددەیەک لە ئاستی جیهاندا بە «دەسەڵاتی چوارەم» ناو دەبرێت. ئەوەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە بەرچاو و دەرەنجامەیە کە بە هۆیەوە دەردەکەوێت و ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر ژیان و ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، ئامرازەکانی بەیەکگەیشتنی خەڵک لە شێوەی چیرۆک، داستان، ئاخاوتنی نووسراو و بیستراوەوە، دەگوێزرایەوە بۆ حاڵەتی چاوگێڕان و بە دەوری ئامێری میکرۆفۆن و ڕادیۆ و گوێگرتن بۆ ئەو شتەی دەیانویست بیگەیەنن. پاش ئەوەیش، داهێنانی تەلەڤزیۆن ساڵی 1927 هاتە کایەوە و، لەمڕۆدا، بووە بە ئامرازێکی سەرەکی بۆ خۆشی و ڕۆشنبیربوون؛ لە هەمان کاتدا، بووە جێگرەوەی ژمارەیەکی زۆری پەیوەندی و بەیەکگەیشتن، بە شێوەیەک تەلەڤزیۆن بە ئۆکسجینی ژیانی زۆرێک لە خەڵکی دادەنرێت. لەگەڵ بوونی تەلەڤزیۆن وەک شەریکێک لەگەڵ خەڵکدا لە ماڵ و شوێنی کارکردندا، پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی نێوان خەڵک گەڕایەوە. هەروەها گواستنەوەی زانیاری لە ڕێی داهێنانی «ئینترنێت و کۆمپیوتەر» زیاتر خێراییی لە گواستنەوەدا بەخۆوە بینی؛ بەڵام وێڕای هەموو ئەو کەناڵانە، تەلەڤزیۆن تا ئێستا بە ئامرازێکی میدیایی زاڵبوو لە پەیوەندی و بەیەکگەیشتندا دادەنرێت.

**واقعی ژنانی کورد لە ڕاگەیاندندا:**

بێ گومان بواری ڕاگەیاندن لە هەر کۆمەڵێکدا بەگشتی و، ڕاددەی بەشداریی ژنان لەو بوارەدا، هەروەها بوونی ئەو بەربەستانەی دەبنە هۆی لاوازی یان کەمیی بەشداریی ژنان لە راگەیاندندا بە شێوەیەکی تایبەتی، پەیوەستە بە ڕاددەی گەشەکردنی سەرجەم بوارەکانی تری کۆمەڵ وەک، بواری سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی، تەندروستی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە و لە هەمان کاتدا پەیوەندیدارە بە هەنگاو و دەستکەوتەکانی لە واقعی کوردستاندا بەدەستهاتوون لەو بوارانەدا و، بەپێی دۆخەکان جیاوازییان بەخۆوە دیوە. سستی و کەمیی ژنانی میدیاکار، ڕەنگدانەوەی دۆخی ژنانە لە هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بوارەکاندا؛ جگە لەوەی ئەو وێنە هەڵگەڕاوەی ژنان لە میدیادا، بە هۆی هەستیاری و کاتەکان و نێوەندی دۆخی کارکردنی میدیاکانەوە، ناخۆش و ئاڵۆزترە وەک لە بوارەکانی تر.

لە هەرێمی کوردستاندا، دەشێت ژمارەیەکی کەم سەرنووسەر هەبووبێت، هەروەها بە ڕێژەیەکی زۆر کەم سەرۆکی دەزگایەکی نووسراو، یان بینراو یاخود بیستراو هەبێت؛ وێڕای ژمارەیەکی زۆر و جیاواز و فرەبواری و زۆریی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و زۆریی ژنانی کارکردوو لەو بوارانەدا. لە لایەکی دیکەوە، دەرفەتی ڕۆژنامەنووس بۆ بەدەستهێنانی پۆستێک لەناو دامەزراوەیەکی ڕۆژنامەگەری، یان میدیاییدا، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی هاوڕێی کە لە ڕەگەزی نێرە، زۆر کەمە. ئەوەیش فرەهۆکارە؛

لەبەر ئـەوەی کۆمەڵی کـوردی، نەگەیشتۆتە باوەڕبوون بە گۆڕینی ڕۆڵەکان و دابەشبوونی ئەرکەکان لە نێوان ژنـان و پیاوان لەناو خێزانەکاندا. بۆیە ژنانی میدیاکار، هەست دەکەن کارکردنیان هەمیشە دەبێتە بەربەستێک لە بەردەم بەرپرسیاریێتیی ماڵدا. بەم شێوەیە، کۆکردنەوەی لە نێوان پۆستی لە کارکردندا و بەرپرسیاریێتییەکانی ماڵدا، لە دەرەوەی توانا و هێزەکانیەتی و ڕێگریی لێ دەکات. دەرەنجام، لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانیدا بەناچاری خێزانەکەی هەڵدەبژێرێت؛ لەبەر ئەوەی گەر پێچەوانەکەی هەڵبژارد، هاوکاریی پێویست بـەدی ناکات، چ لە لایەن خێزانەکەیەوە بێت، یان لە لایەن کۆمەڵ یاخود سیستەمی حوکمڕانییەوە بێت، لە ڕێی دابینکردنی ئەڵتەرناتیڤ بۆ منداڵەکانی، وەک: دایەنگەی ئارام و دڵنیا و ئاسانکارییەکانی تر.

**هۆکارەکانی کەمیی بەشداریی ژنان لە ڕاگەیاندندا:**

1. فـاکتـەری کـۆمـەڵایـەتـی: بـەردەوامـبـوونـی دیـد و بۆچوونەکان سەبارەت ژنان بەپێی دیدێکی باو و تەقلیدی لە لایەن ژمارەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ بۆ چەمکی جێندەر و، بەوەی ژنان بە بێدەسەڵات دەزانن، بە بەراورد لەگەڵ پیاو لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتی لە بڕیاردا. گوشارە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان، ئاسەواری خراپیان لەسەر توانای ژنانی میدیاکار دەبێت و، بەشێوەیەکی دیاریکراو سـنـوور بـۆ بـەرزبـوونـەوەی دادەنـێـت بـۆ شوێنەکانی سەرکردایەتیبوون؛ بەڵام ئەوە ڕێگر نابێت بۆ پشتبەستن

بە گرتنەبەری ئامرازی گونجاو، بەمەبەستی بەهێزکردنی بەشداریی ژنان و بەرزبوونەوەی بۆ شوێنی بڕیاردان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا.

بەگشتی، کۆمەڵ بە شێوەیەک تەماشای پیشەی ڕۆژنامەگەری و کارکردن لە ڕاگەیاندندا دەکات، بەوەی لە پیشە ئازادەکانە. ئەو جۆرە کارانەیش بە جۆرێکە کە بە کارێکی نەگونجاو بۆ ژنان سەیر دەکرێت، یان بە کاری شیاو دانانرێت بۆیان. وێڕای ئەوەی زۆربەی زانکۆکان لەم ساڵانەی دواییدا خوێندنی کچانیان لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکاندا کردەوە و، لە ئێستایشدا چەندین نەوەی دەرچووی بواری ڕاگەیاندن هەیە، بەڵام زۆربەیشیان پیشەی خۆیان مومارەسە ناکەن؛ لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئەقڵییەتی کۆمەڵ لە مەسەلەی کارکردنی کچان لە بواری ڕاگەیاندندا قبووڵی کارکردنی ژنان لەو بوارەدا ناکات و، لە هەمان کاتدا کۆمەڵ لە دڵەڕاوکێدایە بۆ چوونەمەیدانی ڕاگەیاندن بۆ ژنان.

بە شێوەیەکی دیکە، دەتوانرێت بگوترێت بارودۆخی ئابووری، پاڵنەری کۆمەڵ بوو بۆ ڕاهێنانیان لەسەر هەبوونی ژنان لە دونیای ڕاگەیاندندا؛ بە بەڵگەی ئەوەی لە دە ساڵی کۆتاییدا ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی ژنانی کارکردووی نێو دامەزراوە میدیاییەکان زیادی کرد، بەڵام ئەو بەرزبوونەوەیە، لەگەڵ مەرجێکی پێشوەختی شاراوەدا، کە بەگشتی لە لایەن داب و نەریت و ئەقڵییەتی کۆمەڵەوە پەسەند کراوە، هاوتەریبە، یان یەک دەگرێتەوە. ئەو مەرجەی هەڵقوڵاوی ئەو دیدەیە کە وەک وەزیفەیەک سەیری ئەو بوارە دەکات،

بۆیە ڕێگە بە کارکردنی ژنان دەدات لە بواری ڕاگەیاندندا کە بەهۆیەوە دەتوانێت مووچەیەک یان دەستکەوتێکی ماددی لێ وەربگرێت، نەک وەک پیشەیەکی گرنگ سەیری بکات کە پێویستی بە داخوازی و مەرج و توانای خۆی دەبێت. ئەوەش کەلتوورێکی لە کۆمەڵدا هێناوەتە ئاراوە کە ئەو ڕاستییە ڕەت بکاتەوە بەوەی پیشەی ڕۆژنامەگەری و کاری ڕاگەیاندن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و، وا لە ژنان دەخوازێت کە کات و دەوامێکی زۆری بۆ تەرخان بکەن .

به واتایەکی دیکە، ڕاگەیاندن وەزیفەیەک نییە کە تەنیا بە کاتێکی دیاریکراوی فەرمییەوە پەیوەست بێت، ئەوەندەی پیشەیەکی ڕۆژنامەگەرییە کە فەرزی وەزیفە و کارکردنێک دەکات کە کاتی دوورودرێژ و زۆر دەخایەنێت، بێ سنوور و بێ دیاریکردنی کات. هەروەها وا لە کارکردووان دەخوازێت کە پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی پەیوەندییەکان لە دەرەوەی نووسینگە و شوێنی کارکردندا، بەردەوامی و بوونی لە شوێنە گشتییەکاندا هەبێت. تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردی، بە کۆمەڵگە پیاوسالارییەکان ناوزەد دەکرێت، کە  بە هۆی بوونی کەلتوورێکی باوەوە هەمیشە لە زۆربەی کارەکاندا ڕێگری لە ژنان دەکات و، لە کۆمەڵدا پەراوێزیان دەخات؛ بە شێوەیەک بەهای مرۆڤبوونیان لەق دەکات و، بە شێوەیەک ڕەوایەتی بە دۆخەکە دەدات کە هەمیشە سەرنەکەوتنی ژنان لە هەموو شتەکاندا بە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو دەزانێت، تەنیا ڕۆڵبینینی نەبێت لە چوارچێوەی ماڵدا، وەک بەخێوکەری منداڵ و مێرد و کاری ناوماڵ و وەچەخستنەوە.

هەروەها بە شێوەیەک تەماشای دەکات، بەوەی ئەو لایەنەیە کە هەمیشە پێویستیی بە پاراستن و پاڵپشتی هەیە لە پیاو، باوک، برا و مێرد کە سنووری چالاکی و بەشداربوونی لە کار و کایەکانی کۆمەڵدا سنووردار دەکات؛ چونکە کۆمەڵگە پیاوسالارییەکان بە شێوەیەک سەیری مەسەلەی ژنان دەکەن، بەوەی بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆی پیاودایە، بەدەر لەوەی واقع جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاسایش و پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵ بەگشتی، بەرپرسیارێتیی دوولایەنەیە.

2. فاکتەری دامەزراوەیی: ناکرێت چاوپۆشی لە زاڵیتیی ئەقڵییەت و دەسەڵاتی پیاوسالاری بکرێت، بەدەر لە دامەزراوە میدیاییەکان و، ئەوەی ڕێگری لە گەشەکردنی دۆخی ژنان لە ڕۆژنامە و دامەزراوە میدیاییەکاندا دەکات. بەشی کارگێڕیی دامەزراوە میدیاییەکان بەگشتی بە دەست پیاوانەوەن، کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ژنان بۆ پیاوان و لابردنی ڕەگەزی ژنان لە بەرژەوەندیی پیاواندا؛ ئەمە لە پاڵ ئەوەی پیاو لە دەزگا و دامەزراوەکەیدا پاڵپشت نییە بۆ هاوکارەکەی، کە ژنە.

هاوکێشەکە ئاسانە، ئەویش ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی بە هۆی هۆکارگەلێکەوە ژنی ڕۆژنامەنووس یان میدیایی، ئاوڕ لەوە ناداتەوە لەناو دامەزراوە میدیاییەکاندا پۆست وەربگرێت و، هەموو توانایەکی لە کارەکەی و چۆنێتیی سەرکەوتنی لە ڕووی پیشەییەوە کۆ دەکاتەوە؛ بۆیە کەس نییە بەریەککەوتنی لەگەڵدا دروست بکات. بەڵام لە ساتە

وەختێکدا کە داواکردنی پۆست، یەکێک دەبێت لە خولیاکان و، کێبڕکێی ژنان لەناو یەکتری و لەگەڵ پیاواندا دەبێتە واقعێکی کارکردن، ئیدی ئەو کات ئەو ساتەوەختە دێتە ئاراوە کە ململانێ و جەنگەکان دەست پێ دەکەن. ئەوکات کەس خۆی ناگرێت، تەنیا ئەوانە نەبن کە لە بەردەم واقع و ئامانج و خولیاکاندا پشوودرێژ و خۆڕاگر دەبن و، لە پێناویدا خەبات دەکەن.

هەروەها دامەزراوە میدیاییەکانیش خۆیان لە دامەزراندنی ژنان لە پۆستە میدیاییەکاندا بەدوور دەگرن، بەو پاساوەی کە کاری ڕۆژنامەگەری، بەکردەوە لە کاتەکانی شەودا دەست پێ دەکات، یان پێویست دەبێت؛ ئەوەیش وا لە ژنان دەکات مانەوەیان لە دامەزراوەکاندا تا ئەو کاتە درەنگانە قورس بێت. ئەو بانگەشەکردنانە ئەوە دەردەخات کە گەشەکردنی تەکنەلۆژی لە ڕوانگەی پیاوانەوە، وەک ڕێگرییەک نەماوەتەوە، گەر لای دروستکەری بڕیاری میدیایی، ئیرادەی بەشدارییپێکردنی ژنان و، گەیشتنیان بە شوێنەکانی بڕیارسازی و سەرکردەی نێو ڕاگەیاندن، بوونی هەبێت. دەشێت بەدواداچوون بۆ سیاسەتێکی کارکردن بکرێت، کە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان بە شوێنەکانی سەرکردایەتی و بڕیارسازی، یارمەتیدەر بێت.

ئەوەی ئاشکرایە، سیستەمی پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان ڕێخۆشکەرن بۆ ژنان، یان بە واتایەکی تر دەرفەتی جیاوازتر بۆ ژنان دەڕەخسێنێ کە بەدواداچوون و

پەیوەندییەکانی بۆ ئاسانتر بکات، ئـەوەش لـە ڕێی ئامێرەکانی وەک کۆمپیوتەر کە لە ڕێیماڵەکەی خۆیەوە دەتوانێت کارەکانی بـەڕێ بکات؛ هەروەها بەڕێکردنی هەندێ ئەرک و کاری تر لە ڕێی تەلەفزیۆن یان پۆستە ئەلکترۆنییەکانەوە. هەروەها فاکتەرێک هەیە پەیوەندیدارە بە بڕیاری دامەزراندنەوە لە پۆستەکانی ڕاگەیاندندا، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەژێر ڕکێفی بڕیارێکی سیاسیدایە زیاتر لـەوەی کارگێڕی بێت. بۆیە سەرەتا ژنان دوور دەخەنەوە، پاشان هەڵبژاردەکە لە نێوان میدیاکاران و ڕۆژنامەنووسانی کوڕاندا دەمێنیتەوە.

بۆیە ئـەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ژنانێکی کەم لە پۆستی باڵای میدیاییدا هەن، کە ئەمەیش پەیوەستە بە بریارێکی سیاسیی ڕووتەوە. تەنانەت ئەو کاتەی وەزیر، یان بەرپرسێکی حکوومی، بڕیاری دامەزراندنی ڕاوێژکارێکی میدیایی دەدات، لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەم پێ دا، ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەی هەڵی دەبژێرێت، دامەزراندنی پیاوە، نەک ژن.

3. خودی ڕۆژنامەنووسان: نابێت ئەوە ڕەت بکەینەوە کە بەشێکی زۆری ڕێگرییەکان دەکەوێتە ئەستۆ و بەرپرسیارێتیی ژنانی ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران خۆیان، چونکە خۆی ڕەزامەند بووە بەو ڕووپێوەی لە کۆمەڵەوە بۆی دانراوە و، هیچ کۆشش و هەوڵێکی زیاتر نادات و، لە زۆربەی کاتدا لە بەردەم بەربەرەکانییەکاندا خۆڕاگر

نییە. بۆیە، زۆربەیان پیشەکەیان گۆڕیوە بە وەزیفە؛ لە کات و ڕۆژی دیاریکراودا دەست پێ دەکات و بە تەواوبوونی کاتی دەوام، کۆتایی دێت. هەروەها بەشێک لە ژنانی ڕۆژنامەنووس و میدیایی، بایەخ بە گەشەکردنی توانا و پەیوەندییەکانیان و، سروشتی کارکردنەکانیان نادەن؛ ئەوەیش هەڵقووڵاوی تەماشاکردنیانە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی، وەک وەزیفەیەک.

4. فاکتەرە سیاسییەکان: کەمیی بەشداریی ژنان لە هەندێک وەزیفەدا، لەوانە کاری ڕاگەیاندن بە نموونە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕاگەیاندنی وڵاتاندا کار دەکەن؛ بۆیە ئەو وێناکردنەی ئەو دامەزراوانە دەیانەوێت بۆ ژنان بیکەن، ئەو وێناکردنەیە کە لە ڕووی ڕێکپۆشی و ڕێکوپێکییەوە پێشکەوتووخوازانەیە بە چەمکی ڕۆژاوا، کە زۆر جار لەگەڵ داب و نەریت و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگەدا یەکانگیر نابێتەوە.

5. ڕێگرییە ئابوورییەکان: بەگشتی لە جیهاندا ژنان بە هەژارترین توێژی کۆمەڵ دادەنرێن؛ بە شێوەیەک کە 75%ی هەژارانی دونیا کە ژمارەیان دەگاتە 3،1 ملیار، ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە بە هۆی کەمیی دەرفەتی کارکردن لە بەردەمیاندا، سەرقاڵن بە کۆمەڵە کارێکەوە کە 75%ی کاتیان بەسەر دەچێت، بەڵام بێ ئەوەی هیچ کرێیەکیان بدرێتێ.

**ژنان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:**

بەگشتی واقعی کارکردنی ڕاگەیاندنەکان، بە هۆی بوونی چەندین بۆشاییەوە، بۆ ژنان جیاوازترن، لەوانە: لەگەڵ بوونی ئەو واقعەی بە هۆی کەلتووری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە لە بەرگی ژنان کراوە و، وای کردووە سەرباری هەموو ئەوانە، میدیا بە چاوی ئەقڵییەتی باوی کۆمەڵگەوە وێنای ژن بگوێزێتەوە، بێ سەیرکردنی ئەوەی دۆخ و پێداویستییەکانی ژنان فرەبوار و جیاوازن؛ بۆیە بەگشتی ئەوەی لە واقعی میدیای بینراودا بەدی دەکرێت، بایەخدانیانە بە بابەتە سیاسییەکانی لە کۆمەڵدا روو دەدات، پێش گرنگیدان و باسکردن بە بڵاوکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کە پەیوەندیدارن بە ژنانەوە. هەروەها گرنگیدانیانە بەو بابەتانەی تایبەتن بە دۆخی کەسێتییەوە، لە پێش بابەتە گشتییەکانی ژنان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کار و ڕۆشنبیرییەوە، جگە لەوەی لە زوربەی راگەیاندنەکاندا، تیشکخستنە سەر ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە جەستەی ژنان و مێیینەبوونییانەوە پلەیەکی لەپێشترە و، لە کاتێکدا بابەتی تەندروستی لەپلەیەکی دواتردا باسی لێوە دەکەن.

هەروەها بەپێی هەندێ ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە، دەرکەوتووە کە زوربەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێویستییەکانی ژنان پڕ ناکاتەوە و، یارمەتیدەر نییە لە خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەریدا، جگە لەوەی کەمترین بابەتی تایبەتمەند بە ژنان بڵاو دەکەنەوە لە ڕووی بابەتیبوونەوە و بە شێوەیەک

چارەسـەری مەسەلەی ژنـان لەڕێی هەواڵێکەوە دەخەنە ڕوو. ئەمە وێڕای ئەوەی زۆربەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، گیرۆدەی نەبوونی ستراتیژییەکی ڕوونن لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ مەسەلەکانی ژناندا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، کە لە هەشت وڵاتی عەرەبیدا، تایبەت بە بابەتەکانی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو، ئەنجام دراوە، هەروەها وەک لە ساڵی 1996دا کە لە لایەن پەیمانگەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە تونس، لە کتێبی ژنانی عەرەبی، دۆخی یاسایی و کۆمەڵایەتیدا باس کراوە، کە «بەدەر لە زۆریی ڕێژەی بەشداریی ژنانی لوبنانی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراودا، بـەڵام ئـەو بەشداربوونە لە ڕووی جۆرییەوە، نەبۆتە هۆی بازدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا.

هــەروەهــا لـێـکـۆڵـیـنـەوەکـە ئـــەوەی دەرخـســت کە «بەرنامەی تەلەڤزیۆن و ڕادیـۆ، تەنیا تەرکیز لەسەر لایەنێکی ژنـان دەکـات، ئەویش تەماشاکردنی ژنـە لە دیدی هاوسەر، دایک و ژنبوونییەوە؛ کە بایەخ بە مۆدە و جلوبەرگ و جوانیی جەستە و چۆنێتیی بەخێوکردنی منداڵ و مامەڵەکردن لەگەڵ مێرددا دەدات. بێ گومان ئەو تێڕوانینەیش تێگەیشتنێکی باو لای ژنان دەخولقێنێت، کە هەموو ڕۆڵی تەنها لە دایک و هاوسەردا چڕ دەکاتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەکە کەم بایەخیی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو دەخاتە ڕوو بە خەم و کێشەکانی ژنانی

گوندنشین، کە بە هۆی نەخوێندەوارییانەوە ناتوانن سوود لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەربگرن؛ جگە لە دەرنەخستنی ڕۆڵی ژنان لە بوار و ژیانی گشتی، سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەکاندا.

هەروەها لە دەرەنجامدا لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخات کە وێنای ژنانی عەرەبی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تا ئێستا شێوێندراوە و، لەژێر ڕکێفی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی دواکەوتوودایە؛ بە شێوەیەک ڕێز لە مرۆڤبوون و ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکی لە کۆمەڵگەدا ناگرێ. بۆیە پێویستە بڕیاری بەرپرسانە و هۆشمەندانە بدرێت بۆ چاککردنەوەی وێنای ڕاگەیاندن بۆ ژنان و پێشخستنی هۆشیاریی کۆمەڵگەیی و چۆنێتیی ئەدای پیشەیی بۆ ژنانی کارکردوو لە بواری ڕاگەیاندندا؛ بەدەر لە بایەخدان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ زانین و ناسینی پێداویستییەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن بۆ ژنانی عەرەبی لە شار و گوندەکاندا.

پرسیار ئەوەیە: چی بکرێت؟ کار چییە؟ چۆن دەتوانین وێنەی ژنانی کورد لە ڕاگەیاندندا، بگۆڕین؟ هەروەها خوڵقاندنی هۆشیارییەکی ڕاستەقینە بە مەسەلەکانی ژنان و کێشەکانیان و، ئەو بەرهەڵستییانەی لە سەردەمی جیهانگیریدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟ چۆن دەتوانین بگەین بە دارشتنی سیاسەتێکی میدیایی هاوسەنگ و ڕاست لە بەرامبەر مەسەلەکانی ژنان و ئیشکالییەتەکانی سیاسەتێکی میدیایی کە بتوانێت بەرپرسیارێتیی ژنان لەبەرچاو بگرێ،

که ژنان لەناو ماڵ و دەرەوەیدا پێوەی خەریک دەبن و، هەروەها دەستکەوتە ڕاستەقینەکانی ژنان بە هەند وەربگرێ کە ژنان لە بوارەکانی خوێندن و بەروبووم و داهێنانی تەکنیکی و ڕۆشنبیری و زانستیدا بەدەستیان هێناوە؟

لە هەمان کاتدا ڕێگرییە ڕاستەقینەکان دەربخات، وەک بۆماوەی نەریتە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان و نەخوێندەواری و هەژاری و بێکاری. هەروەها تێڕوانینەکانی ژنان بەهەند وەربگرێ لە گشت مەسەلە کۆمەڵگەییەکاندا کە دەبێتە جێی بایەخی میدیا لە سەرجەم بوارەکانی سیاسەت، ئابووری، هونەر، ئەدەب، ڕۆشنبیری و داهێناندا.

میدیای ئەڵتەرناتیڤ کە باسی لێوە دەکرێت، ئەو میدیایەیە کە خۆی لە لایەنی فێرکردن و پەروەردەییدا دەبینێتەوە و بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە. لە هەمان کاتدا بە ئامانجی گۆڕینی تێڕوانینە تەقلیدییە باوەکان کار دەکات سەبارەت مەسەلەکانی ژنان. هەروەها تێڕوانینی ڕەخنەگرانە دەخاتە ڕوو، کە لە بەردەم میدیای بازرگانیدا خوڕاگرانە بێت و، لە کاتی چەواشەبوونی جەماوەردا، ڕاستییەکان دەربخات بە ڕۆڵ و دۆخی ژنان.

**لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا زۆر گرنگیی دێنە ئاراوە لەوانە:**

١- گرنگیی هۆشیاری بە دانانی ستراتیژیی نەتەوەیی بۆ ڕاگەیاندن تایبەت بە ژنان و خێزانی کوردی، کە لە بەرامبەر مەسەلەی ژنان، ئەولەوییەت و سیاسەت و

بەرنامەی جێبەجیکردنەکان لە بواری ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نووسراودا دیاری دەکات، بە ئامانجی لابردنی سەرجەم ڕێگرییەکان، بە سوودوەرگرتن لە زانیاری و گەشەکردنە زانستی و تەکنەلۆژییەکان لە بوارەکانی گەیاندندا، لە پێناو بەهێزکردنی سیستەم و بەها باشەکانی دەتوانێ ڕۆڵیان هەبێت لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی خێزاندا، بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەڵستییە ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی لە سەردەمی جیهانگیرییەوە دەردەچێت.

٢- گرنگیی هاوئاهەنگی لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و نووسراو و بیستراودا لە لایەک و، سەنتەرەکانی توێژینەوە و زانکۆکان و گشت دەستە فەرمی و ئەهلییە پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەکانی ژنان و خێزانەوە لە لایەکی ترەوە، بە مەبەستی هاوکاری و یارمەتیدان لە گەشەکردنی بەرنامە درامییەکان و دانانی ڕێنمایی لە ڕووی ئاکارییەوە بۆ ئەو ڕێکلامانەی بەها خێزانییەکان لەخۆ دەگرێت.

٣- گرنگیی پەیوەستبوونی سەرکردە میدیاییەکان بە پاراستنی وەزیفە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ ڕاگەیاندن و، ڕۆڵە زیندووەکەی لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕاست لەسەر واقعی کۆمەڵگەیی، بە هەموو ئەوانەی نەریتە ڕۆشنبیرییەکان لەخۆ دەگرێت، جگە لە بەرەنگاربوونەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئاوات و تامەزرۆییە مرۆییە دادپەروەرییەکان.

٤- گرنگیی بایەخدان بە ئامادەکردنی بەرنامەی ڕاهێنان و بابەتە ڕۆشنبیرییەکان بۆ ڕاگەیاندنکارەکان، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئەدای ڕاگەیاندن لە بواری ژنان و خێزاندا.

**سەرچاوە:**


1. المرأة في الإعلام والإعلان- ماريو أنور، 2005.

2. صورة المراءة في برنامج الفضائيات العربيةو دراسة تحليلية للاعلانات الخصة بالمراءة علي شاشة قناة LBC الفضائية لعام 2009, د. سعد سامان عبدالله.

# ژن و ناوەندی بڕیار
# ڕاستی و ئامارەکان

بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسی و ناوەندی بڕیاردا، دیاردەیەکی جیهانییە و، لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهاندا، ئەگەرچی لە ئاستێکی دەستەبژێردا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام گفتوگۆ و خەباتی زۆری بۆ دەکرێت و هەنگاوەکانی بەشداریکردن و کاریگەرییان بەپێی کۆمەڵەکان گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت؛ ویڕای ئەوەی بەشداریی سیاسیی ژنان گەر لەسەر بنەمای هزری و کردەیی بێت، لە پرۆسەی سیاسیی هەر وڵاتێکدا گرنگیی خۆی هەیە.

**گرنگیی بەشداریی ژنان لە پرۆسەی بڕیاردا:**

بەشداریی ژنان لە پرۆسەی بڕیاردا لە سەرجەم ناوەندەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و... کاریگەریی هەیە و هۆکارێکە بۆ بەهێزکردنی ناوەندەکان و بڕیاروەرگرتن لەسەر ڕووداوەکان، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ هاوخەباتی و ژیانێکی خۆش و خۆشگوزەران، بەدەر لەوەی دەبێتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتن و شارستانییەتی تاک و کۆمەڵ لە گشت ڕوویەکەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی خودی بەشداربوونەکە پرۆسەیەکی دیموکراتییە و یەکێکە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ، کە دەرەنجام بەشداربوونی لە پرۆسەکەدا ئاڕاستەی ڕەوڕەوەی بڕیار و بابەتەکان بە ئاقارێکی باشتر و بەبەرهەمتر و سوودمەندتردا دەبات.

**دۆخی ژنانی باشووری کوردستان لە نێوەندی بڕیاردا:**

بۆ زانینی دۆخی ژنان لە نێوەندی بڕیاردا، گوزەرێک بەنێو واقعی دەزگەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە بەداخەوە دەرەنجامەکان دەریان خستووە تا ئێستا بوونی بەشداریی ژنان لە ئاستێکی کەم و لاوازدایە و، لە هەمان کاتدا لە ئەجێندا و ستراتیژ و پلانی کردەییی هەر یەک لە ناوەندە تەشریعی و تەنفیزی و تەنانەت حزبە سیاسییەکاندا، نەبووەتە جێی بایەخی جددی و هەنگاوی بەرچاو؛ ئەوەیش گرێدراوی کۆمەڵێک هۆکاری جیاجیایە.

1. **پەرلەمانی کوردستان:**

ساڵی 1992 هەرێمی کوردستان، کە بەناوی هەرێمی کوردستانی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ ناسێنرا، تا ئێستا خاوەن دەستوور نییە، یەکەم هەڵبژاردنی بۆ پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجام دا. لە شوباتی 2009، یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان هەموار کرایەوە و کەمترین ڕێژەی یاسایی پەرلەمانتارانی ژنان تیایدا، بریتی بوو لە 25% بۆ 30% بەرز کرایەوە؛ بە واتایەک کە لەو ڕێژەیە کەمتر نەبێت. لە کاتێکدا لە واقعی بەڕێوەچوونی کۆی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە سەرجەم پۆستەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستاندا، ڕێژەی ژنان بریتی بووە لە 0% بەرامبەر ڕێژەی پیاوان کە بریتی بووە لە 100%.

**2. حکوومەتی هەرێمی کوردستان:**

لە سەرجەم پێکهاتەی کابینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی ژنان لە سەرجەم سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیراندا (سەرۆک و جێگری حکوومەت)، بریتی بووە لە 0% بەرامبەر بە ڕێژەی 100% بۆ پیاوان، لە کاتێکدا لە سەرجەم پێکهێنانی وەزارەتەکانیشدا لە کۆی سەرجەم وەزارەتەکان، هەمیشە (1-2) کابینەی حکوومەت لە لایەن ژنانەوە بەڕێوە چووە؛ بەو واتایەی لەناو حکوومەتدا «کۆتا»، بوونی نییە.

لە حکوومەتە خۆجێیییەکاندا، بە نموونە ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە لایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بە بڕیاری ژمارە ٧١ لە ٦ی نیسانی ٢٠٠٤ یاساکە دەرچوو و، یەکەم هەڵبژاردنی لە ٢٠٠٥\١\٣٠ بەڕێوە چوو و، بەپێی ئەو یاسایە «نابێت ڕێژەی ژنان لە ٢٥% کەمتر بێت». بە درێژاییی مێژووی هەرێمی کوردستان، هیچ پارێزگارێک ژن نەبووە، لە هەمان کاتدا تا ئەمڕۆ تەنیا چوار ژن توانیویانە بگەنە پلەی قائمقام.

لە دەرەنجامی دوا توێژینەوەکانی کە لەنێو ٢٠٠ ژنانی فەرمانبەری دامودەزگەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر ئەنجام درا، ڕێژەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان دەری دەخات پیاوانی بەڕێوەبەر زۆرترین ڕێژەی پۆستەکان پێک دەهێنن کە بریتییە لە ڕێژەی ٧٥%ی فەرمانگەکانی پارێزگای سلێمانی و ٨٧% لە پارێزگای هەولێر.

لە کاتێکدا ئامارەکانی زۆرێک لە فەرمانگەکان، بەتایبەت بواری تەندروستی و پـەروەردە، ئەوە دەخەنە ڕوو کە ڕێژەی فەرمانبەرانی ژنان، زیاترن لە پیاوان، بەڵام بوونی ئەو ڕێژەیە لە پۆستەکانی خوارەوەی فەرمانگەکاندا بەدی دەکرێت و، تا پۆستەکان بەرز بێتەوە، ڕێژەی ژنان کەمتر دەکات.

**هۆکارەکان ڕێگرن بۆ  بەشداریی ژنان لە  پرۆسەی بڕیاردا:**

1. **کەلتوور و دابونەریت:**

دابونەریتی کۆمەڵی کوردی بەگشتی، تێکەڵەیەکە لە کەلتوورێکی ئایینی، خێڵەکی و فەلسەفەیەکی پەروەردەیی، کە ئەقڵییەتی پیاوسالاری و باوکسالاریی بەسەریدا زاڵە.

ئەم واقعە، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر بیر و بیرکردنەوە و بیروباوەڕی مرۆڤەکان هەیە. ئەقڵییەتێکە کە کارکردنی ژنان لە نێوەندی سیاسەتدا ڕەت دەکاتەوە، هەمیشە بە پلە دووی مرۆڤایەتی مامەڵە لەگەڵ ژنان دەکات و، وەک پاشکۆ و ڕەگەزێکی لاواز ڕەفتاری لـەگـەڵ دەکـات، نـەک وەک مرۆڤێکی خـاوەن کیانێکی سەربەخۆ کە ئەرکەکانی لە نێوەند و چواچێوەیەکی تەسکدا قەتیس دەکات. بۆیە هەمیشە جیاکاری و جیاوازی، بۆتە کەلتووری ڕۆشنبیریی باوی کۆمەڵگە.

خودی ئەم کەلتوورە، ڕەنگدانەوەی بەسەر نێوەندی سیاسەت و ستراتیژیی حوکمڕاناندا هەیە کە هەمیشە

ئەقڵییەتەکان هێندەی وەک جەستە و لایەنێکی بایەلۆژی بیر لە ژنان دەکەنەوە، وەک مرۆڤێکی بەشداربوو تەماشای ناکەن؛ خودی کێشەکە لەمەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەم واقعە، ژنان ناچار دەکات کە هەڵوێستی جیا وەربگرن لەوانە: نەفرەتبوون لە ڕەگەزی خۆیان، یان هەوڵی گۆڕینی بەرگ، یان ڕەفتاری خۆیان بدەن لە پێناو ڕازیبوونی کەسانی تر یاخود لە پێناو چوونەپێشەوە و جێکردنەوەی خۆیان لە نێوەندەکانی سیاسەتدا هەوڵی چوونەپاڵ کەسایەتییەکی حزبی، یان لایەنە دەستەگەرییەکانی حزبە سیاسییەکان بدەن، یان ناچار بن ڕەگەزبوونی خۆیان بەکار بهێنن بۆ چوونەپێشەوە و بەشداربوونیان. هەموو ئەوانە لە ڕووی فەلسەفەی کارکردنەوە ناڕاستن، چونکە بەگشتی مرۆڤەکان دەبێت ئینتیمایان بۆ بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکان هەبێت، نەک بۆ کەس و بەرپرسەکان و، دەبێت هەمیشە بڕیارەکانیان لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت و نەکەونە ژێر کاریگەری و ڕکێفی کەسەکان و، هەروەها بەرژەوەندیی کەس و لایەنەکان.

### 3. ژنانی حزبە سیاسییەکان:

لە واقعی کوردستاندا ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە کۆی حزبە سیاسییەکان بریتییە لە (١٠%–٢٠%).

ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو ڕێژەیە لە حزبەکاندا تەنیا لە چوارچێوەی ئەندامی سەرکردایەتی و پلەکانی خوارتردا

بوونی هەیە و، ڕۆ نەچۆتە مەکتەبی سیاسی، یان سەرۆک، جێگری حزب و....هتد. هەروەها بەپێی دەرەنجامی ئەو کۆنگرانەی ئەنجامیان داوە، هیچ کات ژنان نەبوونەتە سەرۆک، یان جێگری سەرۆک لە حزبەکاندا؛ واتە ڕێژەیان 0% بووە لەو نێوەندەدا بەرامبەر بە 100% ڕێژەی پیاوان.

واقعی ئەو ڕێژە و داتایانە ئەوەمان پێ دەڵێ کە سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی ژنان لە نێوەندی کارکردنی حزبەکاندا بە بەراوورد لەگەڵ ساڵانی نەوەدەکاندا، بەڵام تا ئێستا کەمینەن ئەو ژنانەی لە نێوەندی پۆستە باڵاکاندا بوونیان هەیە کە ناوەندێکە بۆ یەکلاکردنەوە و گۆڕینی ئاڕاستەی بڕیارەکان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان.

هۆکاری ئەمەیش گەر لە لایەک پەیوەست بێت بە خودی سیاسەت و ئەقڵییەتی باوی حوکمڕانیی سەکردەی حزبە سیاسییەکان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە گرێدراوی خودی ژنانی حزبە سیاسییەکانە کە هەندێ جار بە هۆی ملکەچبوون و کۆڵدانیان، تەسلیمی ئەو واقعە دەبن، یان خۆیان دوورەپەرێز دەگرن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن و درێژە بە ڕەوڕەوەی ڕۆتینی کارکردن دەدەن یاخود بە هۆی کەمیی دەسەڵات و ڕێژەیان لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، ناتوانن فشاری کاریگەر بن بەسەر گۆڕین و یەکلاکەرەوەی بڕیارەکانەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی بەهۆی دەستەگەرییە (کتلە)

جیاوازەکانی ناو حزبە سیاسییەکان، پەنابردن بۆ ناوزڕاندنی ژنان، بەتایبەت لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، شێوازێکی ترە کە زۆرێک لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان پەنای بۆ دەبەن و دەرەنجام دەبێتە هۆکارێکی تر بۆ دوورکەوتنەوەی ژنان لە نێوەندی سیاسیدا.

بە دیوێکی تردا، تا ئێستا ژنانی نێو حزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە ببنە کوتلەیەکی یەکگرتوو، چ لەناو کۆی ژنانی حزبە سیاسییەکانیان و، چ لایەنی کەم لەگەڵ ژنانی نوخبەی دەرەوەی حزبە سیاسییەکان، کە بوونی ئەو پەیوەندییە گرنگی و کاریگەریی خۆی هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی فشار و گۆڕانکارییەکان. ئەمە جگە لە کەمیی ئەو ژنانەی، سیاسەتکردن بووبێتە خەمی سەرەکی و ئەولەوییەتی کارکردنیان، بە ئامانجی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا؛ ئەوەیش بە هۆی سەرقاڵییان بە کاروباری کۆمەڵایەتی و داخوازییەکانی کۆمەڵ بەگشتی، یان بە هۆی کارکردنی تەقلیدیی باوی ژینگەی حزبە سیاسییەکانەوە.

بۆیە هەمیشە وەک زۆرێک لە کادرانی حزب، شێوەی ڕۆتین و تەقلیدیی کارکردن، درێژە و بەردەوامیی هەیە لە شێوازی کارکردنی حزبە سیاسییەکاندا، بۆتە سەرچاوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ هەڵبژاردن و کاندیدکردنیان بۆ هەر پۆستێکی دیاریکراو لەناو حزب و دەرەوەیدا، کە وای کردووە هۆکارێکی تر بێت بۆ لاوازیی هۆشمەندیی

سیاسی و گرنگینەدانی ژنـان وەک خەمێکی سەرەکی، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ چەسپاندنی خۆیان و دەرکەوتنیان وەک مرۆڤ و کاریزمایەکی سیاسی لەناو کۆمەڵدا، کە دەستیان لە گۆڕانکاری و داهێنان و دەستکەوتی سیاسیی نویێ و بەبەرهەم لە کۆمەڵدا هەبێت.

4. حزبە سیاسییەکان: چەسپاندنی کۆتا لەناو سەرجەم حزبە سیاسییەکانی کوردستان، کە خۆی لە 20% زیاتر نابینێتەوە و تەنانەت ناگاتە پلەی سەرۆکایەتی، یان مەکتەبی سیاسیی حزبەکان کە نێوەندی یەکلاکەرەوەی بڕیارەکانە، بەڵکوو تا ئاستی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی حزبەکان و بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە.

ئەو واقعە، تێڕوانین و پەیام و دید و ڕەفتاری سەرکردە و بڕیاردەرانی حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، کە تێروانینێکە ئەوەندەی ڕواڵەتکارانەیە بۆ ژنان، هێندە لە دیدێکی تەواوی باوەڕبوونیانەوە نییە بە توانا و گرنگیی بەشداربوونی ژنان. بۆیە، هەوڵەکانیان بۆ والابوونی دەرفەت لە بەردەم بەشداریی ڕاستەقینەی ژنان لە سەرجەم بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکاندا لە ئاستێکی لاوازدا خۆی دەبینێتەوە.

### 4. کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:

تازەترین لێکۆڵینەوە لە کوردستاندا ئەوە دەردەخات ڕێـژەی ژنـان لـە ئۆرگانـەکان و بـۆردی بەڕێوەبردنی

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بە بینراو و بیستراو و نوسراوەوە و، بوونیان وەک بەرپرس، یان جێگری دەزگاکان بریتییە لە 0%، وێڕای کەمیی ڕێژەیان لە سەرۆکایەتیی بەشە کارگێڕییەکان و ئامادەکەری بەرنامەکان، یان بەڕێوەبردنی بەرنامە هزرییەکانی تایبەتن بە بوارێکی گرنگی وەک سیاسی و....هتد.

بوونی ئەو واقعە، ئەوەمان پێ دەڵێت کە سیاسەتی بەڕێوەبردنی زوربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر جار بە هەمان دید و ئەقڵییەتی پیاوسالاریی کۆمەڵ بەڕێوە دەچێت. ئەمە بە شێوازی جیاجیا دەردەکەوێت، چ لە ئۆرگانی دەزگاکان، چ لە ڕووی ناوەڕۆکی کارەکانیانەوە. تەنانەت گەمارۆدانی ئەو بەرنامانەی بەگشتی لەسەر پرسی سیاسی دەخرێنە ڕوو و تەنیا تیایدا زۆر جار بانگێشتی پیاوان دەکرێت، خۆی بۆ خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئاماژەیە بۆ ئەوەی بە بینەران دەڵێن ژنان کەمن، یان تایبەتمەند نین بە بواری سیاسی، یاخود زۆر جاریش کاتێک گلەیی و ڕەخنەی ژنانیان پێ دەگات، لە وەڵامدا دەڵێن «ژنانمان بانگێشت کردووە، بەس خۆیان نایەن!» کە ئەمەیش پاساو و پشکێکی کەمی ڕاستییەکانە.

### 5. دۆخی پەرلەمانی کوردستان:

بە هۆی گرنگیی پەرلەمان وەک ناوەندێکی زیندووی یەکلاکەرەوەی دەرچوونی یاساکان لە هەر وڵاتێکدا و

وێڕای چەسپاندنی کۆتای ژنان بە ڕێژەی ٣٠% کەمتر نەبێت لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام دۆخی چەقبەستوویی و کارنەکردنی پەرلەمانی کوردستان لە ئێستادا، کاریگەریی خراپی خستۆتە سەر سەرجەم کۆمەڵ بەگشتی و واقعی کارکردنی ژنانی کوردستان بەتایبەتی. ئەمە وێڕای ئەوەی پێواری یەکگرتوویی و نەبوونی کوتلەیەکی یەکگرتووی ژنان لەنێو سەرجەم خولەکانی پەرلەمانی کوردستان هۆکارێکی ڕوونە، کە بەگشتی نەتوانراوە لە کاتی پێویستدا گوشاری حزبە سیاسییەکانیان وەلا بنێن و ئەولەوییەت بە بەرژەوەندیی ژنان بدەن لە کاتی بوونی ڕای جیاواز لە نێوان ڕای حزب و بەرژەوەندییەکانی ژناندا. تێپەڕاندنی یاسای قەدەغەنەکردنی فرەژنی، یەکێکە لە نموونەکانی ئەو واقعە.

**6. هۆکاری دیکە:**

– تەشەنەسەندنی دیاردەی هەژاری و نەخوێندەواری و دابەزینی ئاستی خوێندن، کە بێ گومان ژنان بەشی شێریان بەردەکەوێت، ڕێگرە بۆ بەرزبوونەوەی نوێنەرایەتیی ژنان لە بواری سیاسەتدا.

– سەربەخۆنەبوونی ئابووریی ژنان لەناو کۆمەڵدا، هۆکارێکی دیاری پەراوێزبوونی ژنانە لەنێو ناوەندەکانی بڕیارسازیدا، کە بە هۆیەوە جارێکی تر ناتوانێت لایەنی کەم لە کاتی هەڵبژاردن و پرۆسەی خۆپاڵاوتندا خۆی کاندید بکات گەر لەنێو حزبە سیاسییەکاندا بێت، یان بیەوێت سەربەخۆیانە و بەجیا خۆی کاندید بکات.

– تەشەنەسەندن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تیرۆریستان و بزووتنەوە تیرۆریستییەکان کە دژ بە مافەکانی ژنانن و، هەروەها دەرکەوتنی هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان کە سنووردارییی بەشداری و ڕۆڵی ژنان دەکات بەتایبەت لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

– کەمیی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان، یان لاوازیی زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە کارکردن و بڕیاردا و ملکەچییان بۆ حزبە سیاسییەکان.

– سیاسەتی سەرمایەداری لە جیهاندا، کە پەیوەستە بە جیاکارییەکی گەورە لەسەر بنەمای ڕەگەز لە گشت بوارەکانی سیاسی، ئابووری و....هتد.

**مێژووی ژنانی جیهان لە پرۆسەی بڕیاردا:**

بوونی ژنان لە پرۆسەی سیاسی و دەسەڵاتدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە سەبارەت بە مافی دەنگدان کە لە لایەن بزووتنەوەکانی ژنانی ئەمریکی و بریتانییەوە، بەتایبەت لە نێوان توێژی ژنانی خوێندەواردا، سەری هەڵدا. سەرەتا بزووتنەوەکانی ژنان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دەستیان کرد بە داواکاری لەسەر گۆڕینی یاسا و ئەو یاسادەرکردنانەی زامنی مافی هاوسەرگیری دەکات، هەروەها دەرچوونی یاسایەکی پێشکەوتنخواز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یاسای دایکایەتی و کار لە ڕۆژاوای ئەوروپا.

نیوزلەندا بە یەکەم دەوڵـەت دادەنرێت کە لەساڵی 1893 ڕێگەی بە دەنگدانی ژنان داوە. شۆڕشی بەلشەفی لە ڕووسیا لە ساڵی 1917، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بازارگەرمی و چەسپاندنی یەکسانیی ژنان، بە شێوەیەک زاڵێتیی کەنیسە بەسەر پرۆسەی هاوسەرگیریدا بەرەو نەمان چووە و یەکسانیی تەواو لە نێوان ژنان و پیاواندا لە مافەکاندا بەدی هات و، «ئەلێکساندرا میخائیلۆڤنا کۆلۆنتای ١٨٧٢-١٩٥٢» یەکـەم ژن بـوو لـە جیهاندا کـە پۆستی وەزیریی وەرگرت.

ویـلایـەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەسـتـی کـرد بە گۆڕینی دەستوور بۆ ئەوەی ڕێ بە ژنان بدات بۆ دەنگدان لە ساڵی 1920؛ ئەوەیش ئەو ساڵە بوو، کە لە 10 دەوڵەتی تردا ڕێ بە دەنگدانی ژنان درا. بەڵام دەربـارەی وڵاتانی ئەوروپا دوای جەنگی جیهانیی دووەم، دەستیان کرد بە مافی دەنگدان بۆ ژنان، لەوانە: فەرەنسا، یۆنان، ئیتاڵیا و سویسرا.

ئیکوادۆر، یەکەم وڵات بوو لە ئەمریکای لاتینیدا، کە ئیعترافی بە مافە سیاسییەکانی ژنان کرد. لە ساڵی 1929وە لە مەکسیک، ژنان لە ساڵی 1953 مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا. لە ئاسیا، مەغوولستان یەکەم وڵات بوو کە ژنان لە ساڵی 1923 دا مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا و، لە ژاپۆن و کۆریای باکووردا ساڵی 1945، ژنان مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا.

بێ گومان دەنگدان بۆ خۆی، زامنی یەکەم نییە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی ژنان. وڵاتانی زۆر هەن مافی دەنگدانیان بە ژنان داوە، بەڵام ژنان بە مەودای فراوان و زۆر بەدوورن لە مافی خۆپاڵاوتن و وەرگرتنی پۆست و گەیشتن بە ناوەندی بڕیارسازی.

بزووتنەوەکانی ژنان و پێشکەوتنخوازەکان لەسەر ئاستی جیهاندا، لە خەباتکردنیان بەردەوام بوون سەبارەت بە زیادکردنی نوێنەرایەتیی ژنان، بە شێوەیەک بووە هۆی دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەشداریکردن لە مەسەلەی ژناندا؛ بە ئاستێک نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1995 گەورەترین کۆنگرەیان بەست و ڕاپۆرتی فەرمییان گرتە خۆ سەبارەت بە دۆخی ژنان و فشارخستنەسەر حکوومەتەکان بۆ چارەسەرکردنی ڕێگری و بەربەستەکان لە بەردەم بەشداریکردنی ژنان و گەیشتنیان بە سەرچاوەکانی سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی. هاوکات لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیکەی 30 هەزار ژن لە پەککین لە هەمان ساڵدا، بەشدارییان لە کۆنگرەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا کرد. ماوەی نێوان ساڵی 1976-1985 بە سەدەی ژن ناو نرا. بە شێوەیەک مەسەلەی ژنان پێگەیەکی دەرکەوتوو و دیاری هەبوو لە خشتەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و، تەرکیزی خستە سەر دۆزینەوەی سیستەمی ئابووری و سیاسی کە بەشداریکردنێکی گەورەی ژنان لە پرۆسەی سیاسی و

بەشداریکردنی لە پرۆسەی پەرەپێدانی جیهانی و هاندانی چوونەناوەوەی ژنان بۆ بازاڕی کار بەدی بهێنێت.

لەگەڵ بوونی ئەو بازدانە لە زیادبوونی بەشداریی ژنان لە حزبە سیاسی و ڕێکخراوە ناحکوومی و مەدەنییەکاندا تا ئێستا بە ڕێژەیەکی کەم لە پۆستە باڵاکان و سەرکردایەتییەکاندا نوێنەرایەتی دەکەن، کە یارمەتیدەرە لە کاریگەریخستنەسەر پرۆسەی دەرکردنی یاسا و تەشریعات لە بەرژەوەندیی ژنان و یەکسانبوونیان لە کۆمەڵ.

لە وڵاتە ڕۆژاواییەکاندا ڕێژەی ژنان لە نێوان ساڵانی 1975 بۆ 1995 دوو هێندە زیادی کرد و، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێژەی ئەندامانی ژنان لە کۆنگریس دەگاتە 11,2، ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی بەشەکانی باکووری ئەورووپا سێ هێندەیە. سەرەڕای پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەکانی ژنان، ژمارە و ڕێژەی ژنان کەمی کرد؛ تەنانەت هیچ پۆستێکی وەزاریی ڕادەستی ژنان نەکرا.

بەپێچەوانەوە لە سەدەی ڕابردوودا ڕێژەی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا لە زوربەی وڵاتانی جیهاندا زیادی کرد و پاشەکشەی ڕێژەکە لە وڵاتانی تازە سەربەخۆکان لە یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەندام لە کوتلەی ڕۆژهەڵات ئاماژەیەکی خراپ بوو؛ بە شێوەیەک ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان لە حزبی شیوعیدا کەمی کرد لە 25-30% بۆ 8-18%، هەروەها لەو وڵاتانەی هاوشێوەی سیستەمە شیوعییەکانن، وەک: چین و ڤێتنام و کۆریای باکوور.

تا ئێستا بەشداریی ژنان لە ئەنجومەنە تەشریعییەکاندا دەگاتە 20%. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا ڕێژەی نوێنەرایەتیی ژنان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن. تا ئێستا گفتوگۆی ئەوە دەکرێت کە ڕێگە بە ژنان بدرێت لەگەڵ مەحرەمدا ئۆتۆمبێل لێ بخوڕێت، یان بێ ئەو؟! هەروەها باس لە بێبەشبوونی ژنان دەکرێت لە مافە سیاسییەکانیان، وەک مافی دەنگدان و پاڵاوتن و، بەدەر لەوەی فشاری زۆر دەخرێتە سەر بە مەبەستی قەتیسکردنی تواناکانیان دەکات لە کاتێکدا لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین.

**چی بکرێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی ژنان لە ناوەندی بڕیاردا؟**

- پێداچوونەوە بە بەرنامەی حزبە سیاسییەکان و شێوازی کارکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان بەگشتی، جگە لە کارکردنی ژنان لەسەر خودی خۆیان لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان لە رووی گرنگیی بەشداربوونیان لە ناوەندەکانی بڕیار.

- ئەنجامدانی کاری هاوبەش و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان لە لایەک و، بە دیوێکی تردا خودی ڕێکخراوەکان لەگەڵ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ، بەتایبەت ژنان، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ژنان و پیاوان لە ڕووی گرنگیی بەشداریی چالاکانەی ژنان لە ژیانی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیار.

– پشتگیریی ژنانی پاڵێوراو بۆ ئەندامێتیی پەرلەمان و ئەنجومەنەکانی پارێزگا و شارەوانی لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، هەروەها بایەخدانی زیاتری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە مەسەلەکانی ژنان و، کارکردن بۆ ڕاهێنانی ژنان لە پێناو بەدەستهێنانی کارامەیی لە ڕووی هەڵبژاردن و سیاسییەوە.

– سەربەخۆیی ئابووریی ژنان، کە ڕۆڵی گەورەی لە بەهێزکردنیان لە بەشداریی سیاسیدا هەیە، جگە لە گرنگیی سەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی ژنان لە پاشکۆیەتیی حزبە سیاسییەکان لە ڕووی بڕیاردانەوە.

**سەرچاوە:**

– المشارکة السیاسیة للمراة والوصول الی موقع صنع القرار، بیان صالح

# ڕەهەندەکانی فیمینیزم

بیروڕاکانی تایبەت بە فیمینیزم جۆراوجۆرن و دید و تێڕوانینی جیاجیای لەخۆ گرتووە؛ بە شێوەیەک دەتوانرێت بگوترێت قوتابخانەی جیاجیای فیمینیزمی هەن کە ئەگەرچی جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵی هاوبەشیان هەیە کە بە درێژاییی مێژووی سەرهەڵدانی ئەو قوتابخانە جیاوازانە، کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەو خاڵانە بەردەوامی و درێژەی هەیە.

یەکێک لەو خاڵە جەوهەرییە هاوبەشانەی نێوان قوتابخانە جیاجیاکانی فیمینیزم، بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی هەر یەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناهەمواری و ناجێگیری و کۆی ئەو جیاکاری و جیاوازییانەی بەگشتی لەسەر ئاستی جیهاندا دەرهەق بە ژنان دەکرێن. بێ گومان ئەوەیش بە هۆی ڕەگەزبوونیانەوەیە وەک ئەوەی ژنن و دەچەوسێنرێنەوە، توندوتیژیی جۆراوجۆریان لەئاستدا دەکرێت، لە نێوەندە جۆربەجۆرەکاندا بە ڕەگەزی پلە دووی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێن و دەرفەتی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا وەکیەک نابێت؛ بە هۆی ئەوەی ژنن ئەرک و مافەکانیان لە زۆربەی بوارەکاندا وەکیەک نییە و لە بەهای مرۆڤبوونیان کەم دەکرێتەوە.

بوونی ئەو جیاکارییانە لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهاندا بە شێوەی جیاجیا درێژەی هەیە. بۆیە خەباتی ژنان لە پێناو

نەهێشتنی ئەو جیاكارییانە و ڕەخساندنی دەرفەتی وەكیەكی لە نێوان مرۆڤەكاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتكراوەكانی ژنان، تا ئەمڕۆ شێواز و هەنگاوی جیا و خەباتی فرەبواری بۆ دەكرێت. ئیدی لە سۆنگەی ئەو واقعانەوە وشەی فیمینیزم سەری هەڵدا و، ژنان بە شێوازی جیا دەستیان كرد بە دەربڕینی ناڕەزایەتییەكانیان لە بەرامبەر پەراوێزبوون و ژێردەستەییبیان و خوازیاریی باشتربوونی گوزەرانیان لە ڕووی سەرجەم بوارەكانەوە، هاتە ئاراوە.

**فیمینیزم چییە؟**

فیمینیزم لە بنەڕەتدا وشەیەكی فەڕەنسییە(feminism) و، لاتینییەكە(famine) ە و بە مانای ژن (woman) وەرگیراوە. بزووتنەوەیەكە هەوڵ بۆ سەلماندن، یان بەدەستهێنانی مافە كۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەكانی ژنان لەگەڵ پیاواندا دەدات. ئەوە تەنیا چەمكێك نییە، بەڵكوو چەمكێكی فرەڕەهەندە و كۆمەڵێك بیروبۆچوونی لەخۆ گرتووە. بۆیە بۆ ئەوەی پێناسەیەكی بنەڕەتی بۆ بنەمای هاوبەشی كۆی فیمینیستەكان بكەین، دەتوانین هەوڵی دۆزینەوەی تایبەتمەندییە هاوبەشەكانی هەموو جۆرەكانی فیمینیزم بدەین.

لەو ڕوانگەیەوە بەگشتی دەتوانین وشەی فیمینیزم كە بە ئینگلیزی بە (Feminism) ناسراوە، بەو بزووتنەوە و بڕوایانە بگوترێت كە مەبەستیان دامەزراندن و پاراستنی مافی وەكیەكییە بۆ ژنان لە ڕووی سیاسی، ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە.

**سەرهەڵدانی فیمینیزم:**

وشەی فیمینیزم بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1871. لە فەرهەنگی پزیشکیدا فیمینیزم بە مانای «لێکۆڵینەوە دێت سەبارەت ئەو ژنانەی کە بە شێوەیەکی ڕواڵەتکارانە هەڵسوکەوتیان پیاوانە بووە، واتە «نێرەمووک» بوون، بەڵام لە بواری سیاسیدا ئەم وشەیە یەکەم جار بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی «بەپیاوانەبوونی تایبەتمەندییەکانی ژنان سوودی لێ وەرگیراوە، کە بێ گومان لەو کاتەدا و لە سەدەی نۆزدەدا ئەم پەشێوییە مایەی ترس بووە.

لە دەیەی ساڵی 1840دا بزووتنەوەی بەرگریکردن لە مافی ژنان لە ئەمریکا دەستی پێ کرد و، دەستکەوتەکانی لەو کاتەدا بریتی بوون لە «جاڕنامەی هەستەکان» کە ئامانجی ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی بوو سەبارەت بە ژنان کە لە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکادا کاردانەوەیەکی زۆری هەبوو. پاشان ئەلیزابێس و کەدی ستانتۆن و سۆزان. ب. ئانتۆنی «ئەنجومەنی نەتەوەییی مافی دەنگدانی ژنانیان» دامەزراند.

لە دەیەی ساڵی 1840 بەدواوە بزووتنەوەکانی مافی ژنان لە بریتانیایش دروست بوو کە بێ گومان بەر لە دروستبوون و کارکردنیان لە چوارچێوەی ڕێکخراودا، ژنان دەستیان بە نووسین کردبوو دەربارەی ئەو نایەکسانی و ناعەداڵەتییانەی بەرامبەر ژنان بوونیان هەیە. بۆیە لە ساڵی 1792دا ماری ڤۆلستۆن گرافت کتێبێکی نووسی بە ناوی

«وەرگرتنی مافەکانی ژنان» و، هاوکات هەندێ لە ژنانی دیکە بە مەبەستی گەشەپێدانی ئەو مافانەی کە لە شۆڕشی فەڕەنسادا بەڵێن بە ژنان درابوو خەباتیان دەکرد.

**قوتابخانەکانی فیمینیزم:**

تێڕوانینەکان لە بەرامبەر فیمینیزم لە قوتابخانەی جیاجیادا خۆی دەبینێتەوە و، بەگشتی لە ساڵەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا هیچ چالاکییەکی فیمینیستی لە ئارادا نەبوو؛ بەڵام پێش سەرهەڵدانی وشەی فیمینیزم، هەمیشە بابەتێک هەبوو بۆ وتووێژ و بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی پێگەی ژن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و بوونی ئەو نایەکسانییانەی لای ژنان درکیان پێ دەکرا. بۆیە ئەو گفتوگۆیانە، بووە هۆی سەرهەڵدانی دوو شەپۆلی فیمینیزمی بۆ کارکردن لەو بارەیەوە.

فیمینیستەکان لە دوو جۆر شەپۆلی فیمینیزمیدا خۆیان دەبینییەوە: شەپۆلی یەکەم ئاماژە بە بزووتنەوە فیمینیستەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست هاتۆتە ئاراوە کە هەوڵیان داوە لە ڕووی سیاسییەوە مافی یەکسانی، بەتایبەت مافی دەنگدان بۆ ژنان فەراهەم بکەن. یەکەمین شەپۆلی فیمینیزم بە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان کۆتاییی پێ هات؛ بۆ یەکەمین جار نیوزلەند، ساڵی 1893، بریتانیا ساڵی 1918، ئەمریکا ساڵی 1920 و سوید ساڵی 1921 مافی دەنگدانیان بە ژنان دا.

ئەم شەپۆلە ئاماژە بە سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی چالاکییە فیمینیستەکان دەکات لە کۆتاییەکانی دەیەی شەست و سەرتاسەری دەیەی حەفتاکاندا، کە هەموو نارەزایەتییەکانیان تایبەت بوون بە نەبوونی یەکسانیی ژنان، نەک تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکوو بوارەکانی خێزانی و سەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بە سێکسەوەی دەگرتەوە.

شەپۆلی دووەم ساڵی 1963 هاتە ئاراوە

تێکۆشەرانی ئەم شەپۆلە تەرکیزیان لەسەر ئەوە کردبوو کە بەدەستهێنانی مافی یەکسانی سیاسی و یاسایی (مافی دەنگدان)، پرسی ژنی چارەسەر نەکردووە . ئامانجی شەپۆلی دووەم تەنیا بەدەستهێنانی مافی سیاسی نەبووە بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ ئازادیی ژنان بوو. بەپێی بڕوای شەپۆلی دووەم ئەم ئامانجانە لە ڕێگەی ڕیفۆرمی سیاسی و یاساییەوە بەدەست نایەت، بەڵکوو دەبێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە پرۆسەیەکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە دەست پێ بکا. بەگشتی هەندێ لە لایەنە تیۆرییەکان جۆرەکانی فیمینیزم، دەکەن بە چوار جۆر، یان گرووپەوە:

**١- فیمینیستە لیبراڵەکان:**

ئەم جۆرە، پێیان وایە یەکسانیی ژن و پیاو لە ڕێگەی ڕیفۆرمی سیاسی و یاساییەوە بەدەست دەهێنرێت؛ واتە لیبراڵەکان لە ڕێگەی یاساوە دەرفەت بۆ تاک دەڕەخسێنن

و لێهاتوویی و توانای ئەو کەسە، دەتوانێ سوود لەو دەرفەتە وەربگرێ. ئەم جۆرە باوەڕیان وایە کە ژن هەموو توانا و لێهاتووییەکی وەک پیاو هەیە. بۆیە ژن دەتوانێ پاش ڕەخساندنی دەرفەت، بەپێی یاسا مافەکانی خۆی بەدەست بێنێ و یەکسانی لە کۆمەڵگە دەستەبەر بکات؛ بێ ئەوەی پێویست بە گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵگە بکات یان هەڵوەشێتەوە.

نموونەی ئەو شتانەی لیبراڵەکان بۆی تێ دەکۆشن بریتین لە: ژنانیش وەک پیاوان مافی دەنگدانیان هەبێ، لە بەرامبەر کاری وەکیەک، مووچەی وەکیەک وەربگرن، توندوتیژیی فیزیکیی نێو بنەماڵە لە ڕێگەی یاساییەوە چارەسەر بکرێ؛ پەیوەندیی نێوان تاکەکان لە هەموو بوارێکی وەک ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ خوێندن، کارکردن و هاوسەرگیری و هتد.

**٢- فیمینیستە ڕادیکاڵەکان:**

ئەم جۆرە، پێیان وایە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو دەگەڕێتەوە بۆ سەرمایەداری؛

کە بە شێوەیەک کاری کردووە پیاو زاڵ و دەسەڵاتدار بێ و، کومەڵگەیش بەوە تووشی بەهای خراپ بووە؛ زاڵبوونی بەها خراپەکان بۆتە هۆی ئەوەی ڕیفۆرم توانای چارەسەرکردنی نەبێ و، تەنیا ڕێگە چارە هەڵوەشانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگە بێت.

سەرمایەداری، کارێکی کردووە کە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو دروست ببێ و، پێیان وایە کە دەبێ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بۆ لەناوبردنی یەکسانی ئەنجام بدرێت. بۆیە ڕایان وایە کە کێشەکانی نایەکسانی بە ڕیفورم چارەسەر ناکرێت و، دەبێ کۆمەڵگە لە بنەڕەتدا بگۆڕدرێ. لیبڕاڵەکان لە ڕێگەی یاساوە دەرفەت بۆ تاک دادەنێن و لەو باوەڕەدان ئەوە تاکە دەتوانێ لەو دەرفەتە سوود وەربگرێ.

**٣- فیمینیستە سۆسیالیستەکان:**

ئەم لایەنە، لە کۆمەڵگەدا هەوڵی نەهێشتنی پیاوسالاری دەدەن. کێشەی نایەکسانیی ژن و پیاو بە کێشەی نێوان چینی کرێکار و بۆرژواوە گرێ دەدەن و، باوەڕیان وایە کە دەبێت بۆ بەشداریی ژنان لە دەسەڵاتدا ڕێژە دیاری بکرێ. پێویستە لە تەنیشت خەباتی چینی کرێکار، خەباتی ژنانیش هەبێ و، بۆ ئەوەی یەکسانی دابین ببێت، دەبێ لایەنی کەم لەو بوارەوە یەکسانی هەبێت. بۆیە باوەڕیان وایە کە کێشەکانی نایەکسانی، لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە چارەسەر دەکرێت. سۆسیالیستەکان لە پاڵ ئەوەدا کە لە ڕێگەی یاساوە دەرفەت بۆ تاک دادەنێن، ئیمکاناتیشیان بۆ دابین دەکەن.

**٤- فیمینیستە بایەلۆژیستەکان:**

تەنیا قوتابخانەیە کە بۆ یەکسانی هەوڵ نادات و، لەسەر بنەمایەکی بایەلۆژی دامەزراوە .ئەم دەستەیە پێیان وایە لە

بنەڕەتدا جیاوازیی جەستەیی و بایەلۆژی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە و، لە ڕووی فیزیکییەوە ژنان لە پیاو کەمترن و، پێیان وایە حەز و خۆزگەکانی ژن و پیاو هەر لە بنەڕەتدا جیاوازن، بۆ نموونە: ژن زیاتر حەز بە جوانی و خۆڕازاندنەوە و مندالّ بەخێوکردن و مالّداری و ... دەکات؛ پیاو زیاتر حەزی لە سەرمایە و چەک و کاری دەرەوەی مالّ و ... هەیە. لە کاتێکدا سێ قوتابخانە فیمینیستەکەی پێشتر باس کران، پێیان وایە حەز و ئارەزووەکانی ژنان و پیاوان لە ئەنجامی جیاوازیی لە ڕووی پەروەردەکردنەوە سەری هەلّداوە، لە ڕێی بەکارهێنانی پێنج ڕێگە و تەکنیکەوە کە زیاتر بەرامبەر بە ژنان بەکار دەهێنرێن. پڕۆفیسۆرberates کە خەلّکی «نەرویج»ە، لەم بوارەدا لێکۆلّینەوەیەکی ئەنجام داوە و دەلّێت: «پشتگوێخستنی تاک، گالّتەکردن بە تاک و هەولّدان بۆ شکاندنی کەسێک لەنێو کۆمەلّدا، شاردنەوەی زانیاری، سزادانی دوولایەنەی ژن و لۆمەکردنی کەسێک و خەتاخستنەسەری، دەرەنجامی لێکۆلّینەوەکە پێک دەهێنن.»

بەو شێوەیە لە زۆربەی مێژووی ولاّتانی جیهان و تەنانەت لە کۆمەلّی کوردیدا تا ئێستا هەمیشە پرسیارێک درێژەی هەیە کە بریتییە لە: بۆچی فیمینیزم؟ وەلاّمی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە خەبات و کۆششی ژنان، یان هێنانەدیی ئامانجی ڕاستەقینەی ژنان بۆ گشتە، نەک تەنیا بۆ تاک، بۆ پیاویشە، نەک تەنیا بۆ ژن، بۆ هێنانەدیی کۆمەلّگەیەکی مرۆڤدۆست و شارستانیی گەشەکردووە، نەک بۆ کۆمەلّگەیەکی کۆپیکراوی تر کە تەنیا ژن تیایدا بالاّدەست بێت و هەولّی زالّێتیی خۆی

و ژێردەستەییی پیاو بدات. بۆ بەرجەستەبوونی ژینگەیەکە کە مرۆڤ سەنتەر و چەقی بڕیاردان بێت، نەک بە هۆی جیاوازی ڕەگەزییەوە جیاکاری و فەرامۆش و وەلانان و پەراوێزخستنی ڕەگەزێک بکرێت لەسەر حسابی ڕەگەزەکەی دیکە. واقعێک کە ژن و پیاو کەرامەتیان پارێزراو بێت و هەر یەکەیان وەک مرۆڤ و دواتر وەک ڕەگەزیش شانازی و پشت بە توانا و لێهاتوویی و کارامەییی خۆیانەوە ببەستن، نەک بە هۆی ناسین و خزمخزمێنە و دەسەڵاتدار و کەلتووری باوی زاڵیتیی ڕەگەزێکەوە ڕاستی و جوانی و تواناکانی لایەنەکەی تر نەخوێنرێتەوە و بەهەند وەرنەگیرێت. بە واتایەکی دیکە، فیمینیزم ئامانجی کارکردنە بۆ بەدیهێنانی جیهانێک کە بۆ هەمووان بێت؛ جیهانێکی باشتر و گونجاوتر و باشتر؛ دونیایەک نەک تەنیا بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ پیاوانیش شوێن و جیهانێکی ئارامتر بێت.

**قۆناغەکانی فیمینیزم:**

لە ڕوانگەی مێژووی سەرهەڵدان و دید و بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی فیمینیزمەوە، فیمینیزم، دەکرێت بە چەند قۆناغێکی جیاوازەوە لەوانە: قۆناغی یەکەم: بریتییە لە ساڵەکانی (١٨٥٠ تا ١٩٦٠)ی زایینی، کە ناسراوە بە مێژووی سەرهەڵدانی لیبراڵیزم، کۆمۆنیزم و سۆسیال فیمینیستەکان. قۆناغی دووەم: ساڵەکانی (١٩٦٠-١٩٩٠)ی زایینی دەگرێتەوە، کە لەوێدا بیرۆکەی ڕادیکاڵ فیمینیستەکان سەری هەڵدا. قۆناغی سێیەم: ساڵەکانی (١٩٩٠)ی زایینی دەگرێتەوە کە

تا ئێستایشی لە گەڵدایە و، بریتییە لە قۆناغی سەرهەڵدانی پۆست-مۆدێرنیزمی فیمینیستی و، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر دۆزینەوەی وەڵام بۆ ڕەگەز و هۆکارە زانستییەکانی دروستبوونی نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا بە درێژاییی مێژوو.

ماری ویلستۆنکرافت: خاتوو ماری ویلستۆنکرافت، ساڵی 1792، بووە یەکەم نووسەری ژنی فیمینیست. ئامانجی ویلستۆنکرافت بریتی بوو لەوەی جیاوازیی ژیانکردن بەتەواوی لە بزووتنەوەی خۆماندا بسڕینەوە؛ لەو کاتانەدایە کە خۆشەویستی ڕۆڵ دەگێڕێت. لای ویلستۆنکرافت ئامرازی گەیشتن بە بزووتنەوەی یەکسانیی ژیان، بریتییە لە ڕاهێنان و پەروەردەکردن و فێرکاریی وەکیەکی کوڕ و کچ.

میل: لە سەدەی نۆزدەیەمدا نووسەری فیمینیستی ژن و پیاو لە هەموو ڕێبازە سیاسییەکاندا هەبووە؛ لە لیبڕاڵیزمەوە بگرە هەتا چەپ. لەنێو لیبڕاڵەکاندا، دەبێت ئاماژەی تایبەت بە «میل» John Stuart ) (Mill بکرێت. بەرهەمەکەی میل، 1869- The Subjection of Women ، تا ئێستایش، بە بەرهەمە ناوازەکان دادەنرێت. میل، باس لە دۆخی ئەو سەردەمە دەکات و دەڵێت «لە بزووتنەوەی ناڕۆشندا ڕەنگی پێست، ڕەگەز، ئایین، یان لە وڵاتی ژێردەستەدا، سەربە نەتەوەبوون چی دەگەیەنێت؟ ژنبوون هەمان شت دەگەیەنێت بۆ هەموو ژنان. میل، دەیویست بەڵگەی مافە سیاسییەکانی ژنان لەوەدا پیشان بدات کە سوودی بۆ بزووتنەوەکە هەیە.

سوفراگێت: خەبات لە پێناوی مافی دەنگدانی ژنان لە ئەورووپای ڕۆژاوا و ئەمریکادا بە خەسڵەتی لیبڕاڵەکانەوە پیادە کرا. هەڵبەتە سوفراگێتەکان، ناچار بوون پەنا بەرنە بەر میتۆدی پەرلەمان بۆ سەرخستنی کەمپێنەکانی خۆیان. «ستانتۆن» Elizabeth) (Cady Stanton تیۆریستی هەرە گرنگی بزاڤی سوفراگێت بوو. دەیگوت «هۆکاری بەڵای ئەم دونیایە لەوەدایە هەتا ئێستا لە بواری سیاسەت و جڤاتدا، پیاو باڵادەستە.» دەیگوت: «ڕیشاڵی پیاوانە هێزێکی ڕووخێنەرە، توندە، خۆپەرست و پەلهاوێژە، شەڕخوازە، دڕ و داگیرکەرە. هەم لە دونیای ماددی و هەم لە دونیای ئاکارەکیدا ناتەبایی، ناڕێکی، نەخۆشی و مەرگی لێ دەبێتەوە. ئەوەی لەم دونیایەدا پێویستە، بریتی نییە لە ناوچە، زێڕکان (کانیی زێڕ)، ئاسنەڕێ و زڕەی پارە، بەڵکوو بەرزەپەیامی نوێی ژنانەیە کە پاکی، ئاکار و ئاییني دروست بەرز دەنرخێنێ و، پیاو ڕووەو دونیای بەرزی بیر و کردەوە» بڵند دەکاتەوە.»

ئوتۆپیا: لە سەرەتای سەدەی بیستەمداElizabeth Cady Stanton ی سوفراگێت دەیگوت «هەم دونیا و هەم پیاویش، تەواو چاکتر دەبن گەر پێوەرە ئاکارییەکان لە سیاسەتی ژناندا ڕەنگ بداتەوە. بییەتریس هالاس (Beatrice Halas)ی تیۆریسیەنی نەرویجی دەنووسێ: «ئوتۆپیای فیمینیستانە، دەبێ تەرازووی نرخاندنی ژنانە بکاتە بناغەی خۆی.» ئوتۆپیا دەڵێت: «پەروەردەکردنی منداڵ، خۆ ئامادەکردن لە ئاست ژیان و مەرگدا، بونیادنانی ژیان لە دەوروبەری پرۆسەی کۆنکرێتیی ژیان، بناغەی

ئەم تەرازووی نرخاندنەن. نرخاندنێک لە جیاوازیی نێوان ژن و پیاودا هەیە کە بۆتە بناغەی ئەم تـەرازووە، لە جیاتی تـەرازووی نرخاندنێک کە  گرێدراوی ستراتیژیی سیاسەتی هاوسەنگاندنە. فیمینیزم باس لەوە دەکات بایەخ بە تـەرازووی نرخاندنی ژنانە بدرێ و بە ڕووی پیاواندا ئاواڵە بێت.»

## دیدی سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان:

لـەبـارەی سۆسیالیست و کۆمۆنیست Friedrich Engels و August Bebel سەرۆک حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا هـەتا جەنگی جیهانیی یـەکـەم و، Alexandra Kollontai ی شۆڕشگێڕی ڕووس، بە نووسەری هەرە لەپێش دادەنرێن. خاڵی هاوبەش لایان لەوەدایە دەڵێن: «پێگەی پەراوێزی و پشتگوێخستنی ژنان، زادەی سەرمایەدارییە؛ شۆڕشی سۆسیالیستانە دەرفەت بۆ ژنان دەڕەخسێنێ بەشداریی بەرهەمهێنان بکەن و، بەوەیش بنەمای ئابوورییان دەبێ، بۆ هاوشانی و یەکسانیی تەواو.» ئینگلس پەرە بە بیرۆکەی هەڵوەشانی خێزانی و نەریتەکەی دەدات و دەڵێت: «کاتێک بزووتنـەوە، بەرپرسیارێتیی پـەروەردە و خوێندنی منداڵ بگرێتە ئەستۆ، ئیدی خێزان هەڵدەوەشێتەوە؛ بـەڵام نەک بە مانای ئـەوەی مارەبڕین نامێنێ، بەڵکوو ئەو کاتە دەبێتە یەکگرتنێکی خۆخواستانەی وەها کە بنەماکەی تەنیا خۆشەویستی بێت.»

**بزووتنەوەی فیمینیستی لە باشووری کوردستان:**

بێ گومان لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێری و خەباتکردن بۆ سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە ژێردەستەیی و چەپۆکی ڕژێمی بەعس لە باشووری کوردستان، بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون درک بە جیاکاری، جیاوازی و نایەکسانیی لە نێوان ژنان و پیاواندا کراوە لە ڕووی ئەرک و مافەکانەوە. فەلسەفەی کارکردنەکان لە ڕووی خەباتی سیاسی و چەکدارییەوە ناوەندێک نەبووە بۆ خەبات و کارکردنی ژنان، ئەو فەلسەفە حوکمڕانییە لە عەقڵییەتی پیاوانی سیاسییدا درێژەی هەبووە. وێڕای کارکردن و بوونی ژنانێک لەو سەردەمەدا لە نێوەندی کارکردنی سیاسیدا کە بە هەر هۆیەک بووبێت ڕۆڵیان هەبووە و قوربانیی زۆریان داوە و خەباتی زۆریان کردووە، بەڵام دەتوانرێت بگوترێ وەک سەربازێکی ون لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا هاوکار و یارمەتیدەر بوون.

بوونی ئەو عەقڵییەتە، تا ئێستا بەردەوامیی هەیە و، ڕۆ چووەتە نێو فەلسەفەی پەروەردە و خوێندن و سەرجەم ناوەند و بوارەکانی تری ژیان کە فەلسەفەیەکە جیاکاری و جیاوازیی ڕەگەزی بۆتە بنەمای کارکردنەکان؛ وێڕای کارکردنی زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و دەرکەوتنی سەدان کەس لە ژنانی بەتوانا و فیمینیست. لە باشووری کوردستاندا تا ئێستا شەپۆلی کارکردنەکان بەگشتی بە

دوو ئاڕاستەدا بەڕێوە دەچێت: ژنانێک هەن عەقڵییەت و شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاریان بە شێوەیەکە کە زاڵێتیی پێوە دیارە و، دەیانەوێت دەسەڵاتی پیاوان کەمتر بێت و خۆیان زاڵ بن و ببنە خاوەن بڕیار، بە ئەندازەی ئەوەی پێیان وایە ژیان بێ بوونی پیاوان، دەکرێت بەڕێوە بچێت و مانایەکی تر بەدەستەوە بدات. لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، پیاوان کاردانەوەی خراپیان هەیە و هەمیشە ڕێگریی زیاتری ژنان دەکەن لە کارکردنیان لە ڕێکخراوەکانی ژنان؛ لەو ڕوانگەیەی پێیان وایە ڕێکخراوەکان شوێنێکن بۆ بەڕەڵایی و تێکدانی خێزان و شێواندنی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو.

شەپۆلێکی تری کارکردنی ژنان بە ئاڕاستەی جیاواز و پێچەوانەییدا دەڕوات، بەوەی مەبەست و ئامانجی ژنان فەرامۆشکردن و وەلانانی پیاوان نییە و، پێیان وایە خەباتی ژنان ئەگەرچی دەستپێشخەری وهۆشیاریی ژنانی پێویستە، بەڵام بێ هاوکاری و پشتیوانی و یەکڕیزیی پیاوان نایەتە دی و، دەتوانن پێکەوە خەبات بکەن بۆ هێنانەدیی بزووتنەوەی ڕاستەقینە و بەرجەستەبوونی مافەکانی ژنان.

خەباتی ژنان لە کوردستاندا، بە مەبەستی بەرجەستەبوونی مافەکانیان بووە لە ڕووی دەرفەتی وەکیەکی لە ڕووی کار، خوێندن، ڕێژەی ژنان لە دەسەڵات، هێنانەدیی دەستوورێکی مەدەنی، بیمەی کۆمەڵایەتی، خەتەنەنەکردنی ژن، سڕینەوەی یاسای زۆرەملێ و

توندوتیژی و زۆر لایەنی تر، کە هەمیشە ژنان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بووبێت یان ناڕاستەوخۆ، بوونەتە قوربانیی کەلتووری عەقڵییەتی پیاوسالاری و لایەنە توندڕەوە محافزکار و ئیسلامییە سیاسییەکان.

بەڵام ئەوەی تا ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەدەست هاتووە، وێڕای ناجێگیریی سیستەمی حوکمڕانی و سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی دادوەری، لەوانە: چەسپاندنی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕێژەی 30% کەمتر نەبێت و لە ئەنجومەنی پارێزگەکان لە 25% کەمتر نەبێت. هەموارکردن و دەرکردنی چەندین یاسای تایبەت بە ژنان لەوانە: باری کەسێتی، توندوتیژیی خێزانی و خەتەنەکردن و هتد. بوونی چەندین دامەزراوەی حکوومی و ناحکوومی بە مەبەستی داڵدەدانی ژنانێک کە هەڕەشەی کوشتن و توندوتیژییان لەسەرە و چەندینی تر، کە بێ گومان هیچ کام لەم دەستکەوتانە بێ ڕێگری و باجدان نەبووە؛ ئەوانە جگە لەوەی گرنگ و کەمبایەخ نین، بەڵام زۆری تریش ماوە.

بۆیە خەباتی ژنان لە کوردستاندا درێژەی هەیە بۆ هێنانەدیی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ مرۆڤەکان و کۆمەڵگەیەک کە کەرامەتی مرۆڤەکان وەکیەک تیایدا پارێزراو بێت، بێ هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی، مەزهەبی، ئایینی و ...، هێنانەدی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی ژنان کە یەکگرتووانە تەنیا بەرژەوەندییەکانی ژنان بخەنە پێش هەموو شتێکەوە.

**سەرچاوەکان:**

1. ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژاوادا، ڕەسول سوڵتانی
2. سایتی ویکیپیدیا، هاوسەر

# مێژووی توندوتیژی
# لێکەوتە و چارەسەرەکانی

توندوتیژی بەگشتی یەکێکە لە دیاردە قێزەون و پڕ لە هەڕەشەکان سەبارەت بەو دەستکەوتانەی، مێژووی مرۆڤایەتی بەدەستی هێناون. ئاشکراترین جۆرەکانی توندوتیژیی بەرامبەر بە ژنان، لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە ئەنجام دەدرێن، کە پرسێکی هەستیارە و، پێویستە لە چەندین گۆشەنیگاوە قسەی لەسەر بکرێت، چونکە بە درێژاییی مێژوو، ژنان چەوسێنراونەتەوە و وەک کاڵا سەیر کراون و جیاکارییان لەگەڵدا دەکرێت.

لە جیهانێکدا، کە نەک هەر سووکایەتی و توندوتیژی، بەڵکوو جەنگ و کوشتار و تیرۆر بوونەتە سیمایەکی دڵتەزێنی کۆمەڵگەی مرۆیی، لە نێوەندی قوربانیانی جەنگ و کوشتار و تیرۆر و ئاکامە وێرانکەرەکانیدا، لە بێکاری و ئاوارەیی و بێمووچەیی و نەمانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا، ژنان قوربانیی یەکەمن. وێڕای سەرهەڵدانی سەدەی بیست و یەک و هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەدەستی هێناون و، لە سەردەمی پێشکەوتن و جیهانیبووندا، هێشتا نەتوانراوە مرۆڤایەتی بەرەو ڕێگەی ئاشتی و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی هەنگاو بنێت. لەم پێشکەوتنەی ئێستایشدا زۆرێک لە دیاردە کۆن و پاشماوەکانی سەردەمی ڕابردوو بەدی دەکرێن، کە پێشتر کۆمەڵگەیان کۆت و قێزەون کردبوو.

**توندوتیژی:**

توندوتیژی، دیاردەیەکی شاراوە و نادیار نییە، بەڵکوو جیهانییە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کەلتووری، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، سیاسی و ئابووریی هەیە. کات و شوێنی تایبەتی نییە و سنووری شوێنێک، یان وڵاتێک، یان کیشوەرێکی نییە، واتە سنووری جوگرافیی نییە. ژنانیماڵەوە و دەرەوە، خوێندەوار و نەخوێندەوار، دەوڵەمەند و هەژار، بەڕێوەبەر، یان فەرمانبەرێکی ئاسایی، جوان و ناشیرین، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دواکەوتوو دەگرێتەوە و، هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان تووشی توندوتیژیی جەستەیی، یان دەروونی، یان سێکسی دەبنەوە، لە لایەن باوک، مێرد، برا، کوڕ، مام و خاڵ و هی ترەوە.

**توندوتیژیی دژی ژنان:**

بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1993دا، توندوتیژیی دژ بە ژنان بریتییە لە: «هەر جۆرە توندوتیژییەک کە ببێتە هۆی زیان و ئازاری جەستەیی، یان دەروونی، بە مەبەستی زیانگەیاندن، یان بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ژنان، چ لەناو خێزاندا بێت و، چ لەناو کۆمەڵگەدا، کە دەتوانرێت بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا، یان هەڕەشە و زۆرەملێ ئەنجام بدرێت.»

**توندوتیژییەکان لە ئاست جیهاندا چیمان پێ دەڵێن؟**

بەپێی زانیارییەکانی هێڵە تەلەفۆنییەکانی تایبەت بە یارمەتیی ژنان لە شاری ئۆپسالا، لە کاتی ئاساییدا نزیکەی

70 زەنگی تەلەفۆنی دێت و داوای یارمەتییان لێ دەکرێت، بەڵام لە کاتی دوای پشووی هاویندا و لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کاردا ژمارەی داوای یارمەتییە تەلەفۆنییەکان ڕۆژانە دەگاتە 100 پەیوەندی. واتە دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان، لە دوای پشووی هاوین زیاد دەکات. 16% بۆ 25%ی ژنان لە جیهاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، کە لە ترسان و لە برسان، یان لە شەرمان ناوێرن باسی لێوە بکەن و زیاتر بێدەنگی هەڵدەبژێرن.

بەپێی ئامارە جیهانییەکان، ساڵانە چەندین هەزار کچ لەسەرتاسەری جیهاندا خەتەنە دەکرێن. ئاماری سندووقی کۆمەڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەراوردی کردووە کە ساڵانە (5000) ژن لە سەرتاسەری جیهاندا لە لایەن خێزانەکانیانەوە بە هۆکاری نامووسی دەکوژرێن. لە هەر 5 ژن، ژنێک ڕۆژانە دەستدرێژی، یان هەڕەشەی دەستدرێژیی سێکسیی دەکرێتە سەر. 47%ی ژنانی ئۆردن بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە. 30%ی ژنانی ئەمریکا لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی دەبنەوە و، 95%ی قوربانیانی توندوتیژی لە فەڕەنسا، ژنانن. لە هەر 10 کەس لە قوربانیانی توندوتیژی لە وڵاتی هیند، 8 کەسیان ژنن. 60%ی نیشتەجێبووانی کەناری ڕۆژاوا و غەزە ڕووبەڕووی هەڕەشەی جەستەیی و سوکایەتی و دەستگیرکردن دەبنەوە.

ساڵانە لەسەرتاسەری جیهاندا هەزاران ژن بەزۆر، یان بە فریودان، یانیش بە بیانووی پەیداکردنی هەلی کارکردن، لە لایەن باندەکانی لەشفرۆشییەوە تووشی لەشفرۆشی دەبن و

بۆ بژیوی ژیان، یان هەندێ جاریش وەک خوویەک، دەست بە لەشفرۆشی دەکەن و لە هۆتێل و بارەکان و خانووکانی تایبەت بە لەشفرۆشیدا کار دەکەن. لەشفرۆشەکانیش زۆربەی کات تووشی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و سێکسی دەبنەوە. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئاماژەی بەوە داوە، کە ڕێژەی 7%ی ژنان لە نێوان تەمەنی 15 بۆ 44 سالآن لە سەرتاسەری جیهاندا بە دەست دیاردەی توندوتیژییەوە دەناڵێنن.

**ئامارەکانی هەرێمی کوردستان:**

لە ساڵی 2015دا 55 کوشتن، 64 خۆکوشتن، 198 سووتان، 125 خۆسووتاندن، (6636) ئەشکەنجە و سکالآ و، 124 دەستدرێژی لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە.

لە ساڵی 2016دا 46 کوشتن، 73 خۆکوشتن، 223 سووتان، 94 خۆسووتاندن، (6679) ئەشکەنجە و سکالآ و، 108 دەستدرێژی تۆمار کراون. لە کاتێکدا گەر ئامارەکانی ساڵی 2016، بە ساڵی 2015 بەراورد بکرێن، لە کۆی گشتیدا توندوتیژییەکان 79 حاڵەت کەمیان کردووە، بەڵام بەپێی جۆرەکان، خۆکوشتن بە 9 حاڵەت و سووتانیش بە 25 حاڵەت زیادیان کردووە.

لە 3 مانگی ساڵی 2017شدا 10 ژن کوژراون، 14 حاڵەتی خۆکوشتنی ژنان تۆمار کراوە، 14 ژن خۆیان کوشتووە و، 30 حاڵەتی دەستدرێژیکردنە سەر ژنانیش هەبووە. سووتان بریتی بووە لە 72 حاڵەت و، خۆسووتاندنیش

37 حاڵەت. لە کاتێکدا کە کۆی سکاڵاکردن لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا بریتی بووە لە (1888) حاڵەت. لە پاڵ حاڵەتەکانی کوشتن و خۆکوشتندا، دەیان و سەدان حاڵەتی توندوتیژیی بەرامبەر بە ژنان لە شێوەی دەستدرێژیی سێکسی و سووتان و خۆسووتاندا تۆمار کراون؛ تەنانەت تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لە لایەن ژنانەوە بەرامبەر بەو دەستدرێژییانەی کراوەتە سەریان، هیچ داکشانێکی بەخۆوە نەدیوە. لە ماوەی ساڵی 2014دا (6673) سکاڵا هەبووە و، لە ساڵی 2015دا ڕێژەکە بۆ (7436) سکاڵا بەرز بووەتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە تەنیا لە 6 مانگی سەرەتای ساڵی 2015دا بەدیاریکراوی (2942) سکاڵا لە لایەن ژنانەوە تۆمار کراوە.

**مێژووی سەرهەڵدانی توندوتیژی:**

دانانی ڕۆژی 25ی نۆڤەمبەر، وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، بە هۆی شۆڕشی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە بەرامبەر سەرمایەداری و حکوومەتەکانی ژێر چەپۆکی سەرمایەداریدا هاتە ئاراوە. ٤٥ ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، 3 خوشکی خەڵکی کۆماری دۆمینیکەن، بە ناوی «خوشکانی میرابیل»، لە دوای چەندین مانگ ئەشکەنجە، سەرەنجام لە لایەن ڕێکخراوی ئەمنیی سوپای ئەو وڵاتەوە کوژران. «تاوان»ی ئەو 3

خوشکە، بەشداریکردن بوو لە چالاکییە سیاسییەکانی دژ بە حکوومەتی دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر دۆمینیکەندا.

٢١ ساڵ لە دوای ئەم ڕاستییە، واتە ساڵی 1981، لە کۆنفرانسێکدا لە بۆگۆتا، پایتەختی کۆلۆمبیا، کە لە لایەن داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و ناوچەی کارائیب بەسترابوو، پێشنیاری ئەوە کرا کە ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابیل، بکرێتە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان. ئامانج لەو پێشنیارە ئەوە بوو، کە ڕێز لە خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و بوێریی ئەم 3 خوشکە گیانبەختکردووە بگرن و، سەرنجی بیری گشتی بەرەو لای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان ڕابکێشن. ئەم هەوڵانە، بوونە هۆی ئەوەی کە ساڵی 1999 ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕۆژی 25ی نۆڤەمبەری، وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان بەڕەسمی ناساند. ساڵێک دواتریش، واتە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەنجومەنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەی 1325ی بە ناوی «ژنان، ئاشتی و ئاسایش» پەسەند کرد. ئەم بڕیارنامەیە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی کردەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان ڕاپێچی دادگە بکرێن. لە ماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا، واتە لە کاتی بڵاوبوونەوەی بڕیارنامەکەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی 25ی نۆڤەمبەر، بە خۆپیشاندان و ڕێپێوان، گەلاڵە و ڕێکاری کارە یاساییەکان و مافەکان و، بەڕێوەبردنی چەندین سمیناری زانستی و پسپۆڕی، چالاکییەکانی ئەو ڕۆژە بەڕێوە دەبات.

**هۆکارەکانی  توندوتیژیی دژ بە ژنان:**

١- هۆکاری ئابووری: بەگشتی ژنان سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆیان نییە؛ ئەگەر هەیشیان بێت، زۆربەی جار پیاو دەستی بەسەردا گرتووە. لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا وا باوە، کە دەبێ ژن چاوی لە دەستی پیاو بێت. بەگشتی کۆمەڵگە قبووڵی ناکات ژن کار بکات و داهاتێک بۆ خۆی پەیدا بکات. بۆیە لاوازیی باری  ئابووری، یان هەڵاوسانی  ئابووری و گرفتە ئابوورییەکان، وا دەکەن مرۆڤەکان بەرەو توندوتیژی هەنگاو بنێن و ڕق و کینەی خۆیان بە توندوتیژی بەسەر ژندا خاڵی بکەن. سەرباری ئەوەیش، «نەفەقە»ی پیاو بۆ ژن، هۆکارێکە بۆ بچووککردنەوەی ژن و هێنانەئارای توندوتیژی لە دژی ئەو.

٢- هۆکاری ڕۆشنبیری: هەستنەکردن و نەزانینی ژن سەبارەت بە ئەرک و مافەکانی لە لایەکەوە و، نەزانینی لایەنی بەرامبەریش لەبارەی ئەو مافانەوە لە لایەکی ترەوە، سنووربەزاندن و توندوتیژی دێنێتە ئاراوە. وێڕای جیاوازیی ئاستی ڕۆشنبیری لە نێوان هاوسەرەکاندا، بەتایبەت ئەگەر ژن لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی باڵاتردا بێت، وەک کاردانەوەیەک پیاو هەوڵ دەدات بە جنێودان و بەکەم سەیرکردن و بچووککردنەوەی ژن، لاوازییەکەی خۆی بشارێتەوە.

٣- هۆکاری پەروەردەیی: پەروەردەی توندوتیژ، تاکی توندوتیژ بەرهەم دەهێنێت. ئەگەر تاک قوربانیی دەستی توندوتیژی بێت، ئەوا خاوەنی کەسایەتییەکی لاواز و

متمانەبەخۆنەبوو دەبێت؛ بۆیە لە داهاتوودا ئەو کەسانە هەوڵ دەدەن توندوتیژی بکەنە فاکتەرێک، تا لاوازییەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە و دواتریش هەر توندوتیژیی لێ دەکەویتەوە. ئەم جۆرە توندوتیژییە بە ڕێژەی ٨٣٪ بەرچاو دەکەوێت. بینەری توندوتیژیی پەیڕەوکراو لە لایەن باوکەوە لە دژی دایک، لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردە دەکرێت کە ڕێز بۆ بەها دانەنێت و شێوازێکی توند لە ڕەفتاریدا جێبەجێ بکات؛ ئەمەیش لە ڕێژەی ٣٩٪ی حاڵەتەکاندا بینراوە.

٤- هۆکاری ژینگەیی: لەو گرفتە ژینگەییانەی کە گوشار دەخەنە سەر مرۆڤ، بریتین لە جەنجاڵی، نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، زیادبوونی دانیشتووان و هی تر. لەو ژینگەیەدا، مرۆڤ تێک دەشکێت و، هاندەر نییە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان و دەستەبەرکردنی کاری شیاو بۆ لاوان؛ ئەمەیش پاڵنەرە بەرەو توندوتیژی و هەڵچوون لە بەرامبەر کەسێکی لاوازتردا، کە ئەویش ژنە.

٥- خراپ بەکارهێنانی سیستەمی تەکنەلۆژی: ئەو سیستەمەی کە بەهۆی خراپبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و مۆبایلەوە، بۆتە دەرەنجامی چەندین حاڵەتی کوشتن و توندوتیژی. هەزمنەکردنی تەکنەلۆژی و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، ڕێگر بووە لەوەی مرۆڤ لەگەڵ گەشەی فیکریدا بڕوات.

٦- لاوازیی جێبەجێکردنی یاسا: بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە، تا ئێستا عەقڵییەتی خێڵ بەڕێوەیان دەبات. ئەم ڕاستییەیش

له هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا خێڵایەتی دەسەڵاتی هەبێت، یاسا کەمتر دەتوانێت خۆی بسەپێنێت .

٧- نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی نوێ: ئەم دیاردەیە وای کردووە بەرنامەیەکی تۆکمەی بەهێز لە سیستەمی پەروەردەییدا نەبێت، کە بە ڕیتم و شێوازێکی جیاواز تاکەکان وەک مرۆڤ و بەبێ جیاوازی پەروەردە بکات.

٨- نەبوونی هێزێکی ڕێکخستن و یەکگرتووی ژنان، کە لە بەرامبەر داوا و مافەکانیاندا یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن؛ هەروەها دابونەریت و کەلتووری کۆمەڵگە، کە پێی وایە دەبێ ژن ملکەچی زۆر شت بێت.

٩- خودی ژن: ژنان بە ئامرازێکی سەرەکیی هەندێک لە جۆرەکانی توندوتیژی لە قەڵەم دەدرێن. هەر بۆیە کاردانەوەی ژن لە پەسەندکردن و چاوپۆشیکردن و بێدەنگیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەوەیش هانی بەرامبەر دەدات، کە زیاتر ژن بچەوسێنێتەوە. بێ گومان بێدەنگبوونیشی هۆکاری زۆرە.

١٠- دەسەڵاتی حوکمڕانی: توندوتیژیی حکوومەت و دەسەڵاتەکانی، بازنەی توندوتیژی فراوانتر دەکات؛ ئەگەر ئەو دەسەڵاتە لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی باڵاتردا بێت، ئەویش لە ئاکامی پاڵپشتیکردن لەو یاسایانەی ژنان دەچەوسێننەوە، یان پشتگیریکردن لەو کەسانەی کە جێبەجێکاری ئەو یاسایانەن، هەرچەند هۆکار و پەیڕەوکەرانیشیان جیاواز بن.

**ئاسەواری توندوتیژی:**

بەپێی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان، توندوتیژیی دژی ژنان جگە لەوەی کاریگەری و ئاسەواری خراپی دەبێت لەسەر ژن، وەک تاکیش کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداری لەسەر تەندروستیی خێزان و منداڵ و کۆمەڵگە دەبێت و، دەبێتە هۆی ئەوەی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەیش لێک بترازێت. جۆری توندوتیژیی دەروونــی، کاریگەرییەکەی قووڵتر و مەترسیدارترە لە توندوتیژیی جەستەیی، کە ئاسەوارەکەی تەنیا بەسەر جەستەوە دیارە. کاتێک کەسێک تووشی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبێت زیاتر گۆشەگیر، بێزار، خەمۆک و ڕاڕا دەبێت و ئەگەری خۆکوشتن و خۆسووتانی لە ئارادایە، چونکە ئاسەوارەکەی شاراوەیە و بەرجەستە نییە و، تەنانەت هێندە دووچاری ئاڵۆزی و گرێی دەروونی دەبێتەوە، کە لە قۆناغ بە قۆناغی تەمەنی مرۆڤەکاندا بە شێوەی جیاجیا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

**جۆرەکانی توندوتیژیی دژی ژنان:**

جۆرەکانی توندوتیژیی دژ بە ژنان زۆر و جۆراوجۆرن، لەوانە:

1. توندوتیژیی جەستەیی: هەموو جۆرە توندوتیژییەکی فیزیکی بەرامبەر بە ژنان دەگرێتەوە، وەک: لێدان، سووتان، کوشتن و گرتن و بەستنەوە، چنگڵگرتن، ڕاکێشانی قژ، دەرکردن لە ماڵ، بێبەشکردن لە خواردن، گازلێگرتن، مشت و شەقلێدان و پاڵپێوەنان.

2. توندوتیژیی دەروونی: ئەم جۆرە توندوتیژییە بەڕواڵەت هیچ نیشانەیەکی دەرەکیی نییە، بەڵکوو ناوەکی و دەروونییە و شموولی سووکایەتیپێکردن، تانە، توانج، جنێوپێدان، شەڕی دەروونی و بێبەشکردن لە سۆز و خۆشەویستی و بەکارهێنانی زمانی ڕەقوتەق و هەڕەشەوگوڕەشەیە و، لە قسەی ناحەز و سووک و تۆمەتدانەپاڵ و بەهانەگرتنی زوو زوو و قسەنەکردن لەگەڵ یەکتر و لاوازیی خۆشەویستی و ڕەخنەگرتن  لە شێوەی جەستە و جلوبەرگی ژناندا خۆی دەبینێتەوە.

3. توندوتیژیی سێکسی :ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لە لایەن مێرد و کەسوکاری نزیکی ژنانەوە دەکرێت و ژنان تووشی شۆک و زیان دەکات و، دووگیانبوونی ناشەرعی و زۆرەملێ و لەباربردنی منداڵ لەخۆ دەگرێت.

ژنانی بەندکراو، هەندێ جار بە بیانووی لێپێچینەوەوە، دەکەونە بەر توندوتیژیی سێکسی و دەروونی و جەستەیی و ئەشکەنجەدران و تانەوتوانجلێدران و هەڵواسران و بەقژڕاکێشران و داغکران و هتد .

ژنانی کارەکەری ماڵان، یان دامودەزگاکان، بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە. هەندێ خاوەنکار، یان بەڕێوەبەر، بە چاوی تەماحەوە سەیریان دەکەن و چ لە بواری سێکسی، یان دەروونییەوە توندوتیژییان دەرهەق دەکەن و زۆر جاریش ژنان لە ڕووی ناچارییەوە مل بۆ ئەو کارانە دەدەن، چونکە بە ملنەدانیان تووشی کۆمەڵێک تۆمەت و قسەوقسەلۆک دەبنەوە.

4. توندوتیژیی خێزانی: باوترین شێوەی توندوتیژییە کە تێیدا کچان و ژنان بە کۆمەڵێک بیانووی پڕوپووچ و دواکەوتووانە بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە. دڵپیسی و ڕەزیلی، دوو هۆکاری سەرەکین و، هەندێ جار نەزۆکییش دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ توندوتیژیی دژی ژنان. گیرۆدەبوونی پیاوان بە مادده سڕکەرەکان و تەمبەڵی و کارنەکردن و تووڕەبوون و ناهۆشیاریی پیاوانیش هۆکارێکە بۆ توندوتیژی.

5. توندوتیژیی کۆمەڵایەتی: زۆر جار بە بیانووی لادان لە نەریتی باب و باپیران و لەکەدارکردنی شەرەف و نامووسی خێزان و هەڵسوکەوتی نەشیاو و ئابڕووبەرانەوە، ژنان لە لایەن باوک و برا و مێرد و کەسوکارەوە تووشی توندوتیژی دەبنەوە. هەندێ جاریش بەتوندی دەکەونە ژێر چاودێری و، هەموو ئازادییەکیان لێ زەوت دەکرێت، کە بەزۆر بەشوودان و بەزۆر جلوبەرگی تایبەت لەبەرکردن و بێبەریکردن لە میرات و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە دەگرێتە خۆ.

6. توندوتیژیی ئابووری: ئەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن، ئەگەرچی هەمان ئەرک و کاری پیاوان دەکەن، بەڵام دەشێت مووچەیەکی کەمتر لە هی پیاوانیان بدرێتێ و، زۆر جار لە لایەن بەڕێوەبەر، یان هاوکارانەوە، چ لە لایەنی جەستەییەوە بێت، یان لە لایەنی دەروونییەوە توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە، یان لە ماڵەوە لە لایەن مێردەکانیان، یان کەسوکاریانەوە بە توندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەندێ کاتیش ژنان لە میرات بێبەری دەکرێن،

یان نیوەی میراتی پیاوان وەردەگرن و لە مافی سروشتیی خۆیان دوور دەخرێنەوە. هەندێ لە پیاوان بە کەڵکوەرگرتن لە هۆکاری دارایی و ئابووری، ژنیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و دەیانچەوسێننەوە و ڕێگە لە سەربەخۆییی دارایی هاوسەرەکانیان دەگرن و، بە نەدانی خەرجیی ماڵ و بەکارهێنانی پارەکانیان، کێشە و نەهامەتیی داراییان بۆ دروست دەکەن.

7. توندوتیژیی یاسایی: تەڵاق، فرەژنی، سیغە (موتعە)، پەیوەندیی دوور لە چاوی ژن و پەروەردەی منداڵ، ڕێگریکردنی پیاو لە جیابوونەوە، ڕێگەگرتن لە گەشەی فیکری، پەروەردەیی و بەشداری لە چالاکیی کۆمەڵایەتی، جۆرێکی ترە لە توندوتیژی، کە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی پەیوەندیی ژن لەگەڵ کۆمەڵگە، خێزان و هاوڕێ و دەوروبەری.

### هەڵوێستی ژنان لە بەرامبەر توندوتیژیدا:

زۆربەی کات ئەو ژنانەی توندوتیژییان لەگەڵدا دەکرێت، بەدوور لە ویستی خۆیان، حەز ناکەن، یان ناوێرن سکاڵا لای پۆلیس، یان ڕێکخراوی ژنان تۆمار بکەن. هەر بۆیە ناچارن بێدەنگ بن، چونکە ئەگەر وا نەکەن بەرەوڕووی توندترین شێوەی توندوتیژی دەبنەوە و ئەگەری کوشتنیان لێ دەکرێت. هۆکاری بێدەنگبوونیشیان زۆرە، لەوانە: بێبەشبوون لە پشتیوانیی کەسوکار، بێشوێنی و بێماڵی، زامننەکردنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری، کەلتووری عەیبە، بەسووک سەیرکردنی ژنان، بڕواپێنەکردن و بێپشتیوانیی یاسایی و هتد.

**چارەسەرەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی:**

١- کارکردن لەسەر فەلسەفەیەکی نوێی پەروەردە، کە تێیدا بەها و یەکسانیی ڕەگەزی لە بەرنامەی پەروەردەدا ڕەنگ بداتەوە.

٢- ڕیفۆرمێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئایینی، کە ڕێزی زیاتر لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی مرۆڤ بگرێت.

٣- ڕەخساندنی بواری زیاتر بۆ ژنان، تا بتوانن لە نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا ڕۆڵیان هەبێت.

٤- هەماهەنگی و یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی لە نێوان سەرجەم ڕێکخراو و سەنتەرەکانی ژناندا لەسەر مافە ڕەواکانی خۆیان.

٥- دارشتنەوەی پلانی حکوومەت و پێداچوونەوەی بە ستراتیژ و بەرنامەی تایبەتی خۆیدا سەبارەت بە دۆخی ژنان.

٦- کارکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە فەلسەفە و ستراتیژێکی پەروەردەییی نوێ، کە ببێتە دەروازەیەکی کاریگەر بۆ ئەو هۆکارە جۆربەجۆرانەی دەبنە جیاکاریی نێوان ڕەگەزەکان.

**سەرچاوە:**

1. مفهوم العنف ضد المرأة وجذوره التاريخية، مها بنت المانع.

2. العنف ضد المرأة الأسباب والنتائج ، حسين درويش العادلي.

# ژنان لە نێوەندی
# بانگەشەی هەڵبژاردندا

لای هەموان ئاشکرایە لە هەموو وولاتانی جیهاندا پارتە سیاسییەکان رۆڵی سەرەکی دەگێڕن بۆ کێبڕکێکردن لە سەر کورسییەکانی پەرلەمان و دواجار بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی لای هەر حزبێکی دیاریکراو کە دەبێتە سەنگی مەحەک و دەتوانێت بچێتە دەسەڵاتەوە و زۆترین دەنگەکانی ببێتە واقع بۆ وەرگرتنی پۆستەکان لە دەسەڵاتی حوکمڕانیدا.

ئاشکرایە لە سەروبەندی هەموو هەڵبژاردنێکدا چ لە ئاست عێراقدا بێت یان لە کوردستان وەک هەموو وولاتانی دیکە، هەمیشە ململانێ و کێبڕکێکان دێنە ئاراوە، بەڵام بەگشتی ئەوەی لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا زیاتر دەبێتە جێی باسکردنی گەرم و تەنانەت دەگاتە ئاستی توندوتیژییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر؛ تا رادەی هێرشکردنە سەر کەسایەتی و هەوڵدان بۆ ناوزڕاندنیان بە شێوازی جیاجیا بریتییە لە هێرشکردنە سەر کەسایەتی کاندیدانی ژنان. لە کاتێکدا گرنگترین مەرجەکانی هەڵبژاردنی دادپەروەرانە، بریتییە لە بوونی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو ئەوانەی بەشدار دەبن لە کێبڕکێی دەنگی خەڵکدا کە بێگومان فاکتەری ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەروونی و تەنانەت کەناڵە میدیاییەکان هەر یەک بەشێوەیەک رۆڵ دەگێڕن لە سەرکەوتن یان شکستی کاندیدان و لیستە

براوەکاندا؛ سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەگشتی ناهەوسەنگی و نابەرابەرییەکی زۆر هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان ڕەگەزەکاندا کە بەردەوام دەبێتە ڕێگری و ئاستەنگێکی زۆرو گەورەی بەردەم ژنانی کاندیدو تەنانەت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کە هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی ئەو نابەرابەرایەتییانە فرە هۆکارە و لە هەمان کاتدا گرێدراوو تەواوکەری یەکترە بۆ کەم کردنەوە یان زیاترکردنی دیاردەکە.

**هۆکارەکان:**

هۆکاری ناوزڕاندن یان سوکایەتیکردن و هەڵمەتی جۆربەجۆری دەستدرێژیکردنە سەر کاندیدانی ژنان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا فرەهۆکارە؛ لەوانە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەلتورو دابونەریتی کۆمەڵایەتی، شەرم کردن و ترس و بێ متمانەیی خودی ژنان بە توانی خۆیان ، هەروەها باوەڕنەبوونی تاکەکانی کۆمەڵ بەتایبەت پیاوان بە توانای ژنان، جگە لە بە ئەرک نەزانینی بواری سیاسەت بە کاری ژنان و نەبونی ئابوری سەربەخۆ.هتد

بۆ نموونە؛ لە ڕووی ئابورییەوە پیاوان زیاتر سەربەخۆترن و توانای داراییان باشترە لە ژنان، بۆیە یەکێک لە جیاوازییەکانی بەدی دەکرێت لەکاتی بانگەشەکاندا کەمیی هەڵواسینی وێنە و بڵاوکراوەی ژنانی کاندیدە زیاتر لە پیاوان؛ هەروەها کەمی پۆستەرو کارتی بانگەشکردنیان و کەمی سەردانیکردنیانە بۆ شوێنە

جیاوازەکان لە سنوری جوگرافی دەنگدانیاندا؛ بەهۆی کەمی پارە و دۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە، جگە لەوەی بەهۆی کەلتوری کۆمەڵایەتییەوە پیاوان لە ژنان زیاتر دەتوانن سەردانی زۆرێک لە شوێنە گشتییەکان بکەن؛ وەک مزگەوت و چایخانە و هتد بەدەر لەوەی لە رووی کاتیشەوە پیاوان دەرفەت زیاتر بۆیان کراوەیە لە هەر کاتێکدا بێت بە تایبەت لەکاتی شەواندا دەرفەت بۆیان واڵاترە و دەتوانن بێ هیچ دوودڵی و سڵەمینەوەیەک هاتوچۆ و سەردان بکەن، هەموو ئەوانەش بۆ عەقڵیەت و کەلتوری کۆمەڵ دەگەڕێتەوە.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی بانگەشەی ژنان لە سێ رووی سەرەکییەوە جیاوازی لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە شوێن، کات و شێوازی بانگەشەکردنەوە؛ هەموو ئەوانەش بەهۆی دابو نەریتی گشتی کۆمەڵگەوەیە؛ ئەمە وێڕای ئەوەی هەندێ جاریش پیاوان تەنها وەک لایەنی سێکس و مێینەبوونەوە سەیری ژنان دەکەن و ئەو تێڕوانینانەیشە وا دەکات زۆر جار گەمە بە وێنەکانیان بکەن یان کاتێک ژنان سەردانی شوێنە گشتییەکان دەکەن گەمەو گێچەڵیان پێ بکرێت بۆ نموونە؛ پێیان دەوترێت لەبەر ئەوەی جوانی دەنگت دەدەینێ، یان دەوترێت زۆر جوانیت و یاخود ماچی وێنەکانیان دەکەن و بەچاوی سێکسییەوە سەیریان دەکرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، بێگومان هەموو ئەوانەش لە دەرئەنجامدا ئاسەواری ناخۆشی جۆراو جۆرو بە شێوازی جیاواز لەسەر کەسایەتی کاندیدەکان رەنگدانەوەی دەبێت

و بەهۆیەوە دووچاری چەندین کێشە و گرفتی جیاواز دەبنەوە لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە.

بۆ نموونە؛ دوا هەڵبژاردنەکانی حزبەکاندا لە ئاست هەرێمی کوردستان و عێراق کە لە رۆژی 2018/5/12 بەڕێوە چوو، بەپێی داتاکان لە سەرتاسەری عێراقدا 6904 کەس خۆیان کاندید کرد، لەو ڕێژەیە 2054 کاندیدیان ژنن، وەهەرێمی کوردستان 46 کورسی بۆ دیاری کراوە، 510 کەس خۆیان کاندید کردووە کە لەوانە 148 کەسیان ژنن و 362 کەسی تریان پیاون، بێگومان ئەوەش بەپێی دەستورو یاسا دیاری کراوە بەوەی ژنان نابێت لە 25% کەمتر بێت، ئەگەرچی بەشێکی زۆری حزبەکان لەو ڕێژەیە زیاتر دانانێن.

بە دیوێکی دیکەدا سیاسەتی زۆرێک لە حزبە سیاسییەکان لە کێبڕکێکانیاندا بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی بە شێوازی جیاجیا، ژنان بەکاردەهێنن، ئەگەرچی لە لایەکی ترەوە پێویستییان بە دەنگی ژنانیش دەبێت؛ بەڵام یەکێک لەو شێوازانەش گرتنە بەری ئەم دەروازەیەیە؛ بەمەبەستی شکاندن و ناوزڕاندنی حزبەکانی بەرامبەری تا نیشانی کۆمەڵگەی بدەن کە کاندیدەکانیان شیاو نین و دەنگیان پێ نەدەن، و لە هەمان کاتدا ژنانی دیکە راچڵەکێنن و بیانوەستێنن کە چیتر بسڵەمێنەوەو لە بواری سیاسی دووربکەونەوە کە بێگومان سەرجەم ئەو بۆچوون و هۆکارانە یەکانگیر دەبێتەوە لەگەڵ عەقڵیەت

و کلتوری باوی کۆمەڵ بەگشتی، ئەمە  بەدەر لەوەی پەیڕەوو پرۆگرامی حزبەکان بەگشتی ئەم نەریتە رەت دەکەنەوە و بە شێوازی جۆربەجۆر پشتیوانی ژنانیان خستۆتە ڕوو و لە کارنامەکانیاندا نوسیویانەتەوەو باسی لێوە دەکەن و بگرە هەموو کات بە گرنگترین خاڵی بەهێزکردنی بانگەشە و نیشاندانی رووی دیموکراسی نیشانی دەدەن، بەڵام دەرئەنجام عەقڵیەتی زوربەی سەرکردەو کادرەکانی  نێو حزبە سیاسییەکانیش هەمان ئەو فکرو باوەڕەیان هەیە و بە هەمان دیدی کۆمەڵ و کەلتوری جیاکارییانەوە سەیری ژنان دەکەن ، بۆیە لەکاتی هەڵبژاردندا دژ بەیەکتر بەکاری دەهێنن، بە ئامانجی تێکشکانی ئەویتر.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بیروباوەڕە دیموکراسییەکان بێت هەموو پەیوەندییە مرۆییەکان دەچێتە چوارچێوەی کاری شەخسییەوە و تایبەتمەندن بە خودی مرۆڤەکانەوە و بەپێی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤیش؛ مرۆڤەکان ئازادن و مافی هیچ کەسێک نییە سنورو مافی ئەویتر ببەزێنێت و هێرش بخاتە سەر کەسایەتی  بەرامبەر، بەڵام بەداخەوە هەوڵدان بۆ سوکایەتی و ناوزڕاندنی ژنان بەزۆری لەکاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا و بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆی سێکسی بۆتە دیاردەیەکی دیارو بە ئاشکرا و بە پلان کاری لەسەر دەکرێت لە لایەن کەسانێک و

تەنانەت حزبە سیاسییەکانەوە کە بێگومان مەبەست لێی بەکارهێنان و لێدان و سنوردانانە بۆ ژنان وەک رەگەز و لە هەمان کاتدا ئامانج لێی ترساندن و تۆقاندن و پاشەکشەپێکردنێتی لە پرۆسەی سیاسیدا بەگشتی، کە ئەمە بە دیوێکی تردا هێزو سەنگ و چوونەپێشەوەی زیاتری بەشداربوونی چالاکانەی ژنان نیشان دەدات لە نێوەندی  جومگەکانی سیاسەتدا، بۆیە لە بەرامبەریدا عەقڵیەتی پیاوسالاری مرۆڤەکان وێڕای هۆکاری سیاسی؛ وەک چەکێکی کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنن و دەیانەوێت لەو دەروازەیـەوە ژنان ملکەچ بکەن کە خۆیان بەدوور بگرن لە بواری سیاسەتدا، چونکە ئەو عەقڵیەتە متمانە و باوەڕی بە توانای ژنان لاوازەو بواری سیاسی بە کاری ژنان نازانن.

**هۆکارەکان:**

بە پلەی یەکەم خودی حزبەکان بەرپرسیارن لە بەرامبەر لێنەپێچینەوە و بێدەنگ بوون لە بەرامبەر ئەنجامدەرانی هەریەک لەو کردەوانە، چونکە بە هەموو پێوەرێک ئەو شێواز و مامەڵەکردنانە دوورە لە هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە بەداخەوە هیچ کۆمەڵێک لێی بێ بەش نییەو بگرە بەرێژەو شێوازی جیاجیا بوونی هەیە و ژنان دەکەنە ئامانج بۆ تێکشکانی یەکتری. ئەمە وێڕای هەموو ئەو کردەوانە دەرئەنجامی زاڵێتی عەقڵیەتێکی

پیاوسالارییە؛ بەشێوەیەک بۆتە کەلتورو باڵی کێشاوە بەسەر زوربەی ناوەندەکانی بوارە جیاجیاکاندا و هەروەها رەنگدانەوەی هەیە بەسەر نەک تەنها خودی پیاوان؛ بەڵکو ژنانیشی گرتۆتەوە؛ چونکە پەیوەستە بە کەلتورو سستمێکی پەروەردەیی کە خودی تاکەکانی لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی جیاکارییانە راهێناوە.

بەدیویێکی ترو خوێندنەوەیەکی تردا بوون و ئەنجامدانی ئەو هەڵوێستانە بە واتای پەیبردن دێت بە توانا و سەنگ و قورسایی ئەو ژنانەی کە هاتونەتە نێو مەیدانی سیاسییەوە، بۆیە ئەوەیە کە وا دەکات هیچ کات ئەو شێوازو رەفتارانە نەبێتە ترس و سڵەمینەوە لەبەردەم چوونە پێشەوەی ژنان لە بواری سیاسیدا؛ لەو روانگەیەی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵ گرێدراوی بەشداری چالاکانەی ژنانە و بڕیاری دروستیش بە بوونی ڕاو بەشداربوونی هەردوو رەگەز دێتە کایەوە، بۆیە نێوەندی بڕیارسازی عەقڵیەتی مرۆڤە بەتوانا و لێهاتووەکانی دەوێت، بێ هیچ جیاوازییەکی رەگەزی و ئایدۆلۆجی. هتد

### ئاسەوارەکان:

بێگومان هەموو کارێک کاردانەوەی هەیەو هەروەک چۆن هەموو هۆکارێکیش چارەسەری خۆی هەیە؛ بۆیە هەموو ئەو رەفتارو هەڵسوکەوت و هەڵوێستانە کاریگەری و ئاسەواری جیاواز بەجێ دەهێڵن. لەو روەوەیە بەداخەوە هەندێک جار دەبێتە هۆی پاشەکشەکردنی

ژنـان و ڕێگریکردن لێیان لە لایـەن کەسوکاریانەوە و هەندێک جاری تریش دەبێتە هۆی ئازاردان و تەنانەت بێ سەروشوێنکردن و کوشتنی ژنان؛ هەروەها کاندیدەکانی ژنان وایـان لێ دێت کە زیاتر بەشێوەی کۆتا دەربچن، یان دەبێتە وازهێنانی ژنـان لە سەرەتا یان لە نیوەی پرۆسەکەدا دەرئەنجامێکی ترە و هەروەها نائومێدی و بێ تاقەتی و بێزاری تا رادەی نەخۆشکەوتن و گرێ و ئاڵۆزی دەروونیش لایەنێکی ترە لە ئاسەوارەکان، جگە لە ترس و دڵەڕاوکێ و بێ متمانەیی.هتد

## چی بکرێت ؟

بە ئامانجی ڕێگریکردن لەو دیاردەیە، دەبێت ژنان بە بوێری و خۆڕاگری و متمانەوە ڕووبەڕووی بەربەستەکان ببنـەوە و ڕێگرییـەکان نەبێتە هـۆکار بۆ وەسـتان و پاشەکشەکردنیان لە پرۆسەکەدا، ئەگەرچی وێڕای هەموو ئەو تەنگەشـەو گرژی و ڕێگری و ململانێیانەی بۆ ژنان دەکرێت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا چ لە لایەن پیاوانەوە بێت، یان لە لایەن عەقڵیەتی پیاوسالاری کۆمەڵگەوە بێت یاخود خـودی ژنـان خۆیـانەوە، بـەڵام بەدیوێکی تردا ژنان کۆڵیان نەداوە؛ بەڵکو بۆ زۆرێکیان بۆتە کێبڕکێ و بەرەنگاربونەوەیەکی زۆر، لەو ڕوانگەیەی بەشداربونی کـاریگـەرانـەی ژنـان لـە پـرۆسـەی سیاسی بـە هەموو شێوازەکانیەوە هەر لە دەنگدان و خۆپاڵاوتنەوە تا دەگاتە

لوتكەی ناوەندی بڕیارسازی و هەرەمی سیاسی بە ناوەندە جۆربەجۆرەكانیوە گرنگیتی و كاریگەریتی خۆی هەیە؛ بۆیە ئەوەشە وایكردووە ریژەی بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەكاندا بۆ دەنگدان و لە ئاست كاندیدبونیاندا ریژەیەكی بەرچاو بیت و نەك تەنها رەزامەند نەبن بە ریژەی كۆتای 25% كەمتر نەبیت بۆ پەرلەمان عیراق و لە 30% كەمتر نەبیت بۆ پەرلەمانی كوردستان، بەڵكو هەوڵی زیاتری ریژەكەش بدەن و بگرە لە لایەك بۆ تیپەڕاندنی ریژەی كۆتا؛ بەو واتەیەی بێ كۆتا و بە دەنگی راستەقینەی خۆیان دەربچن و لە لایەكی دیكە هەوڵی داخوازی زیاتریان هەبیت وەك بونیان لە لوتكەی ناوەندی بڕیارداندا وەك سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكایەتی پارتە سیاسییەكان. هتد.

بۆیە كۆڵنەدانی خودی ژنان و باوەڕبوون و متمانەیان بە توانا و بەشداربونیان لە خودی پرۆسەكەدا كاریگەری و گرنگیتی و ئاسەواری باشی خۆی دەبیت تا بتوانن وینایەكی جوان و چالاك و گرنگی ژنان نیشان بدەن و ببنە مۆدیل و نموونەیەكی كاریگەری خەباتكردن لە بەشداری سیاسیدا و دەرئەنجام نەیەڵن نە بەكاربهینرین لە لایەن هیچ كەس و لایەنیكەوە و نە خۆشیان جەستە و مێینەبوونی خۆیان بكەنە كاڵا و بیكەنە دەروازەیەك بۆ سەركەوتنیان بەرەو ئامانجە كەسایەتی و بەرژەوەندییەكانیان.

# 8ی مارس
# مێژوویەکی پڕ لە خەباتی ژنان

### مەبەست لە ڕۆژی جیهانیی ژنان چییە؟

ڕۆژی جیهانیی ژنان بریتییە لەو ئاهەنگە جیهانییەی کە لە ڕۆژی (8)ی مارسی هەموو ساڵێکدا ساز دەکرێت و لەسەر ئاستی جیهاندا ژنان لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەوە ئاهەنگ بە دەستکەوتەکانەوە دەگێڕن؛ تەنانەت لە هەندێ وڵاتی وەک چین و ڕووسیا و کووبا، بەو بۆنەیەوە ژنان مۆڵەت وەردەگرن.

ئاهەنگگێڕان بەو بۆنەیەوە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ساڵی 1945 لە پاریس یەکەم کۆنگرە بۆ یەکێتیی ژنانی دیموکراتی جیهان بەسترا، کە پێک هاتبوون لە ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی تایبەت بە حزبی شیوعیی عێراق، کە یەکەم ئاهەنگی جیهانیی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی ژنان بوو. وێڕای ئەوەی هەندێ لە توێژەران ڕۆژی جیهانیی ژنان دەگەڕێننەوە بۆ ئەو نارەزایەتییانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شەقامەکانی شاری نیویۆرک بە هۆی ناچارکردنیان بۆ کارکردن ئەنجام دەدرا، لە کاتێکدا پۆلیس بە شێوەیەکی نامرۆڤانە و توندڕەوانە ڕۆڵیان لە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەراندا هەبوو؛ بەڵام ڕەوڕەوەی هەوڵەکان و خۆپیشاندانەکان سەرکەوتوو بوون، بۆ ئەوەی بەرپرسان و سیاسییەکان

بێنە پای مەسەلەی ژنان و ببێتە تەوەرەی باس و وتووێژ دەربارەی کێشەی ژنانی کرێکار.

**(8)ی مارس، چۆن بوو بە ڕۆژێکی جیهانی بۆ ژنان؟**

چیرۆکی (8)ی مارس، چیرۆکی ئەو ژنە سادە و ساکارانەیە، کە لە پاڵ پیاواندا هاوکار و یارمەتیدەر بوون لە دروستکردنی مێژوو و شارستانییەت و هێنانەدیی ئاشتیدا. بە درێژاییی مێژووی بوونی شارستانییەتە مرۆییەکان و، لەو کۆمەڵگەیانەی ژینگەکەی پڕاوپڕ بووە لە کوشتن و تیرۆر و دواکەوتوویی و جیاکاری و، جیاوازییەکان بوونیان هەبووە، هەمیشە ژنان، لە پێناو هێنانەدیی ئازادی بۆ هەمووان و بە ئامانجی یەکسانبوون و دادپەروەری لەگەڵ پیاواندا لە گشت بوار و مافەکانیاندا، بەتایبەتی مافە سیاسییەکانیان، خەباتیان کردووە و تا ئێستایش خەبات دەکەن.

بیرۆکەی ڕۆژی جیهانیی ژنان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، کە بە سەردەمی پیشەسازی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان ناودەبرێت، هاتە کایەوە. بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، واقعێکی تری هێنایە کایەوە تایبەت بە گەشەکردنی بیر و ڕای شۆڕشگێڕی.

لە ساڵی 1856دا هەزاران ژن لە شەقامەکانی شاری نیویۆرک، سەبارەت بەو بارودۆخە نامرۆڤانەیەی کە ناچاری دەکردن کار بکەن، نارەزایەتییان دەربڕی و خۆپیشاندانیان کرد؛ وێڕای ئەوەی پۆلیسەکان ناشرینترین و نەشیاوترین شێواز و ڕێوشوێنیان بۆ جیاکردنەوە و بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران لە یەکتری بەکار هێنا.

له (8)ی مارسی 1908دا هەزاران کرێکاری ژن له یەکێک له کارگەکانی ڕستن و چنین له شاری نیویۆرکی وڵاتی ئەمریکا خۆپیشاندانی فراوانیان له پێناو بەدەستهێنانی ماف و داواکانیان ئەنجام دا؛ بەڵام ئەمجارەیان خۆپیشاندەرەکان هەڵگری پارچەیەک نانی وشک و چەپکەگوڵ بوون و، لەگەڵیدا دروشمی «نان و گوڵ»یان بەرز کردەوە. لەم ڕێپێوانەدا ژنان چەند داوایەکیان بەرز کردبووەوە، کە له چەند خاڵێکی سەرەکیدا خۆی دەبینییەوە، لەوانە: کەمکردنەوەی کاتژمێری کار، له 16 کاتژمێرەوە بۆ 10 کاتژمێر، یەکسانی له کرێی کاری وەکیەکی لەگەڵ پیاواندا بێ جیاوازی، هەروەها چاککردنی دۆخی کارکردنی ژنان و پیاوانی کرێکار. ئەو خۆپیشاندانانە، بووە هۆی پێکهێنانی سەرەتای بزووتنەوەیەکی بەپەرۆشی ژنان لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەتایبەتی پاش ئەوەی کۆمەڵە ژنێک له چینی مامناوەند هاودەنگی و پاڵپشتیی ئەو خۆپیشاندەرانەیان کرد کە داوای یەکسانی و دادپەروەرییان دەکرد و، له هەمان کاتدا هەڵگری کۆمەڵە دروشمێک بوون کە داوای مافە سیاسییەکانی ژنانیان دەکرد، بەتایبەتی مافی هەڵبژاردن.

هاوشێوەی خەباتی ژنان له ئەمریکادا، وەک یادکردنەوەیەک بۆ ڕۆژانی خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1909 له نیویۆرک، ئاهەنگگێڕان له ڕۆژی (8)ی مارسدا دەستی پێ کرد. بۆیە ژنانی ئەمریکی له پاڵنانی وڵاتانی ئەوروپیدا بە هێنانەدیی 8ی مارس وەک ڕۆژی ژنان، یارمەتیدەر بوون و، پێشنیاری نوێنەرانی شاندی ئەمریکی وەرگیرا، کە بریتی بوو

لە ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی ژنانەوە و تەرخانکردنی ڕۆژێک لە ساڵدا بۆ  ژنان لەسەر ئاستی جیهاندا، پاش سەرکەوتنی ئەزموونەکە لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

تایبەتکردنی ڕۆژێک بە ڕۆژی جیهانیی ژنان، وەک جەژنێکی جیهانی بۆ ژنان، پاش ساڵانێکی زۆر هاتە دی؛ لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ساڵی 1977 ڕەزامەند نەبوو بە ئاهەنگگێڕانی (8)ی مارس وەک بۆنەیەک. بۆیە دواجار بڕیارێکی دەرکرد، کە تیایدا داوای لە سەرجەم وڵاتان کرد کە ڕۆژێک هەڵبژێرن بۆ ئاهەنگگێڕان بە ژنانەوە. بۆیە زۆربەی وڵاتان (8)ی مارسیان هەڵبژارد و، ئیدی ئەو ڕۆژە بووە هێمایەک بۆ خەباتی ژنان، کە بە هۆیەوە لە سەرتاسەری جیهاندا ژنان، بە مەبەستی داواکردنی داخوازی و مافەکانیان خۆپیشاندان دەکەن. سوپای ئەمریکا بە بەکارهێنانی چەک و ئەشکەنجەدانی خۆپیشاندەران، ڕووبەڕووی خۆپیشاندانەکان بوونەوە؛ کە دەرەنجام بووە هۆی شەهیدبوونی 129 کرێکار و دەستگیرکردنی سەدان کەس.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، حزبی ئیشتراکیی ئەمریکی لە ساڵی 1909دا بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە تێیدا ژنانی سەرجەم ویلایەتەکانی ئاگادار کردەوە،  دوایین ڕۆژی مانگی فێبریوەریی هەموو ساڵێک ببێتە ڕۆژێک بۆ ژنانی ئەمریکا کە ئاهەنگی تێدا بکەن و، هەروەها پێداگری لە داخوازییە دادپەروەر و ڕەواکانیان بکەنەوە؛ بەدەر لە

هاندانیان بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە جیاکارییەک، کە لە نێوان ژنان و پیاواندا لە بواری کار و ژیانی مەدەنیدا ئەنجام دەدرێت.

ساڵی 1910 لە کۆپێنهاگ، بە بەشداریی سەدان ژن لە 17 وڵاتی ئەوروپی و هی تر کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا، کە لە نێویاندا چالاک و خەباتگێڕی جیهانی و ئەندامانی پەرلەمان و حزبە سیاسییەکان هەبوون؛ ئەوان بڕیاریان دا ڕۆژێکی تایبەت بە جەژنی جیهانی دیاری بکەن، بە مەبەستی داکۆکیکردن لە تەواوی مافەکانی ژنان، بەتایبەت مافی دەنگدان و خۆپالاوتن بۆ پۆستە باڵا و سیادییەکان. دواتر لە ساڵی 1911دا دەستپێشخەرییەکەی کۆپێنهاگ ترووسکەیەکی گەورەی بەخشی و، ڕۆژی جیهانیی ژنان لە (19)ی مارس لە دانیمارک و سویسرا و نەمسا و ئەڵمانیا یاد کرایەوە و زیاتر لە ملیۆنێک پیاو و ژن تێیدا بەشدار بوون. ساڵی دواتر، بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان و دیموکراسییە سەندیکایی و سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕەوایەتییان بە زیندووکردنەوە و ژیانەوەی ڕۆژی (8)ی مارس دا. سەرەتا لە وڵاتی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژاوا بوو، پاشان هەموو وڵاتانی تری گرتەوە.

لەو ڕۆژەدا، وەک گوزارشتکردنێک بۆ یەکگرتوویی لە پێناو مافەکانی ژنان لە کار و هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی پۆستە سیادییەکان و یەکسانیی تەواو لەگەڵ پیاواندا لە گشت بوارەکانی ژیانی شارستانیدا، زیاتر لە ملیۆنێک ژن

خۆپێشاندانیان کرد. لەگەڵ بەرزبوونەوەی کارەساتەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمی نێوان ساڵانی 1913 و 1914، ژنانی ئۆپۆزیسیۆن داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی جەنگیان کرد؛ دەیان خۆپێشاندان کە بە ملیۆنان  ژنی لەخۆ گرتبوو، دژ بە جەنگی ڕووخێنەر لە شەقامەکانی شارەکانی ئەوروپادا بەڕێوە دەچوو.

لە (8)ی مانگی ئازاری ساڵی 1914دا شارەکانی ئەوروپا جارێکی تر ڕێپێوانیان سازکرد، کە داوای وەستانی جەنگ و بەدیهێنانی ئاشتییان دەکرد. ساڵی 1917 پاش تەواوبوونی جەنگ، تۆمارگەی قوربانیانی جەنگ لە ڕووسیادا، کوشتنی دوو ملیۆن ژنیان تۆمار کرد؛ کە بووە هۆی ئەوەی ژنانی ڕووسیا، لەژێر دروشمی «لە پێناو نان و ئاشتیدا» خۆپێشاندان بکەن. وێڕای هەوڵەکانی دەسەڵاتی حوکمڕانی لەو کاتەدا بە ڕێگریکردن لە ڕێپێوانەکانیان، بەڵام لە بەرامبەر یەکگرتوویی گەورەی ژنانی ڕووسیادا سەرکەوتوو نەبوو؛ هەروەها یەکگرتوویی ژنانی ئەوروپا هاوشێوەی ڕێپیوانەکانیان، کە دەسەڵاتی ناچار کرد ڕەزامەند بێت بە پێدانی مافی هەڵبژاردن بۆ ژنان و، هەروەها واڵاکردنی دەرفەت لە بەردەمیاندا، بۆ ئەوەی لە پاڵ پیاواندا ببنە ڕەگەزێکی چالاک لە کۆمەڵدا.

ئەو ڕۆژە دەکەوتە ڕێکەوتی (8)ی مارسەوە و، لەو کاتەوە ئەو ڕۆژە پێگە و شوێنگەیەکی تایبەتی لای ژنانی جیهان لە گشت کیشوەر و وڵاتاندا هەیە. هەروەها ڕۆژێکە،

کە کۆمەڵی جیهانی، گوزارشت لە زۆرێک لە داوا و مافەکانیان دەکەن، لەوانە: یەکگرتوویی نێوان نەتەوەکان لە پێناو ئاشتی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و بەگژداچوونەوەی هەژاری، بێکاری، نەخۆشی، دواکەوتوویی، نەخوێندەواری، جیاکاریی ڕەگەزی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژی و هتد. هەروەها، لە پێناو بەرجەستەبوونی زیاتری ئازادییەکان لە بیر و داهێنان و ئینتما و یەکگرتوویی و گوزارشتکردندا، بە مەبەستی گرەنتیکردنی کۆمەڵگەیەکی دوور لە تیرۆر و بەکارهێنان و داگیرکردنی زەوی و سەروەت و سامانی ئەوی تر بە هێز و، پیادەکردنی سیاسەتی داگیرکردن، هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵی مرۆیی و چالاکیی ژنان لەو خەباتکردنەدا دەکاتەوە؛ جگە لە ڕاگەیاندنی ساڵی 1975، وەک ساڵێکی نێودەوڵەتی بۆ ژنان و، درێژکردنەوەی ماوەی ئەو ڕاگەیاندنە لە ساڵی 1975 بۆ ساڵی 1985، وەک سەدەیەکی تایبەت بە ژنان و، جگە لە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی بەگژاچوونەوەی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژ بە ژنان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی 1976دا، کە لە ساڵی 1981دا کاری پێ کرا.

ساڵی 1977 کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (8)ی مارسیان بۆ ئاهەنگگێڕانی ڕۆژی جیهانیی مافەکانی ژنان و ئاشتی هەڵبژارد؛ ئەوەیش لە دەرەنجامی گوشارێکی فراوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و بزووتنەوەکانی ژنانەوە

هات، کە لە ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا گەشەکردنێکی جەماوەریی گەورەی بەخۆوە بینی. بەدەر لە هەموو ئەو قوربانیانە، تا ئێستا بەدیهێنانی مافەکانی ژنان، لە ئاستی پێویست و شایستەی ژناندا نییە؛ لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندیدار نییە بە ڕێککەوتن، یان لایەنی تیۆرییەوە، بەڵکوو بابەتەکە گرێدراوی ئیشکالییەتی تێگەیشتن و ئەقڵییەتەکانە لەسەر ئاستی کۆمەڵدا.

بەم شێوەیە، ئێستا زۆربەی وڵاتانی جیهان، بە ڕۆژێکی تایبەت بە ژنان ئاشنان؛ کە ڕۆژێکە پەی بە دەستکەوتەکانی ژنان دەبرێت، بێ لەبەرچاوگرتن و جیاوازی لە ڕووی هیچ دابەشبوونێکی وەک نەتەوە، ئایین، زمان، ڕۆشنبیری، ژینگەی ئابووری و سیاسی. دەرکەوتنی ئەو ڕۆژە، لەگەڵ سەرهەڵدانی چالاکییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە سەرەتای سەدەی بیست لە ئەمریکای باکوور و کیشوەری ئەوروپادا بوو. ناساندنی ئەم ڕۆژە و خەباتی ژنان لە سەرتاسەری دنیادا، تەنیا لە ئاست ئەو وڵاتانەدا نەوەستا، بەڵکوو ئێستا لە سەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا ئەو ڕۆژە یاد دەکرێتەوە.

(8)ی مارس لە کوردستاندا چۆن بەڕێوە دەچێت؟

لە کوردستاندا ئەم بۆنەیە ساڵانە بە شێواز و ڕێگەی جۆربەجۆر گوزارشتی لێ دەکرێت و سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان و لایەنە حکوومی و نێوەندە جۆربەجۆرەکان ئەو ڕۆژە لە دروشم و بەرنامەکانیاندا

بەرز دەنرخێنن. ئەگەرچی بیر و بۆچوونێکی جیاوازیش بەدی دەکرێت، لەوەی ئەو ڕۆژە، وەک هەموو بۆنەکانی تر، کە لە کوردستاندا یاد دەکرێنەوە، بۆنەیەک نییە تایبەتمەند بێت بە ڕووداوێکی ژنانی کوردستانەوە، کە ئەو بۆنەیە هەڵقووڵاوی سەرهەڵدانی کێشە و ڕووداو و بەسەرهات و خەباتی ژنان لە کوردستاندا بێت؛ لە کاتێکدا دەیان ڕووداو و خەباتی جۆربەجۆری ژنانمان هەن.

بە ڕای من، ئەم بۆچوونە ئەگەر بە دیوێکدا ڕاستییەکی تێدا بێت، کە دەکرێت وەک ژنانی کورد بۆنەیەکی تایبەت هەبێت و خەباتی ژنانی تێدا بەرز بنرخێندرێت، کە ئەمە مەسەلەیەکە؛ بەڵام بە دیوێکی تردا، پاڵپشتی و یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە پاڵ دەستکەوت و خەباتی ژناندا لە ئاست وڵاتانی جیهاندا مەسەلەیەکی گرینگ و پێویستی ترە، بۆ بەئاگابوون لە ڕەوتی گەشەکردنەکان و زانینی بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و خەبات و چەوساندنەوەکانیان؛ لەو ڕوانگەیەی کێشە و خەباتی ژنان لە هەر کوێیەکی دنیادا بێت و لە هەر نێوەندێکی کارکردن و هەر ژینگەیەکدا بێت، یەک شتە و، جۆری کێشەکانیان هاوشێوەیە، بەڵام بەپێی شوێنەکان و سەردەم و باردودۆخەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، گۆڕانکاری و جیاوازی بەخۆوە دەبینێت.

لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونە جیاوازانەدا، (8)ی مارس ساڵانە لە کوردستاندا، چ لە لایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە

و، چ لە ئاست حکوومەت و دەزگا جۆربەجۆرەکانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر یاد دەکرێتەوە. هەندێک وەک بۆنەیەکی خۆش، ئاهەنگ دەگێڕن و بە شیرینی و نوقڵ و گوڵەوە پێشوازیی لێ دەکەن و، هەندێکی تر لە پێناو هێنانەدیی مافەکانی ژنان لە کوردستاندا بە پڕۆژە و بەرنامەی جیاجیا و لە ڕێی پێداگیری لە کار و چالاکییەکانیان و خستنەڕووی زیاتری واقعی ژنان و دەرخستنی کێشە و ڕێگرییەکانیان، گوزارشت لە بەردەوامیی خەباتیان دەکەن؛ بێ گومان ئەمەیش وەک پاڵپشت و کۆدەنگی و پشتیوانییەکە بۆ خەباتی ژنان لە سەرتاسەری دنیادا.

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ەوە ژنان لە باشووری کوردستاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە جۆربەجۆرەکانیان، خەباتی جۆربەجۆر و گوشاری جیاوازیان گرتە بەر: چەسپاندنی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕێژەیەک کە کەمتر نەبێت لە 30%، هەروەها لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ڕێژەکەی کەمتر نەبێت لە 25%، بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ژنان لە سەرجەم ناوەندەکانی حزبە سیاسییەکان و ناوەندە کارگێڕییەکانی وەک وەزیر و ڕاوێژکار و دادوەر و قائیمقام و ....، هەموارکردنەوە و گۆڕینی یاساکانی تایبەت بە ژنان (وەک دەرچوونی یاسای توندوتیژیی خێزانی و یاسای باری کەسێتی و ...)، وێڕای بەڕێوەبەرایەتییەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و چەندین ناوەندی حکوومی تر، وێڕای کەموکورتییەکانیان،

هەروەها کارکردن لەسەر هۆشیارکردنەوەی ژنان و پیاوان لە ئاست مەسەلەی ژناندا لە ڕێی شێواز و ئامرازی جیاوازی وەک کۆنفڕانس، وۆرکشۆپ، سمینار، دیبەیت، کۆنگرە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و چەندین ڕێی ترەوە، بە دەستکەوتەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان و مەسەلەکانی ژنان دادەنرێت لە کوردستاندا. بەڵام ئایا هەمووی ئەو هەوڵانە و ئەوانەی ئێستایش، ژنانی گەیاندووەتە ئامانجەکانیان، یان ئەوەی بەدەست هاتووە لە ئاست بەرزخوازی (تموح)ی ڕێکخراوەکاندایە؟

بێ گومان وەڵامی ئەم پرسیارە «نەخێر»ە. ڕاستە زۆر هەوڵ دراوە و دەستکەوت بەدەست هاتووە، بەڵام بێ گومان لە ئاست ڕاستی و گەورەیی و هەقیقەتی ڕاستەقینەی مەسەلەی ژنان و، بگرە لە ئاست خواست و ویست و هەوڵەکانی ژناندا نەبووە. بێ گومان هۆکارەکانی ئەوەیش زۆرن، لەوانە: لاوازیی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵ، یان قبووڵنەکردنی کۆمەڵ بە وەرگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی پەیوەستن بە ژیان و مافەکانی ژنانەوە لە سەرجەم بوارەکاندا؛ کە بێ گومان ئەوەیش گرێدراوی کەلتوورێکی پەروەردەییی پیاوسالارییە، کە بە درێژاییی قۆناغەکانی ژیانی هەر دوو ڕەگەزەکە، ڕۆ چووەتە ناو هزر و فکر و بیرکردنەوەیان و، دواتر بووەتە بەشێک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانیان. هەروەها تێکەڵبوونی ئایین بە یاسا و، دانانی ئایینی ئیسلام وەک

سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسادانان هۆکارێکی ترە. بە هۆی ئەوەی هەر کات ڕێکخراوەکانی ژنان ویستبێتیان گۆڕانکاری لەو یاسایانەدا بکەن، کە پەیوەستن بە ژنانەوە، ئەوا لە لایەن ئیسلامییە سیاسییەکان و کەسان و لایەنی دیکەوە بەرپەرچیان دراوەتەوە و گرفتیان بۆ دروست کراوە.

ئەمە وێڕای سەربەخۆنەبوونی دەزگا و ناوەندە تەشریعی و تەنفیزی و دادوەرییەکان، کە وێڕای بوونیان وەک دامودەزگەی جیا، بەڵام لە ڕووی کارکردنەوە سەربەخۆ نین. ئەمانە و لاوازیی باوەڕبوونی ڕاستەقینە بە توانا و لێهاتوویی ژنان و مامەڵەکردن و سەیرنەکردنیان وەک مرۆڤ لە لایەن زۆربەی دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانەوە، هۆکارێکی ترە لە بەردەم بەجیددی وەرنەگرتنی کارکردن لەسەر دۆخی ژنان؛ ئەمە وێڕای ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا دۆخی جەنگ و جەنگی داعش لە کوردستاندا، کاریگەریی زۆری لەسەر چەقبەستوویی و لاوازیی گۆڕانکارییەکان، لە گشت بوارێکدا، بەتایبەتی بارودۆخی ژنان، هەیە.

ڕێکخراوی مێژوویی ـ نەتەوەیی ژنانی ئەمریکا:

ئەم ڕێکخراوە، ڕێکخراوێکی شارستانیی قازانجنەویستە. لە ساڵی (1980) لە سانتا ڕۆزای ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا، لەسەر دەستی ژنە ناودارە چالاکەکانی ئەمریکا، لەوانە مولی مۆرفی ماکگریگۆر، ماری ڕۆس دۆتەر، ماریا

کویفاس، باولا هامیت و بیتی مۆرگان) دامەزراوە. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە، کارکردنە بۆ بەبیرهێنانەوەی یادەکان و پاراستنی مێژووی ژنان. ئەم ڕێکخراوە بە سەرۆکایەتیی ئەم دەستەیە، توانیی گوشار بخاتە سەر کۆنگریسی ئەمریکا، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەو بڕیارەی کە لە سەرتاسەری ئەمریکادا مانگی ئادار بکاتە مانگی مێژوویی بۆ ژنان و، هەموو ساڵێک یادی بکەنەوە.

ئەم ڕێکخراوە لەسەر ئاستی ناوخۆییی ئەمریکادا وەک تاکە سەنتەرێک بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری، زۆر ناسراوە و، بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە تیۆرییەکان و ڕاهێنانی تایبەت بە مێژووی ژنان لە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا کار دەکات؛ بۆ مامۆستایان و چالاکانی ڕێکخراوەکان و دایکان و باوکان و هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت لەو ڕووەوە زانیارییان هەبێت و، لە ڕاددەی بەشداریی ژنان لە مێژووی ئەمریکادا قووڵ ببنەوە.

ئەم ڕێکخراوە سی ساڵ زیاترە کار لەو بوارەدا دەکات. ئەو ژنانە سەرنجی ئەوەیان دا، کە ڕۆڵی ژنان لە نێوەندی قوتابخانەکاندا دیار نییە؛ پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئەمریکادا تەنیا (3%)ی تایبەت کرابوو بە ڕۆڵی ژنان. بۆیە ژمارەیەکی کەمی ژنانی پێشەنگ و سەرکردە لە لایەن خوێندکارە کچەکانەوە دەناسران. ئەمەیش وای کرد کە خوێندکاران بەگشتی و زۆر کەسی تری گەورەیش، وا تێ بگەن کە ژنان لە مێژووی ئەمریکادا

ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە. بۆیە ئەم ڕێکخراوە بیری لەوە کردەوە ئەو تێگەیشتنە بگۆڕێت و، لە گوشارەکانیدا سەرکەتوو بوو تا کۆنگرێس و کۆشکی سپی ڕازی بکات کە دەوڵەت بەفەرمی ددان بە ڕۆڵی ژنان لە مێژووی ئەمریکادا بنێت. بۆیە، «ڕۆژی نێودەوڵەتیی ژنانیان» ڕاگەیاند و ساڵانە یادی دەکەنەوە. لە بەردەوامیی هەوڵەکانیاندا و لە سەرەتادا، هەفتەی یەکەمی مانگی مارس، بۆ هەفتەی مێژوویی ژنان تەرخان کرا؛ پاشان لە ساڵی (1987)دا هەڵمەتێکی سەرکەوتووی تر ئەنجام درا، تا هەموو مانگی مارس، بۆ مێژووی ژنان لە ئەمریکادا تەرخان بکرێت.

ساڵانە بۆ یادکردنەوە لەو مانگەدا، سەرەتا بابەتێکی سەرەکی بۆ ئەو مانگە هەڵدەبژێرن؛ تا هەموو چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی ئەو بابەتەدا ئامادە بکرێت. هەموو ئاهەنگەکان لەژێر ئەو ناونیشانەدا کۆ دەکەنەوە. ئەم ڕێکخراوە، بە خەڵاتکردنی ژنانی جیاواز لە ڕووی: هەرێمی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، ڕۆشنبیری، چینی و پیشەییدا، پاڵپشتیی بۆچوون و دیدی مێژوویی ژنان لە کەلتوورە جیاجیاکاندا دەکات.

ساڵانە ئەم ڕێکخراوە، سەدان هەزار بڵاوکراوەی وێنەیی و برۆشور و پەڕاو و فیلمی ڤیدیۆیی و بابەتی پرۆگرامی خوێندن بڵاو دەکاتەوە، کە تایبەتن بە مێژووی ژنان. ساڵانە یەک ملیۆن کەس سەردانی سایتی تایبەتیی ئەم ڕێکخراوەیە دەکەن، کە لە ساڵی (1997)دا دامەزراوە.

کارمەندانی سایتەکە، ساڵانە وەڵامی نزیکەی (2500) نامە و ئیمێڵی خوێندکار و مامۆستا و ڕۆژنامەوان و کەسانی تر دەدەنـەوە، کە داوای زانیاری دەکەن. لەم ڕێکخراوەدا ساڵانە خولی ڕاهێنان بۆ مێژووی ژنان دەکرێتەوە؛ کە لەو خولانەدا نزیکەی (30) هەزار کەسیان ڕاهێناوە، جگە لەوەی ساڵانە گەشت بۆ شوێنەوارە مێژووییەکان، تایبەت بە مێژووی ژنان، لە زیاتر لە 42 ویلایەتدا، ڕێک دەخەن. ئەم ڕێکخراوە کار لەسەر پەرەپێدان و دیزاین و بەرهەمهێنانی (200) بابەت دەکـات وەک سـەرچـاوە، کە سەبارەت بە مێژووی ژنانن لە کەلتوورە جیاوازەکاندا، وەک: کاسێتی ڤیدیۆ و وتار و بابەتی دۆکیومێنتی و پرۆگرامی فێربوون و بڵاوکراوەی تر.

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی 1995دا یادێکی فراوانی حەفتا و پێنج ساڵەی وەرگرتنی مافی دەنگدانی ژنان لە ئەمریکادا کردەوە؛ ساڵی (1998) یادی سەد و پەنجایەمین ساڵەی دروستبوونی بزاڤی مافی ژنانی کـردەوە. ئەم ڕێکخراوە باوەڕی بەوەیە کە، مێژوو سەرچاوەی وزەیە. ئەم ڕێکخراوە بە هۆی کارەکانییەوە کۆمەڵێک خەڵاتی پێشکەش کراوە وەک: خەڵاتێک بە ناوی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پەروەردەی فرەکەلتوورەکان، خەڵاتی جیسی برنارد بۆ ژنانی حەکیم، هەروەها خەڵاتی ماری مایتووی فۆرتریل، لەگەڵ خەڵاتی میرا ساتکر بۆ مەبەستی یەکسانی.

ئەوەی ئەم ڕێکخراوە جەختی لێ دەکاتەوە، ئەوەیە کە

‹›وەلانانی ڕۆڵی زیندووی ژنان و گوێپێنەدان بە خەون و دەستکەوتەکانیان لە ژیاندا، هەڵەیەکی کوشندەیە. ئێمە ئیلهام و هێزی خۆمان لە کەسانی ڕابەرەوە وەردەگرین، کە لە پێشمانەوە بوون، سەرباری ئەو نموونە کرداریيانەی کە ئێستا لە ناوماندا کار دەکەن؛ ئەم ژنانە بەشێکی مێژووەکەمانن. مێژووی هاوسەنگ، ئەو مێژووەیە کە ددان بەم ڕۆڵەدا دەنێت و بۆچوونی گشتیی کۆمەڵ بەرامبەر ڕەگەزی ژنان بەرەو باشتر و ئەرێنیبوون دەبات.››

بابەتی ساڵی (2017)ی مانگی ئادار دەستنیشانکردنی (13) ژنە، کە لە بواری کارکردن و بازرگانییە جیاوازەکاندا کاریان کردووە و بۆ نزیکەی سی ساڵ بە بەردەوامی لە کارکردندا سەرکەوتوو بوون. ئەم هەڵبژاردنە ئەو بوارانەی گرتووەتەوە، کە ژنان توانیویانە لەو بوارە جیاوازانەدا جێدەستیان دیار بێت و داهێنان بکەن؛ کە لە پێشتردا ژن لەو بوارانەدا بە هیچ شێوەیەک کاری نەکردووە، زۆر ڕێگریشیان هاتووەتە بەردەم، بەڵام ئەم پێشەنگانە هەر بەردەوام بوون. بەمەیش دوای خۆیان ڕێگەیان بۆ ژنانی تر واڵا کردەوە، کە بچنە ئەو بوارەوە. ئەم ژنانە کاریان لەپێناو یەکسانکردنی مووچە و کرێی کاری ژن و پیاودا کردووە و، کاریان بۆ ئەوە کردووە کە کەشی کارکردن ئەوەندە دژ بە ژنان نەبێت. بەرەوڕووی بەربەستە یاسایی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتەوە. ڕێکخراو و پڕۆژەی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە. ئەوەیان سەلماندووە، کە

ژن ویست و خواست و دەرفەتی پێ بدرێت، دەتوانێت لە هەموو ئەو بوارانەدا سەرکەتوو بێت. هەوڵ و کۆششی ئەم ژنە پێشەنگانە لە بنەچە و ڕەگەزی جیاوازەوە، ڕێگەیان بۆ نەوەی نوێی ژنان خۆش کردووە تا خۆیان لەناو ئەو جۆرە کارانەدا ببیننەوە.

### چۆن دۆخی ژنان بەرەو پێشەوە دەچێت؟

یەکێک لەو هەنگاوە گرنگانەی پێویستە بە مەبەستی چارەسەرکردنی دۆخی ژنان بەرەو باشتر بگیرێتە بەر، کارکردنە لەسەر نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم بەرەپێشچوونی ڕەوتی ژناندا، بەمەبەستی هێنانەدیی کۆمەڵێکی مرۆڤدۆستانەی دادپەروەرانە، کە مرۆڤەکان لە ئەرک و مافدا وەکیەک بن و کەرامەتیان پارێزراو بێت و لە بەردەم یاسادا وەکیەک و بێ هیچ جیاوازییەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. هەروەها کار لەسەر پێکهێنان و خوڵقاندنی کەلتوورێکی پەروەردەییی دروست بکرێت، دوور لە جیاوازیی ڕەگەزی و جیاکاری و سەپاندنی دەسەڵاتی پیاوسالاری؛ کە هەمیشە وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ ژندا ناکات و توانا و لێهاتووییەکانیان سنووردار دەکات.

ئەمە وێڕای ئەوەی کارکردنی خودی ژنان لەسەر وشیاریی خۆیان و درککردنیان بە مافەکانیان بە شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی، کاریگەری و گرینگیی خۆی هەیە.

ئەمە بەدەر لە بوونی هۆشمەندیی پیاوان بە گرینگیی ڕۆڵی ژنان و بەشداربوونی ڕاستەقینەیان لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، هەر لە نێوەندەکانی خێزانەوە بگرە تا نێوەندی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، هزری، ڕۆشنبیری و هتد. وێڕای ئەوەی درککردنی تاکەکانی کۆمەڵ بەوەی مەسەلەی ژنان و کارکردن بۆ بەدیهێنانی مافە ڕاستەقینەکانی ژنان، مەسەلەیەک نییە تەنیا بە خودی کارکردنی ژنانەوە گرێدراو بێت، بگرە مەسەلەی کۆمەڵە و، پێویستی بە هۆشیاری و کاری هاوبەش و جیددیی هەمەلایەنەی هەمووان هەیە، بە ئامانجی هاتنەکایەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دیموکراسی و مرۆڤدۆست.

**سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە:**

أهمية مشاركة المرأة في العملية السياسية ودورها في صياغة القوانين وإصدار القرارات، محمد البوزيدي

# بەشی دووەم

# مافی مرۆڤ
# لە ئازادیی ڕادەربڕیندا

لە هەر وڵاتێکدا ئازادیی ڕا و قسەکردن و مافی ڕاگەیاندن لە گوزارشتکردندا، بە یەکێک لە بەڵگەکانی پیادەکردنی دیموکراسی دادەنرێت؛ بەدەر لەوەی ئەم سێیانەیە بە پێوانە دادەنرێت بۆ ڕاددەی پێشکەوتن و گەشەکردنی هەر وڵاتێک، یان ئاماژەیەکە بۆ دیاریکردنی قەبارەی دواکەوتوویی لە ڕەوڕەوەی گەشەکردنی سەردەم و، جگە لەوەی بە داخوازییەکی شەرعی و بەهایەکی مرۆیی دادەنرێ کە بەرجەستەی ئازادیی مرۆڤ دەکات. بۆیە هەر خەفەکردنێک لەو ئازادییە، بە مانای کەمکردنەوەی بەهای مرۆڤەکان دێت؛ ئەمە وێڕای ئەوەی پیادەکردنی ئەو ئازادییەیش بە بێ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، بێمانا دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە، سنووری ئازادیی ڕادەربڕین بە یەکێک لە مەسەلە ئاڵۆز و شێواو و هەستیارەکان دادەنرێت؛ بە شێوەیەک ئەو سنوورانەی لە لایەن وڵاتانەوە بۆ ئەو ئازادییە دادەنرێن، دەشێت بەپێی ئاسایش بگۆڕێن، واتە ڕێژەی دانیشتووان، نەژاد، خێڵ و ئایینە جیاوازەکان کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا ژیان دەگوزەرێنن و، هەندێ جاریش دەشێت بارودۆخەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت ڕۆڵیان لە گۆڕانکاریی سنووری ئازادییەکاندا هەبێت. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئازادیی ڕادەربڕینی بەوە وەسف کردووە کە: «سەنگی مەحەکە بۆ هەموو ئەو ئازادییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بۆ تەرخان کردووە.»

**مەبەست لە ئازادیی ڕادەربڕین چییە؟**

ئـازادیـی ڕادەربـڕیـن، یەکێکە لـە مافەکانی مـرۆڤ و کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دیموکراسییە و لە هەمان کاتدا توانای گوزارشتکردنی تاکە، سەبارەت دەرخستنی دید، تێڕوانین و بۆچوونەکانی، بە بەکارهێنانی یەکێک لەو ئامرازانەی لەبەردەستیدایە لە ڕێی قسەکردن، یان نووسین یاخود کارێکی تەکنیکی و هەر ڕێگەیەکی گونجاوی تر، بەبێ بوونی چاودێری، یان کۆت و بەندێک کە ببێتە ڕێگر لە بەردەم مرۆڤەکاندا بە مەبەستی گوزارشتکردن؛ بە مەرجێ نەچێتە چوارچێوەی سەرپێچیکردنی یاسا، عورفی دەوڵەت، ئەو کۆمەڵەیەی ڕێی بە ئازادیی ڕادەربڕین داوە، یان ببێتە مایەی زەرەری هیچ کەسێک. بەپێی پێوانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەنێو هەر کۆمەڵێکدا گەر تاکەکان نەتوانن گوزارشت لە ڕا و بۆچوونەکانیان بکەن، بە ئازاد ناودێر ناکرێن.

**مەرجەکانی ئازادیی ڕادەربڕین:**

کۆمەڵە مەرجێک هەن کە دەبنە هۆی دیاریکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، لەوانە: ئـازادی لە هەڵبژاردندا، کە بەشێکە لە ئازادیی گوزارشتکردن، بۆ نموونە «مافی هەموو مرۆڤێکە پیشەی خۆی، کە دەیەوێت کاری تێدا بکات، هەڵبژێرێت.» هـەروەهـا قایلبوونی کەسێتی: واتـە مـرۆڤ بـاوەڕی بەو شتە هەبێت کە دەیکات و دەیەوێت ئەنجامی بدات، بێ هیچ

گوشارێک لە لایەن کەسانی ترەوە و، تێگەیشتن لە ڕێزگرتنی مافەکانی ئەوانی دی؛ واتە دەبێت هەر کەسێک لە کۆمەڵدا ڕێز لە مافەکانی ئەوانی دی بگرێت هاوشێوەی ئەوەی دەیەوێت ڕێز لە مافەکانی خۆی بگیرێت. هەروەها دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئازادیی ڕادەربڕین بە شێوەیەکی هەڵە، وەک ناوزڕاندنی ئەوانی دی و تاوانبارکردنیان بە تاوانی نادروست و ناڕاست.

**گرنگیی ئازادیی ڕادەربڕین:**

ئازادیی ڕادەربڕین لە ژیانی مرۆڤەکاندا گرنگییەکی گەورەی هەیە، کە خۆی لەوەدا کورت دەکاتەوە: «بەشێکی جیاکەرەوە نییە لە کەرامەتی مرۆڤ، هەروەها یەکێکە لە ئامرازەکانی یارمەتیدەر لەسەر ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوون و ڕاکان و ڕێزگرتنی دید و تێڕوانینە جیاوازەکانی کە تایبەتن بە هەر تاکێک و، هەروەها یەکێکە لە بناغە گرنگەکانی وتووێژ و گفتوگۆی نێوان کەسەکان و سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیارییەکان.» ئەمە وێڕای ئەوەی گرنگیی ئازادیی ڕادەربڕین، تەنیا لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە مافێکە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی تری مرۆڤ لە چەند ئاستێکدا پێویستە، لەوانە:

– لەسەر ئاستی تاک: ئازادیی ڕادەربڕین بە مەسەلەیەکی سەرەکی دادەنرێت، بە مەبەستی گەشەکردن و پاراستنی کەرامەت و ژیانی هەموو کەسێک؛ بە شێوەیەک، دەکرێت

خەڵک لەوەی لە دەروربەریاندا ڕوو دەدات، لە ڕێی ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و زانیارییەکان بە شێوەیەکی ئازاد لەگەڵ ئەوانی تردا، تێ بگەن، ئەوەیش وایان لێ دەکات زیاتر بتوانن پلانی ژیان و کارەکانیان دابڕێژن. هەروەها خەڵک هەست بە ئاسایشی زیاتر دەکەن و، وڵاتانیش ڕێزیان لێ دەگرن ئەگەر هاتوو بتوانن گوزارشت لە بیرکردنەوەکانیان بکەن. بۆیە لەم مەودایەوە گرنگیی ئازادیی ڕادەربڕین، خۆی لە سێ هۆکاری سەرەکیدا دەبینێتەوە:

١- مافی دەربڕین زەروورەتە و، خەسڵەتێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆیی.

٢- باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و، خۆی لە «بازاڕی بیرۆکەکاندا» دەبینێتەوە؛ بە شێوەیەک بەئازادانە ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا و تێڕوانینەکان دەکات.

٣- هیچ وتووێژ و گفتوگۆیەکی کراوە و ئاشکرا، بەبێ بوونی ئازادییەک کە پشتئەستوور بێت بە زانیاریی ڕاست و دروست، نایەتە دی.

- لەسەر ئاستی وڵاتان: واتە لەسەر ئاستی نیشتمانی، بە مەبەستی حوکمڕانیی دروست، هەروەها بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئازادیی ڕادەربڕین پێویستە؛ بە شێوەیەک ئازادیی ڕادەربڕین و زانیارییەکان، بە زۆر ڕێگە لە چاککردنی باشێتیی حکوومەتدا یارمەتیدەر دەبێت، لەوانە:

- یارمەتیدەرە بۆ زامنکردنی خستنەئەستۆی ئەرکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ کەسانی خاوەن توانا و پاک،

چونکە لە سێبەری دیموکراسیدا گفتوگۆی ئازاد لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا دەبێتە هۆی دۆزینەوەی خاڵی بەهێز و لاوازی هەر یەکەیان؛ ئەمەیش وا لە پاڵێوراوان دەکات دەربارەی ئەوەی شیاوترین کەس کێیە کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا گونجاو و ئامادە بێت، بەهۆشمەندییەوە بڕیارەکانیان وەربگرن.

– حوکمڕانیی دروست، لە ڕێی تواناسازیی هاووڵاتیانەوە لە دەربڕینی مەترسییەکانیان لای دەسەڵاتداران.

– گرەنتیکردنی ئەوەی بەوردی تەماشای هەر سیاسەت و یاسادانانێکی نوێ دەکات و، لە ڕێی گفتوگۆکانەوە، خەڵک دەتوانن هەر مەسەلەیەکیان هەبێ بۆ حکوومەت باسی بکەن؛ جگە لەوەی گفتوگۆی ئازاد یارمەتیدەرە سەبارەت ئەوەی هەر یاسادانانێک بکات کە یاساکەی بە پشتگیریی گەل دەربچێت و، وا دەکات زیاتر ڕێز لەو یاسایە بگیرێت.

– هاندەرە بۆ جێبەجێکردنی مافی مرۆڤەکانی تر؛ بە شێوەیەک یارمەتیدەرە لە چاککردنی سیاسەتی حکوومی لە گشت بوارەکاندا، لەوانە مافەکانی مرۆڤ.

جیاوازیی نێوان ئازادیی ڕاو بۆچوون و ئازادیی دەربڕین

ئازادیی ڕا و بۆچوون: بریتییە لە کارێکی فکری کە دەرهاویشتەی عەقڵی مرۆڤەکانە. پشت بە ژمارەیەک پێشەکی و گریمانەکان دەبەستێت، بە مەبەستی کورتکردنەوەی دەرەنجامەکان، یان گرێدانی نێوان ڕووداوە بابەتی، یان ساختەکان، یاخود دەرخستنی «گشت بە بەش»، یان «بەش بە گشت». گەر هەوڵەکە، یان ڕا و بۆچوونەکە ڕاست یان

هەڵە بێت، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەر شیکارکردنێکی ڕای ئەوی دی دێت.

دەربڕینی ڕا، دوو لایەن ڕۆڵی تیادا دەبینن کە بریتین لە: گەیەنەر و وەرگر؛ کە بێ گومان بە مەرجی بوونی ئامانجێک، یان مەبەستێک لە دەربڕینەکە دێت و، لەو کاتەدا نەرمینواندن بە واتای ڕەتکردنەوەی نایەت.

ئازادیی دەربڕین: مەبەست لێی، دەرخستنی بیروڕای مرۆڤەکانە بۆ خەڵک لە ڕێی ئامرازەکانی گوزارشتکردنەوە کە جیاوازترن لە ڕووی ئامرازەکانی تری وەک نووسین، هونەر، زمانی جەستە و....هتد کە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی مافە سیاسییەکانی مرۆڤدا هاتووە، بە شێوەیەک مافەکانی مرۆڤ بەم بەشانەوە پۆلێن دەکرێن، کە بریتین لە:

- مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ، کە مافی ژیان و یەکسانی و ئازادی دەگرێتەوە.

- مافە مەدەنییەکانی مرۆڤ، کە بریتین لە: مافی ئازادیی بیروباوەر، ڕەگەزنامە، دادگەیی و دادوەریی دادپەروەرانە و خێرا.

- مافە سیاسییەکانی مرۆڤ، کە مافی بەشداریی سیاسی، پێکهێنانی کۆمەڵە و ئەندامێتی تیایدا و مافی ئازادیی دەربڕین دەگرێتەوە.

- مافە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان؛ مەبەست لێی مافی ئاسایش، فێربوون، ئاسایشی تەندروستی، کار و مافی ژیانێکی خۆش و ژینگەیەکی دروستە.

**مێژووی ئازادیی ڕادەربڕین:**

مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی ئازادیی ڕادەربڕین لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، لە پاش ئەو شۆڕشەی کە لە ساڵی (1688)ەوە بووە هۆی لەکارخستنی پاشای دووەم (جیمس) لە ئینگلتەرا و، پاش ئەوەش پاشای سێیەم (ولیام ) لە ئینگلتەرا و شاژنی دووەم (ماری) هاتنە سەر تەختی پاشایەتی.

دوای ساڵێک لە پەرلەمانی بەریتانیا یاسای «ئازادیی قسەکردن» دەرچوو و، پاش چەندین سەدەی ململانێ لە وڵاتی فەڕەنسا یاسای «مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون» دەرچوون کە تیایدا هاتووە: «ئازادیی ڕا و بۆچوون و دەربڕین بەشێکی سەرەکییە لە مافەکانی هاووڵاتی» و، هەروەها لە هەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون تا ئازادیی ڕا و بۆچوون و دەربڕین بکەنە مافێکی سەرەکی، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەوەی کە لە ڕووی مافی ڕا و بۆچوون و دەربڕین لە دەستوورەکەیاندا هاتبوو، بۆ دوو ساڵی 1776 و 1778 سەرکەوتوو نەبوون. بە شێوەیەک لە ساڵی 1798 ئەو بەندەیان لابرد، هەروەها لەو قۆناغەدا بەرهەڵستیکردنی حکوومەتی فیدراڵی وەک تاوان دادەنرا کە گەر هەر کەسێک ئەنجامی بدایە، ئەوا سزای یاسایی دەدرا، جگە لەوەی یەکسانی لە مافەکانی ئازادیی ڕادەربڕیندا لە نێوان سپی و ڕەشپێستەکانیشدا بوونی نەبوو. لە ساڵی 1946م، نەتەوە یەکگرتووەکان

بڕیارێکی سەبارەت ڕێزگرتن لە مافی ئازادیی ڕادەربڕین دارشت، تا ببێتە دەقێکی دەستووری بۆ ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی دنیا.

«جـۆن سـتـیـوارت»ی فـەیـلـەسـووف، بـەو کـەسـە پەنجەژمێرانە دادەنرا کە بانگەشەیان بۆ ئازادیی دەربڕین کرد و گوتی: « ئەگەر هەموو کەسەکان یەک ڕایان هەبێت و تەنیا یەک کەس ڕایەکی جیاوازی هەبێت، ئەوا بێدەنگکردنی ئـەو تاکە کـەسـەی کـە ڕای جـیـاوازی هەیە لـەوانـی تر، جیاوازیی نییە لەگەڵ بێدەنگکردنی هەموو کەسەکان لە لایـەن ئەو تاکەکەسەیشەوە، گەر هێزی هەبێت.» تەنیا سنوور، کە سەبارەت ئەو بابەتە دای نابێت، پەیوەست بوو بەوەی نابێت هیچ کەس زەرەرەری ئەوی تر بدات.

بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خولی یەکەمیدا بە ژمارە 59 لە ڕۆژی 14ی دیسەمبەری 1946 دەرچوو، بۆ ئەوەی یەکەم کۆدەنگیی نێودەوڵەتی بێت دەربـارەی ئەو ئازادییە. لەو ڕوانگەیەوە، ئازادیی ڕادەربڕین لە هەر کۆمەڵە و وڵاتێکدا گرنگی و ئامانجی خـۆی هـەیـە. بـۆیـە پـیـادەکـردنـی ئـازادیـی ڕادەربـڕیـن، پێویست بە کاردانەوەی دوو جۆر هۆشمەندی هەیە: لە لایەک هۆشیاریی تاک کە گوزارشت لە ڕا و بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆی دەکات لەسەر بنەمایەکی هۆشیاری، لـە لایـەکـی دیکـە، هۆشیاریی کـۆمـەڵ بـە گشت پێکهاتە جیاوازەکانییەوە و، بوون و ئاوێتەبوون و پەیوەندی و

بەیەکگەیشتنی هۆشیاریی هەر دوو لایەنەکە گرنگی و کاریگەریی خۆی هەیە بۆ بەرجەستەبوونی زیاتری ئازادیی ڕادەربڕین لە هەر کۆمەڵێکدا؛ کە دواتر هێما و ئاماژە و بنەمایەکی بنەڕەتی و سەرەکییە بۆ بەرجەستەبوونی دیموکراسی و گەشەدان و پەرەپێدان بە تاکەکانی کۆمەڵ و نیشتمان.

**سەرچاوەکان:**


- دراسة بعنوان المحاكم العليا في حماية حرية التعبير والصحافة، صادق التميمي
- تعريف حريه التعبير، مجد خضر

# قبووڵکردنی «ئەوی دی»
# وەك کەلتووری پێکەوەژیان

کاتێک باس لە «ئەوی دی» دەکرێت، مەبەست لێی کێیە؟

بەکورتی مەبەست لێی «من» نیم، دەشێت ئەوی دی بریتی بێت لە باوک، دایک، هاوسەر، کوڕ، کچ، دراوسێ، هاووڵاتی، دەشێت مەبەست لێی ڕۆشنبیریی ئەوانی دی، شارستانییەت، ئایین، بیر، حزب، کۆمەڵەی سیاسی و دەوڵەت، دادوەر، بەرپرس و ناسنامەی ڕۆشنبیری و سیاسی بێت، یان دەشێت مەبەست لە ئەوی دی، هاووڵاتییەکی ڕۆژاوایی، یان ڕۆژهەڵاتی بێت کە هەریەکەیان بیر و بۆچوون، یان تێڕوانینێکی جیا لەوی دی لەخۆ دەگرێت. بەڵام، دەشێت ئەوی دی بریتی بێت لە خود، بە واتای خودی مرۆیی؛ گەر هات و کەسەکە دوو جۆر کەسایەتی (شەڕ و خێر)، یان کەسایەتییەکی «شیزۆفرینایی»ی لەخۆ گرتبێت.

وێڕای هەموو ئەوانە، خودی مەبەستەکە لەوەدایە کە ئەوی دی، گەر هەر کەسێک بێت، هەڵگری هەر دەنگ و ڕەنگ و ئایدیۆلۆژی و فکرێک بێت، دەرەنجام دەبێت کەسی بەرامبەر مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لە چوارچێوەی پێوەری کۆمەڵایەتی و مرۆییدا لەگەڵی هەڵ بکات و، پێویستە پەی بە بوونی ببات و بتوانێت لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی مرۆیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا هاوکار و یارمەتیدەر بێت.

**یەکترقبووڵکردن:**

بریتییە لە دانپێدانان بە ڕاستیی جیاوازییە مرۆیییەکان و باوەڕبوون بە فرەجۆری لە ڕووی فکرییەوە.

**قبووڵکردنی ئەوی دی کەی دەرکەوت؟**

بیرۆکەی ئەوی دی لەگەڵ هەڵهاتنی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا سەری هەڵدا، ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی کە یەکێکە لە چەمکە کۆنەکانی فکری مرۆیی (سوقرات و ئەفلاتوون 400 پێش.م)، پاش ئەوە بە شێوەیەکی تیۆریی زانستی، لەسەر دەستی کۆمەڵێک زانای کۆمەڵناسی وەک تۆماس هۆبز، جون لۆک و ژان ژاک ڕۆسۆ گەشەی کرد، بۆ ئەوەی کاردانەوەکانی وەک هێمایەکی جووڵێنەری ڕووداوە سیاسییەکان دەربخات؛ کە بووە هۆی گۆڕینی ڕەوڕەوەی مێژوو وەک شۆڕشی فەڕەنسی، ساڵی 1789 م.

**کەلتووری یەکترقبووڵکردن لە نێوەندی کۆمەڵی کوردیدا:**

سەرەتا پێش هەموو شتێک پرسیارێک دێتە ئاراوە کە پێویست و گرنگە هەموو مرۆڤێک هەڵوەستەی جددیی لە ئاستدا بکات، بەوەی ئایا چەمکی یەکترقبووڵکردن لە نێوەندی کۆمەڵی کوردیدا، تا چەند بۆتە کەلتوور؟ گەر بۆتە کەلتوور، تا چەند لە ڕەفتاری تاکەکان و ژیانی کۆمەڵدا لە تیۆرییەوە بۆتە پراکتیک، هەروەها لە هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی مرۆڤەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە؟

یەکێک لە گرفتەکانی کۆمەڵی کوردی، خۆی لە یەکترقبووڵنەکردنی ئەوی دیدا دەبینێتەوە، ئیدی کەسەکان بێت بەرامبەر یەکتری، یان لایەنێک یاخود حزبێکی سیاسی و ... بێت لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا، ئەمە جگە لەوەی زۆر بەتوندی ئەوی دی ڕەت دەکەینەوە، کاتێک تێڕوانین یان ڕایەکی جیاواز بە خۆی دەبێت. ئەمە ڕەنگدانەوەی نەک لە کەسەکاندا، بەڵکوو لە ئاست خێزان و کۆمەڵ و نێوەندە جۆربەجۆرەکانی بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن و ... بەدی دەکرێت، کە وەک کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو بیرکردنەوەیە و کارکردن بەپێچەوانەکەی، وەک بیروباوەڕێک کە ببێتە بەشێک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و، دواتر ڕەنگدانەوەی لە ژیانیاندا هەبێت و، ببێتە شێوازی ژیانیان، پێویستمان بە بوێری و ئازایەتییە بۆ ئەوەی ئەوی تر قبووڵ بکەین، چونکە ئەوە لەگەڵ بەرنامەی دیموکراسییەت و هەستی فرەیی، لە ڕووی فکری، سیاسی و ... یەکانگیر نابێتەوە.

**هۆکارەکانی قبووڵنەکردنی ئەوی دی:**

هۆکارەکانی ئەو بابەتە چەند لایەنێک لەخۆ دەگرێت، لەوانە:

- تێنەگەیشتن و جیاوازیی بەردەوام لەگەڵ ڕای ئەوی دیدا لەوانە: سروشتی زاڵبوونی لایەنی سۆزداریی کەسێتیی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و، ئارەزوومەندی بۆ ڕای خود.

- پێواری بەشداریکردنی جەماوەر، یان هاووڵاتیان لە دارشتنەوەی بڕیاری نیشتمانیدا.

- نەچەسپاندنی بیری دیموکراسی و پێواری دیموکراسییەت، کە مەودای هاوسەنگیی دەرفەتی گوزارشتکردن لە ڕا و بۆچوونەکان تێک دەشکێنێ.

- پێواری ڕۆشنبیریی ڕەخنەگرتن لە ڕای ئەوی دی و پێواری دادپەروەریی سیاسی، کە دەرفەتی دایلۆگ و پێکگەیشتن لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵدا ناهێڵێت. هەروەها پێواری یاسا، کە دەبێتە هۆی زیان و زەرەر بەسەر هاووڵاتیان و کۆمەڵ و، دەرخستنی شێوازی دوژمنکارانە و توندڕەوی بەرامبەر هەر بیروڕایەکی جیاواز و لە هەمان کاتدا کەلتووری پیرۆزکردنی سەرکردە لە لایەن خەڵکەوە...هتد هەریەکەیان بە ڕێژەی جیاواز دەبنە یەکێک لە هۆکارەکانی قبووڵنەکردنی ئەوی دی.

**قبووڵکردنی ئەوی دی، بۆچی گرنگە؟**

گرنگیی قبووڵکردنی ئەوی دی و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی و پێکەوەژیان، کە کۆمەڵە چەمکێکن گرێدراو و تەواوکەری ئامانجەکەن، پێویستییەکی سەرەکی و گرنگە بۆ کارکردن و چاندنی تۆوی لە دەروون و ئەقڵی نەوەی نوێدا، چونکە بە شێوەیەکی کاریگەر یارمەتیدەرە لە خوڵقاندنی نەوەیەکی هۆشمەند کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکانی هەبێ و، هەروەها بتوانێت بە شێوەیەکی باش و دروست سەرکردایەتیی قۆناغی

داهاتوو بکات، لەبەر ئـەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە، هێزێکی جێگیر بۆ نیشانەکانی یەکەی نیشتمانی پێک دەهێنێ، کە دەکرێت لەسـەر بنەمای متمانەبوون و دوور لە بەربەست و گوێدانە قازانج و زەرەر بونیاد بنرێ.

هێنانەدیی یەکترقبوولکردن و لێبووردەیی، بێ وتووێژ و بەیەکگەیشتن و، بێ بەشداریی ڕاستەقینە لە وەرگرتنی بڕیاردا، نایەتە دی. چونکە وتووێژ و گفتوگۆی بونیادنەرو خولقاندنی فـەزایـەکـی ڕەخنـەگـرانـە و فکریی سـەربەخۆ، دەبێتە هۆی جێگیربوونی کۆمەڵ و ئاشتی و پێکەوەژیان، هەرچەندە لە ڕووی بیروباوەڕەکانەوە جیاوازی هەبێت، کە بێ گومان هەموو کات گفتوگۆ و وتووێژ و بەیەکگەیشتن ڕێگەیەکی ڕاستە بۆ چارەسـەری گشت مەسەلە و بابەتە هەڵپەسێردراوەکان و ئەڵتەرناتیڤی ڕاست بۆ فەرزکردنی ڕا و بیر و بۆچوونی بەهێز، جگە لەوەی بە وتووێژ دەتوانرێت بەیەکگەیشتن و خۆشەویستی و ئاشتی بپارێزرێت و، هـەروەهـا ماناکانی دیموکراسییەت و یارمەتیش قووڵتر بکرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی ڕەنگدانەوەی چەمکی گفتوگۆ لە ژیانی مرۆڤەکاندا و کارپێکردنی وەک بیروباوەڕێک لەگەڵ هەمووواندا و، متمانەبوون لە نێوان گفتوگۆکەراندا گرنگێتی خۆی هەیە، چونکە گەر گفتوگۆکەران دڵنیا نەبن لە مسداقییەتی جێبەجێکردنی گفتوگۆکانیان و نەتوانن زاڵ بن بەسـەر بەربەست و ڕێگرییەکاندا، دەرەنجام گفتوگۆکان بێ ئامانج دەبن، یان تەنها گفتوگۆیەک دەبێت لە پێناو ئەنجامدانیدا.

بۆیە لێبووردەیی و دیموکراسییەت دوو ئاڕاستە لەخۆ دەگرن، وەرگرتن و پێدان و ئاوێتەبوونی باش لەگەڵ بەهای مرۆیی نوێ بەدوور لە ڕۆحییەتی دەمارگیری و ڕق و سڕینەوەی ئەوی دیی جیاواز، چونکە بیرۆکەی لێبووردەیی و یەکترقبووڵکردن و پەنابردن بۆ گفتوگۆ و کارنەکردن بۆ سڕینەوەی ئەوی دی و تۆڵەسەندنەوە، پرۆسەیەکە دەوەستێتە سەر ئامادەسازیی لایەنەکان، کە مەبەستیانە داهاتوویان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی بەسەر ناکۆکییە کەسێتییەکان و هەستە شاراوەکانی کە بەدوورن لە ئەقڵانییەت، بنیات بنێن.

لە کۆمەڵە ڕۆژاواییەکاندا سەدان گۆڤار و کتێب و کۆمەڵە و دەستە و شوێن هەن کە گوزارشت لە ڕەخنەگریی مەعریفییانە لە ئایین دەکەن، لە کاتێکدا نێوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژاوا بەسنگفراوانییەوە وەری دەگرن، بێ ئەوەی هیچ کەس پێی نیگەران بێت، یان ببێتە سنووربەزاندن یاخود دەرەنجامی خراپ. بەڵام لە کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، ئەم دیدە تەواو پێچەوانەیە و ڕەت دەکرێتەوە و، بۆ ژیانی کەسانی پیادەکەر مەترسیدار دەبێت، کە دەشێت بدرێتە دادگا، یان ببێتە هەڕەشە لەسەر ژیان و کوشتنی کەسەکە، لەو ڕوانگەیەی سووکایەتیکردنە بە هەستی ئایینی و پیرۆزییەکان.

تێنەگەیشتن و کارپێنەکردنی کەسانێک بە قبووڵکردنی جیاوازیی و فرەییە فکرییەکان پەیوەستە بە ئاستی

ڕۆشنبیریی مرۆڤەکانەوە، بۆیە بۆ نموونە کاتێک ڕەخنەی مەعریفی لە بونیادی فکریی ئیسلام دەگیرێت، بەوە وەسف دەکرێت کە سووکایەتیکردنە بە پیرۆزییەکان و دەستێوەردانی دەچێتە قالبی هێڵی سورەوە. ئەمە وێڕای لاوازی بوونی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی و یەکترقبووڵکردن لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە کە بێ گومان ئەوەش وەک بیروباوەڕ مەسەلەیەکی گرنگ و بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە و، کاری هەمووانی پێویستە تا ببێتە کەلتوور و دەرەنجام ڕەنگدانەوەی هەبێت لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا.

## چی بکرێت بۆ قبووڵکردنی ئەوی دی؟

قبووڵکردنی ئەوی دی بریتییە لە باوەڕبوون بە بیروباوەڕی دیموکراسی، کە بە بەراورد بەوەی تا ئەمڕۆ لەسەرگۆی زەوی بەدی دەکرێت بە باشترین سیستەم دادەنرێت، کە یەکێک لە بیروباوەڕەکانی ئەو سیستەمە دیموکراسییە، قبووڵکردنی فرەییە لە ڕووی سیاسەتەوە، ڕەتکردنەوەی پیرۆزیی تێڕوانین و بیرۆکە کەسێتییەکانە، چاندنی ڕۆشنبیریی قبووڵکردنە و وەرگرتنی باشترین تێڕوانینی باشە. بۆیە، گەر باوەڕ بەو تێڕوانینانە، یان بە هەندێکیان بکەین، مامەڵە و ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەوانی تردا بە بیرکردنەوە و تێڕوانینە جیاوازەکانیان لە ڕوانگەی یەکسانی مرۆییەوە زۆر ئاسان دەبێت. ئەگەرچی

دیموکراسییەت بۆ پەراوێزکردنی کەمینەکان نەخوڵقاوە، بەڵکوو بە مەبەستی پاراستنی کەمینەیە لە جەبەرووتی زۆرینەکان. بەدەر لەوەی کۆمەڵیش پێویستیی زۆری بە نوێبوونەوە و پاکتاوکردنی بیر و بۆچوونەکان و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی باشی ئەوانی دی و دوورکەوتنەوە لە پیرۆزکردنی ڕاکان، یان چەقبەستوویی و کەلەڕەقی لە هەڵوێستەکاندا هەیە، هێنانەدی هەموو ئەوانە بێ بوونی وتووێژ و گفتوگۆ و قسەکردن نابێت، ئەمەش گرێدراوی سیستمی حوکمڕانی و هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی مرۆڤەکانە کە پێویستە هەمووان باوەڕیان پێی هەبێت و بایەخی پێ بدەن. بێ گومان بە مەبەستی کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی لێبووردەیی، یەکترقبووڵکردن و مەسەلەی دیالۆگ چەند خاڵێک گرنگە، لەوانە:

– وتووێژ، کە دەبێتە هۆی هێنانەدی یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە بەردەم یاسا و ڕێکخستن و جێگیربوونی کۆمەڵ، هەروەها هێنانەکایەوەی تەواوکاری نیشتمانی لە نێوان تاکەکاندا کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی بیرکردنەوە خراپەکان و جێگرەوەی بە بیرکردنەوە باشەکان، کە دواجار پەرەپێدانی نیشتمانی بەدی دەهێنێت لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، هەروەها بەدیهێنانی لێکنزیکبوونەوە و یەکترناسینی زیاتر لە نێوان تاک و لایەنەکاندا.

- فێربوون لەگەڵ ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ دەکەین، گەر هاوڕامان بن یان جیاواز؛ چونکە گفتوگۆ، لە پێناو هێنانەوەی بەڵگە و چەسپاندنی ڕای ڕاست نییە، بەڵکوو لە پێناو تێگەیشتن و پێکەوەژیانە.

- لێبووردەیی لەگەڵ ئەوانی دی و هێنانەدیی ئاڵوگۆڕکردنی گونجاندن و ڕیسواکردنی ململانێکان لە پێناو دەسکەوتێکدا.

- بونیادنانی بەرنامەی زانستی، بە مەبەستی گەشەدان بە هۆشیاریی کۆمەڵ.

- دانانی بەرنامەی فێربوونی نوێ، بە مەبەستی ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێی هۆشمەند، کە توانای قورساییەکانی قۆناغەکەی هەبێت.

- دۆزینەوەی کەرەسەی ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو لە گشت ئاستەکاندا.

- دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرە زیادەڕۆیی و دواکەوتوویی و توندڕەوییەک لە کۆمەڵدا، لە ڕێی بایەخدان بە خولی فێربوون و مێزگردی ڕۆشنبیری.

**سەرچاوەکانی لێی سوودمەند بووم:**

1. قبول الآخر..احترام للذات وللآخر ، عماد العبار
2. احترام الرأي وقبول الاختلاف ، سلمان بارود

# چەمکی ئازادی
# جۆر و ڕەهەندەکانی

بێ گومان وەک هەموو چەمکێکی تری زانستی و بە هۆی فرەبواریی جیاجیای چەمکی ئازادییەوە، ناکرێت چەمکی ئازادی لە یەک پێناسەدا کورت بکرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، ئـازادی بە واتـای توانای خود دێت بۆ بڕیاردان لەو شتانەی تایبەتن بە خۆی؛ بە شێوەیەک مرۆڤ زیاد لە هەڵبژاردەیەکی لەبەردەستدا بێت و، بتوانێت بە دوور لە هەموو ناچارکردنێک، یەکێکیان هەڵبژێرێت.

**ئازادی، بەرپرسیارێتییە:**

ئازادیی مـرۆڤ هەڵقووڵاوی خـودی تاکەکانە، بەوەی هۆشمەندانە و بەرپرسیارانە لە ڕووی ناوخۆیی و دەروونییەوە هەست بە ئازادبوونی خۆی بکات و، ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتار و کرداریدا هەبێت و، ببێت بە شێوازی ژیانی. بەو واتایەی، ئازادیی واقعی لە کرداری گۆڕانکاریی خودەوە سەرچاوە دەگرێت؛ لە هەستکردن و درککردن و تێگەیشتن لێی. ئەوەیە دەبێتە هوی دۆزینەوەی هەنگاوی یەکەم بەرەو ئازادی و، بێ گومان ئەوەیش بە دوور لە هەموو ترس و ستەم و کۆیلایەتی و نەزانین و ناچارییەکەوە دەبێت.

لێرەوە پرسیارێک سەر هەڵدەدات، بەوەی ئایا مرۆڤەکان لە کۆمەڵی کوردیدا ئازادن، یان نەخێر؟ بە بڕوای من بە

شێوەیەکی گشتی، نەک پیادەکردنی ئازادی و بنەماکانی لە قەیراندایە، بەڵکوو تێگەیشتن لێی لە ئاستێکی لاوازدا بەدی دەکرێت، چونکە یەکێک لە بنەما سەرەکی و بیروباوەڕەکانی ئازادی، کارکردنە بە ڕاستگۆیی و شەفافییەت. واتە ئەگەر مرۆڤەکان لە ژیانی خۆیاندا لە شاردنەوەی ڕاستییەکان قوتار نەکردبێت و، لە هەمان کاتدا ئەگەر ڕاستگۆیی لای مرۆڤەکان نەبووبێتە بنەمای پەیوەندییەکانیان و، مرۆڤەکان نەیانتوانی بێت ئازاد بن و لە هەمان کاتدا نەیانتوانی بێت بەئازادانە مومارەسەی پەیوەندییەکانیان بکەن. هەموو ئەوانەیە کە دەرەنجام دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدان و بەردەوامیی زۆرێک لە کێشەکان.

سەرەڕای ئەوەی هۆکاری زۆر و جیاواز هەن کە وایان کردووە شاردنەوە و باسکردن لە درۆی سپی، بەناچاری بووبێتە خەسڵەتێکی باو و خوویەکی مرۆڤەکان یان بە شێوەیەکی تر بۆتە کەلتوور و فەلسەفەی زۆرێک لە تاکەکان کە ڕۆژانە ژیانی پێ دەگوزەرێنن؛ چونکە لە ناخ و هزریاندا گەیشتوونەتە ئەو ڕاددە باوەڕبوونەی، دەربڕینیان بە ڕاستگۆییی قسە و بابەتەکان هەم ڕێگرییەکان زیاد دەکات و هەم کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات، کە ئەمەیش بێ گومان سەرچاوەی گرفتی سەرەکیی کێشەکەیە. بێ گومان گەیشتن بەو هەستە، ئەگەرچی لای خودی زۆرێک لە مرۆڤەکان لە ڕووی دەروونییەوە جێی ناخۆشییە، لە هەمان کاتدا هۆکاری زۆرە.

بە نموونە، کچێک پاش ئەوەی بەخۆشەویستی پەیوەندیی هاوسەرگیریی لەگەڵ کوڕێکدا دەکات و پاش تێپەڕبوونی ساڵێک لە پەیوەندییەکەیان و لە دانیشتنێکیاندا، بەخۆشییەوە کوڕەکە بەشانازییەوە باس لە پەیوەندییەکانی ڕابردووی خۆی دەکات و بە ژنەکەیشی دەڵێت: «دەی تۆش وەک من ئازاد بەو باسی ڕابردووی خۆت بکە.» ئەوەندەی ژنەکە لە وەڵامدانەوەیدا دەڵێت: «وەڵا منیش کوڕێک داوای پەیوەندیی لێ کردووم.» ئیدی دەرەنجام تەنیا بەو دەربڕینە، واز لە ژنەکەی دەهێنێ.

لە لایەکی تر، مرۆڤەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لەبەر ئەوەی دەنگ بە لایەنێک، یان کەسێکی دیاریکراو دەدەن، دەرەنجام سزا دەدرێن و ئیدی بە هۆی ترسەوە ناتوانن مومارەسەی ئازادییەکانی خۆیان بکەن. بۆ نموونە، ژنێک لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی داخراودا دوور لە ئیرادەی خۆی، ناچار دەکرێت قبووڵی ژنی دووەم بکات و، لە هەمان کاتدا بەناچاریش دوور لە ویستی ڕاستەقینەی خۆی بۆ گێڕانەوەی کەرامەتی، داوای جیابوونەوە دەکات.

کەسایەتییەک خۆی بە ئەکادیمی دەزانێت و نەوە پەروەردە دەکات، ژێربەژێر پەیوەندیی جۆربەجۆر لەگەڵ فێرخوازەکانی دەکات و، پاشان خۆی بە ئازادیخواز دەزانێت و لەنێو مەزەی سەرمێزی هاوڕێکانی بەشانازییەوە باس لە پەیوەندییە ژێربەژێر و شاراوەکانی خۆی دەکات، دەڵێت: «لەم ژوورەی خۆم لەگەڵ ئەوەندە کەسدا ڕام بواردووە.» ڕۆشنبیرێک بانگەشەی فەلسەفەی ئازادی بۆ مرۆڤەکان بڵاو دەکاتەوە و،

ئامادەیە بە ناوی پەیوەندی و یەکترناسین و خۆشەویستییەوە چەندین کچ سکپڕ بکات، بێ ئەوەی بەرپرسیارێتیی ئەنجامەکانی چارەنووسی بەرامبەرەکەی لەئەستۆ بگرێت.

ئیسلامییەک لەبەر ئەوەی مرۆڤێک باوەڕی بە ئایینەکەی ئەو نییە و وەک بیروباوەڕی خۆی، ڕەخنەئامێزانە تێڕوانینی خۆی دەخاتە ڕوو، فەتوای کوشتنی بۆ دەردەکات و، دەربەدەری لە وڵاتەکەی دەبێتە چارەنووسی. سەلەفییەک بانگەشەی ئایینی و حەڵاڵ و حەرام و ... دەکات، ئامادەیە فریوی کچانێک بدات کە لە تەمەنی کچیدایە و، هاندەری بێت تا تەڵاق لە هاوسەرەکەی وەربگرێت تا هاوسەرگیریی دووەم بکات. ئیدی نموونەی کەسانی سیاسی و کەسایەتیی بوارە جیاجیاکانی تریش هەر یەک بە شێوەیەک و هتد. بۆیە بەدەستهێنانی ئازادیی هەر کەسێک گەر لەسەر حسابی ئەوی دی بێت، دواجار بە مانای زەوتکردن و تێنەگەیشتن دێت لە ئازادیی مرۆڤەکان و، بەدوور دەبێت لە هەموو بەرپرسیارێتییەک کە دواجار زەرەر و زیانە و، بۆ چارەنووسی هەر یەکەیان مەترسیدارە.

### ئازادی لە ڕوانگەی عەقڵ و فکرەوە:

ئازادی، خۆی بە تەنیا لە چێژێکی تێربوون و شەهوانی و خۆشیدا نابینێتەوە، ئەوەندەی خۆی لە سەلماندنی بوونی خۆیدا دەبینێتەوە وەک مرۆڤ و، لە هەمان کاتدا پێش هەموو شتێک ئازادبوونی عەقڵ و فکرییەتی بۆ گرتنەبەری

ڕەوڕەوەیەکی ڕاست، بەوەی بزانێت چیی دەوێت و بۆ دەیەوێت و چۆن بەکاری دەهێنێ؟

یەکێک لە خەوشییەکانی تاکەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە بۆتە هۆی ئەوەی چەمکی ئازادی تەمومژاوی بکات، ئەم تێڕوانینەیە کە لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ، بە نێوەندی نوخبەکانەوە (دەستەبژێرەکان)، چەمکی تێگەیشتن لە ئازادییەکانیان کورت کردۆتەوە بۆ پۆشینی جلوبەرگ، ڕابواردن، پەیوەندیی بێسنوور، لەزەت و چێژوەرگرتن لەوی دی، بێ هەڵگرتنی هیچ بەرپرسیارێتییەک. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر تێگەیشتنی مرۆڤەکان بۆ ئازادی لە دیدێکی هۆشمەندانەوە سەرچاوەی گرتبێت، خۆی دەتوانیت بڕیاردەر بێت لەوەی بتوانێت هەموو جلوبەرگێک بپۆشێت و، لە هەمان کاتدا شوێن و کاتی لەبەرکردنی دیاری بکات.

### بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، چی پێویستە؟

مرۆڤ ناتوانێت لە چاوترووکاندنێکدا ئارەزوو و هیوایەت و خەونەکانی بێنێتە دی، وەک ئەوەی دەیەوێت. بۆ نموونە قسە بکات، ڕەفتار بکات یان گوزارشت لە دەربڕینی خۆی بکات بێ گوێدانە ئەوی تر و حسابکردنی. ئازادی لە کۆمەڵگەدا پێویستیی بە بونیادنان و کارکردنە، لانی کەم بۆ ئەوەی بتوانیت ئازاد بیت لەو کۆت و بەربەستانەی هەتە لەسەر خۆت، یان کۆمەڵگەکەت. بۆیە لێرەوە گرنگە بزانرێت ئەو فاکتەرانەی پێویستن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، لە چیدا خۆی دەبینێتەوە، کە گرنگترینیان لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- بەردی بناغەی ئازادی: دروستکردنی تاکی ئازاد کە بڕوا و متمانەی بە خۆی هەبێت و، لە بەرامبەر خۆی و کۆمەڵەکەیدا هەست بە بەرپرسیاریێتی بکات. هەروەها ئیرادەیەکی هۆشمەندانەی هەبێت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی، بێ ئەوەی لە بەرژەوەندییەکانی ئەوی تر بدات؛ بە واتایەکی دیکە، تاک سەرچاوەی دروستبوونی ئازادیی کۆمەڵگەکەیەتی.

٢- عەقڵ: ئازادیی تاک لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ بەدیهێنانی ئەوەیش، تاک یان عەقڵ، پێویستە لە بازنەی ترس، دڵەڕاوکێ و داخراوی دەربچێت و، هەوڵ بدات ئازاد بێت؛ بۆیە ڕاهێنانی عەقڵ لەسەر ئازادی، بۆ تاک پێویستە.

٣- پەروەردە: بۆ ئەوەی عەقڵ ڕابهێنرێت، پێویستمان بە شێوازەکانی پەروەردە دەبێت، بەوەی هەر لە منداڵییەوە لە ڕێی ئەو بیروباوەڕ و بەهایانەی لە خێزان و کۆمەڵگە و سیستەمەوە فێر دەکرێت، کاری لەسەر بکرێت. باشترین ڕێگەی پەروەردەیی بۆ منداڵ، ڕێخۆشکردن، یان والاکردنی زەمینەی گفتوگۆیە لەگەڵیدا، جگە لە بەخشین و فێربوون بەدوای زانیارییەکاندا، چونکە نەزانین، ئازادی بە تاک نادات، بەڵکوو لێی دەسێنێتەوە؛ ئەمە جگە لەوەی پێواری نەزانین لای مرۆڤ ترس دەخولقێنێ و، وا لە کەسانی بەرامبەر دەکات کە هەمیشە خۆیان بەزاڵتر بزانن. بۆیە، مافی ئازادییەکانی لێ زەوت دەکات، بەتایبەت لە بواری ئازادیی هەڵبژاردنەکان و بڕیارسازیدا، تەنانەت لە بچوکترین شت و مەسەلەدا.

بۆیە ئـازادی، هـەوڵ و تێکۆشانی دەوێـت بۆ ئـەوەی بـەدەسـت بێت. لـێرەدا پـرسـیـارەکە ئـەوەیـە: تـا چەند مرۆڤەکان هەوڵی بۆ دەدەن و تا چەند تێی گەیشتوون و دەیانەوێت ئازاد بن؟ ئەمەیش بەو واتایەی، ئازادی لە دەرگەی مرۆڤەکان نادات، بێ ئەوەی هەوڵی بۆ بدەن، بەڵکوو ئازادی، شارەزاییەکی کەڵەکەبووە و، مرۆڤەکان چێژی لێ وەرناگرن تا ئەو کاتەی ڕێگە بە خۆیان دەدەن بچنە نێو ئەزموونەکانەوە.

## ئایا مرۆڤ پێویستیی بە ئازادی هەیە؟

یەکێک لەو ئازادییانەی، مرۆڤ پێویستیی پێی هەیە، ئازادیی تاکەکەسییە کە لە ڕووی یاساییەوە پێی دەگوترێت مافی مرۆڤ. بە واتای ئەنجامدانی هەر کردەیەکی کەسییە، کە دەیـەوێت بیکات، بێ زیانگەیاندن بـە کەسانی تر؛ چونکە نەبوونی ئازادی، دەبێتە هۆی کوشتنی داهێنان و دەستپێشخەری و خنکاندنی ڕۆحی جیاوازییەکان، بەمەیش نە تاک گەشە دەکات و نە کۆمەڵگەیش پێش دەکەوێت. بۆیە ئازادبوونی مرۆڤ گرنگە، نەک لەبەر ئەوەی دەیانەوێت بگەن بە چەند مەبەست و ئامانجێک، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئازادی بریتییە لە جەوهەری بەمرۆڤبوون. کەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەبێت، دەبێت ئازاد بێت. واتە ئازادبوون بە مانای هەبوونی مرۆڤ دێت، چونکە دواجار داهێنان و پێشکەوتن لە ڕێی مرۆڤەکانەوە دێتە بوون .

## ئازادی، تا چەند ڕەهایە؟

ئەگەرچی ئازادی بەو مانایە دێت کە هیچ شتێک ڕێگر نییە لە بەردەم ئیرادەی تاک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەڵام ئەمە بە واتای ئازادبوونی ڕەها نایەت. بە واتایەکی دیکە، مرۆڤ تا ئەو شوێنە ئازادە کە سنووری ئازادییەکانی ئەوی تر دەست پێ دەکات. بە نموونە، مرۆڤ ئازادە کاتێک دەیەوێت پیادەڕەو بێت، یان بڕیار بدات بە توتۆمبێل بڕوات بۆ ئەو شوێنەی مەبەستییەتی. کاتێکیش سواری «پاس» بوو، ئازادە سواری چ جۆرە پاسێک دەبێت و لە کوێ دادەنیشێ، بەڵام کاتێک سواری پاسەکە بوو، ئازاد نییە کورسییەکانی بدڕێنێ، یان پەنجەرەی پاسەکە بشکێنێ و، یاخود پیسی و پاشەڕۆی تێدا فڕێ بدات، یان کەسێک بەزۆر هەستێنێ و خۆی دابنیشێ. ئەمە ئەگەرچی نموونەیەکی سادەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا قووڵ و پڕمانایە، کاتێک ڕۆ دەچیتە ناوەڕۆکی ڕووداوەکەوە.

## ئازادی لە مەودای سیاسی و تاکەکەسییەوە:

باسکردن لە ئازادی لە هەر دوو بواری سیاسی و تاکەکەسییەوە، دابڕاو نییە لە سەرجەم بوارەکانی تر. بە واتایەکی دیکە، تەواوکەر و گرێدراوی بوارەکانی ئابووری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، دەروونی و...یە، تا بە هۆیەوە بتوانین خوێندنەوەمان هەبێت بەوەی بزانین تاک تاچەند ئازادە و تا چەند کۆمەڵگە و سیستەمی فەرمانڕەوایی، ئازادییان لە کۆمەڵگەدا فەراهەم کردووە؟

### ئازادیی سیاسی بە مانای چی دێت؟

ئازادیی سیاسی، بە واتای هاووڵاتیبون دێت؛ واتە درککردنی تاک بە مافەکانی و پیادەکردنی لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە ڕێی سەرجەم چالاکییە سیاسییەکانەوە. ئەو مافە سیاسییانەی کە خۆی لە ڕادەربڕین و قسەکردن و بەشداریکردنی سیاسییانەدا دەبینێتەوە، کە هاووڵاتی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەرپرسیارانە کاریگەری و بەشداریی هەبێت لە بڕیارەکانی پەیوەست بە خودی تاکەکانەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، بە مەبەستی بەئاڕاستەبردنی کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنەکان.

خوڵقاندنی ئەم ژینگەیەیش دوولایەنە دەبێت: بەشێکی پەیوەستە بە خودی تاکەکانەوە کە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییان هەبێت، ئازاد بن، ئینتیمای هاووڵاتیبوونیان تێدا بێت و بە دیدێکی هۆشمەندانە و عەقڵانییەوە بڕواننە ڕۆڵ و کاریگەری و کاردانەوە و ئاسەواری بەشداربوونەکەیان. دیوێکی تری، پەیوەستە بە سیستەم، دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانییەوە کە زەمینە بڕەخسێنێ و باوەڕی بە ڕۆڵی بەشداربوونی هاووڵاتیان هەبێت و حسابیان بۆ بکات.

### ئازادیی سیاسی، چۆن فەراهەم دەبێت؟

لە ڕوانگەی باسەکەی پێشوو، ئازادیی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکدا فەراهەم دەبێت کە سستەمی حوکمڕانی لەسەر بنەمای دیموکراسییەت بونیاد نرا بێت، کە هاووڵاتیبوون و

بنەماکانی مافی مرۆڤ بەردی بناغەی سیستەمەکە بێت. بەڵام کاتێک ئاوڕ لە واقعی کوردستان دەدەینەوە، ئەوەمان پێ دەڵێت کە کەم نین ئەو مرۆڤانەی لەبەر ئەوەی دەنگیان بە لایەنێکی دیاریکراوی سیاسی نەدا، ئەوانەی ڕەخنەیان لە ئەدای کارکردنی سیاسەتمەدارێک، یان لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو گرت و، ئەوانەی دەنگیان بەرز کردەوە لەمەڕ ئەو ناهەقی و گەندەڵییانەی لە کوردستاندا دەکرێت، لە دەرەنجامدا بە ئاقاری زۆردا ڕۆیشتوون لەوانە؛ نانبڕاوی، دوورخستنەوە و سزا و بێسەروشوێنکردن  تا ئەوپەڕی تیرۆرکردن و کوشتن بە بیانووی جۆربەجۆر.

واقعی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە کوردستاندا، ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەگەرچی بۆ نیشاندانی ڕووی دیموکراسییەت، وەک هەر وڵاتێکی تری ڕۆژهەڵات، پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت  و مرۆڤەکان بە ویست و ئیرادەی خۆیان بێت، یان دەچنە پرۆسەکە و دەنگ دەدەن یان نا، بەزۆر دەنگ دەدەن، یان بە ئیرادەی خۆیان؛ ئەمانە هەمووی مەسەلەیەکن. بەڵام دەرەنجام کارنەکردن بە ئەنجامی ڕاستەقینەی دەنگی هاووڵاتیان، بە واتایەکی تر گەمەکردن بە دەنگەکان لە لایەن حزبە سیاسییەکانەوە هەر یەک بە ویست و خواستی خۆی و یاریکردن بە ڕێژەی دەنگەکان بەپێی ڕێککەوتنی حزبە سیاسییەکان و هاوکاریی وڵاتانی داگیرکەر و دراوسێکان، دەرەنجام ئەوەمان پێ دەڵێن کە خودی پرۆسەی ئازادیی سیاسی لە کوردستاندا لەژێر پرسیار و لاوازیدا خۆی دەبینێتەوە.

## ئازادیی تاکەکەسی بە چ مانایەک دێت؟

ئـازادیـی تاکەکەسـی بـە مـانـای خودناسـی دێـت؛ واتـە باوەڕبوونی تاک بەو ماف و ئەرکانەی باوەڕی پێیەتی و، هەڵێنجانی پرۆسەیەکی عەقڵانییە کە بە هۆیەوە دەبێتە کردار و ڕەفتار و، لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. واتە دەبێتە شێوازی ژیانی، بێ ئەوەی زەرەر و زیانی بۆ کەسانی بەرامبەر هەبێت .ئەمەیش خۆی لە هەموو خواست و ویست و ئارەزوویەکی مرۆڤدا دەبینێتەوە؛ هەر لە مەسەلەی خواردن و پۆشینی جلوبەرگ، تا ئازادیی عەقڵ و فکر و هتد.

## ئازادیی تاکەکەسی، لە چ کۆمەڵگەیەکدا فەراهەم دەبێت؟

ئەم جۆرەی ئازادی، لە کۆمەڵگەیەکدا بەرجەستە دەبێت کە دەستوورەکەی لە بەهاکانی مافی مرۆڤەوە هەڵقووڵابێت؛ زاڵێتی و باڵادەستیی ئایینێک، یان ڕەگەزێک یاخود ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو، لە دەستووری وڵاتەکەیدا ڕەنگدانەوەی نەبێت. کەلتوور و سیستەمی پەروەردەیی لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی، ڕاستی و شەفافییەت دامەزرابێت. تاک وەک خود، خۆی سەنتەر بێت و، سیستەمەکە تاکی ئازاد بەرهەم بێنێ، نەک خێزان، یان کۆمەڵگە یاخود هۆز و بنەماڵە و خێڵ و... سەنتەر بن.

## ئایا ئازادیی تاکەکەسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا چەند فەراهەم کراوە؟

لەبەر ڕۆشناییی باسەکەی پێشتر، واقعی کۆمەڵگەی کوردی پێمان دەڵێت: زۆرن ئەو کچانەی لە لایەن کەسوکار و کەسانی نادیارەوە کوژران، لەبەر ئەوەی ویستیان بە

بڕیار و ویست و خواستی خۆیان هاوسەرگیری بکەن، وە لەجیاتی ئەوەی لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیاندا خۆیان بڕیار بدەن، لە لایەن ئەوی ترەوە بڕیار لە هەستیارترین و چارەنووسسازترین بابەت دراوە لە ژیانیاندا.

هەروەها زۆرن ئەو کەسانەی لەژێر دروشمی ئازادیدا و بە ناوی ڕۆشنبیرانەوە، لەبەر چێژ و خۆشی و کاتبردنەسەر و نیشاندانی ڕووی دیموکراسی و مەدەنی لە بۆنە و مەراسیمە تایبەتەکاندا، پێکی خواردنەوەیان لەگەڵدا دەخواردن و باسیان لە ئازادیی تاکەکەسی دەکرد و هاوڕێیەتی و هاوژینییان لەگەڵ کچان و ژناندا دەکرد، بەڵام دواجار بە سووک و کەم سەیریان دەکردن و قسەیان دەخستە پاڵیان و، ئامادە نەبوون هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکەن. ئەمانە و چەندین نموونەی تر، لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونیان هەیە.

بە بڕوای من زۆربەی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران لە کوردستان ڕۆڵێکی زۆر خراپ و نێگەتیڤیان هەبوو لە مومارەسەکردنی چەمکی ئازادی وەک خۆی و، لە هەمان کاتدا نەیانتوانی یارمەتیدەر بن بۆ بونیادنانی تاکی ئازاد بە واتا قووڵ و فراوان و بەرپرسیارێتییەکەی، نەک بە واتا تەسکەکەی و کورتکردنەوەی تەنیا لە مەسەلەی ژنان و پەیوەستبوون بە خۆشی و حەز و ئارەزووەکانی تاک، کە هەڵقووڵاوی شاردنەوە و کۆیلەبوونی بووە .بەو هۆیەوە، دەتوانم بڵێم کەمن ئەو کەسانەی ڕۆژانە درۆکردن نەبۆتە پیشەیان و، شاردنەوە و نهێنییەکانی ژیانیان پڕاوپڕ و لێوانلێو نەبوون.

بۆیە، دەرەنجام هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەو جۆرە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانە بوو، کە وای کرد خودی چەمکی ئازادی لە کوردستاندا، دوژمن و کاردانەوە و ئاسەواری زۆری لێ بکەوێتەوە؛ بەتایبەت لە لایەن ئیسلامییە سیاسییەکانەوە، کە پێیان وایە باسکردن لە ئازادی، یان کارکردن بە بنەماکانی و هەوڵدان بۆ بەرجەستەبوونی لە واقعدا، بە واتای بەڕەڵایی و لادانی مرۆڤەکان دێت؛ کە ئەمە دوورە لە ڕاستی و واتای وشەکە وەک ناوەڕۆک.

## تا چەند لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئازادی هەیە؟

لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەرەنجامی ئەو واقعەی باسم لێوە کرد و ڕۆڵی بوارەکانی تری ئازادی، ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەو خەوشییانەی ڕووبەڕووی ئازادی بوونەتەوە بەکورتی بریتین لەم خاڵانە:

١- ئازادی تەنیا دروشمە و، نەبۆتە شێواز و ڕەفتاری ژیان کە کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی لە هەڵسوکەوتی تاکەکاندا هەبێت. بە شێوەیەک، تاکەکان خۆیان لە چاوی خۆیانەوە ببینن، ببیستن، تام و بۆن بکەن، هەست بە خۆشی و ناخۆشییەکان بکەن و؛ ئیدی بکەر بن نەک کارلێکراو، ئاڕاستەکەر بن نەک ئاڕاستەبۆکراو، بڕیاردەر بن نەک بڕیاربۆدراو، خۆیان ئامرازی دەستی خۆیان بن نەک بەدەست ئەم و ئەوەوە ئامرازی جیاجیا بن و بەکار بهێنرێن.

ئەوەیش لە ژینگەیەکەوە دەخوڵقێت کە تاکەکان بگەنە ئاستی باوەڕبوون بە خۆیان و، متمانە و ئیرادەی خۆیان

بەهێز بکەن. لە هەمان کاتدا هەوڵ بدەن قبووڵی ئەوی دی وەک خۆیان بکەن نەک بەو شێوەیەی ئەو دەیەوێت؛ بەوەی خۆی خۆیەتی و، بەرامبەریشی ئەوی تر.

٢- ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، نەبۆتە بەرپرسیارێتی، بەڵکوو خۆی لە حەز و چێژ و ئارەزووکاندا بینیوەتەوە. ئەوەش گرفتی گەورەی خوڵقاندووە، بۆ نموونە: مرۆڤ ئازادە جگەرە بکێشێ، بەڵام کاتێک بووە هۆی بێزارکردنی کەسانی دەوروبەر، دەبێ هەڵوەستەی هەبێت. مرۆڤ ئازادە کاتێک دەیەوێت قسە بکات، بەڵام بە دەنگبەرزکردنەوەی، یان بەکارهێنانی وشەی زبر و جوێن و ڕەفتاری نەشیاو کە ببێتە مایەی هەراسانکردن و پێشێلکردنی مافی ئەوانی تر، پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکات.

بۆ نموونە، کاتێک کوڕێک بە ناوی خۆشەویستییەوە لەگەڵ کچێکدا مومارەسەی سێکس دەکات و دەرەنجام سکی پڕ دەکات و ئیتر خۆی لە دەستی قوتار دەکات یان وازی لێ دەهێنێت و، ئامادە نییە هیچ بەرپرسیارێتییەک لەئەستۆ بگرێت. لە کۆمەڵگەیەکدا کە نە یاسا، نە کەلتوور و داب و نەریت و نە هیچ پشتیوانییەکی دەبێت، تەنیا کوشتن و لەناوبردنی خۆی نەبێت، ئەمە پێی ناگوترێت «ئازادم، بۆیە وا دەکەم»، چونکە ئازادیی تۆ لەوێدا کۆتایی دێت، کاتێک ئازادیی ئەوی تر دەست پێ دەکات. بۆیە، نابێت ببێتە مایەی زەرەر و زیان بەوی تر.

٣- ئازادی بەڕەهایی تەماشا دەکرێت، لە کاتێکدا وا نییە کە مرۆڤەکان هەرچییەکیان بوێت و چۆن و کەی بیانەوێت

بیکەن، بێ گوێدانە بەها مرۆییەکان و بێ لێکدانەوەی ئازاردانی ئەوانی تر، یان هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی یاخود پیادەکردنی ئازادی لەسەر حسابی حەز و ویست و ئازادییەکانی کەسانی بەرامبەر.

٤- دەگوترێت «ئازادی دەسەندرێت، نادرێت». من بۆ خۆم باوەڕم بەمە نییە و، بڕوام وایە ئازادی نە دەسەندرێ و نە دەدرێ، بەڵکوو خودی ئازادی لەناو ناخ و هزری مرۆڤەکاندا هەڵدەقووڵێ و، دەبێت مرۆڤ هەوڵ بدات بیدۆزێتەوە و ئیکتشافی بکات، پاشان لێی بگات و وەڵامی هەبێت بۆ ئەوەی بزانێت چۆن دەیدۆزێتەوە و بۆ دەیدۆزێتەوە؟ کەی بەکاری دەهێنێ و لە کوێ؟

لەو ڕوانگانەوە خودی ئازادی پرۆسەیەکی هۆشمەندی ئیرادەگەرییانەیە؛ هەڵقووڵاوی ناخ و هزری تاکەکانە؛ بەر لە هەموو شتێکی دیکە، دەبێت ویست و خواست و خەونی مرۆڤەکانی لە پشتەوە بێت. ڕاستە هۆکار زۆرن لە بەردەم بەرجەستەنەبوونی ئازادییەکاندا، بەڵام پێش هەموو شتێک، دواجار ئەوە مرۆڤەکانن کە گرنگە بزانن دەیانەوێت ئازاد بن؟ یان بەئازادانە ڕەفتار دەکەن؟ بێ گومان ئەوەیش، بێ قوربانی، نایەتە بوون. بێ بوونی تاکی ئازادیش کۆمەڵگە ئازادی بەخۆیەوە نابینێت؛ بێ ڕێزگرتن و تێگەیشتنی مرۆڤ لە ئەرک و مافی خۆی و ئەوانی تر نایەتە بەرهەم و، دواتر بێ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، هیچ مانایەک ناپێکێت.

بۆیە تێگەیشتن و کارکردن بە بنەماکانی ئازادی، پرۆسەیەکی درێژخایەن و بە پلانی سیستەمی حوکمڕانییە،

که تاکەکان لە دەرەنجامی ئەو سیستمەوە و لە ڕێی بەرنامەی فەلسەفەیەکی دیاریکراوی پەروەردە و فێربوونەوە وەری دەگرن و، قۆناغ بە قۆناغی ژیانی مرۆڤەکان ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ژیانیاندا و، دواتر دەبێتە شێوازی ژیانیان و لە گوفتار و ڕەفتاریاندا ڕەنگ دەداتەوە

# ئەخلاق و سیاسەت
# وەك دوو چەمکی گرێدراو

زۆر کات گوێبیستی ئەوە بووین کە ئێستا زۆر ڕەفتار و دیاردەی ئەخلاقی لە بوارە جیاجیاکاندا بەدی دەکرێت، کە لە سەردەمی ڕابردوودا کەم بووە، لەوانە: درۆ، ناسیاوی و خزمخزمێنە، واستە، دزین، قۆپی، فێڵکردن، پابەندنەبوون بە بەڵێن، ناپاکی، ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی، زمانی زبر و توندوتیژی و هتد. لێرەوە پرسیارێک دەخوڵقێت: ئایا ئێمە لە قەیرانی ئەخلاقیدا دەژین، یان ئەخلاق لە قەیراندایە؟ گەر وایە، هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

هەندێ کەس پێیان وایە دۆخەکان لە ڕووی ماددی و گوزەرانی خراپی خەڵکەوە، زیاتر دەبنە هۆی پشێوی و پاڵنەری خەڵک لەژێر گوشاری خراپیی باروودۆخدا بۆ لادان و گۆڕینی ئاراستەی ڕەوشت و ڕەفتار و ئەخلاق و دروستبوونی قەیران، بەڵام لە لایەکی ترەوە، کەسانی تر هەن پێداگیری لەوە دەکەن کە قەیرانەکانە دەبنە هۆی دەرخستنی ناخی خەڵکانی باش، بەو مەبەستەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ناخی خەڵک خراپە؛ بۆیە ئێمە لە قەیرانێکی ئەخلاقیدا دەژین، کە هیچ پاساوێکی نییە.

ئەخلاق: بریتییە لە کۆمەڵێک بەها، کە بە شێوەیەکی گشتی ڕاکێشی باشە و چاکە و دوورکەوتنەوە لە ناخۆشی و شەڕ و، شێوەیەک لە شێوەکانی هۆشیاریی مرۆیی دەکات؛ هەروەک چۆن بە کۆمەڵە بەها و بیروباوەڕێک دادەنرێت

کە جووڵێنەری کەس و نەتەوە و میللەتانە، وەک ئازادی و یەکسانی و داد؛ بە شێوەیەک دەگاتە ئاستێک کە دەبێتە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری بۆ ئەو میللەتانە، بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێکی یاسایی کە لە لایەن وڵاتانەوە یاسا و ڕێساکانی لێ هەڵدەهێنجرێ.

سیاسەت: بریتییە لە ڕێگەکانی سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵە مرۆییەکان و ئامرازەکانی بەڕێکردنی کاروبارەکانیان؛ لەو ڕوانگەیەوە کە پێی وایە سوودمەند و باش دەبێت.

### هەڵوێستەکان لەبارەی سیاسەت و ئەخلاقەوە

لە نێوەندی تێڕوانین و بۆچوونەکاندا دوو هەڵویستی جیا بەدی دەکرێت لەمەڕ ململانێی نێوان بیری سیاسی و ئەخلاقەوە، کە خۆی لە ململانێی نێوان ئامراز و ئامانجدا دەبینێتەوە.

هەڵویستی یەکەم: ئامانجی سیاسەت بریتییە لە پاراستنی دەوڵەت، بۆیە لە پێناو مانەوەی دەوڵەتدا هەموو ئامرازێکی ڕەوا و ناڕەوا بەکار دەهێنن؛ بۆیە جیاکەرەوەیەکی ئاشکرا لە نێوان سیاسەت و ئەخلاقدا بەدی دەکرێت.

مەکیاڤێللی دەڵێت: «دەبێ ئامانجی سیاسەت لەسەر بیروباوەڕی نائەخلاقی هەڵبژێردرێت.» بۆیە دەبێ ئەخلاق دوور بخرێتەوە، لەبەر ئەوەی بە تاکە ڕێگر و بەربەست دادەنرێت. بەڵام پێشکەوتنی دەوڵەت و تێڕوانینی مەکیاڤێللی، خۆی سەرچاوەی لەو بیرەوە وەرگرتووە کە مرۆڤ بە زیاندار و دەروونڕەش دادەنرێت، کە هیچ شت لە خۆپەرستی

و شەڕەنگێزییەکەی کەم ناکاتەوە، تەنیا دەسەڵاتی سیاسی نەبێت. وەک گوتراوە «ئامانج پاساوە بۆ ئامراز»؛ بەو مانایەی گەر ئامانجەکە باش بێت، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ئامرازێک، کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەخلاقدا، وەک: کوشتن، دەربەدەری، بەندکردن و هتد.

بە ڕای مەکیاڤێللی ئەو سیاسەتەی لەسەر ئەخلاق بەندە، زۆر دادەڕووخێت، بۆیە سیاسەتکردن لەسەر بنەمای ئەخلاق ڕەت دەکاتەوە؛ لەبەر ئەوەی تێڕوانینی نەرێنیی لەسەر مرۆڤ هەیە و، پێی وایە دانانی یاساکان ئامرازە بۆ دانانی سنووری خۆپەرستیی مرۆڤ و ئارەزووکردنی بۆ ناکۆکی و خاوەندارێتی و زاڵبوون. لە بەرامبەر ئەوەیشدا، پێی وایە دەسەڵاتدار دەبێ هەموو ڕێگەیەکی فێڵ و هەڵخەڵاتاندن بەکار بهێنێت، کە بە هۆیەوە دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو کەسانەدا کە حوکمڕانییان دەکات، هەروەها بەسەر وڵاتانی تریشدا زاڵ بکات.

ڕەخنەگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە، ئەو تێڕوانینە لەسەر سروشتی مرۆڤ، کە بە شەڕەنگێز و خۆپەرست وەسفی دەکات، گوزارشتێکی ڕاست نییە. بۆیە ئەو بۆچوونە لەگەڵ ئامانجی کۆمەڵگە یەک ناگرێتەوە، کە بریتییە لە کۆمەڵە تاکێک و، ئامانجی کۆمەڵ بریتییە لە چاکسازیی گشتی و باشی بۆ گشت، کە ئەوەیش لە چوارچێوەی ئەخلاقدا نەبێت نایەتە دی.

هەڵوێستی دووەم: کانت پێی وایە ئامانجی سیاسەت پاراستنی مرۆڤە، کە بونەوەرێکی ئەخلاقییە. بۆیە دەبێ سیاسەت لەسەر بنەمای ئەخلاق بنیات بنرێت، بۆ ئەوەی

به شێوەیەکی ڕاست کار و ئەرکەکانی بەئەنجام بگەیەنێت. لەبەر ئەوە ئەگەر ئازادی زەروورەتێکی ئەخلاقی بێت، ئەوا سیاسەتیش بە هەمان شێوە زەروورەتێکی ئەخلاقییە و، ئامانجی پاراستنی ئازادیی تاکەکانە سەرەڕای تێڕوانین و ڕای بیرنارد ڕاسل، کە پێی وایە ڕووداوە مێژووییەکان دەرەنجامی تێڕوانینی گۆڕانکارییە سیاسییە دیاریکراوەکانن و، بۆ ئەوەی داهاتوو لە ڕووی سیاسییەوە زیاتر لە ئاسایش و جێگیریدا بێت، پێویستە لەسەر بیروباوەڕی سیاسی بنیات بنرێت، چونکە چارەنووسی مرۆڤایەتی پەیوەندیدارە بە پەیوەندیی سیاسەت بە ئەخلاقەوە. هەروەها کانت جەختی کردووەتەوە کە دیاردەی داگیرکەر لە ڕووی بیروباوەڕەوە، دەگەڕێتەوە بۆ حوکمڕانیی تاک بە شێوەیەکی ڕەها. ڕەخنەگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە، پێویست ناکات ڕۆڵی گەورە بە ئەخلاق بدرێت لە پشتیوانیکردنی بۆ سیاسەت، چونکە لە هەندێ کاتدا، بۆی دەبێتە ڕێگری و بەربەست.

### پەیوەندیی نێوان بەرپرسیارێتیی یاسایی و ئەخلاقی

بێ گومان بەرپرسیارێتیی یاسایی و ئەخلاقی، دوو شتی جیاوازن. بۆ نموونە، بەرپرسیارێتیی یاسایی، تازەگەری لە یاسادانانەدا دەکات بۆ بەردەم تاک، یان یاسا، بەڵام بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی، بەرفراوانترە لە بازنەی یاسا، لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە پەیوەندیی مرۆڤ بە خۆی و ئەوی تر و خوداوەندی خۆیەوە؛ واتە بەرپرسیارێتییەکی خۆییە لە بەردەم ویژدان و خوداوەندی خۆیدا. بەڵام بازنەی یاسا،

گەمارۆدراوە بە ڕەفتاری مرۆڤ بەرامبەر ئەوی تر و، بەپێی یاسای کارپێکراو دەگۆڕێت و لە لایەن دەسەڵاتێکی دەرەکییەوە جێبەجێ دەکرێت؛ لە لایەن دادوەر، پیاوانی ئاسایش و گرتووخانەکانەوە. بەڵام بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی جێگیرە و ناگۆڕێت، کە لە لایەن هێزێکی خۆیییەوە پیادە دەکرێت و پەیوەندیدارە بە ویژدانی مرۆڤەوە، کە خۆی دەسەڵاتی یەکەمییەتی.

بە دیوێکی دیکەدا، ئەخلاق پەیوەندیدارە بە ئیمانداربییەوە و، هەندێ کەس پێیان وایە لەدەستدانی بەکگراوندی ئیماندارێتی لە لایەن مرۆڤەوە دەیخاتە نێو تەنگوچەڵەمەیەکی فکرییەوە، لە ڕوانگەی پاراستنی پێوەرە ئەخلاقییەکانەوە لە سەرلێشێوان و شپرزەبوون.

مەسەلەی چاکسازیی ئەخلاقی و گێڕانەوەی کۆمەڵێک بەهای ڕەسەن، لەناوەڕۆکدا مەسەلەیەکە کە داهاتووی نیشتمانە و ئامانج لێی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵ و هاووڵاتییەکانییەتی؛ لەو ڕوانگەیەی ئەوە ئامانجی حوکمڕانیی دروست و کۆمەڵگەی مەدەنییە، کە پێویستی بە یارمەتیدانی هەموو تواناکان هەیە لە پێناو بەدیهێنانی پەرەپێدان و گەشەپێدانی بەرفراوان، کە بە بنیاتنانی بەردی بناغە ناوەستێت، بەڵکوو بۆ بنیاتنانی مرۆیی، درێژەی دەبێت.

ئەمە وێڕای ئەوەی لایەنی ئابووری، وەک جەنگێک بەسەر هەژاری و یارمەتی و برسێتیدا دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە گێڕانەوەی ئەخلاق و ڕاستکردنەوەی کۆمەڵە بەهاکان لەناو لایەنی چاکسازیی بەرفراواندا، کە بە جەنگ دەست پێ دەکات

لەگەڵ هەژاریدا؛ بە مەبەستی چاککردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان، بە ئامانجی پاراستنی بەها ڕاستە ئەخلاقییەکان. بۆیە بە مەبەستی کارکردن لەسەر بەرنامەی ئەولەوییاتی چاکسازییە سەرەکییەکان، کارکردن لەسەر چەند لایەنێک پێویستە. لەوانە:

1. پێگەیاندنی نەوەی نوێ لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەهای لێبووردەیی؛ بە شێوەیەک کە دووریـان بخاتەوە لـە دەمـارگـیـری، زیـادەڕۆیـی، توندوتیژی و ڕێزنەگرتنی بیروباوەڕی ئەوانی دیکە، هەروەها هێما ئایینییەکانیان و باوەڕبوونیان بە مافەکانی هاووڵاتیبوونی وەکیەکی و یەکسان، جگە لە بەرزکردنەوەی بەهای کار و ئەرک و بەهێزکردنی ئینتمای نیشتمانی، لە ڕێی بایەخدان بە خوێندنگەی منداڵان و باش هەڵبژاردن و ڕاهێنانی مامۆستاکانیان، چونکە ئەو قۆناغە تەمەنێکە، کە بۆ چاندنی زۆربەی بەها سەرەکییەکان لە دەروونی نەوەی نوێدا گونجاوترینە.

2. پێویستە ڕۆڵی ژنان ببێتە ڕۆڵی هەمووان؛ بە واتای پێگەیاندنی ژنان و ئامادەکردنیان وەک مرۆڤ و دایک، کە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ لە پەروەردەکردنی منداڵدا دەگێڕێت. بۆیە ڕێزلێگرتنی وەک مافێکی مرۆڤ، ئەرکی هەمەلایەنەیە، کە کـاری لەسەر بکات بە مەبەستی سڕینەوەی هەموو وێنایەکی جیاکاریی خراپ، کە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی کەسایەتییەکەی، جگە لە ڕاستکردنەوەی ژێرخانی یاسایی پەیوەندییە خێزانییەکان، کە زامنی مافی خۆی و منداڵەکانی دەکات لە کاتی تەڵاقدا. هەروەها بایەخدان بە ڕۆشنبیرکردنی، بە مەبەستی ڕۆڵبینینی لە گشت بوارەکانی کۆمەڵدا بەپێی ویست و خواست و تواناکانی.

## پەیوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت

ئەخلاق بەشێکە، جیا ناکرێتەوە لە تێڕوانینی خۆیی بۆ مرۆڤ و، تا ئاستێکی گەورە وێنای جیهانی کۆمەڵایەتی-سیاسیی بۆ دیاری دەکات. لە کاتێکدا سیاسەت، یەکێکە لە گرنگترین بوارەکانی چالاکییە مرۆیییەکان و، ناکرێت لە ئەخلاق جیا بکرێتەوە.

بەها و پێوەرە ئەخلاقییەکان، کە پەیوەندییان بە دنیای سیاسەتەوە هەیە لەگەڵ دامـەزراوە و پەیوەندیییەکانی و ڕەفتاری باوی کۆمەڵگە، کۆمەڵێک ئەخلاقی سیاسی پێک دەهێنێت کە بۆ بەرنامەی سیاسیی سیستەمی دەسەڵاتدار و چالاکیی سیاسیی حزبەکان و ڕێکخراو و تاکەکانیش بەکار دێت. ئەوەی ئەخلاق و سیاسەت کۆ دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە پێشەوەی ئامرازەکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتییە، کە بە جووڵێنەر و گۆڕان وەسف دەکرێن؛ بەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵک ڕێک دەخەن.

ئەخلاق، بریتییە لە بەها و بابەتە مەعنەوەییەکانی کە دەبنە نموونەی دیار و لە هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری تاکەکاندا دەردەکەوێت و، هەڵقووڵاوی پاڵنەرە خۆیییەکانە. لە کاتێکدا سیاسەت واقعییە و ئامانجی دیـاریـکـراوی هەیە و، بۆ بەدیهێنانی دەرەنجامی دیاریکراو هەوڵ دەدات.

گرنگترین خەسڵەتەکانی سیاسەت پشت بە هێز دەبەستێت و، هەموو ڕێسا زۆرەملێکان بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی پێویستە بەکار دەهێنێت و، هاوکات لە کاتی پێویستدا پەنا بۆ سزاکان دەبات. لە کاتێکدا ئەخلاق بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئازار و لێپرسینەوەی ویژدان دەبەستێت. ئەخلاق، لە بەشێکی

گەورەیدا لەگەڵ توندوتیژیدا دژە، لە کاتێکدا لە هەندێ کۆمەڵگەی دیاریکراودا پێوەری ئەخلاقی هێندە پەسەندکراوە، کە بە شێوەیەکی دیاریکراو پاساو بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دەهێنێتەوە. ئەرکی ئەخلاقی، ئەرکێکە ملکەچی بیروباوەڕە گشتییەکانی مرۆڤایەتی دەبێت، بێ بیرکردنەوە لەوەی کە ئەو یاسایە ڕاستە، یان هەڵەیە. لە کاتێکدا ئەرکی سیاسی، خۆی لە ملکەچبوونی تاکدا بۆ یاسای دەوڵەت دەبینێتەوە؛ واتە جێبەجێکردنی ئەرکی ئەخلاقی گرێدراوی بیروباوەڕە گشتییەکانە بە مرۆڤایەتییەوە.

بە واتایەکی تر، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەرکی ئەخلاقی و سیاسی لە زۆر لایەنەوە ڕێک دەکەون، بەڵام جیاواز دەبن تەنیا لە ڕووی هەستکردنی تاک لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، بەو واتایەی ئەرکی ئەخلاقی و سیاسی لێکچووە؛ بەڵام ئەرکی ئەخلاقییە، کە وا لە تاک دەکات لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا، هەست بکات کە یاسای گشتی بۆ مرۆڤایەتی، لەگەڵ یاسای نیشتمانیدا بۆ تاک جیاوازیی نییە.  ئەوەیە وا لە یاسا دەکات کە یاسایەکی ئەخلاقی بێت، چونکە ئەرکی ئەخلاقی ئەگەر لە جێبەجێکردنیدا تاکلایەنەیش بێت، بەڵام بەهای ئەو ڕەفتار و ڕەوشتانە گشتگیرە؛ چونکە لە کاتی جێبەجێکردنیدا هاووڵاتی بە ئەرکە ئەخلاقییەکەی، خزمەت بە کۆمەڵە مرۆییەکان دەکات. بۆیە ئەو بەیەکداچوونانە لە نێوان ئەخلاقی و سیاسییەکاندا، وا لە مەسەلەکە دەکات کە قورس و ئاڵۆزتر بێت لە پێکهێنانی پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی ئەرکە سیاسییەکان لە ئەرکە ئەخلاقییەکان.

لەو ڕوانگەیەوە پەیوەندییەکی تەواوکاری لە نێوان ئەرکی ئەخلاقی و ئەرکی سیاسیدا هەیە؛ بەو واتایەی یەکەمیان چالاکترە و هەر دەمێنێت، لەو کاتەدا کە دووەمیان شکست دەهێنێت. بەو شێوەیە کۆمەڵگە زیاتر هاوسەنگ دەبێت و ڕەفتارەکانی تاکیش زیاتر ڕێک دەخرێت. بۆیە لێرەوە پرسیارێک بەکراوەیی دەمێنێتەوە، کە ئایا دەکرێت ئەرکی ئەخلاقی لەسەر بیروباوەڕە واقعییەکان بنیات بنرێت؟

**چەمکی ئەخلاق و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتدا**

واقعی سیاسی و بەگشتی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتدا بە بەرژەوەندییەکان پێناسە دەکرێت، کە زیاتر مەبەست لێی بەرژەوەندییە کەسییەکان (تایبەتییەکان)ە، یان بەرژەوەندیی توێژێک، یان کۆمەڵە سیاسییەک، نەک مەبەست لێی بەرژەوەندیی باڵای وڵات بێت. ئەگەرچی هەندێکی دیکە، بەوە ناوی دەبەن کە هونەری ئەگەرەکانە و، مەبەست لێی بەکارهێنانی دەسەڵاتیانە؛ بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە بەرژەوەندی و دەستکەوتی کەسێتی، نەک مەبەستیان لێی هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤی کردەیی بێت لە نێوان ئەلتەرناتیڤی جیاوازدا بۆ وەرگرتنی بڕیاری دروست.

بوونی ئەو واقعەیە وا دەکات، کە زۆر جار پەیوەندییەکی خراپ هەبێت، تا ڕاددەی ئەوەی بگوترێت کە لە سیاسەتدا شتێک نامێنێتەوە کە ناوی ئەخلاق بێت. بوونی ئەو پێشێلکردنە ئەخلاقییەیشە، وا دەکات هیچ بەها و بنەمایەکی مرۆیی نەمێنێتەوە و ئیدی سیاسەت خزمەت بە گشت نەکات، هێندەی بە بەرژەوەندیی کەسانی تایبەتی دەکات و، گۆڕانکاریی باش و

ڕیشەیی دروست نەکات، هێندەی پاشەکشە و چەقبەستوویی دەکات و، ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک نەهێنێتەوە ئاراوە، هێندەی بێزاری و نەفرەت و دوورکەتنەوە و هتد. بۆیە ئەوەی گرنگە، بوونی پەیوەندیی باش و تەواوکارییە لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا لە پێناو خزمەتی هاوولاتیان و کۆمەڵگە بەگشتی و، ڕۆڵبینینی هەر یەکەیانە بەکردەیی، چونکە پیادەکردنی ئەخلاق لە هەر بوار و ڕوویەکەوە بەشێکی گرنگە لە سەرکەوتنی ئامانج و پرۆسە گەورەکە و، بەپێچەوانەوە  پێوار (غیاب) و قەیرانی ئەخلاقییش دەبێتە مایەی شکست و پشێوی و دارمانی تاک و کۆمەڵگە. بۆیە هەر یەک لە سیاسەت و ئەخلاق، دەبێ پەیوەندییەکی باش لە نێوانیاندا هەبێت، بۆ ئەوەی کاروبارەکانی سیاسەت لەسەر بنەمای ئەخلاقی و جێگیری بەڕێوە بچێت و هەستکردن بە ئاسایش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەبێت.

**سەرچاوە:**

- الواجب ما بين الأخلاق والسياسة، عبد العزيز الخال.

# ئینتیمابوونی هاووڵاتی
# لە نێوان  نیشتمان و حزبدا

نیشتمان، بریتییە لە شوێن و جێی مرۆڤەکان، بۆیە ئەم چەمکە وا دەخوازێت، کە پەیوەندییەک لەسەر ئاستی تایبەتی، لە نێوان مرۆڤ و ئەو شوێنەی تێیدا دەژی هەبێت؛ کە ئەوە ئەو ئینتیمایەیە وا مرۆڤ بەرەو هاووڵاتیبوون ڕاکێش دەکات و، هاوکات چەمکێکی گشتگیرترە دەربارەی ڕەگەزنامەکەی، کە بۆ مانەوە لە هەر وڵاتێکدا وەری دەگرێت. بەگشتی ئەوەی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا جێی تێبینییە، زیادبوونی ئینتیمای ئایدیۆلۆژی، یان حزبییە لەسەر حیسابی ئینتیمای نیشتمانی، کە بەردەوام لە زۆربووندایە و؛ بە بڕوای من، ئەوەیش پەیوەندیدارە بە بەرنامەیەکی سیاسیی نەتەوەیی و ئایینی و پەروەردەییەوە.

بەرژەوەندیی نیشتمان بە ئاراستەکردنی بزووتنەوەی کاری حزبی بەرەو ئاسۆیەکی تەسک، بایەخ بە بیروباوەڕ نادات، کە کاریگەریی ڕوون و ئاشکرای هەبێت بۆ جیاکردنەوەی نێوان ئەو شتەی ئاراستە کراوە بۆ ئامانجی نیشتمانی و گشتی و، ئەوەی ئاراستەیە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی؛ کە ئەوەیش لە زۆربەی هەڵوێستەکاندا بووەتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی مانا نیشتمانییە ڕاستەقینەکان لە نێوان دەستەبژێرە سیاسی و ئیسلامییەکان و لایەنگیرکردنی پڕۆژەکانی ئەوانی تر و بیروباوەڕەکانیان لەسەر حیسابی نیشتمان و، بەزاندنیشی بۆ ڕوودان و

هەڵگیرسانی جەنگ لەسەر خاکی نیشتمان، لەسەر حیسابی ئەوانی تر، لەو کاتەی پێویست بووە چەمکی نیشتمانیبوون بەهێز بکرێ و ماناکانی دەوڵەمەند بکرێ و بەهاکانی لە نێوان گشت هاووڵاتییاندا جێگیر بکرێن.

گشت هێزە سیاسییەکان لە ماوەی حوکمڕانیاندا لە هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە خۆیان لە حزبیبوون ڕامالن، بۆیە هەمیشە کارە سیاسی و حزبییەکان سەروو بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان بووە کە لە زۆربەی کاتدا بەدەر نەبووە لە بەریەککەوتن لەگەڵ بیر و هزری هاوڵاتیبوون و نیشتمانپەروەریدا، لەبەر ئەوەش گوێڕایەڵی بۆ حزبی سیاسی و سەرکردە باڵاکان زیاتر بووە لە ئینتمابوون بۆ نیشتمان و بەها باڵاکان.

ئەمە ئەو ساتەوەختە بەرکەوتنەیە، کە هاووڵاتیبوون و ئینتیما دەسڕێتەوە و تەنیا ئینتیمای ئایدیۆلۆژی جێگرەوەی دەبێت و، ئەو کاتەی تاک ئینتیمای بۆ نیشتمان و خاکەکەی لەدەست دەدات بەهای ڕاستی و دادپەروەری و مانای نیشتمان و ئامانجی گشتی، هیچ بوونێکی لە عەقڵ و دڵی تاکدا نامێنێت. ئەمەیە وا دەکات حزبەکان لە ژێر گوشاری بەرژەوەندییەکانی خۆیان و مەترسیی مانەوە و پاراستنی خۆیاندا بن، وێڕای ئەوەی یەکبوونی گوتاری کوردایەتی، وەک بانگەشەیەک لە ئەدەبیاتیاندا دەردەکەوێت و هەندێ جار لە هەنگاوەکانیان پاشگەز دەبنەوە. بۆ نموونە گوێڕایەڵی (وەلاء)ی ئایدیۆلۆژی، وای لە زۆربەی نەتەوەکانی عەرەب کرد، بەرامبەر بەو

هەموو کوشتوبڕ و توندتوتیژییانەی کە لە لایەن ڕژێمی سەددامەوە دژ بە کوردەکان لەسەر خاک و وڵاتی خۆیان ئەنجام درا، چاویان داخەن و گوێیان کەڕ کەن و دەمارگیرانە هەڵوەستە بکەن. بۆیە بەرزترین ئاستی ئینتیمای مرۆڤ، دەکرێ تەنیا بۆ نیشتمان بێت؛ ئەو کاتە ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی نیشتمان دەبێت و، بۆ هەموو ئینتیمابوونێک بۆ بوارەکانی دیکە درێژە دەکێشێت. جگە لەوە، بزووتنەوە و حزبی خێڵەکی و تائیفەگەری، ئینتیمای بچووکن و نابێ لە سەرووی هیچ بەرنامەیەکی کاریی تایبەت، یان گشتییەوە بن؛ ناشبێ تایبەتمەندی بە خاوەنەکانیان بدەن، بەوەی ببنە ئامرازێک بۆ جیاکردنەوەی نێوان هاووڵاتییان.

ئەوەی زیانی گەورە بە هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەیی دەگەیەنێت، بریتییە لە بەسیاسەتکردنی ژیان؛ بەو مانایەی ئایدیۆلۆژیی سیاسی تێکەڵ بە هەموو شتێک بکرێت و، بە هۆیەوە کۆمەڵگە دابەش بکرێت بە بەش و پارچەی ناهاوسەنگ و نایەکسان. بەو شێوەیە پێوانە و پێوەری قبووڵکردنی کەسەکان لە کۆمەڵگەدا و بەدەستهێنانی دەرفەتەکانیان، پابەند و بارمتەکراو و قۆرخکراو دەبێت بە پشتگیریکردنی ئەم لایەن و ئەو لایەن و فلان و فیسار و دەستەگەرییەکان؛ کە ئەوەیش جۆرێک لە تێشکان و هەستکردن بە ستەم دەگەیەنێت لای توێژێکی زۆری ئەو هاووڵاتییانەی کە ناچنە ژێر چەتری یەکێک لەوانەوە و، جگە لەوەی لەو نێوەندەیشدا هیچ مانایەک بۆ هاووڵاتیبوون و مافەکانی نامێنێت.

خاڵی سەرەکیی ئینتیما، بریتییە لە بەشداریکردن

و هاندانی خەڵک بۆ یارمەتیدانیان سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیان و دانانی بەرنامەی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. ئینتیمابوون بۆ بەرزبوونەوەی پلە، بە ئینتیمابوونی مرۆڤ بۆ خۆی لە ڕێی هەوڵییەوە بۆ ئەوەی باشتر بێت، دەست پێ دەکات، ئەوەیش بە توانا و لێهاتووییەکانی و چەسپاندنی سەرکەوتنی و دەستکەوتەکانی؛ لەو ڕوانگەیەی ئەو سەرکەوتنە ئامرازێکی نموونەییە بۆ گەیشتن و پەیوەندیی بەوانی ترەوە و گەشەدان بە ڕۆحی کێبڕکێ و بەرەبەرکانێی باش. پاشان ئینتیمابوون بۆ خێزان لە ڕێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی ڕۆحی بەشداریکردن و سەرەتای هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگە و، پاشان ئینتیمابوون بۆ ژینگەی خوێندنگە و زانکۆکان لە لایەن خوێندکارەوە بە ئامانجی بەهێزبوونی ڕۆحییەتی ئینتیمابوون بۆ هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیدار دەبێت بە کۆمەڵ و خاک و نیشتمانەوە.

لەو ڕوانگەیەوە چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا دەتوانرێت ڕۆحی ئینتیما هەر لە منداڵییەوە لە منداڵەکانماندا بچێنین؟ ڕۆڵی خێزان و ڕاگەیاندن و لایەنە حکوومی و سیاسییە پەیوەندیدارەکان بۆ پەرەپێدان، یان لاوازکردنی ڕۆحی هاووڵاتیبوون و ئینتیمابوون تێیدا، چییە؟ چ کاریگەرییەک دەخاتە سەر ئینتیمابوون بە شێوەیەکی خراپ، یان باش؟ چۆن بەهێزی دەکەیت و بە چ شێوەیەک چارەی لایەنە لاوازەکەی دەکەیت؟ یان گرنگیی ئینتیما چییە بۆ پاراستنی ئاسایش و جێگیربوونی نیشتمان؟

یەکێک لە پاڵنەرەکانی ڕەفتارە مرۆییەکان کە مرۆڤ پێویستییەکی زۆری پێی هەیە بریتییە لە ئینتیمابوون؛ لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە گەورە و گشتییەکاندا. پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و نیشتمان، پەیوەندییەکە پێویستی بە گفتوگۆی گەرمە، کە ڕەگوڕیشەکەی لە سۆز و ویژداندا خۆی دەبینێتەوە و هەردووکیان پێویستییان بە یەکتر هەیە: هاووڵاتی پێویستی بە نیشتمان هەیە بۆ ئەوەی بیپارێزێت و مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دابین بکات؛ نیشتمانیش پێویستی بە هاووڵاتیانێک هەیە، کە داکۆکییان لێ بکات و بیانپارێزێ لەوانەی ئازاریان دەدەن. ئەم جۆرە پەیوەندییە گەر ڕەوتە ڕاستەکەی خۆی ببینێ، وا لە هاووڵاتی دەکات کە -گەر هەر ئاراستەیەکی فکری و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایینیشی هەبێت- ئامادە بێت داکۆکی لە وڵاتەکەی بکات.

بۆیە ئینتیمابوون بۆ نیشتمان لە گرنگترینی ئەو بەها مرۆییانەیە، کە بە پلەی یەکەم دەبێ دامەزراوە پەروەردەییەکان بەتەنگ دروستبوون و گەشەکردنییەوە بن لە لای خوێندکارەکانیان؛ لە ڕێی دارشتنی ستراتیژ و پلان و بەرنامەی کردەییی تۆکمەوە، بە شێوەیەک نەوە لە دوای نەوە بتوانن لێی سوودمەند بن. ئیدی ئەو مرۆڤانە سەربەخۆ بن، یان سەر بە هەر حزبێکی دیاریکراو بن، گرنگ هاووڵاتیی ئەو نیشتمان و وڵاتە بن؛ جگە لە کارکردن لە نێوەندی خێزانەکاندا، کە پێویستە لە ڕێی پەروەردەکردنەوە، باوانەکان بۆ چاندنی تۆوی ئینتیمابوون لە دڵ و دەروونی منداڵەکانیاندا

ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن؛ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بە هەر سێ جۆرەکەیەوە، کە ئێستا بە هۆی گەشەکردنی تەکنەلۆژی و ئامێرە بەکارهاتووەکانەوە وای کردووە خێزانەکان هێندەی ڕاگەیاندنەکان نەتوانن ڕۆڵی کاریگەر و چالاکانە لەوبارەیەوە بگێڕن، گەر لەسەر بەرنامەیەکی پەروەردەیی تۆکمە، پلان و ستراتیژ بەڕێوە بچن.

بۆیە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی خەڵک، کە کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە لە دروستکردن و بنیادنانی کەسایەتیی تاکەکان و، ئاراستەکەری یەکەمن بۆ فکری تاک؛ ئەمە جگە لە گرنگییان لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیری و کەلتوورییەوە.

### ئینتیمابوون بۆ نیشتمان چی دەخوڵقێنێ؟

ئینتیمابوون بۆ نیشتمان بناغەیە بۆ چاکسازیی سیاسی و، هەستکردن بە ئینتیمای نیشتمان، بە هەستکردنی تاک بە ئارامیی ئابووری و سیاسی لە نیشتمانەکەیدا زیاد دەبێت. ئەو هەستکردنەیشە، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم و بەروبووم، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری، کە وای لێ دەکات ئینتیمای زیاتری بە نیشتمان هەبێت. بەڵام گەر ئینتیما لاواز بوو، بێ گومان کارەساتی نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە؛ ئەمەیش ناکۆکی، گوێپێنەدان (بێباکی)، خراپی، کەمتەرخەمی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی بەرهەم دەهێنێ. بەو شێوەیەیش هاووڵاتی بەئاسانی، دەگۆڕێت بۆ نێچیرێک و، دەمارگیر دەبێت؛ بەدوور لە هەموو مەسەلەیەکی گشتی و بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و نیشتمان. بۆیە دیاردەی

لاوازیی ئینتیما لای نەوەکانی نوێ، مەترسییەکی گەورەیە کە ئاسەواری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر یەکڕیزیی نیشتمانی و گرووپێکی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی و، دەبێ پشتگیری و هاوکاری هەبێت لە پێناو چارەسەری ئەو لاوازییەدا، بۆ ئەوەی سامانی نیشتمانی نەخاتە نشێوی و دۆزەخەوە.

وێڕای ئەوەی هەستکردن بە ئینتیمای نیشتمانی، یارمەتیدەرە بۆ پشتگیریی بناغەی ئاسایش و جێگیری و، جێگیریی باش بریتییە لەو جێگیربوونەی لەسەر بنەمای هەستکردنی قوول دێت بە ڕەزامەندی و ئاسایش و دادپەروەری و هەلی وەکیەک و، جێگیربوونی خراپیش بریتییە لەو جێگیرییەی بەستراوەتەوە بە ترس لە دەسەڵاتێکی خەڵەتێنەر، یان ترس لە کوێرەوەرییەک، کە وشک و تەڕ پێکەوە بسوتێنێ. بۆیە کاتێک مرۆڤ ئینتیمای بۆ هەر لایەنێک و بوارێک و کارێکی دیاریکراو دەبێت، زۆر بەپەرۆشی و خەمخۆری و خۆشەویستییەوە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات و، خۆی یەکەم کەس دەبێت کە درک بە بەرپرسیارێتییەکانی دەکات و وەک ئەرکێکی سەرەکی و گرنگ تەماشای دەکات بە مەبەستی جێبەجێکردنی؛ ئیدی ئەو ئەرکە نیشتمانی، یان مرۆیی، یان خێزانی و کۆمەڵایەتی بێت. بەڵام پێچەوانەکەی، واتە بۆ نموونە ئینتیمانەبوون بۆ نیشتمان، کاولکاری و دەمارگیری و کارەسات و ڕووداوی دڵتەزین و ناخۆش دروست دەکات، کە دەبێتە هۆی لەدەستدان و لەناوچوونی هەموو دەستکەوت و داهێنانەکان لە ئاستی تایبەتی و گشتیدا.

بێ گومان جیاوازاییەکی زۆریش لە نێوان ئینتیما و گوێڕایەڵیدا بەدی دەکرێت، کە یەکەمیان مانایەکی گشتگیرترە و بە واتایەکی فراوانتر دێت و بۆ خزمەتی گشتییە. بە واتایەکی تر، ئینتیما بۆ مەسەلە و بابەت و ئامانجە گەورەکانە، بەڵام مەبەست لەوەی تر تەواو پێچەوانەیە، کە بەگشتی مانایەکی تەسک و تایبەت و ئامانج و بەرژەوەندییە تاکی و تایبەتییەکان دەگرێتەوە. بۆیە ئەرکی هەمووانە کە کار بۆ چاندنی بیر و هەستی ئینتیمابوون بکەین؛ بە شێوەیەک مرۆڤەکان ئینتیمایان بۆ پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبەکەیان هەبێت، نەک وەلائیان بۆ سەرۆک و کەس و لایەنێکی دیاریکراوی حزبەکە هەبێت. دەبێ مرۆڤەکان ئینتیمایان بۆ یاسا و ڕێساکانی دامەزراوە و دەزگەیەکی دیاریکراو هەبێت، نەک وەلائیان بۆ سەرۆکی دەزگا و بەرپرسی بەشەکانی دەزگەکان هەبێت. دەبێ مرۆڤەکان ئینتیمایان بۆ نیشتمان و سەروەرییەکانی و بەها باڵا مرۆییەکان هەبێت، نەک وەلائیان بۆ پێچەوانەکەی هەبێت.

# ئاشتی، گرنگی و
# ئاسەوارەکانی لە کۆمەڵدا

زۆر جار لە نێوەندە جیاوازەکانی بوارەکانی ژیاندا، لەنێو خێزان و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵدا، یان لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەمووان وشەی ئاشتیمان بیستووە. بەتایبەت لە سەروبەندی بیستنی هەواڵی ڕووداوەکانی هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان زۆرێک لە وڵاتان و میللەتاندا، یان زۆرجار لە زمانی سەرکردە و سیاسییەکانەوە لە کاتی ململانێ و ناکۆکییەکاندا ئەو وشەیە دەبیستن؛ یاخود کاتێک قسە لەسەر ڕێککەوتننامەکانی ئاشتی دەکرێت. لەو کاتانەدا جیهان سروود بە ئاشتییەوە دەڵێت، وەک مانایەکی بڵێند و بەرز لە واتاکانی ژیان، بۆیە گرنگیی ئاشتی هەڵقوڵاوی ئاسەوارەکانییەتی لە ژیاندا.

**مەبەست لە ئاشتی چییە؟**

ئاشتی بە ئامرازێک دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی ڕێکەوتن و پێکهاتنی نێوان میللەتان بەبێ جیاوازی. ڕۆحی ڕقەبەرایەتی و تۆڵە و قین لەیەکترهەڵگرتن دوور دەخاتەوە. ڕۆحی خۆشەویستی و هاوکاری و ئارامی و هۆگربوون لەنێوان تاک و خێزان و میللەت و وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا دروست دەکات؛ وێڕای ئەوەی کە ئاشتی ئامرازێکە بۆ کۆتاییهێنان بە جیاوازی و، چارەسەریی ناکۆکییەکانە لەنێوان میللەتان و وڵاتاندا، یان لەنێوان دوو کەس یان دوو لایەن و...هتددا.

هاوکات ئاشتی گوزارشت لە حاڵەتێکی نێوخۆیی

کیانی مرۆڤەکان دەکات، کە واتایەک دەبێت بۆ دڵنیایی و ئاسایشی ژیانیان، وێڕای ئەوەی دەبێتە هۆی گرتنەخۆی هەموو مرۆڤێک لەڕووی ڕۆحییەوە، واتە پێوەندیی مرۆڤ بە جەستەیەوە؛ هەروەها بە سروشت و دنیا و مرۆڤ و خوداوە بەهێز دەکات.

**گرنگیی ئاشتی:**

بوونی ئاشتی لە هەروڵاتێکدا، گرنگی و کاریگەری و گەلێک ئاسەواری باشی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان و بۆ کۆمەڵ بەگشتی لێ دەکەوێتەوە. ئاسەواری ئاشتی تەنیا لەسەر گۆڕینی خەسڵەتەکانی مرۆڤ، لە خراپەوە بۆ باش نییە، بەڵکو بەگشتی کاریگەریی لەسەر زیندەوەرانیش هەیە، ئەوەش لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە نەخۆشییەکان دەپارێزێ. مرۆڤ لە ڕێی ئاشتییەوە دەتوانێ بیروبۆچوونەکانی بڵاوبکاتەوە، کە دەشێت لە ماوەی جەنگدا بەهۆی توندوتیژی و کاولکارییەوە لەنێوچووبن، یان لانی کەم شێوێندرابن.

ئاشتی، لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، میللەتان فێری فێربوون، بەدەستهێنان و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری، دروستبوونی شارستانەتی و سەرخستنی دەوڵەت دەکات. چونکە بەدوور لە دۆخی ئاشتی و ئاسایش، بنیادنان، گەشەکردن، پێشکەوتن و پەرەپێدان نایەنە دی.

ئاشتی، وا لە خەڵک دەکات هۆشیارییەکی تەواویان هەبێت، لەسەر مەترسییەکانی چوونە نێوەوەی جەنگ و، سەرقاڵبوون بەو داخوازی و داواکاری و کاریگەرییانەوەی

کە دەکەوێتە ئەستۆیان، وێڕای ئەوەی دەبێتە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم بازرگانەکانی جەنگدا. چونکە هەڵگیرسان و دروستبوونی جەنگ لە بەرژەوەندیی ئەوان دەبێت و، هاوکات بۆ ماوەیەکی درێژ ئارەزووی بەردەوامیی جەنگ دەکەن، بۆ ئەوەی لەڕووی چەک و تەقەمەنییەوە زیاتر قازانج بکەن و، پاشان چاوچنۆکییان بۆ دەوڵەمەندبوون زیاتر دەبێت.

ئاشتی، ئامرازێکە بۆ بەیەکگەیشتنی میللەتان و ناسینی داب و نەریتی یەکتر، سەرەڕای ئەوەی ئامرازێکیشە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و شارەزاییەکان. ئەو وڵاتانەی ئاشتی و ئاشتەوایی لەنێویاندا هەیە، ڕێ خۆش دەکات بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی ڕۆشنبیریی لەنێوان میللەتان و وڵاتاندا، کە بەهۆیەوە هەموو میللەتێک بە دەستکەوتەکانی ئەوانی دی ئاشنا دەبێت و، هاوکات شارەزایی و زانیارییە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن. چونکە هەموو میللەتێک کەلتوور و ڕۆشنبیری و فۆلکلۆر و داب و نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە و لە میللەتانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

بەم شێوەیە ئاشتی، دەرفەتێک بۆ ئەو جۆرە پێوەندییە باش و سوودمەندانە لەنێوان میللەتاندا دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی پێوەندییەکانیان بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتییان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵیان بەردەوام و بەهێز بێت.. لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین جەخت لە گرنگیی ئاشتی و ئاشتەوایی لە چەند لایەنێکەوە بکەینەوە، لەوانە:

1. زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ: هەستکردن  بە ئەمن و ئاسایش و دڵنیایی لەلایەن مرۆڤەکانەوە بە یەکێک لە گرنگترین مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت، کە پێویستە دابین بکرێت، بەڵام گرنگیی ئاشتی تەنیا لەوەدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو بناغەی زامنکردنی گشت مافە جیاوازەکانی ترە، کە پێوەندیدارە بە گشت بوارە جۆربەجۆرەکانەوە؛ وەک مافی ژیان، بیروباوەڕی ئایینی، دەربڕینی ڕا و بۆچوون، فێربوون، پاراستنی تەندروستی، نوێنەرایەتیی سیاسی، پێکهێنانی کۆمەڵە و پارتەکان و، زۆرێک لە مافەکانی تر، کە تەنیا بە بوونی ئەمن و ئاسایش لە کۆمەڵدا نەبێت، لە دۆخێکی دیکەدا ئیمکانی دابینکرانی نییە.

2. خوێندن: تا ساڵی (2001) زوربەی وڵاتانی جیهان، بەهۆی ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ جەنگ و ململانێ و ناکۆکی و توندوتیژییەکاندا، زۆربەی منداڵەکانیان، کە نزیکەی ١٣٠ ملیۆن دەبوون، نەیانتوانی خوێندن تەواو بکەن، کە بە مافێکی سەرەتایی و سەرەکییان دادەنرێت، جگە لە ڕووبەڕوبونەوەیان  بە هەژاری و بەدخۆراکی و زۆرێک لە نەخۆشییە تەندروستییەکانی تر، کە دەشێت لە دەرئەنجامی جەنگ و پێواری پشتگیری و پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی بەهۆی ململانێکانەوە، لە ناوچە ناکۆکەکاندا بێنە ئاراوە.

3. پاراستنی خێزان: جەنگ و ناکۆکییەکان کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر گشت تاکەکانی ئەو خێزانانەی دووچاری مەترسی دەبنەوە، کە دەشێت منداڵ و ژنان

زۆرترین ئاسەوار و کاریگەرییان بەسەرەوە بێت. بەهۆی پێواری ئاسایش و ئاشتی و قورسیی زاڵبوون بەسەر گۆڕانکارییەکاندا و نەبوونی توانای جێبەجێکردنی یاسا لە زوربەی کاتەکاندا، کۆمەڵ و وڵاتان ناتوانن بەسەریدا زاڵ بن.

کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان درکیان بە گرنگی و لایەنە باشەکانی ئاشتی نەکرد، تەنیا لە ماوەی ڕوودانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نەبێت، پاش ئەوەی کە ئازاری زۆر و داخیان چێشت و ئاسەواری کاولکەرانە و زیانی زۆریان لێ کەوت و بەهۆیەوە ملیۆنان مرۆڤ کوژران و گەورەترین دەوڵەتیش بوودجە و پارەی زۆری لەنێوچوو.

بۆیە ئاشتی و ئاشتەوایی، تەنیا کاریگەریی لەسەر خودی مرۆڤ و پاراستنی خێزانەکان نییە، بەڵکو بەگشتی دەرکەوتەی لەسەر کۆمەڵ و سەرجەم بوارەکان هەیە.

### ئاسەوارەکانی جەنگ و نەمانی ئاشتی:

ڕوودانی جەنگ لە هەرشوێن و وڵاتێکدا، دوو جۆر ئاسەوار بەجێ دێڵێت؛ ئاسەواری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ: ئاسەوارە ڕاستەوخۆکان، وەک پیسبوونی ژینگە کە بەهۆی کۆمەڵە فاکتەرێکەوە دێتە ئاراوە؛ وەکو بۆردومان و گولەبارانکردنی شوێنە پیشەسازییەکان، وێرانکردنی مەبەستداری سەرچاوە سروشتییەکان و، ئەو شتومەکە سەربازییانەی بەجێ دەمێنن و تێکشکانی ژێرخانی ئامانجدار.

ئاسەوارە ناڕاستەوخۆکان، وەک ئاسەواری ژینگەیی، کە ئاوارەکان لەڕووی وێرانکاری و پیسبوونەوە لەپاش خۆیان بەجێی دەهێڵن؛ هەروەها داڕووخان یان هەرەسهێنانی دەزگا کارگێڕییەکانی پلاندارێژی پاراستنی ژینگە، سەرقاڵیی خەڵک و فەرمانڕەوایان لەپاش جەنگ بۆ داڵدەدان و خواردەمەنی و ئاوەدانکردنەوە.

سەرەڕای ئەوەی نەبوونی دۆخی ئاشتی و ئاسایش و بڵاوبونەوەی جەنگ و کاریگەرییەکانی لەڕووی وێرانبوون و کاولبوونەوە سنووری دوور دەبەزێنن، کە نەک هەر دەبێتە هۆی لەنێوچوونی مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی، بەڵکو دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئاژەڵەکان و تێکچوونی ژینگەکانین و، سووتاندنی دارستان و درەختەکان و، ئەو ڕووەکانەی بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ بەسوودن و، فەوتانی سەرچاوەکان و... هتد.

لەو کاتانەدا هەموو پارەیەک بۆ ئەو ئامانجانە خەرج دەکرێت، وێڕای ئەوەی نەمانی ئەمن و ئاشتی دەبێتە هۆکاری ژمارەیەک ئاژاوە و نەخۆشیگەلی دەروونیی بۆ تاک، کە ئەو نەخۆشییە دەروونییانەش بەرەو نەخۆشییە جەستەییەکان دەبات و، بەم شێوەیەش لەنێو خەڵکێکی زۆردا بڵاو دەبێتەوە. وەک ئەو حاڵەتانەی بەسەر میللەتانی بەشداربوو لە هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا هات، کە ژمارە و ڕێژەی تووشبووان بە دڵتەنگی، خەمۆکی، هیستریا، فۆبیا، دڵەڕاوکێ، شیزۆفرینیا، نەخۆشییەکانی دڵ و گەدە زیاد دەبوون.

**جیاوازیی نێوان ژینگەی جەنگ و ئاشتی:**

جەنگەکان کارەسات و خراپترین شت بەسەر مرۆڤەکاندا دەهێنن، کە دواجار لە بەرژەوەندیی شەڕ و کاولبوونی مرۆڤایەتیدا ڕەنگ دەداتەوە، لەکاتێکدا ئاشتی باشترین بەرهەم و دەستکەوت بۆ ناخ و ژینگەی مرۆڤەکان دەخوڵقێنێ. ئاشتی، ژینگەیەکی هاندەرە بۆ داهێنان و فاکتەرەکانی، کە دەبێتە هۆی هاندانی خەڵک لەسەر داهێنان و زیادکردنی جوانی و بەرهەمەکانیان، بەپێچەوانەی جەنگەکانەوە، کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی کاولکاری و وێرانکاری و گەندەڵی لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئاشتی، لەڕووی ڕۆحییەوە مرۆڤەکان دەگوێزێتەوە بۆ ئاستێکی باڵای ڕۆحانی و خەڵک لەیەکتر نزیک دەکاتەوە و لەسەر خۆشەویستی و پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن کۆیان دەکاتەوە. کەچی جەنگ، لێکیان دوور دەخاتەوە و، دەبێتە هۆی لێکترازان و شێواندنی بارودۆخیان لەگشت بوارێکدا. ئاشتی، مرۆڤایەتی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستێکی کۆمەڵایەتی و شارستانی و پێگەیەکی بڵیند و باڵاتری مرۆڤایەتی، کەچی جەنگ میللەتان بەرەو دڕندەیەتی و نەزانین و دواکەوتوویی دەبات.

زۆرجار گوێبیستی گرێبەستی ڕێکەوتننامەکانی ئاشتی دەبین لەنێوان وڵاتان و میللەتاندا، کە ڕێککەوتوون لەسەر کۆتاییهێنان بە جەنگ و ناکۆکیی نێوانیان. ئەو ڕێککەوتنانە ڕێخۆشکەر دەبن لەپێناو چەسپاندن و هێنانە ژێرباری

پێوەندییەکانی نێوان میللەتانی پێکەوە ئاشتبۆوە؛ بێگومان ئەوەش  یەکێکە لە بەروبووم و سوودەکانی ئاشتی.

ئاشتی، بە ژینگەیەکی هاندەری وەبەرهێنان و بەروبوومەکان دادەنرێت، بۆیە کاتێک ئاشتی لەنێوان وڵاتان و حکوومەتەکاندا بەرقەرار دەبێت، دەبێتە هاندەرێک بۆ هێنانی وەبەرهێنەران بۆ وڵاتە ئاشتبۆوەکان. ئەوەش لەو ڕوانگەیەوەیە کە ژینگەی جێگیر و ئارام بە فاکتەرێکی سەرکەوتوو بۆ وەبەرهێنانی جیاواز دادەنرێت. کەچی ناکۆکی و جەنگ فاکتەرێکی دوورخەرەوە پێک دەهێنن. بۆیە ئەو وڵاتانەی گرێبەستی ڕێکەوتننامەی ئاشتی دەکەن لەگەڵ وڵاتانی تردا لەڕووی ئابوورییەوە جۆرێکی تری پێشکەوتن بەخۆوە دەبینن و داهاتی نەتەوەییان زیاد دەکات، لەکاتێکدا ئەو وڵاتانەی جەنگ و ناکۆکی بەخۆیانەوە دەبینن بە هەژارترین و قەرزارترین وڵات ناو دەبرێن.

**کاریگەریی ئاشتی لەسەر نەوەکانی داهاتوو:**

لە گشت کۆمەڵگەکاندا، ئاشتی بە گرنگترین کۆڵەکە دادەنرێت بۆ پاراستن و زامنکردنی ژیانی نەوەکانی داهاتوو. بە شێوەیەک کە بوونی ئاشتی لە کۆمەڵدا زامنی دەرفەتی زیاتر دەکات لە بەردەم توانای گەنجاندا بۆ دیاریکردنی هەڵبژاردەکانیان و وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە داهاتوویانەوە، ئەوەش بە گرنگترینی ئەو هۆکارانە دادەنرێت، کە یارمەتیدەرە لە بنیاد و گەشەکردنی کۆمەڵەکاندا لەڕووی دەستپێشخەری و داهێنانیانەوە.

هاوکات بە گرنگترین فاکتەر دادەنرێت، کە دەبێتە هۆی هـانـدەری هـاووڵاتـیـیـان، بەتایبەت تـوێـژی گـەنـجـان بۆ دەستپێشخەرییە جیاوازەکان و کێبڕکێ لە داهێنانەکانیاندا، کە یارمەتیدەر دەبێت لە پەرەپێدانی کۆمەڵ لە گشت کەرتەکاندا.

پشتگیریکردن و هاندانی ئەو ژینگەیە، بەبێ بوونی ئاشتی و ئاسایش نایەتە کایەوە، چونکە لە ژینگەی جەنگ یان ناکۆکییە چەکدارییەکان و پێواری ئاسایشدا، گەنجان ناتوانن ڕوو لە داهێنان بکەن. بۆ نموونە، گەشەپێدان و پەرەپێدانی کۆمەڵەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەتایبەت هەژارەکان، پێویستییان بە هاوکاریی هاوبەشی نێودەوڵەتی هەیە، جگە لە پشتیوانیکردنی وڵاتە دەوڵەمەند و پێشکەوتووەکان بۆ وڵاتە هەژارەکان، ئەو ئامانجەش، لەکاتی بوونی ناکۆکییە چەکدارییەکان لەنێو وڵاتدا، یان لەکاتی بوونی ململانێکان لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا نایەتە دی.

وێڕای ئەوەی ئاسایش، گرنگترین بناغەیە بۆ دەستپێکردنی پەرەپێدانی ئابووریی گشتگیر لە گشت کۆمەڵگەکاندا و، جگە لەوەی یەکەم شت کە جەنگ و ناکۆکییەکان کاریگەریی لێ دەکات، ئابووریی ئەو وڵاتانەیە کە کاریگەریی جەنگیان لەسەر بووە و، پاشان شێوازی ژیانی ئەو خەڵکانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی جەنگەکەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە ناکرێ باس لە گرنگیی ئاشتی بکرێت، بەبێ گـەڕانـەوە بۆ کاریگەریی ئـابووری لەسەر

وڵاتانی خودان ئاسایش، کە دەکرێت بە شێوەیەکی بەردەوام و جێگیر گەشە بە ئابوورییەکەیان  بدەن.  لە لایەکی دیکەوە، دیمۆکراسی بۆ ئەو وڵاتانە نایەتە دی، کە بەدەست پێواری ئاسایش، یان ناکۆکییە چەکدارییەکان، یان بەهۆی جەنگەوە دەناڵێنن. زامنکردنی ئاسایش و ئاشتی لە وڵاتدا، بە گرنگترین بارودۆخ دادەنرێت، کە دەبێت لە لایەن حکوومەتەکانەوە بۆ پشتگیریی دیمۆکراسی دابین بکرێت.

بێگومان سەروەری و جێبەجێکردنی ئاسایش، پێویستی بە بوونی ژینگەیەک هەیە، کە دادپەروەری و هێرشنەکردنە سەر مافی ئەوانی تر زامن بکات، ئەوەش بەبێ بوونی ئاسایش و ئاشتی لە کۆمەڵ و وڵاتدا زامن نابێت. هەروەها لە هیچ بوارێکدا، بەدیهێنانی پەرەپێدانی بەردەوام نایەتە دی، ئەگەر بەردەوام جەنگ و ناکۆکی هەبێت، کە دەشێت ڕوخێنەر بێت، یان پلان و ستراتیجەکانی وڵات بوەستێنێت.

**دۆخی باشووری کوردستان لەنێوان ئاشتی و شەڕدا:**

کاریگەری و ئاسەوارەکانی جەنگ بۆ کۆمەڵ بەگشتی و، بۆ ژنان بەتایبەتی لە هەموو شوێن و وڵاتێکدا، هاوشێوەی یەکترن و، شێواز و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی، ڕێژە و جۆری جیاواز لەخۆ دەگرێت. بەدرێژایی مێژووی قۆناغە جیاجیاکانی کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی و بەهۆی بەرژەوەندی و ململانێ نێودەوڵەتییەکان لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی داگیرکراویی خاکی کوردستانەوە بەگشتی و، بەرژەوەندییە نێوخۆییەکانی

وڵاتانی دروادسێ بەتایبەتی، هەمیشە باشووری کوردستان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا دۆخێکی ناجێگیر و نائارامی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی و پەروەردەیی بەخۆیەوە دیوە.

پێش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژ بە ڕژێمی بەعس، هەمیشە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، بەتایبەت بەهۆی جەنگی نێوان عێراق ـ–ئێران و عێراق ـ–کوێت و... هتدەوە، کوردستان، پشکی زۆری زیانەکانی وەبەر کەوتووە. لە لایەکی دیکەوە، لە سەرەتای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، لە ساڵی (1991)دا و بەهۆی بوونی جەنگ و کاولکارییەکانییەوە، لە کوردستاندا دۆخێکی ناجێگیری ئەمن و ئاسایش خوڵقا.

پاش پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان و دواتر کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (1992)ەوە، دۆخی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ لە زۆر ڕووی ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی کۆمەڵ و پەرەپێدانی مرۆییەوە و، تەنانەت لە هەنگاونانی بۆ بەرجەستەبوونی پایە و کۆڵەکە سەرەکییەکانی دیمۆکراسی هەنگاو و پێشکەوتنی بەخۆوە دەدی، بەتایبەت لە ساڵانی دواییدا و، پێش هەڵگیرسانی جەنگی داعش لە کوردستان و ناوچەکانی عێراقدا.

بوونی جەنگی تیرۆریستی لە ساڵی 2014ەوە، کە تا ئێستا درێژەی هەیە، یەکێکە لە هۆکارەکانی ناجێگیریی ئەمن و ئاسایش، کە دەرئەنجام گەلێک ئاسەوار و

کاریگەریی خراپی خستوەتەوە؛ بەتایبەت بۆ ناوچەی شنگال. بوونی جەنگی دەروونی و جەستەیی بۆ ئێزدییەکان لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە ماڵوێرانی و ئاوارەیی و کاولکاری ناوچەی شنگال، کاردانەوەی خراپ و جیاوازی بۆ خەڵکانی ئێزدی هەبوو. ڕاستە خێزانەکان زەرەرمەند بوون، شوێن و ماڵیان لێ شێوێندرا، خێزان و مرۆڤەکان بەگشتی ئاوارە و دەربەدەر بوون و کۆچیان کرد، پیر و منداڵ و گەنج سەریان لێ شێواو و دووچاری کوشتن و بڕین و ئەشکەنجە بوونەوە، بەڵام وەک ئاسەواری هەمیشەیی جەنگ، ژنان لەو دۆخەدا پشکی زۆری ئازار و مەینەتییەکانیان وەبەرکەوت؛ لەوانە، ڕووبەڕووی جەنگێکی بەتەوژم و بەردەوامی دەروونی بوونەوە، کە هەتا لە ژیاندا بن، ئاسەوارەکەی هەر لەسەریان دەمێنێت، ئەوەش بەهۆی ئەو جەنگە دەروونییەوە، کە بە پلان لەگەڵیاندا کرا و، لەڕێی دەستگیرکردنیان، ئازاردانی جەستەییان، دەستدرێژیکردنە سەریان، کڕین و فرۆشتنیان، بەکارهێنانی جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی لەگەڵیاندا و... هتد.

ئەمە وێڕای ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا، بەدەر لە ئاوەدانکردنەوە و گرنگیدان بە  تواناسازی و پەرەپێدانی مرۆیی، دۆخی ژنان لەڕووی جموجووڵ و گەشەکردنی چالاکی و کارکردنیانەوە لە گۆڕان و پێشکەوتنی بەردەوامدا بوو؛ لەڕووی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی یاساکان و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان بە مافەکانی ژنان و،

فشارخستنە سەر پەرلەمان و حکوومەت بۆ ئاوڕدانەوە و بایەخدانی جیاواز و زیاتر بە مەسەلەکانی ژنان و، چەندین کاری تر لە بواری گرتنەبەری شێواز و میکانیزمی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و... هتد.

بە نموونە، لە بواری یاساییدا، گۆڕینی یاسای باری کەسێتی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و، چەندین یاسای دیکە بەگشتی بەرهەمی کاری فشاری ڕێکخراوەکانی ژنان بوو. بەڵام بەدەر لە دۆخی ململانێ و ناتەبایی هێزە سیاسییەکان لە کوردستان و پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان و قەیرانی ئابووری و چەندین هۆکاری تر و، بە ڕوویەکی دیکەدا، بوونی شەڕی داعش هۆکارێکی دیار و کاریگەری چەقبەستوویی دۆخەکە بوو لە کوردستاندا، کە گرنگترین پشکی زیان و زەرەرەکانی وەبەر ژنان کەوت و، بوو بەهۆی ئەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەی پێشتر ڕێکخراوەکانی ژنان و کەسانی ئازاد و یەکسانیخواز بەدەستیان هێناوە، لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، یاسایی و بوارەکانی ترەوە لە مەترسیدا بن و، بگرە بەشێویەک لە شێوەکان پاشەکشەی بە دۆخ و دەستکەوتەکانی ژنان کردووە.

بەدەر لە زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی و یاساییەکان، وەک (زیادبوونی جیابوونەوە و تەڵاق، گێڕانەوەی ژنان بۆ چوارچێوەیماڵەکانیان، سەرهەڵدانی لەشفرۆشی، زۆربوونی کێشە دەرونییەکان، تەشەنەسەندنی

ناپاکیی هاوسەرگیری و زیادبوونی جۆرەکانی توندوتیژیی (جەستەیی و دەروونــی)، سـەرهـەڵدانی دیــاردەی دزی، بەربڵاویی گرفتی منداڵ، زۆربوونی هەژاری و کەمداهاتی، زیـادبـوونـی نەخۆشیی جەستەیی و دەروونــی، کەمیی دەرفەتی کارکردن، دوورکەوتنەوە لە سەربەخۆیی ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە، زیادبوونی نەخوێندەواری و کۆچکردنی خێزانەکان بۆ هەندەران، جگە لە ئاوارەبوونیان و... هتد).

لەو ڕوانگانەوە، دەتوانین بڵێین بەرجەستەبوونی ئاشتی و ئەمن و ئاسایش و ئارامی لە کوردستاندا، زامنێکی سەرەکی و گرنگە بۆ بەرەپێشچوونی بوارەکانی ژیان و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان بەگشتی. چونکە پێچەوانەکەی کە جەنگە، خوڵقێنەری لەنێوچوونی هەموو ئەو دەستکەوتانەیە، کە لە سەردەمی ئاشتیدا خەباتی بەدەستهێنانیان بۆ کراوە. دەستەبەرکردن و پاراستنی ئەوەش، ئەرکێکی بەرپرسیارانەی هەمەلایەنەی دەوێت، بەتایبەت لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە، کە بتوانن لە گشت قۆناغەکاندا پلان و ستراتیجی تۆکمەیان هەبێت، بۆ بەرگرتن لە دروستبوونی جەنگ، چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و، چ لە ئاستی نێوخۆییدا بێت.

**سەرچاوە:**

كيف يتحقق السلام بين أطراف غير متكافئة؟
أندروجيه. باكوفيتش – (ذا بوسطن غلوب)
ترجمة: عبد الرحمن الحسيني

# ئەتەکێت
# وەك هونەرێکی ژیان

ئەتەکێت هونەرێکە، بەکارهێنانی وشەکانی بووەتە دراوێکی دەگمەن و لای زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵ بەئاسانی دەست ناکەوێت. بەداخەوە درککردنیش بە گرنگی و پێویستییەکانی ئەم هونەرە لە ئاستێکی لاوازدایە، بەتایبەت لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیدا؛ وێڕای ئەوەی یەکێکە لەو شێوازە گرنگانەی کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پەیوەندییەکاندا و، بە هۆیەوە سەرنجڕاکێشی و خۆشی و خۆشەویستی بە بەرامبەرەکەت دەگەیەنیت، چونکە سروشتی مرۆڤەکان بە شێوەیەکە، پێیان خۆشە تایبەتمەندێتییەکانیان پارێزراو بێت، کە لە ڕێی بەکارهێنانی ئەم هونەرەوە دەکرێت.

### سەرچاوەی ئەتەکێت بۆچی دەگەڕێتەوە؟

شارەزایانی بواری ئەتەکێت ئاماژە بەوە دەکەن، کە زۆرێک لە مرۆڤەکان ئەم ڕەفتارە مرۆییە سادەیەیان لەبیر کردووە، یان دەیزانن و کاری پێ ناکەن و نەبووەتە کەلتوور و، ئەوانەی ڕووبەڕووی هەندێ لە دەستەواژەکانی وەک «سوپاس»، «زەحمەت نەبێت»، «بەیارمەتی»، «ببوورە» و... دەبنەوە، سکاڵا و ناڕەزایی دەردەبڕن. ئەمە جگە لەوەی شارەزایانی بواری ئەتەکێت جەخت لەوە دەکەنەوە، کە وەک

هەموو زانستێکی دیکە، تێڕوانینی جیاواز لەمەڕ سەرچاوەی سەرەکیی وشەی ئەتەکێت بەدی دەکرێت. بۆ نموونە، «دیل کارینگی»ی نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە وشەی ئەتەکێت، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانیی «کۆنستیکوس»، کە بە مانای سیستەمی چینەکان، یان توێژە کۆمەڵایەتییەکان دێت. بەڵام هەندێ لە توێژەران سەرچاوەی وشەکە دەگەڕێننەوە بۆ Stephen، کە گوزارەیەکی ئەڵمانییە و بە مانای خەسڵەتی دیار دێت، لە کاتێکدا ڕای توێژەرانی فەڕەنسی وایە کە سەرچاوەی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی فەڕەنسیی Ticket، کە بە مانای تیکێتی چوونە ژوورەوە بۆ نێو کۆمەڵێکی ئاستبەرز دێت.

### ئەتەکێت چییە؟

ئەتەکێت بریتییە لە: هەڵسوکەوت، ئاکار، مامەڵەکردن، ڕێزگرتنی مروڤ لە خۆی و بەرامبەرەکەی، هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک، هونەری ڕەوشتبەرزی و مامەڵەکردنێکی کۆمەڵایەتیی پەسەندکراو. بە واتایەکی دیکە ئەتەکێت چەمکێکە، مەبەست لێی بەگشتی بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیرییە لە ڕووە مرۆییەکانەوە، کە کەم جار لە وڵاتێکەوە بۆ ئەوی دی گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت.

«مووسا شربیل» دەڵێت: «هەموو کۆمەڵێک بە شێوەیەکی کارا و بێ هیچ تێچوونێک داب و نەریتی خۆی پەیڕەو دەکات، ئەمەیش لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی

تر گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، لە کاتێکدا هەموو هەڵسوکەوتێکی گشتی و شکۆدار و باڵا لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە هەموو مرۆڤێک دەتوانێت لە ڕێگەی فێربوونەوە بەدەستی بێنێت؛ ئەمەیش ئەوەیە کە فەڕەنسییەکان پێی دەڵێن Etiquette.

ئەتەکێت، هەڵسوکەوتێکە یارمەتیی مرۆڤەکان دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر بگونجێن و، هاوکات بشگونجێن لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین. لە بنەڕەتدا وشەی ئەتەکێت، وشەیەکی فەڕەنسییە، کە بە واتای «کارت / بلێت» (The ticket) دێت و، لە بریتانیا بە مانای ڕەفتارێک دێت کە یارمەتیی خەڵک دەدات بۆ گونجان لەگەڵ یەکتر و ئەو ژینگەیەی پێکەوە تێیدا دەژین. هونەری ئەتەکێت چەندین بوار و جۆر و بابەتی جیا دەگرێتەوە، کە بەگشتی گرنگترینیان لەمانەدا بەرجەستە دەبێت:

١- ئەتەکێتی مامەڵەکردنی فەرمی و کۆمەڵایەتی
٢- ئەتەکێتی قسەکردن
٣- ئەتەکێتی جلوبەرگ
٤- ئەتەکێتی بۆنە و ئاهەنگەکان
٥- ئەتەکێتی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکان.

## مێژووی ئەتەکێت

لە بریتانیای سەدەی هەژدە، لە هەندێ بواردا شێواز و ڕەفتاری نەشیاو دەردەکەوت، بۆ نموونە لە چۆنێتیی

هەڵگرتنی کووپی چای لە کاتی بەکارهێنان و خواردنەوەیدا؛ کە ئەوەیش گرێ دەدرایەوە بە ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەوە، بەتایبەتی لە ڕووی زەوقەوە، کە ڕەگوڕیشەی چەمکی زەوقیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەی زایینی و، ئەو کاتەی بریتانیا بووە هێزێکی جیهانی. لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا ئەم چەمکە لە ڕووی ماناوە فراوانیی بەخۆیەوە دی، کە بریتی بوو لە «ژیان بەو شێوەیەی پێویستە ببێت». ئەمە لە سەردەمی شاژنەکەیاندا بوو، کە ناوی ڤیکتۆریا بوو؛ بۆیە بریتانیا لەو وڵاتانە بوو، کە ساڵانە سێ کۆبوونەوەی گرێ دەدا لە پێناو ئەنجامدانی وانەی پرسیار و هەواڵپرسینی تاک و دامەزراوە و وڵاتان و دەرچوونی پێشنیاری گونجاو بۆ شێوازی ڕەفتارەکان، کە پێویستە لەنێو کۆمەڵگەدا بەدواداچوونیان بۆ بکرێت، کە بێ گومان کاتێک باس لە ئەتەکێت دەکرێت، هەموو شێواز و بوارێکی ژیان دەگرێتەوە؛ هەر لە شێوەی ڕۆیشتن و هاتنەوە، تا دانیشتن و نانخواردن و چۆنێتیی جلوبەرگپۆشین و پەیوەندیکردن و چۆنێتیی سەفەرکردن و مامەڵە و هەڵسوکەوت و قسەکردن و وتوویژ؛ کە هەر یەک لەو بوارانە جیاوازی و تایبەتمەندی و گرنگی بەخۆیەوە دەبینێت لە ڕووی بنەما و یاسا و ڕێساکانی ئەتەکێتەوە، کە ئێستا بەگشتی لە ئاستی وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێن.

هەموو شارستانەتییەکان بە ئەتەکێت ئاشنا بوون، لە کۆندا ڕێسا و یاساکانی ئەم زانستەیش لە نێوان ئاستە

ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا دەرکەوت و، لە سەردەمی نوێدا گەلێک کۆنگرە بۆ یەکخستنی زمانی جیهانیی ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵ ئەنجام درا. ساڵی 1815 و پاشان ساڵانی 1818 و 1961 و 1963، ئەو یاسایانە، بوون بە ئامراز و شێوازی پەیڕەوکراو لە کاری دیپلۆماسیدا لە پێناو ئاسانکردنی بەیەکگەیشتن و لێکگەیشتن و پەیوەندی و، هاوکات ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لە نێوان نوێنەران و باڵوێزی وڵاتاندا.

بێ گومان بوونی ژیانێکی بێ دەستوور و بەڕێکردنی ژیانێکی بێ یاسا و ڕێسای گونجاو، دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی ژیانێکی دواکەوتووی ئاڵۆز. بۆیە بوونی سیستەم لە هەر ماڵ و خێزانێکدا، لە هەر قوتابخانە و کارگەیەکدا، لە هەموو نێوەندێکی کۆمەڵگەدا گرنگی و کاریگەریی خۆی هەیە. لەبەر ئەمەیش، جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە، لە لایەن هەر کەسێکەوە، وەک مرۆڤێکی بەئەتەکێت دەردەکەوێت و پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە؛ لە کاتێکدا زۆریک لە مرۆڤەکان هەست و سۆزی لایەنەکەی تر ڕادەگرێت بۆ ئەوەی متمانە و ڕێ و پێزانینی بەدەست بهێنێت، چونکە زۆر جار مرۆڤەکان گوێ بە وشە و ڕەفتارەکانیان نادەن، بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەی نزیک و تێکەڵن، یان خزم و کاسوکارن. بەوەیش هەستەکان بریندار دەکرێن و بەبێ مەبەست دەشێ وشە، یان کردەوەی بریندارکەریش بەکار بهێنرێت؛ لەبەر ئەوەی پێیان وایە بنەماکانی ئەتەکێت تەنیا

لەگەڵ کەسە نامۆ و دوورەکاندا بەکار دەهێنرێن.

بۆیە دەرەنجام، کەمن ئەو مرۆڤانەی کە هەڵەیەکیان کرد، بەلایانەوە ئاسایی بێت داوای لێبووردن بکەن، یان کەسی بەرامبەر لێبووردنەکەیان وەرگرێت و ئیدی لۆمەی نەکاتەوە، یان تانە و توانجی لێ نەدات، یان بەکەمتر سەیری نەکاتەوە. کەمینەن، ئەوانەی ڕاستی و هەق بە بەرامبەرەکەیان دەڵێن، هەرچەند تاڵیش بێت، بەڵام بە ڕێگەیەکی نەرم و بێ برینداركردن، یان گەر بتوانرێت بەهێمنی و ڕێزەوە وتووێژ بکرێت. بۆ نموونە؛ ئەگەر بابەتێکی ناخۆش لە ئارادا بێت، یان لەکاتی شکاندن و فەوتاندنی کەلوپەل و ئامێرێک و هەر کەرەسەیەکی تردا. یاخود نووسینێک نەخوێنینەوە، گەر پێمانەوە تایبەت نەبێت و لە ڕێی وەرەقەوە بێت، یان تەلەفۆن، یان ئیمەیل و هەر شوێنێکی دی. خۆتێهەڵقورتێن نەبین و، دەستکاریی شتێک نەکەین کە هی خۆمان نەبێت. کە چووینە شوێنێک سڵاو بکەین بە هەر وشە، یان ئاماژەیەک بێت، گەر کەسەکانیش نەناسین. پێش ئەوەی بچینە هەر ژوورێکەوە، با لە دەرگە بدەین. لە کاتی نووستندا «شەو باش» و لە بەیانیاندا «بەیانی باش» بکەین. خواستی شتێکمان هەبێت، پاش سەیرکردنی بیگەڕێنینەوە شوێنی خۆی. هاوکاریی کەسێک بکەین، بێ ئەوەی چاوەڕوانیی لێ بکەینەوە. ئامۆژگاریی کەسێک بکەین بە خۆشەویستی و بێ خۆبەزلزانین. گەر بۆنەیەکی خۆشیی یەکێک هەبوو تێیدا بەشدار بین، بێ

داوای لێبووردن. ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتر بگرین، بێ شکاندنی یەکتری. گەر کەسێک بەتووڕەیییەوە مامەڵەی کرد، زوو ڕەفتاری ناشرینی نواند، ئێمە وەک ئەو نەبین. گەر کەسێک پێویستی بە هاوکاری هەبوو، بێ خۆبەزلزانین پێی بدەین. لێبووردەیی و بەخشندەییمان هەبێت بێ چاوەڕوانی. کارەکان دابەش بکەین و هەر یەکەمان بەشدار بین، بێ ئەوەی کەسێک داوامان لێ بکات. درۆ نەکەین لە بەرامبەر هەر شتێکدا و، لە بەردەم خەڵکیدا یەکتر بەدرۆ نەخەینەوە. ئەوەی بۆ خۆت بەڕەوای دەبینی، بۆ بەرامبەرەکەیشت بەڕەوای بزانیت. خۆشەویستیمان هەبێت بۆ یەکتری، بێ چاوەڕوانی و داواکردنی پاداشت. ئینتیمامان هەبێت بۆ کار و شوێن و وڵاتمان، بێ ئەوەی چاوەڕوانی خەڵات بکەین. ڕێز لە ئارەزوو و بۆچوون و حەزەکانی ئەوی دی بگرین، وەک ئەوەی هی خۆمان بێت. خۆشی و سەرکەوتن و ئارامی بۆ بەرامبەر بخوازین، وەک ئەوەی خۆمان بین.

هەموو ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانە دەچنە خانەی یەکێک لە جۆرەکانی ئەتەکێتەوە، یان دەتوانین بڵێین دەچنە خانەی یاسا و ڕێساکانی ئاکارەوە، کە پێویستە هەموو مرۆڤێک لە نێوەندی ژینگەکانی خێزانەکەی بێت، یان لە دەرەوەیدا، هەوڵی فێربوونی بدات و ڕەچاوی جێبەجێکردنی بکات. تا بتوانێت ڕێزی خۆی و ڕێز و خۆشەویستیی ئەوانی دیکە بەدەست بهێنێت.

**جیاوازیی نێوان هونەری ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵ:**

ئەتەکێت، وشەیەکی فەرەنسییە و، بریتییە لە هونەری دەرخستنی رەفتار و هەڵسوکەوتی پەروەردەکراو و خەسڵەتی باش لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، لە هەمان کاتدا ئارەزوومەندانەیە، بەڵام پرۆتۆکۆڵ وشەیەکی ئەفریقی- یۆنانییە و بە هەمان مانا دێت، بەڵام ئارەزوومەندانە نییە، بەڵکوو ئەمر و پابەندییە و، بۆ رەچاوکردنی بنەماکانی رەفتار لە نێوان باڵوێز و نوێنەرانی وڵاتان لە جیهانی دیپلۆماسیدا پێویستە.

پرۆتۆکۆڵ، بەشێکە لە ئەتەکێت و، بایەخ بەو رێسایانە دەدات حوکم بەسەر رەفتاری دیپلۆماسیدا دەکەن، لە کاتێکدا ئەتەکێت، ژیانی مرۆڤەکان رێک دەخات بە جیاوازیی ئینتیمایانەوە بۆ هەر بیر و بۆچوون و لێکدانەوەیەک لە چوارچێوەی رێسا رەفتارییەکاندا. بەکورتی، ئەتەکێت ئاوێنە و نمایندەی هەڵسوکەوتە جوانەکانتە لە بەردەم خۆت و کەسانی دیکەدا؛ لە کاتێکدا پرۆتۆکۆڵ نمایندەی جوانییەکانتە لە بەردەم وڵاتانی خاوەن رەگەزنامەی تردا. بەگشتی دەکرێ بگوترێ پرۆتۆکۆڵ، مەسەلەیەکی پەیوەندیدارە بە رێکخستن و بەرێکردنەوە، لە کاتێکدا ئەتەکێت پەیوەندیدارە بە جێبەجێکردنی وردەکارییەکان و چۆنێتیی پابەندبوون پێیانەوە.

پرۆتۆکۆڵ، لە ئاهەنگێکی فەرمیدا، کە بۆی بانگهێشت دەکرێیت، پابەندبوون بە جلوبەرگی فەرمییەوە دەخوازێت.

لە کاتێکدا وردەکارییەکانی پەیوەست بە جۆر و ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگەکەوە، مەسەلەیەکە دەچێتە بابەتی ئەتەکێتەوە. بۆ نموونە، گەر بۆ خوانێکی ئێوارە بانگهێشت کرابیت کە لە لایەن کەسێکەوە ڕێک خرابێت و لە ئاستی باڵادا بێت، لە ڕووی پرۆتۆکۆڵەوە وا پێویست دەکات کە بە کاتی دیدارەکەوە و بە بەهای خاوەن بانگهێشتەکەوە پابەند بیت، بەڵام لە چۆنێتیی سڵاوکردن ئازادیت؛ لەوەی ماچ دەکەیت، یان نایکەیت، تەوقەی توند دەکەیت، یان نایکەیت، وێنە دەگریت، یان نا، کە هەمووی ئەو جۆرە ڕەفتارانە دەچنە بواری ئەتەکێتەوە.

بۆیە پەیوەندیی نێوان پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت، وەک پەیوەندیی نێوان گشت و تایبەت وایە، یان پەیوەندیی نێوان کورتە و پوختەی بابەتێک لەگەڵ درێژە و وردەکارییەکانی بابەتەکە. بەڵام دواجار بەکارهێنانی پرۆتۆکۆڵ، ئەگەر تایبەت بێت بە کەسانێکی خاوەن پلەی باڵا و نێوەندە فەرمییەکانەوە، ئەوا جۆرەکانی ئەتەکێت بۆ هەموو مرۆڤێک و گشت نێوەندەکانی کار دەبێت و، بە پێی تایبەتمەندییەکانی هەر شوێنێک گرنگ و پێویستە و بەکارهێنانی دەبێتە مایەی ڕێزی زیاتری مرۆڤەکان و لێکنزیکبوونەوەیان و، هاوکات نیشاندانی ڕووی گەش و جوان و شارستانیی هەر کۆمەڵگەیەک و پێشکەوتنی لە ئاستی ناوخۆ و جیهاندا.

# عەلمانییەت و کاردانەوەکانی
# لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە سیستەمی حوکمڕانیی وڵاتانی دنیادا جیاوازی بەخۆوە دەبینێ؛ هەندێک پەیڕەوی سیستەمی عەلمانییەت دەکەن، هەندێکی تر ئایین بووەتە سەرچاوەی سەرەکییان و هتد. بە واتایەکی دیکە، بەگشتی سیستەمی حوکمڕانی لە وڵاتانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتیدا لەنێوان ئەو دوو جۆرە سیستەمە حوکمڕانییە جیاوازەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بێ گومان هەر یەکەیان بەپێی جۆری کۆمەڵگەکان بە شێوەیەک کاردانەوە و کاریگەریی جۆربەجۆریان بەجێ هێشتووە.

### مەبەست لە عەلمانییەت چییە؟

عەلمانییەت (سیکۆلاریزم) وەک هەر چەمکێکی تری زانستی، پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت، بەڵام بەکورتی، باوەڕبوونی مرۆڤەکانە بە بوونی خوداوەند، بەڵام بێ بوونی دەستێوەردانی ئایین لە ژیانی مرۆڤەکانەوە. هەروەها بە واتای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دێت، یان جیاکردنەوەی ئایین لە تێکەڵبوونی بە ژیانی مرۆڤەوە. واتە جیاکردنەوەی دامەزراوەکانی ئایین (هەر ئایینێک کە بووەتە کەرەستەی دەوڵەتداری) لە دامەزراوە سیاسییەکان، جیاکردنەوەی ئایین لەو ڕوانگەیەوە کە پەیوەندییەکی ڕۆحییە و، لە مزگەوت، یان کەنیسەکاندا کۆ دەبێتەوە، بە

شێوەیەک کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نەبێت بە کاروباری ڕۆژانەی ژیانی تایبەتی و گشتیی مرۆڤەکانەوە.

## کۆمەڵگەی کورد تا چەند پێویستی بە دەسەڵاتێکی عەلمانی هەیە؟

بۆ ئەوەی بزانرێت کۆمەڵگەی کوردەواری پێویستی بە دەسەڵاتێکی عەلمانی هەیە، پێویستە خوێندنەوەیەکی واقعی و بابەتییانە بۆ دۆخی کۆمەڵگەکە بکرێت، کە لە ماوەی مێژووی حوکمڕانیی ڕابردوودا و لەژێر دەسەڵاتێکی ناعەلمانیدا چیی بەرهەم هێناوە؟ لە لایەکی دیکەوە، چی وای کردووە خەڵکانێک هەبن درکیان بە زەروورەتی ئەڵتەرناتیڤێکی تر کردبێت بەوەی عەلمانییەتیان پێ باشتر بێت؟ ئەگەرچی بە دیوێکی تردا گرنگە بزانرێت مێژووی ئەزموونی هەر یەک لە وڵاتانی فەڕەنسا، بریتانیا، یەکێتیی سۆڤیەت، چین، وڵاتانی ئەوروپا و...، پاش ئەو شۆڕشانەی بەرپایان کرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کەنیسە بۆ دەسەڵاتی عەلمانییەت بگۆڕن، ئێستا چۆن لە خزمەتی مرۆڤەکاندا ژیان دەگوزەرێنن و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانیان لە چیدا خۆی بەدی دەکرد؟ بێ گومان بوونی ئەو ئەزموونانە و بەراوردکردنیان بەو نموونانەی لە واقعی کۆمەڵگەی کوردیدا هەن، دەمانگەیەنێتە وەڵامدانەوەیەکی ڕاستتر و گونجاوتر و واقعبینانە بۆ ئەوەی دەرەنجام بتوانین هەڵسانگاندنێکی واقعییانە بکەین و، سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بڕیاری گونجاو بدەین.

**مەبەست لە سیستەمی عەلمانی و ئایینی چییە؟**

عەلمانییەت پێی وایە ژیان لەسەر بنەمای زانستی ڕەها بنیاد نراوە، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە داوای دەستێوەرنەدانی ئایین لە مەسەلە سیاسییەکاندا دەکات، جگە لەوەی ئایین بە تەنیا بۆ خوداپەرستیی مرۆڤەکانە، بێ تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤەکان و ڕێکخستنی مرۆڤەکانەوە هەیە. واتە عەقڵی مرۆڤەکان سەرپشک و بڕیاردەرە، نەک ئایین و پیاوانی ئایینی، کە خۆیان خوڵقێنەری فێربوونە ئاسمانییەکانن؛ واتە لە بری پیاوانی ئایینی، زانایان هەن بۆ ڕۆڵبینین و خستنەڕووی پێشنیارەکان. ئەمە جگە لەوەی دەقەکانی ئایین، لەوانەیش ئایینی ئیسلام، ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانکاری و تازەگەرییەکانی قۆناغەکانی ژیاندا ڕێ ببڕێت و داهێنان و گۆڕانکارییەکان قبووڵ بکات، لە کاتێکدا هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بەپێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، پێویستی بە گەشەکردن و پێشکەوتن هەیە.

وێڕای ئەوەی عەلمانییەت، پێی وایە ئەخلاق و فێربوون نابێ لەسەر بنەمای ئایین بنیاد بنرێت، چونکە ئەخلاق شتێکی ڕێژەییە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخە ماددی و ئابوورییەکانە و دەستکردی عەقڵی بەکۆمەڵە و بەپێی بارودۆخەکان قبووڵی گۆڕانکارییە؛ هەر بۆیە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەوی تر و تەنانەت لەناو قۆناغە جیاوازەکانی خودی کۆمەڵگەیەکدا ئەخلاق گۆڕانکاری و تێگەیشتنی جیاواز بەخۆیەوە دەبینێت. بۆ نموونە، لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا

بەگشتی شەرەفی ژن، یان پارچەیەک لە ئەندامی جەستەی ژن، نەک بە شەرەفی پیاو و خێزانەکەی، بەڵکوو بە شەرەفی خێڵ و هۆز و تائیفەکەیشی دەزانرێت، لە کاتێکدا ئەخلاق لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکاندا بریتییە لە درۆنەکردن و ڕاستگۆیی و ڕاستی و ڕێز و پاراستنی کەرامەت و هتد.

ئەمە جگە لەوەی عەلمانییەت نارەزاییەکی زۆر و توندی هەیە لە بەرامبەر زۆریک لەو سزایانەی دانراون بۆ ئەو مرۆڤانەی جێبەجێکەری فەرمانەکانی ئایینی ئیسلام نین، وەک: ڕەجمکردنی سۆزانی (زناکار)، یان بڕینی دەستی دز و هتد. عەلمانییەت پێی وایە ئەو توندڕەوی و ڕەقی و سزایانە هیچ پاساوێک هەڵناگرن. ئەمە وێڕای ئەوەی تێڕوانینی عەلمانییەت بۆ ڕەگەزەکان لەسەر بنەمای مرۆڤبوونیانە و، داوا دەکات ژن و پیاو وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەبێ جیاوازیدانانی ڕەگەزی. هەروەها باوەڕی وایە خوێندنی هەر ئایینێک لە خوێندنگەکاندا، پێویست بە سەپاندن و زۆرەملێکردن لە مرۆڤەکان ناکات، بەڵکوو پێویستە بە ویست و هەڵبژاردنی مرۆڤەکان بێت، نەک وەک ئەوەی لە واقعی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، کە تەنیا ئایینی ئیسلام لە خوێندنگەکاندا دەخوێنرێت و، بگرە گەیاندنیشی لە لایەن زۆربەی پەروەردەکارانەوە لە پەروەردەیەکی تۆقاندن و چاندنی ترس و بەهەشت و جەهەننەم زیاتر هیچ ڕێچکەیەکی پەروەردەیی و فێربوون ناگرنە بەر، کە خزمەت بە عەقڵ و هزر و فکری مرۆڤەکان بکات، یان بە خوێندنی ئایینەکانی تر جگە لە ئیسلام، ئاشنایان

بکات. هەروەها لە ڕووی یاساییەوە هەوڵی گۆڕینی یاسا ئیسلامییەکان بە یاسای مەدەنی دەدات، کە لە هەندێ لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامییەکانی وەک تورکیایشدا کاریان پێ دەکرێت و، وای دادەنێت ئەو یاسایانە بۆ ژیانی تاک و کۆمەڵگە سوودمەنترن.

**عەلمانییەت لە واقعی کۆمەڵگەی کوردیدا:**

چەمکی عەلمانییەت (سیکۆلاریزم) کە یەکێکە لەو چەمکانەی لەناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت بووەتە باس و گفتوگۆی بەشێکی ناو کۆمەڵگە، بەو واتایەی کە سیکۆلاریستەکان داوای پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی سیکۆلاریزم لە سیستەمی حوکمڕانیدا دەکەن، لەو ڕوانگەیەی پێیان وایە دەبێ ئایین سەربەخۆیی خۆی هەبێت و تاکەکان سەربەست بن لە پیادەکردنی وەک لایەنێکی ڕۆحیی دوور لە تێکەڵکردنی ئایین بە سیستەمی حوکمڕانی لە وڵاتدا، ئەمە وێڕای ئەوەی لە بەرامبەر ئەم دید و بۆچوون و بیروباوەڕەدا کاردانەوە و وەڵامدانەوە و تێڕوانینی جیاوازیش هەیە بە دیوە پێچەوانەکەیدا، کە باوەڕیان وایە کۆمەڵگەی کوردەواری لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، دەبێ ئایین سەرچاوەی سەرەکیی حوکمڕانییەکەی بێت و، ناکرێ لێک جیا بکرێنەوە. ئیدی ئەم دوو بۆچوونە پێچەوانەیە بە ئاڕاستە و ئامانجی چەسپاندنیان لە سیستەمی حوکمڕانی و بەڕێوەبردندا، لە کێبڕکێ و ململانێدان.

زۆرێک لە تێڕوانینەکان پێیان وایە بوونی دەوڵەتی عەلمانی لە کوردستاندا بە مانای دژایەتیی ئایینی ئیسلام دێت، کەچی لە ڕاستیدا بوونی دەوڵەتی عەلمانی بەو مانایە نییە کە دژ بە ئایین و ئاییندارى بێت، بەڵکوو ئەو مەسەلەیە بۆ هەموو تاک و دامەزراوەکان بەجێ دەهێڵرێت، کە بەئازادی مومارەسەی ئایینیی خۆیان بکەن بەبێ دەستێوەردان و ئاڕاستەکردنی هیچ کەس و لایەنێک؛ بەو واتایەی دەستێوەردانی حزبە ئیسلامی و دەسەڵاتە سیاسییەکان دوور دەخاتەوە؛ بە شێوەیەک کە هەلپەرست نەبن کە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئایین بەکار بهێنن، وەک لە واقعی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕووی داوە، بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا؛ ئەوەیش زەرەرە، چ بۆ ئایین و چ بۆ دەوڵەت.

لەو ڕوانگەیەوە دەشێ مرۆڤ لە یەک کاتدا ئایینخواز و عەلمانیش بێت، لەبەر ئەوەی عەلمانییەت هەڵوێستوەرگرتن و ڕەتکردنەوەی باوەڕ، یان ئیمانی ئایینی نییە، بەڵکوو قسەکردنێتی لە جۆری پەیوەندیی نێوان ئایین و سیاسەت و دەسەڵات. بە دیوێکی تردا، پێی وایە ئیمان پەیوەندییەکی شەخسییە و پەیوەندیدارە بە خودی مرۆڤەکەوە؛ بە شێوەیەک کە هەر یەکە دەتوانێت لە ئایین تێ بگات و خوداوەند بناسێت و بە ئیمانی خۆی و بەو ڕێگە و شێوازەی باوەڕی پێی هەیە خواپەرستی بکات.

بەکورتی عەلمانییەت هەوڵی دوورخستنەوەی ئایین دەدات لە ململانێی سیاسی و، پێویستە ئایین لە خزمەتی

دەسەڵاتدا بێت، نەک دەسـەڵات لە خزمەتی ئاییندا بێت. بۆیە دەبینرێت لە لایەن هێزە ئیسلامی و حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە بەردەوام دوژمنایەتیی عەلمانییەت دەکرێت؛ کە ئەوەیش بە مەبەستی ڕەتکردنەوە و بەدحاڵیبوونە لە عەلمانییەت، کە هەمیشە وای بڵاو دەکەنەوە، کە ئەوانەی بانگەشەی عەلمانییەت دەکەن کەسانێکی کافرن و دژایەتیی ئاییني ئیسلام دەکەن؛ کەچی ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە و تەنیا بۆ مانەوەی بەرژەوەندی و دەسەڵات و هەیمەنەی خۆیان ئەو پاساوانە دەهێننەوە و، لە هەمان کاتدا ئایینی ئیسلام بۆ گەیشتنیان بە دەسەڵات بەکار دەهێنن. بۆیە پەیوەندیی نێوان ئایین و دەسەڵات کێشەیەک نییە لە نێوان ئایین و ئاییندارییدا، بەڵکوو کێشەکە لەگەڵ دەسەڵات و زاڵبوون و بەکارهێنانی ئایینە بۆ ئەو ئامانجە. هیچ لێکنەچوونێکیش لە نێوان عەلمانییەتی دەوڵەت و ئایینخوازیی کۆمەڵگەدا نییە.

هـۆکـارەکـانـی سـەرهـەڵـدانـی عـەلـمـانـییـەت بـۆ چی دەگەڕێنەوە؟

لە وڵاتانی ئەورووپادا مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانییەت، دەگەڕێتەوە بۆ پاش شۆڕشی فەڕەنسیی ساڵی 1789ی زایینی. هەروەها لە پاش شۆڕشی بەلشەڤیکییەکانەوە کە ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی ئەورووپای نوێ خۆش کرد، لەو کاتەی خەڵک لە کەنیسەی ڕۆمانی (کاسۆلیکی) بێزار بووبوون، چونکە وەک دەسەڵاتێکی زاڵبوو لەنێو کۆمەڵگە و وڵاتدا باجی زۆری دانابوو، بەدەر لە هێنانەکایەوەی بارودۆخی قورس و ناهەموار لە ڕووی ئابوورییەوە.

هەروەها لەسەر ئاستی ڕۆحی و فکرییش، کەنیسە کاریگەریی زۆری خستبووە سەر خەڵک. ئەمە وێڕای ئەوەی دادگەکانی سەر بە کەنیسە هێرشیان دەکردە سەر زانست و زانایان و حوکمی زۆریان بە سەریاندا دەسەپاند، بە هۆی نیشاندانی ڕاستییە زانستییەکان، کە لەگەڵ باوەڕی کاسۆلیکیی مەسیحی و کتێبی ئینجیل ناتەبا بوو، لەوانە «گالیلو» کاتێک ڕای گەیاند زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، کەنیسە حوکمی بەسەردا سەپاند و ناچاری کرد کە لەماڵەوە دەرنەچێت، تا ددان بە هەڵە بیردۆزییەکەیدا بنێت.

بەگشتی هەموو ئەو بەریەککەوتنانە کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەوروپا هەبوو. بۆ نموونە، لە بریتانیا ئەفسانەکەی فرەنسیس بەیکۆن، سەربەخۆییی ڕاگەیاند بە ئامانجی ڕزگارکردنی زانست لە کۆتوبەندی ئەفسانە، کە لە کتێبەکەیدا بە ناوی «پێشکەوتنی زانست» (1605) دەیگوت: «دەبێ هەموو ئەفسانەکانی ئایین ڕووبەڕووی ڕەخنە ببنەوە و لە کاتی ناکۆکی و بەریەککەوتنیان لەگەڵ ڕاستییە زانستییەکاندا وەلا بنرێن.» هەروەها زانای سروشتناس، جیوردانۆ برونۆ، خاوەنی بیردۆز (تیۆری)ی «کۆپەرنیک» لە هەوڵی داهێنانی تێلسکۆپدا بوو کە لە لایەن دادگەی پشکنینەوە، کە سەر بە کەنیسە بوو، دەستگیر کرا و 6 ساڵ لە زینداندا مایەوە و پاش ئەوەی پێداگیریی لەسەر ڕا و بۆچوونەکەی خۆی کرد، حوکمی کوشتنیان بەسەردا دا و پێشنیاریان کرد دڵۆپێک خوێن نەبینرێت؛

ئەوەیش بەو مانایەی بەزیندوویی بسووتێنرێت؛ ئەمەیش ساڵی 1600 ڕووی دا.

بەگوێرەی ئەوەی لە سەرەوە باس کرا، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی عەلمانییەت لە ڕۆژاوا لەدایکبوونێکی سروشتی و بابەتی و واقعییانە بوو. دەرەنجامی زۆرداری و زاڵێتیی پیاوانی کەنیسە بوو، کە لەژێر چەتری خوداپەرستیدا، کەڵک و سوودیان لە ئایین وەردەگرت بۆ هێنانەدیی حەز و ئارەزووەکانیان و، مافی حەڵاڵ و حەرامیان بەسەر خەڵکیدا دەسەپاند. بۆ نموونە، خەتەنەکردن واجب بوو، پاشان حەرام کرا، هەروەها پەیکەرەکان بە «شیرک» دادەنران و پاشان بوون بە هێمایەک بۆ ئیمانداریێتی و هتد.

لە عێراق بە درێژاییی حوکمڕانیی دەوڵەتی عێراق، ئایینی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانان و حوکمڕانی بووە و تا ئێستایش هەر ئەو دەسەڵاتە درێژەی هەیە. لێرەدا گرنگە پرسیار بکرێت، ئەگەر ئایینی ئیسلام نەبووایە، یان هەر ئایینێکی تر، ببووایە بە سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانان، ئایا هەمان داوا و گۆڕانکاری دەیگرتەوە؟ لە ڕاستیدا ئەوەی مەبەستە، هەوڵدان و داخوازییەکە دژایەتیکردنی ئایینی ئیسلام نییە، بەڵکوو داواکردنی بیروباوەڕێکی تر و جیاوازی حوکمڕانییە، بەوەی هیچ ئایینێک دەستێوەردانی لە کاروبارەکانی دەوڵەتداریدا نەبێت، بەڵکوو پێویستە بنەماکانی هاووڵاتیبوون و مافەکانی مرۆڤ ببێت بە سەرچاوەی یاسادانان. بۆیە ئەو بۆچوونانەی پێیان وایە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری زۆرینەی موسڵمانە

و لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ ئایینی ئیسلام سەرچاوەی یاساکان بێت، بۆچوونێکی هەڵە و زۆردارانەیە و هیچ ڕێزێک بۆ کەمینەکانی تر ناهێڵێتەوە و لە هەمان کاتدا پێچەوانەی دیموکراسی و مافی مرۆڤە.

بۆچوونێکی تری جیاواز ئەوەیە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی جیاواز و بە هۆی فرەییی نەتەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژییەکانەوە وا پێویست دەکات کە هاووڵاتیبوون سەرچاوەی سەرەکیی حوکمڕانی بێت بەبێ جیاوازی و زاڵێتیی ئایینێک بەسەر ئایینەکانی تردا، چونکە هەمووی ئەو بیروبۆچوون و لێکدانەوانە، دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەوەستنەوە و، ئێستا لەگەڵ سەردەمدا گونجاو نین.

### تا چەند دەسەڵاتی عەلمانی لە خزمەتی مرۆڤدایە؟

لە هەر وڵاتێکدا هەموو بەڕێوەبردن و حوکمڕانییەک، لەبن دەستی هەر کامیاندا بێت بەپێی ئاستی هۆشیاری و گەشەکردنی کۆمەڵگە خاڵە باش و خراپەکانی ڕێژەیی دەبێت، بەڵام کامیان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و گۆڕانکارییەکانی خزمەت بە مرۆڤەکان و گەشەکردن و داهێنانەکانی زانست و تەکنەلۆژیادا یەک دەگرێتەوە، پێویستە سیستەمی حوکمڕانیی وڵات بەو ئاراستەیەدا گەشە بکات.

لە دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵی (1991)ەوە بە درێژاییی کارکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان، زۆربەی ڕێکخراوەکان، جگە

لەو ڕێکخراوانەی سەر بە حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانن، زۆریان هەوڵ دا بۆ گۆڕینی زۆرێک لەو یاسایانەی جیاوازی و جیاکاری دەکەن و لە ڕیزی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا ناوزەد دەکرێن، بەڵام تا ئێستا لە واقعدا نەتوانراوە لەوبارەیەوە هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بکرێت، چونکە هەمیشە پیاوانی ئایینی و حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان ڕێگر بوون؛ لەو ڕوانگەیەی هەمووی ئەوانە لە مەسەلە جێگیر و سەوابتەکانی ئایینی ئیسلامن و دەستکاریکردنیان بڤە و کفر و دژ بە ئایینی ئیسلام و خوداوەندە و، دەبێ سزای ئەو کەسانەیش بدرێت کە پێداگری دەکەن و هەوڵی گۆڕینی دەدەن. بۆیە دەرەنجام چارەنووسی زۆربەی ئەو کەسانەی هەڵگری ئەو پەیامانەن، بە ئاقاری کوشتن، یان دوورخستنەوە بۆ شوێنێکی تر، یان بەجێهێشتنی وڵات گەیشتووە، بە مەبەستی پاراستنی ژیانیان.

نموونەی هەر یەک لەو دەرەنجامانە لە واقعی کوردەواری و بەگشتی لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکانیشدا هەبووە، ئەمە جگە لەوەی ڕەخنەگرتن، یان شیکاری فەرموودەی پێغەمبەر و دەقە قورئانییەکان هەمیشە هێڵی سوور بووە و سزای دوورخستنەوە و کوشتن و تەکفیری مرۆڤەکانی لێ کەوتووەتەوە. هەروەها باسکردن لە جۆر و پۆشینی جلوبەرگ و خواستی مرۆڤەکان، بەتایبەت بۆ ژنان، هەمیشە سنووردار بووە و پێچەوانەکەی تانە و تەشەر و سووکایەتی و تێزابپیداڕشتن و ڕەخنە و دژایەتیی لێ کەوتووەتەوە، بەتایبەت لە مانگی ڕەمەزاندا. ئەمە وێڕای

ئەوەی هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە مەسەلەکانی ژنانەوە و خستنەڕووی پرۆژەیاسای نوێ لە پەرلەمانی کوردستاندا دژایەتی کراوە و ڕەت کراوەتەوە، چونکە ڕا و بۆچوونی پیاوانی ئایینی زۆربەی کات لەگەڵ بیروڕا زانستییەکان ناکۆک و جیاواز بووە.

فرەییی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان و کارکردنیان لەژێر ناوی ئایینی ئیسلام و هاندانی خەڵک و کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری داکۆکیکاری ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلامدا بە بەکارهێنانی ئایینی ئیسلام لە پێناو زیادکردنی دەنگەکانیاندا ئەژمار دەکرێت؛ بۆیە هەمیشە ئەوانەی لە ڕیز و چوارچێوەی خۆیاندا نەبوو بن، بە مرۆڤی جیاوازتر سەیر دەکران.

بە شێوەیەکی گشتی، چەقبەستوویی یاساکان و گۆڕانکارییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و ئەو خواست و زەروورەتەی هاووڵاتییان دەیخوازن، هەروەها پێشکەوتنە زانستییەکان لەگەڵ یەکتریدا یەکانگیر نابنەوە و، ئەم واقعە وا دەکات هەوڵی ئەوە بدرێت کە پێویستە یاساکانی دەوڵـەتداری سەربەخۆ بن و بتوانرێت لە بەرژەوەندیی هاووڵاتییان و مافی مرۆڤدا بگۆڕدرێن. هەروەها مرۆڤەکان بەپێی نەریتە ئایینییەکانیان سەربەخۆ بن و بێ هیچ سەپاندن و زۆرکارییەک بتوانن لە بەرامبەر ئەرکە ڕۆحی و ئایینییەکانیاندا مومارەسەی ئایینیی خۆیان بکەن. ئیتر ئەو بۆچوونەی کە هەمیشە لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە باس دەکرێت، کە ئەم داواکارییە سڕینەوەی ئایینی ئیسلام بێت، یان بەکافرکردنی دەوڵـەت بێت، جگە لە ڕاڤەکردنی

شەخسی و بۆچوونی تایبەتی هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە پەیڕەوکردنی ئایینی ئیسلامیش، نەک تەنیا لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بگرە لە سەرتاسەری وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا جیاوازە و لێکدانەوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت و هاوکات بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بواری تیۆری و پراکتیکیی جیاواز بەخۆوە دەبینێت. بە نموونە، شەڕەکانی ئەم ساڵانەی داعش، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن هەر ئەوان جێبەجێکەری ئایینی ئیسلامن و خۆیان بە هەڵگرانی ڕاستەقینەی پەیامی ئیسلام دادەنێن، خۆ ئەگەر بەوردی لە سەرجەم بنەماکانی ئایینی ئیسلام ورد بینەوە، ئێستا زۆرن ئەوانەی نەیانتوانیوە بەکردەوە جێبەجێکەری هەموو بنەماکانی ئایینی ئیسلام بن؛ ئەوەیش بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەو دەقانەی بە نووسراوی هەن، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم یەکانگیر نابن و پێویستیان بە گۆڕان و گونجاندن هەیە. بوونی حزبی ئیسلامیی سیاسی و بەکارهێنانی ناوی خوداوەند و ئایینی ئیسلام، کەڵکاوەژووکردنە لە ئایین و، تاوانە دەرهەق بە ئایینی ئیسلام، چونکە ئایین بۆ بەرژەوەندی و زۆربوونی دەنگەکانیان بەکار دەهێنن؛ کە ئەمە بۆ خۆی پێشێلکارییە دژ بە هەقی ئایین، ئیدی هەر ئایینێک بێت.

هەموو ئەوانە وا دەکات دەسەڵاتی سیاسیی کورد، بە خۆی و بەرنامەکانیدا بچێتەوە، بەوەی چۆن و لەژێر چ چەتر و چ دەستوور و سیستەمێکدا دواڕۆژی چارەنووسی میللەتەکەی دیاری دەکات، چونکە ئەگەر ئێستا هەموویشیان نەبن، زۆربەیان لە دووفاقییەکی زۆردا دەژین و حوکمڕانی

دەکـەن، چونکە هەندێ جار بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و هـاووڵاتـیبـوون دروشمەکانیان بـەرز دەکـەنـەوە، بـەڵام کە دێتە سـەر کـردار، دەستکاریکردنی یاساکان بڤە و قەدەغەیە. بێدەنگی لە ئاست دەستگیرکردن و حوکمدانی بکوژانی ژن، بێهەڵوێستییان لە بەرامبەر داخوازییەکانی ژنان بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی جیاوازی و جیاکارییان خستووەتەوە. بۆیە بوونی دەسەڵاتی عەلمانی لە کوردستاندا پاش هەموو ئەو واقعەی پێیدا تێ پەڕین، بە واتـای سڕینەوە و دژایەتیکردن و حیسابنەکردن بۆ ئایین نایەت، بەڵکوو بە مانای پاراستنی ئایین دێت لە بەکارهێنان و کەڵکاوەژوو؛ هەروەها گەڕانەوەیەتی بۆ مومارەسەکردنی خواستی تاکەکان دوور لە هەموو ترس و تۆقاندن و زۆرەملێیەک؛ لە هەمان کاتدا پارێزگاریکردنی گشت هاووڵاتییانە، بێ جیاوازیدانان لە نێوانیاندا.

# بەشی سێیەم

# گرنگیی پەروەردە
# لە پێگەیاندنی مرۆڤەکاندا

مرۆڤ خۆی بەگشتی، سەرچاوەی سەرەکی و چەقی بنەڕەتیی گۆڕینی ئاراستەکانە، ڕووەو باش بێت، یان خراپ، پێشکەوتوویی بێت، یان دواکەوتوویی، داڕووخان و داڕمان بێت، یان گەشەکردن و پێشکەوتن. بە واتایەکی تر، سەرچاوەی هەموو بونیادنان و پەرەپێدانێک لە ئاست تاکەکان و کۆمەڵدا، دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی خودی مرۆڤەکان، هەروەک چۆن پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە. بۆیە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کارکردن لەسەر مرۆڤەکان هەنگاوی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و گەشەکردوو؛ ئەمەیش گرێدراو و پەیوەستە بە فەلسەفەی پەروەردەییی مرۆڤەکانەوە، کە هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانیانەوە لەسەری بونیاد دەنرێت و بە هۆیەوە گەشە دەکات، کە نەک تەنیا خێزانەکان، بەڵکوو چەندین دامەزراوەی کۆمەڵگەیی هەن، بەپێی قۆناغەکان تەواوکەری یەکترن و لە سەرکەوتنی پرۆسەکەدا ڕۆڵ دەگێڕن.

پەروەردەی باش، وەزیفەیەکی هاوبەشە لە نێوان گشت تاکەکانی کۆمەڵدا و بەردی بناغەی سەرەکییە، کە لە ڕێی ناوەند و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بونیادی لەسەر دادەنرێت، کە هەموویان پێکەوە دەبنە تەواوکەر و کۆڵەکەی بنەڕەتی لە کرداری پەروەردەدا. دامەزراوەی خێزان، بە یەکەم جیهانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت

کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە و، تاکەکانی خێزان ئاوێنەی هەموو منداڵێکن بۆ ئەوەی خۆیان تێدا ببینن.

بێ گومان خێزان ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پێگە و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام تاکە ناوەند نییە کە لەو لایەنەوە ڕۆڵ دەگێڕێت. باخچەی ساوایان، دایەنگە، خوێندنگە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە جیاوازەکانی دیکەیش ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر و جیاوازیان لەو ئەرکەدا هەیە. بۆیە ڕۆڵبینینی فاکتەرەکان لە پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازن؛ ئەگەر فاکتەرەکان ناوخۆیی بن، یان دەرەکی. بە دیوێکی دیکەدا، پەروەردە و هونەر و زانست بە گرنگترینی ئەو ئەرکانە دادەنرێن کە دەکەونەوە سەر ئەستۆی دایک و باوک، جگە لەوەی مەترسیدارترینیشیانن. بۆیە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە و چەندین قورسایی و ئاڵۆزی و کێشەی جۆراوجۆری خۆی هەیە. هاوکات چێژێکی زۆریشی بۆ مرۆڤەکان هەیە، بە جۆرێک کە وایان لێ دەکات لە ژیاندا متمانە و خۆڕاگری و ئیرادەیان تێدا بەهێز بکات؛ ئەگەرچی ئەو کۆمەڵە فاکتەرانەی لە دەوروبەری مرۆڤدان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە پەروەردەکردنی مرۆڤدا هەیە.

**گرنگترینی ئەو فاکتەرانە بریتین لە:**

فاکتەرە ناوخۆییەکان:

1. خێزان: بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، کە ئامانجی پاراستنی جۆری مرۆڤەکانە و، یەکەم شوێنە کە

مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە و، بە شێوەیەکی سەرەکی یارمەتیدەرە لە بونیادنانی کەسایەتیی مرۆڤدا لە ڕێی کارلێک و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانەوە. بۆیە یەکەم فاکتەری سەرەکی و کاریگەرە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا؛ جگە لەوەی خێزان دامەزراوە و سەرچاوەی وەرگرتنی یەکەمە لە ژیانی مرۆڤەکاندا و بە هۆیەوە مرۆڤ لە ڕووی ئاراستە و ڕەفتار و داب و نەریت و بەهاکانییەوە تێڕوانینی یەکەمی بۆ ژیان دروست دەبێت.

پەیوەستبوونی یەکەمی دایک و باوک بە منداڵەوە لە چوارچێوەی خێزاندا، تەنیا پەیوەندیدار نییە بە جۆری خواردن و خواردنەوە و پۆشینی جلوبەرگ و نووستن و هەڵسان و دانیشتنەوە، ئەوەندەی خودی پەروەردەکردن لە ڕووی عەقڵی و فکری و هزرییەوە قورسایی و ئەرکێکی بەرپرسیارانەیە و دەکەوێتە ئەستۆیان. بۆیە کەمتەرخەمیی دایک بێت یان باوک، بەپێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، بەتایبەت لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا کە یارمەتیدەرە بۆ بونیادنانی کەسایەتیی منداڵەکە، ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەیە بۆ دیاریکردنی جۆری کەسایەتییەکەی؛ کە دەرەنجام چ منداڵەکە و چ دایک و باوکەکە باجی یەکەمی پەروەردەکردنەکەیان دەدەنەوە، بە باش بێت، یان بە خراپ.

2. ئایین: بەگشتی، ئایینە جیاوازەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان دەبێت لە ڕووی ئاڕاستەکردنی تاکەکان لەسەر ڕەفتار و هزر و بیری تاکەکاندا؛ هەریەک بەپێی ئەو باوەڕەی هەڵگرێتی و کاری پێ دەکات. وێڕای ئەوەی بەشێوەیەکی

گشتی لە ڕووی ڕۆحییەوە دەروازە و ئامرازێکی کاریگەر و گرنگ دەبێت بۆ کەسانێک کە هەڵگری ئایینێکی دیاریکراو دەبن، ڕووەو پەروەردەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو.

3. جۆری پەیوەندییە خێزانییەکان: کاریگەرییان لە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە؛ بە شێوەیەک، بەختەوەری و خۆشبەختییە کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی خێزانەکان و، ژینگەیەک دەخوڵقێنێت کە یارمەتیدەر بێت لەسەر گەشەسەندنی منداڵ بە شێوەیەکی تەواوکەر.

فاکتەرە دەرەکییەکان:

1. دامەزراوە پەروەردەیییەکان: خۆی لە دایەنگە و باخچەی ساوایان و خوێندنگە و زانکۆکاندا دەبینێتەوە؛ هەروەها لە سەنتەرەکانی پێگەیاندندا.

خوێندنگە، وەک خێزان وایە و فاکتەرێکی گرنگە لەسەر ئاستی پەروەردەکردنی مرۆڤ لە ڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە. هەروەها ژینگەی خوێندنگەیی لە کۆڵەکەی جیاواز پێک دێت: وەک مامۆستا، بەڕێوەبەر، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، فەرمانبەران و هاوڕێ و برادەرانی پۆل؛ بە شێوەیەک کە دەکرێت هەموویان، یان هەندێکیان، لە پێکهێنانی کەسایەتیی مرۆڤ و لە وێنەکردنی دید و تێڕوانینەکانیدا لە ڕووی فکری و ڕەفتارییەوە بەشدار بن. ئەمە وێڕای ئەوەی ڕۆڵی مامۆستا لە بونیادنانی مەودای ئاکارییەوە کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ، جا بە باش بێت، یان خراپ؛ چونکە هەمیشە خوێندکار، مامۆستا بە نوێنەر و پێشڕەوی خۆی دەزانێت.

2. برادەر و هاوڕێ: کەناڵێکی تری کاریگەرە، کە بە هۆی دراوسێ، خوێندنگە، یان یانە و زانکۆکانەوە تووشی دەبێت و بە هۆی تێکەڵبوونییەوە کاریگەریی بەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانییەوە دەبێت.

3. ڕۆڵی پەرستن: مزگەوت و کەنیسە و ژینگەی تایبەت بە ئایین کاریگەرییان هەیە لەسەر چاندنی تۆوی سەرەتایی ڕووەو ئاراستەکردن بە باوەڕمەندی و ئیمانداری لە ڕێی کەناڵە جۆربەجۆرەکانیانەوە، وەک: مەراسیمە ئایینییە تایبەتەکان، بانگ و نوێژی بەکۆمەڵ و هاوشێوەکانیان؛ چونکە ئایینەکان و خواپەرستی لە ڕووی ڕۆحییەوە لە پێگەیاندن و ڕاهێنانی نەوەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە، بەتایبەت لە بابەتی نێوان خێر و شەڕ و تەرکیزخستنە سەر کاری باش و ڕەفتار و ئاکاری باشتر، زیاتر لە زانیاری و زانست و زانین و تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکان.

4. ڕۆشنبیریی کۆمەڵ: هەر کۆمەڵێک ڕۆشنبیرییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە کەسایەتییەکانی تاکە جۆربەجۆرەکانەوە هەیە. بۆیە ڕۆشنبیریی کۆمەڵ بە شێوەیەکی سەرەکی، لە پێگەیاندن و دروستکردنی کەسایەتیدا کاریگەریی هەیە.

5. دۆخی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵ: هەتا کۆمەڵ لە دۆخێکی ئارام و جێگیری سیاسی و ئابووریدا ژیان بگوزەرێنێت، لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا یارمەتیدەر دەبێت؛ بە پێچەوانەکەیشییەوە دەبێتە هۆی فەوزا و بشێوی و ناجێگیری و نائارامی و شێواندنی دۆخەکە.

6. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن: ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەتی و بەربڵاو کاریگەریی دەبێت لەسەر شێواندنی پێگەیاندن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو جەنگە ڕۆشنبیرییەیە، کە لە ڕێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەگیرێتە بەر، بەتایبەت تەلەڤزیۆن؛ بە شێوەیەک کە زۆرێک لە بەهاکان دەشێوێنێت، وەک لەوەی پەروەردەیان بکات. بۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر دەگێڕن لە بواری پەروەردە و لە ئاراستەکردنی تاکەکان و کۆمەڵدا، ڕووەو سیاسەتێکی دیاریکراو و گشتی.

مامۆستای ئەمریکی، ‹‹جۆرج فوس››، لە زانکۆی کالیفۆرنیا، کە ماوەی 22 ساڵ شارستانییەتی ژاپۆنیی دەخوێند، بەم شێوەیە لە ڕووی پەروەردەوە ڕای خۆی دەڵێت: ‹‹دایکی ژاپۆنی، کۆڵەکەیەکی گەورەی گرنگ و کاریگەرە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا، چونکە وا لە خۆی دەکات کە بەرپرسی یەکەم بێت لە فێرکردنی منداڵەکەیدا؛ هەروەها پشتگیریی بەهێزی خوێندنگەکەی دەکات و، پێی وایە کە پەروەردەی منداڵ لە کاتی لەدایکبوونییەوە دەست پێ دەکات.›› وێڕای ئەوەی زانایان و پسپۆڕان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە منداڵ دەتوانێت ڕۆشنبیریی هەر کۆمەڵێک وەربگرێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تێیدا ژیانی بەسەر بردبێت. هەروەها لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەروەردە مەیدانێکە، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت داڕشتنەوەی کەسایەتیی مرۆڤەکان بکرێت بە هەموو بنەما ڕەفتاری و ئەخلاقییەکانەوە، کە کاریگەریی لەسەر مرۆڤ دەبێت و، وای

لێ دەکات توانای دامەزراندنی پەیوەندییە گرنگەکانی لەگەڵ دەوروبەرەکانیدا لە ڕووی ماددی و کۆمەڵایەتی و فکرییەوە هەبێت؛ هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا، جگە لە دیاریکردنی ژینگەکەی و چواردەورەکانی.

هۆکاری سەرەکی لە داڕووخانی ئاستی فێربوونی گەنجان بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، بریتییە لە بەشدارنەبوونی دایکان و باوکان لە ڕەوڕەوەی فێربووندا؛ چونکە خوێندنگە درێژەپێدەری خێزانەکانە و فاکتەری تەواوکەرە بۆ ڕۆڵی ماڵ و خێزان، لەو ڕوانگەیەی خێزان کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ خوێندکار کە لە نێو خوێندنگەکاندا پیادەی هەمان ئەو پەروەردەیە دەکاتەوە کە لە ژینگە و چوارچێوەی خێزانەکەیدا فێری بووە؛ هەروەها بە مەبەستی زیادبوونی شارەزاییەکانی و فێربوونی شتی نوێ، فێرخواز دەتوانێت لە ڕێی هاوکار و برادەر و هاوڕێکانییەوە لە خوێندنگەکەیدا وەری بگرێت و ببێتە تەواوکەری پەروەردەی خێزانەکەی. نێوەندی خوێندنگە، یارمەتیدەر دەبێت لە نەخشاندن و تێکەڵبوونی کارلێکە دەروونی و مرۆییەکانی تر لە ژیانی مرۆڤەکاندا. هەروەها شێوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی فراوانتر لەوەی کە لە ماڵەکەی وەری گرتووە، دەچێنێت. بۆیە خوێندنگە بە شانۆیەکی کراوە و دیار دادەنرێت، کە بەهۆیەوە کاریگەری و ئاسەواری لەسەر ڕەفتاری مرۆڤەکان دەنەخشێنێت و، بە یەکەم مەیدان و گۆڕەپانی تاقیکردنەوە و جێبەجێکردن

دادەنـرێـت کـە تـاکـەکـان بـە دوور لـە خـێزانـەکـانـیـان مومارەسەی ڕەفتارەکانیانی تێدا دەکەن. لێکۆڵینەوەیەک دەری خستووە، کە بەشی کارگێڕیی خوێندنگەکان ڕۆڵێکی گەورە لە پاراستنی خوێندکاران لە لادان، بەتایبەت لەگەڵ بوونی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی نوێ لە نێوان خوێندنگە و خێزاندا، دەگێڕن. بۆیە ڕۆڵی هەردووکیان تەواوکەری یەکترە لە ڕووی زیندوویێتی و گرنگییەوە، بە شێوەیەک کە خوێندکار ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست و هاوسەنگ گەشە بکات، تەنیا لە ڕێی ئەو تەواوکارییەوە نەبێت؛ چونکە دەشێت ئەوەی کە خوێندنگە بونیادی ناوە، ماڵ بیڕووخێنێت و بەپێچەوانەیشەوە. ئەوکات خوێندکار لە دووفاقیدا ژیان دەگوزەرێنێت، یان متمانەی پێیان نامێنێت؛ بۆیە بەناچاری بە دوای سەرچاوەیەکی تردا، ڕووەو کۆمەڵێک هاوڕێی دیکە دەگەڕێت. ئەمە وێڕای ئەوەی خوێندنگە نێوەندێکە بۆ بەیەکگەیشتن لەگەڵ خێزانی خوێندکارەکاندا، بە چەشنێک کە دەبێ مامۆستاکان سەردانی ماڵی خوێندکارەکانیان بکەن، بە شێوەیەک کە کەمتر نەبێت لە دوو جار لە ساڵێکی خوێندندا. ئەوەیش بە مەبەستی هێنانەدیی بەیەکگەیشتن و مـانـەوەی پـەیـوەنـدی لـەگـەڵ خـێزانـەکـانـدا و ناسینی ژینگەی خێزانییان کە تێیدا دەژین و، ئەمە مەسەلەیەکە یارمەتیدەری مامۆستا دەبێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە کەسایەتیی خوێندکارەکانی، پاشان توانای ئاراستەکردنیان بە شێوەیەکی باش.

**لە نێوان پەروەردەی خێزان و خوێندنگەدا:**

وێڕای گرنگیی تەواوکاری لە نێوان خێزان و خوێندنگەدا بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێربوون، بەگشتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بەشداریی دایک و باوک لە چالاکیی خوێندنگەدا لە ئاستێکی لاوازدایە، یان دەتوانم بڵێم بەگشتی هیچ بەشدارییەکیان نییە. ئەوەیش بە هۆی چەند فاکتەرێکەوەیە، لەوانە:

پێواری ڕۆشنبیریی تەواوکاری لە نێوان خوێندنگە و خێزاندا: پلاندانەرانی خوێندنگەکان و سەرپەرشتیارانی خوێندن بەگشتی بە شێوەیەکی تەواو لەمبارەیەوە بایەخ بە پلانەکانیان نادەن، بە مەبەستی درێژکردنەوەی پردی پەیوەندی و هاوکاریی نێوان خێزان و دامەزراوەکانی فێربوون. تەنانەت لەناو کۆمەڵگەدا، بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، بەکەمی بایەخی پێ دەدەن، یان لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە دەکەن؛ ئەمە وێڕای گرنگییەکەی و، هاوکات مەترسیدارییەکەیشی. هەروەها متمانەنەبوونی دایکان و باوکان بە تواناکانیان، بەمەبەستی بەشداربوونیان لە چوارچێوەی فەزا و ژینگەی خوێندنگەکاندا، بەهۆی لاوازیی ئاستی توانایان لە ڕووی زانیاریی تەواو و پرۆسەی پەروەردە و فێربوونەوە، تا بتوانرێت کارلێکی تەواو پێک بێت لە نێوان خێزانی خوێندکارەکان و خوێندنگەکاندا، لایەنێکی تری بابەتەکەیە. بەپێچەوانەیشەوە، هەمیشە بەرگریکردن هەبووە لە لایەن مامۆستایان و ڕاهێنەرانەوە بۆ هەر بەشدارییەکی خێزان لە

چالاکیی خوێندنگەکاندا، ئەو مەسەلەیە لە ڕووی بێسوودیی هەوڵەکانیان لە ڕووی کارلێککردنەوە، یان بەشداربوونیان لەگەڵ خوێندنگەکاندا، تێڕوانینێکی خراپی لە دەروونی باوانەکاندا بەدی هێنا. هەروەها لاوازیی ڕۆحی هاوکاری لەناو بەڕێوەبردنی خوێندنگەدا، بە شێوەیەک تا ئێستا زۆربەی بەرێوەبەرەکان وای دەبینن کە باوان ئارەزووی هاوکاریکردنیان لەگەڵ خوێندنگەدا هەیە، وەک کێبڕکێیەک بۆ کارەکەیان، کە ڕێگری لە ڕەوڕەوەی کرداری فێربوون دەکات. لەو ڕوانگەیەوە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداریی باوان لە کاری خوێندنگەکەدا ڕەت دەکەنەوە؛ بە ڕاددەیەک کە تا ئێستا هاوشێوەی بەندیخانەکان، دەوروبەری زۆرێک لە خوێندنگەکان بە تەلبەندی و دیوار و ڕایەڵە گەمارۆ دراون لە کۆمەڵگەکەماندا، کە بەگشتی لە چوارچێوەی فەزاکانی دەرەوە دایان دەبڕێت.

### ئامرازەکانی بەشداربوون:

بەهێزکردنی بەشداری، لە چەند مەودا و ئامراز و لایەنێکەوە دەبێت. تەنیا ڕێگەیەک نییە بۆ بەشداریی باوان لە کاری خوێندنگەکاندا، بەڵکوو باشترە بەشداربوونیان لە کۆمەڵە ڕۆڵێکی جیاوازدا خۆی ببینێتەوە. گرنگ شێوەی بەشدارییەکە نییە، بەڵکوو پلان و بەردەوامبوونیانە، ئەوەیش وەک: بەشداربوونیان لە ئەنجومەنی باوکان و دایکاندا، چاوپێکەوتن بە شێوەی خول، کە دایکان و باوکان لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایاندا کۆ بکاتەوە و، ڕێکخستنی خولی

جیاجیا بۆ دایکان و باوکان لە خوێندنگەکاندا بە مەبەستی ڕۆشنبیرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان و ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر، کە ببێتە هۆی کۆبوونەوە و کۆکردنەوەی باوان و مامۆستایان. هەروەها پێشکەشکردنی هەندێ لەو خزمەتگوزارییانەی دایکان پێی ئاشنان، وەک: بەشداربوونیان لە ڕۆژێکی کراوەدا بۆ منداڵان، یان نمایشکردنی هەندێ لەو خزمەتگوزارییانەی، کە دەکرێت سوودمەند بن بۆ خوێندنگە و، هەوڵدان بۆ بەستنەوەی خوێندنگە بە ژینگەی دەوروبەرەوە، یان پێشکەشکردنی هەندێ لە خزمەتگوزارییەکانی وەک نەهێشتنی نەخوێندەواری، هەڵسەنگاندنی بەردەوام سەبارەت بە پلە و ڕاددەی بەیەککگەیشتنی خوێندنگە و خێزانی خوێندکاران.

**فەلسەفەی پەروەردەی نێوان مرۆڤەکان:**

بەگشتی، لە ڕووی ڕەگەزییەوە بوونی جیاوازی لە فەلسەفەی پەروەردەییدا بەدی دەکرێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا. بوونی ئەو جیاوازییانەیش وا دەکات مرۆڤەکان پۆلێن بکرێن؛ بە ڕاددەیەک، کە ژنان بە پلە دووی مرۆڤایەتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و، هەمیشە بە هۆی ژنبوونیانەوە جیاکاری و جیاوازی دەبێتە بناغەی نێوەندەکان لە ڕووی ئەرک و مافەکانیانەوە. هەر لە قۆناغی لەدایکبوونەوە ئەو جیاکارییە دەردەکەوێت، کە هەمیشە دەرەنجامەکان بەسەر کەسایەتیی مرۆڤەکانەوە بە شێوەیەک دەردەکەوێت کە بێهێزی، بێتوانایی، بێمتمانەیی

و بێئیرادەیی بە ژنـان دەبەخشێت و پێچەوانەکەیشی بە پیاوان. نابێت و بڤەیە و عەیبە و مەکە دەخرێتە پاڵ کچان و، کوڕانیش پێچەوانەکەی، کە ڕەنگدانـەوەی لە پەروەردەکردنی هەردوو ڕەگەزەکەدا دەبێت؛ بە ڕاددەیەک، وای لە هەندێ ژن کردووە کە ئەو توندوتیژییانەی لە لایەن پیاوانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بە مافێکی پیاوانی بزانن، یان بە هەندێ لە بێمافییەکانیان ڕازی بن، لە ڕوانگەی ئەوەی بە ئەرکێکی پیاوەکەی دادەنێن. بێ گومان هەمووی ئەوانەیش لە دید و بۆچوونی عەقڵییەتی پیاوسالاری و جیاکارییەکەوە سەرچاوەی گرتووە.

بوونی ئەو جیاوازییانە ئەگەرچی پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤە، هاوکات دەبێتە هۆکاری پاشەکشەکردن بە ڕەوتـی پێشکەوتن و گەشەکردنەکانی کۆمەڵگە لە گشت بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیدا. بۆیە بە مەبەستی خۆلادان لە دواکەوتوویی و پەراوێزی و پاشەکشەی کۆمەڵگە لە ئاست تاک و کۆدا، پێویستە دەسـەڵاتی هـەر وڵاتێک بە پلانی تۆکمە و ستراتیژیی ڕوون و دیـارەوە هەنگاو بنێت، بە مەبەستی ڕاکێشان و ڕەنگدانەوەی بەرنامەکانی بۆ نێو فەلسەفەی جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانی بەگشتی و فەلسەفەی قۆناغەکانی خوێندن بەتایبەتی، تا وەک ستراتیژ و بەرنامە، ڕۆ بچێتەوە نێو خێزانەکان و، دواتر ڕەنگدانەوەی هەبێت لە هزر و فکر و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکاندا و، ببێتە تەواوکەری سەرجەم نێوەند و دامەزراوەکانی تری پەروەردەکردن،

وەک خێزان و ڕاگەیاندن و ....، بە مەبەستی پێگەیاندنی مرۆڤێکی تەندروست و مرۆڤدۆست و کارامە، کە بە هۆی پێکهێنانی بناغەیەکی تۆکمەی پەروەردەییەوە دروست دەبێت، کە بێ گومان بە پێگەیاندنی مرۆڤەکان، وەک ئەوە وایە شارستانییەت بۆ هەر کۆمەڵگە و وڵاتێک بونیاد و بەردەوامیی هەبێت. چونکە پەروەردە کۆڵەکەیەکی سەرەکی و چالاکە، چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵ، کە یارمەتیدەری نەوە دوای نەوە دەبێت لە پێگەیاندنی نەوەیەکدا کە توانای هەوڵ و یارمەتیدان و بەخشینی هەبێت، کەرامەتی پارێزراو بێت و هەست بە بەرپرسیارێتیی زیاتر بکات و لەسەر بنەمای مرۆڤبوون مامەڵە لەگەڵ ئەوی دیدا بکات؛ دوور لە هەموو بنەمایەکی تری جیاوازیدانان لەسەر بنەمای ڕەگەز بێت، یان ئایین، یان مەزهەب و ڕەنگ و شوێنی جوگرافی. چونکە تا ئاستی پەروەردەی کۆمەڵگە لە بەرزبوونەوە و ئاستێکی باڵادا بێت، ئاستی ئەخلاق و بەهاکان لە هەڵکشاندا دەبێت، کە دواتر بە شێوەیەکی باشتر ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی تاوانەکان و ڕووداو و جۆرەکانی توندوتیژییەکان بە شێوەیەکی گشتی، کە ئەوەیش ئەرکی هەمەلایەنی پێویستە.

**سەرچاوە:**


1. اهمية التربية للفرد و المجتمع، محمد مروان، 2015
2. دور التربية في بناء المجتمع وتنظيمه وقيادته، صبري المقدسي، 2013

# پێگەی زانکۆکان
# لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا

لە واقعی کۆمەڵگەیەکی دروست و دامەزراوەییدا، زانکۆ بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەردەمییانە ئەژمار دەکرێت کە لەسەر بنەمای بیری پێشکەوتوو و فێرکردن دادەمەزرێ و لە یەک کاتدا چەندین مەودای گەورە و گرنگ و کاریگەر لەخۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی کرداری فێربوون چەندین مەودای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هەیە، بەدەر لەوەی کردارێکی بەردەوامە و، پەیوەست نییە بە شوێن و زەمەن و نەوەیەکی دیاریکراوەوە.

لەم دیدەوە درککردن بە واقعی فێربوون دێتە ئاراوە، کە بە لایەنێکی پەیوەندیدار و دیاریکراوەوە تایبەت و گەمارۆدراو نییە، بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانی و ئاکاری و پەروەردەییە و بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو مرۆڤێک کە مەبەستیەتی بایەخ بە چارەنووس و داهاتووی میللەتەکەی بدات. لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا زانکۆکان، بێ بەدیهێنانی کارلێککردن لە نێوان تاک لە لایەک و، ژینگەی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لە لایەکی دیکەوە، ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵی تەواوی خۆیان لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا بگێڕن، چونکە پەیوەندیی زانکۆ، گرێدراو و پەیوەستە بە گۆڕانەکانەوە و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانا و کارامەیییەکان و، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەهێزکردنی ڕۆحی داهێنان لە لای تاکەکان.

ئەمەیش بۆ خۆی دەرفەتی بەرهەمهێنان دەخوڵقێنێ و کاریگەری و ئاسەواری باشیش لەسەر ئاستی دارایی و مووچە بەجێ دەهێڵێ. بۆیە ڕۆڵگێڕانی زانکۆکان لەو ئەرکەدا گرنگیی خۆی هەیە و سەرمایەیەکی گەورەیە کە بە هیچ نرخێک ناخەملێنرێ، چونکە جموجووڵ دەخاتە نێو کرداری گەشەپێدانەوە؛ لەو ڕوانگەیەی سیستەمی فێربوون باڵاترین دامەزراوەیە، کە ئەرکی دابینکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگە دەکەوێتە ئەستۆی؛ جگە لەوەی سەنتەری سەرەکییە بۆ توێژینەوەی زانستی و جێبەجێکردن. لێرەوە درککردن بە گرنگیی زانکۆکان دەبێتە پێویستییەکی واقعی، بەوەی کە نابێ وەک تەنیا دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشا بکرێت بۆ خزمەتکردنی هەندێ لە ئامانجەکانی، بەڵکوو لەو ڕوانگەوە کە دامەزراوەیەکە کاریگەری بەجێ دەهێڵێ لە ڕێی ئەو ئەرک و وەزیفانەی بەجێیان دێنێت.

بێ گومان، بوونی پەیوەندیی بەهێز و گەرموگوڕی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگەیش واقعێک بەسەر زانکۆکاندا دەسەپێنێ کە بـەردەوام لە ڕووی بنیاتنان و وەزیفە و بەرنامە و توێژینەوەکانیانەوە گۆڕانکاریی نوێ بهێننە ئاراوە، کە بگونجێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵگە و دەوروبەریدا ڕوو دەدەن، چونکە ئەو نێوەندە بەهێزترین و بەتواناترین چوارچێوەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو وەزیفانە و، کاردانەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵگە لەو جۆرە پەیوەندییەوە بەسەر نێوەندەکانی خوێندنی زانکۆدا فەرز دەکرێت، کە پەیوەندییەکی تۆکمەی بە ژیان و کێشە و پێداویستی و

خەونەکانی خەڵکەوە هەبێت؛ بە شێوەیەک کە گەشەپێدانی کۆمەڵگە بۆ باشترین ئاستی ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ببێتە ئامانجی یەکەمی فێرکردنی زانکۆکان. بێ گومان گرنگترینی ئەو پەیوەندییانەی کە پێویستە زانکۆکان بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەیان هەنگاوی بۆ بنێن، بەگشتی لە چەند خاڵێکدا بەرجەستە دەبن:

1. گەشەپێدان و پەرەپێدان: ئەم لایەنە پەیوەندیی زانکۆ و کۆمەڵگە پێکەوە جێگیر دەکات و بەگشتی پێوار (غیاب)ی ڕۆڵی خوێندنی باڵا بۆ بەشداریکردن لە پلانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی وڵاتدا، هۆکارێکی سەرەکیی دواخستن و سستیی پلانی پەرەپێدانە، چونکە بەتەنگ پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی و جێبەجێکردنەوە دەبێت؛ هەروەها بەستنەوە و گرێدانەوەی توێژینەوەکان بە واقعی کارەوە، بە شێوەیەک کە لە دەرەنجامدا خوێندنەوەی هەبێت بۆ کێشەکانی بوارەکانی وەک: پیشەسازی، کشتوکاڵ، بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و ڕێگری و بەربەستەکانی کارکردن، هەروەها بەپەرۆش دەبێت لەسەر ئامادەکردنی بەرنامە و ئەو توانا مرۆییانەی کە لە زۆربەی چالاکییەکاندا کۆمەڵگە پێویستی پێیانە، جگە لە دەوڵەمەندکردنی بە نوێترین زانیاری و شارەزایی .

2. گەشەی مەعریفی :ئەم لایەنە، هەندێک بە شۆڕشی تەقینەوەی مەعریفی ناوی دەبەن، کە زانکۆ یارمەتیدەر دەبێت لە دروستکردنی شێواز و ئامرازی جیاواز بۆ گەیشتن بەو مەعریفەیە و تۆمارکردن و گەڕانەوە و شیکردنەوەی.

بۆیە هێزی زانکۆ و توانای کارمەندەکانی لە دەستەی مامۆستایان و ئاستی فێرخوازەکانی و تەنانەت لە ڕووی ستافی بەڕێوەبردنییەوە، بایەخێکی گەورەیە کە هاوکارە لە دیاریکردنی پلە و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە.

3. پێشکەوتنی تەکنیکی :ئەم بوارە ئاراستەی دیاریکراو بەسەر زانکۆکاندا فەرز دەکات، بۆیە هیچ بوارێک بۆ پەراوێزخستنی زانکۆکان لەو پێشکەوتن و گەشەکردنانەدا ناهێڵێتەوە؛ بگرە ئەرکی هەستانەوە و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەکەی، بووە بە بەشێک لە بەرپرسیارێتییەکانی و چوونەناوەوەی سەردەمی تەکنیک و ڕاگەیشتن بە گەشەی تەکنەلۆژی و هاوبەشیکردن تێیدا.

# گرنگیی تەکنۆکرات
# لە فەرمانڕەوایەتیدا

قۆناغ و پێشکەوتنەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕووی زانست و تەکنەلۆژییەوە بە شێوەیەک گەشەی کردووە، کە ڕۆ چووەتە نێو وردەکاری و درێژەی ژیانەوە، تا ئەو ئەندازەیەی بونیادنان و ڕەوڕەوەی ئابووری بەبێ بوونی توانای شارەزایان تێ ناپەڕێت؛ جگە لەوەی بەڕێوەبردنی یەکەکانی بەرهەمە گشتی و تایبەتەکان بە گشت جۆرەکانیانەوە، بەبێ بوونی پسۆڕییەکان، هەر تەنیا بە هەڵگری خاوەن بڕوانامەی زانستی بەڕێوە ناچن، بەڵکوو مەرجدار دەکرێت بە زانین و شارەزاییەوە. بۆیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا سەرکردەکان تەنیا کاریزمای سیاسی نین، بەڵکوو بوونەتە سەرکردەکانی بەڕێوەبردنی زانین و نوێبوونەوە، کە بۆ بەڕێوەبردنی ڕەوڕەوەکە و ئاراستەکردنی، پشت بەو عەقڵە زانستییە شارەزایانە دەبەستێت. بۆیە بەڕێوەبردنی ئەو سیستەمە، کەسانی تەکنۆکرات دەخوازێت، بۆ ئەوەی لە پێناو داخوازییەکانی سەردەمدا لە لووتکەی بەڕێوەبردندا بن. لێرەدا چەند پرسیارێک دێنە ئاراوە، کە ئاخۆ تەکنۆکرات چییە؟ حکوومەتی تەکنۆکرات چۆنە؟ چۆن دەتوانن لە فەرمانڕەوایەتی و گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵ بگێڕن و، ئایا تەکنۆکراتەکان دەتوانن چارەسەری دۆخی ئێستای باشووری کوردستان بکەن؟

## تەکنۆکرات چییە؟

تەکنۆکرات، وشەیەکی لێکدراوە، سەرچاوەکەی یۆنانییە، بە مانای پیشەساز، «تەکنیکی» یان هونەری دێت و، لە دوو وشەی یۆنانی پێک هاتووە: ‹‹تەکنەلۆژی›، بە مانای زانین، یان زانست و، ‹‹کرات››، بە مانای دەسەڵات، کە مەبەست لێی حوکمکردنی کەسانێکی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی زانستی و تەنکنیکییە؛ واتە دەسەڵاتی چینی زانستیی تەکنیکیی پسپۆڕیی ڕۆشنبیر.

فەلسەفە ماددەی سەرەکیی تەکنۆکراتە و، پشتگیرییەکەی بنەما زانستییەکەی و کەڵەکەبوونی شارەزاییە لە بڕیارسازیدا و تواناسازییە بەسەر پلانداناندا. بەو واتایەی، دەتوانرێت ڕۆڵی تەکنۆکرات بەوە شی بکرێتەوە کە گوتراوە: ‹‹مرۆڤی شیاو بۆ شوێنی شیاو››. واتە تەکنۆکراتی، عەقڵێکی دامەزراوەیییە، نەک کەسێک، کە سەنتەرێک، یان وەزیفەیەک داگیر بکات و بە هۆی عەقڵەکەیەوە شەرعییەتی دەستووری و یاسایی وەربگرێت، بۆ ئەوەی باڵادەست بێت. چونکە بوونی عەقڵییەتی ئەزموونداری و مومارەسەکردنی مەیدانییە، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی شارەزایی و، ئەمانە وەک دوو مەرجی سەرەکین لە کەسایەتیی تەکنۆکراتەکاندا.

## خەسڵەتەکانی حکوومەتی تەکنۆکرات:

حکوومەتی تەکنۆکرات، حکوومەتێکی پسپۆڕی ناحزبییە، کە لایەنگری لە هەڵویستی هیچ حزبێک ناکات. ئەم جۆرە حوکمڕانییە لە کاتی ناکۆکییە سیاسییەکاندا

بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە: پسپۆڕێک لە بواری ئابووریدا، دەکرێت ببێتە وەزیری بواری ئابووری، ئەوی تری پسپۆڕ لە بواری تەکنەلۆژیدا، ببێتە وەزیری وەزارەتی گەیاندن و، کەسێکی دیی شارەزا و دیار لە بواری پزیشکیدا، دەکرێ بەرپرسیارێتیی وەزارەتی تەندروستی بگرێتە ئەستۆ.

لە ڕووی بیروباوەڕەوە حکوومەتی تەکنۆکراتی پشتئەستوورە بە کەسانی خاوەن توانا و شارەزا و بەئەزموونی زانستی لە بڕیاردان و سەرکردایەتیکردندا، کە ئەوە یەکێکە لە ئامرازەکانی دەربازبوون لە تەنگانە و، بێ گومان هەر دەوڵەتێک لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی و چارەکردنی کێشە هەڵپەسێردراو و ئاڵۆزەکانیدا، ڕێ بە تەکنۆکراتەکان دەدات بۆ توانای بڕیاردانی دروست. ئەمە وای لە دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کرد کە پشتی پێ بەست و، ئێستا لە بواری ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی شارستانیدا بازدانێکی زۆری بەخۆوە دیوە؛ لە کاتێکدا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بیابان بوو. شاری «دوبەی»یش، وەک لادێیەکی بچووک وا بوو، بەڵام بە زیرەکی و لێزانین و خەمخۆرییەوە، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە لە کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ هاوکاریکردن لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیاندا پشتیان بە شارەزایانی تەکنۆکراتی بێگانە و ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان بەست.

حکوومەتی تەکنۆکراتی لە دوخێکدا دێتە کایەوە، کە دەوڵەت پێویستیی بە حکوومەتێکی زانستی- تەکنیکی هەبێت

و، هەر لە سەرەتاوە کار لەسەر لێکۆڵینەوەی دۆخی دەوڵەت لە ڕووی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵییەوە دەکات، بۆ دۆزینەوەی چارەی خێرا و زانستییانە بۆ کێشە و قەیرانەکان. زۆربەی ئەو حکوومەتانەیش ناحزبی دەبن و، بەرنامەکانیان پەیوەست دەبێت بە چارەکردنی کێشەکان و باشترکردنی دۆخەکەوە لە سەرجەم بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا؛ بە جۆرێک لە جۆرەکانیش، بەدوور دەبن لە تەرکیزخستنە سەر سیاسەتی گشتیی باو. بەگشتی ڕۆڵیان لە گۆڕینی ئاراستەی میللەت و دانیشتووانەکەیدا هەیە و، دەوڵەت لە دۆخی خراپەوە بۆ دۆخی باشتر دەبات. بۆ نموونە، ‹‹وڵاتی چین››، کە گەورەترین وڵاتی جیهانە و زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی دنیای لەخۆ گرتووە و لە سەردەمی ‹‹ماوتسی تونگ››ەوە، دوای شۆڕشی چین، کە خۆی و کۆمەڵێک لە سەرکردە شۆڕشگێڕ و سەربازییەکان حوکمیان کرد و پشتیان بە تەکنۆکراتەکان نەبەست و، ئەو هەڵوێستەیان بووە هۆی پاشەکشەکردنێکی زۆر لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە و بە هۆی لاوازیی سیاسی و کەمیی شارەزاییی زانستییانەوە تا سەردەمی ‹‹دینج شیاو بینج››، کە لە کۆتاییەکانی حەفتاکاندا سەردەمەکەی دەستی پێ کرد و بەرنامەیەکی نوێی پیادە کرد و دەستی کرد بە ڕەوانەکردنی نوێنەر بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ڕۆژاوادا بە مەبەستی فێربوونی زانستە جیاوازەکان و، لە کاتی گەڕانەوەیشیاندا بۆ بونیادنانی حکوومەت و چارەکردنی کێشەکان و قەیرانەکان پشتی پێیان بەست. ئەوەیش لە ساڵەکانی هەشتاوە تا ئێستا،

بووە هۆکاری پێشکەوتنی بەرچاو و دیار لە گشت بوارەکانی پیشەسازی، ئابووری و کشتوکاڵیی چیندا.

ئەرکی حکوومەتی تەکنۆکراتی، خۆی لە پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و بەدیهێنانی بەرنامەکانیدا دەبینێتەوە و لە ڕووی بیروباوەڕ و سەرکردایەتیکردن و دیاریکردنی چارەنووسەوە توانای هەیە و، ئەو توانایە لە ڕێی کەسایەتیی شارەزا و ئەکادیمی و زانستییەوە بەکار دێنێت. هەروەها، پشت بە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ئامار و داتاکان دەبەستێت؛ جگە لەوەی لە بڕیارەکانیشیدا مەرکەزییەت بەکار ناهێنێت و، هەروەها لە ڕێی بڕیارێکی باڵا و سەرووەوە بڕیار لە چارەنووسی میللەتەکەی نادات. بۆیە ئەم جۆرە حوکمڕانییە لە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، تاکە چارەیە بۆ دەرچوون لە قەیران و کێشەکانی نێوان حزبە سیاسییەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی هەرێم، کە حکوومەت و پەرلەمانیان پێک هێناوە.

هەموو ئەو بنەمایانەیش، بوونە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی ئیمارات کاری لەسەر کرد و، ئێستا بووەتە دەوڵەتێکی زۆر پێشکەوتوو لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی شارستانەتییەوە. لە ئەورووپا، دوای نیوەی سەدەی بیستەم، تەکنۆکراتی، وەک کۆمەڵەیەکی فکری و دامەزراوەیەکی زانستی هاتە کایەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە تەنکنۆکراتی فەلسەفەیەکە، ماددە سەرەکییەکەی و پشتیوانییەکەی، ڕێسا زانستییەکەیەتی و کەڵەکەبوونی شارەزاییە لە وەرگرتنی بڕیارە گەورەکان و تواسازی لە پلاندانانندا؛ واتە زاڵێتیی دەسەڵاتی زانست و تواناسازی.

## کەسانی تەکنۆکرات:

تەکنۆکراتەکان لە ڕووی زانست و پسپۆڕییانەوە لە بواری خۆیاندا دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیرترن و، دەتوانن لە ڕێی لێکۆڵینەوەوە بارودۆخ بخوێننەوە و، پاشان پلانی گشتی بۆ چارەی ئامرازەکانی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن دابنێن. ئەوانەن کە خاوەن عەقڵە زانستییەکەن. نەک تەنیا خاوەنی بڕوانامە، بەڵکوو شارەزان و توانای داهێنانیان هەیە و، بە زۆری کەسانێکن کە ئینتمایان بۆ حزبی سیاسی نییە، یان کەمتر پێوەی سەرقاڵن. جیاوازیی نێوان تەکنۆکراتی و دیموکراسی لەوەدا بەدی دەکرێت کە کەسە هەڵبژێردراوەکان بۆ شوێنی سەرکردایەتی، لە ڕێی پرۆسەیەکەوە دەبێت کە توانا و پسپۆڕی و کارامەییان پەیوەندیدارە بەو پۆستەوە کە پێیان دەدرێت. ئەوەیش سەرچاوەی سەرەکیی بابەتەکەیە، کە وا دەکات کارەکان زیاتر لە بەرژەوەندیی دانیشتواندا خۆیان ببیننەوە و، بێ گومان بڕیارەکانیشیان کە لە ڕێی حکوومەتەوە وەری دەگرن، پشت بەو زانیارییانەوە دەبەستێت کە لە ڕێی بەرنامەیەکی تایبەت و ڕوونەوە وەری دەگرن، بەدەر لە ڕا و بۆچوونەکان.

## مێژووی وشەی تەکنۆکرات:

داهێنانی وشەی تەکنۆکرات، دەگەڕێتەوە بۆ فکری ئەندازیارێک لە کالیفۆرنیا، بە ناوی ‹‹ویلیام هێنری سمیت›› لە ساڵی 1919دا بۆ وەسفی ‹‹حوکمی میللەتی چالاک›› و،

له ساڵی 1930دا و بە هۆی کاریگەریی ئەندازیار «هاوارد سکوت» و بزووتنەوەی تەکنۆکراتییەوە، کە دایمەزراند، وای لێ هات مەبەست لێی بریتی بێت لە «حکوومەتێک، کە بڕیاری زانستی و تەکنیکی دەدات». تەکنۆکراتی، بوو بە بزووتنەوەیەکی میللی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو کاتەی خەڵک پێیان وا بوو کە پسپۆڕان و تەکنیکییەکانی وەک ئەندازیاران و زانایان، باشترن لە سیاسییەکان.

تەکنۆکراتی، بزووتنەوەیەکە، ساڵی 1932 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی پێ کرد و، تەکنۆکراتەکان لە ئەندازیار و ئابووریناسانی سەرقاڵ بە زانستەکان و بیناسازییەکان پێک هاتن؛ لەو ڕوانگەیەوە کە لایەنە ئابوورییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، هێندەی ئاڵۆزییەکە کە سیاسەتمەداران ناتوانن لێی تێ بگەن، یان بەسەریدا زاڵ بن. بۆیە پێویستی دەکرد بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری بچێتە ژێر ڕکێفی زانایان و ئەندازیاران و پسپۆڕانەوە.

نووسەری فەرەنسی، «ژان ویلیام لاپییەر»، لە کتێبی «الثوره والتكنوقراطية»دا باس لە ڕۆڵی تەکنۆکراتەکان دەکات لە داڕشتنی ناسنامەی کۆمەڵگەی فەرەنسی لە ماوەی سێ کۆمارە یەک لە دوای یەکەکانی حوکمڕانیدا، کە تیایدا باسی لە چۆنێتیی بەشداربوون دەکرد لە داڕشتنی ئەو بڕیارانەی دەبنە هۆکاری سوودمەندبوون لە پیادەکردنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی حوکمڕانیدا. بەڵام ئەو عەقڵییەتەی کە لە دەستکەوتەکانی تەکنۆکراتدا هەیە، مەرجی بنەڕەتییە کە هەر وێنایەکی لەسەر بونیاد دەنرێت بۆ نوێبونەوەی کۆمەڵگە؛ لەو ڕوانگەیەوە کە

تەکنۆکراتی بریتییە لە عەقڵێکی بونیادنەر، نەک کەسێک، کە شوێنێک، دامەزراوەیەک، یان وەزیفەیەک داگیر بکات.

**گرنگیی تەکنۆکرات لە باشووری کوردستان:**

واقع و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کورد لە ڕووی شڵەژان و ناسەقامگیریی ئەمن و ئاسایش، گەندەڵیی کارگێڕی و بەڕێوەبردن، نەبوونی دەستوور، پەرتەوازەییی کۆمەڵایەتی، نەبوونی سیستەم، زاڵێتیی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و خێڵەکی و ئایینی و ناوچەگەرێتییەوە و، هەموو ئەوانە وا دەکەن کە بیر لە گۆڕانکاری و ئەلتەرناتیڤی تر بکرێتەوە بۆ حوکمڕانی. لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە عەقڵییەتی سیاسی و حزبیی خاوەن ئەزموونێکی کەموکورتی پیشەیی و باکگراوندێکی زانیاری و زانستیی ئاسایی بەڕێوەی دەبات و، پێویستیی زۆری بە خوێندنەوەی بابەتییانە و توێژینەوەی جدی هەیە، تا لە قەبارەی زیان و کێشەکان و هۆکارەکانی ورد ببێتەوە و، پاشان لەو ڕوانگەیەوە ئەولەوییاتەکان و خاڵی دەستپێکردن دیاری بکات و، هەنگاوی چارەکان ڕووەو گەشە و بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و مرۆیی بنێت. بەڵام بێ گومان، بوونی ململانێی حزبەکان و تەکەتولاتی نێوان خۆیان، بووە هۆی ڕوونەدانی ئەو واقعە و، بەوەش پێشکەوتنەکانی دوا خست و وەزیفە و پۆستەکانیش بە شێوەیەک دابەش بوون، کە هەندێ جار دەگاتە ئەو ڕاددەیەی هەڵگری خاوەن بڕوانامەیەکی دیاریکراو، لە بەڕێوەبردنی پسپۆڕییەکی جیاوازتر لە پسپۆڕییەکەی خۆی کار بکات و،

لە هاوشێوەی ئەو نموونانەیشەوە پرسیارێک دێتە ئاراوە، کە چۆن نەخوێندەوارێکی نەزان، یان نیمچەخوێندەوارێک دەتوانێت دامەزراوەیەکی نوێ بەڕێوە ببات؟

بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین هەموو کەسانی بەتوانا و پسپۆڕییەک لە کاری شیاودا بەکار بێنین، پێویستە لە لووتکەی هەرەمەکەوە ڕەوایەتیی پێ بدرێت و، بۆ فەرمانڕەواییکردنی وڵات ڕێ بە کەسانی تەکنۆکرات بدرێت؛ چونکە بوونی ژێرخانی عەقڵی و ممارەسەکردنی، مەیدانێکە شارەزایی بەرهەم دەهێنێت و دوو مەرجی سەرەکین بۆ نەخشاندنی ئەرکی تەکنۆکرات.

بۆیە هەوڵدان بۆ هاتنەکایەوەی حکوومەتی تەکنۆکرات، کاری جددی و عەقڵییەتی دەسەڵاتدارانی پێویستە، بەتایبەت لە لایەن سەرکردایەتیی حزبەکانەوە، چونکە بوونی ئەم جۆرە ئاراستەیە، دەبێتە فاکتەرێکی چارەکردن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و خزمخزمێنە بە گشت شێوەکانییەوە؛ جگە لەوەی هەنگاوێکی کاریگەر و فیعلییە بۆ بەگەڕخستنی کار و بەرپرسیارێتی لە لایەک و، کارکردنی کەسانی خاوەن توانا و شارەزایان لە بوارە جیاجیاکاندا لە لایەکی دیکەوە. بەوەیش، دۆخی کوردستان لە حاڵەتی دواکەوتووییەوە دەگۆڕێت بۆ گەشەسەندن و، دەرفەت بۆ بەگەڕخستنی کرداریی وەبەرهێنانێکی فیعلیی دروست لە کوردستاندا والاتر دەبێت.

گەیشتنی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 1991ەوە بەتایبەتی و، وڵاتی عێراق دوای ساڵی 2003 بەم دۆخەی ئێستا، بە درێژاییی مێژووی حوکمڕانی، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە پێکهاتەی سیاسی بە گشت هاوپەیمانێتییەکانیانەوە و لە

ئاستی گشت حزبە سیاسییەکاندا، ناتوانێت سەرکردایەتیی وڵات بەڕێوە ببات؛ چ لە ئاستی عێراق بە گشت پێکهاتە نەتەوەیی، مەزهەبی، حزبی و خێڵەکییەکەیەوە و، چ لە ئاستی واقعی هەرێمی کوردستاندا بە گشت پێکهاتە جیاجیاکانی حزبە سیاسییەکانەوە، کە ئێستا پێکهاتەی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمیان پێک هێناوە و دۆخەکەیان گەیاندووەتە دۆخی پاشەکشەکردن لە گشت ئاستە ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و پەروەردەییەکاندا؛ تا ئەندازەی قووڵبونەوەی قەیرانەکان لە سەرجەم ئەو بوارانەدا و لێکەوتنەوەی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەندروستی و هتد.

بێ گومان هەمووی ئەوانەیش لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کێشەکان، پەککەوتنی پەرلەمان، زاڵێتیی هەیمەنەی حزب لە گشت نێوەند و بوارە جۆربەجۆرەکاندا، کارنەکردن بە دامەزراوەی سەربەخۆ، ناسەروەریی یاسا و قووڵبوونەوەی لەڕاددەبەدەری گەندەڵی، وەدی هاتوون. بۆیە هەمووی ئەم دۆخە لە واقعی باشووری کوردستاندا وا دەخوازێت، کە سەرلەنوێ بە بونیادنانەوەیەکی نوێ و بە حکوومەتێکی تەکنۆکراتەوە ڕووبەڕووی سەرجەم ئەو کێشانە ببێتەوە و، نیشتمان و هاووڵاتیان لەو قەیران و قورساییانەوە، بۆ دۆخێکی ئارام و جێگیر و گەشەکردوو دەرباز بکات.

**سەرچاوەکان:**

1. ما هي حكومة التكنوقراط؟ صالح بشابشة
2. ما معنى حكومة تكنوقراط؟ ابو عبدالعزيز

# کاریگەریی ڕۆشنبیری
# لە ژینگەی زانکۆدا

ڕۆشنبیربوونی مرۆڤ، پرۆسەیەکی پەیوەندیدارە بە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤەکانەوە؛ لەو ڕوانگەیەی کە ئەو قۆناغانە تەواوکەر و لێکدانەبڕاوی یەکترین. وێڕای ئەوەی ڕۆشنبیربوونی مرۆڤ، دەروازە و لایەنی جۆربەجۆر دەگرێتە خۆ، گرنگییەکی تایبەتیشی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، بەتایبەت بۆ خوێندکارانی زانکۆ، چونکە بە هۆیەوە خوێندکار لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی و ئامرازەکانییەوە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی ڕاست و پێکهێنانی چەمکە زانستییەکان ئاراستە دەکرێت.

ئامادەسازیی ئەو جۆرە خوێندکارانە، وەک ئامانجێکی گرنگ لە خوێندنی زانکۆدا، بەدوور لە خواستی خوێندکار، بەدیهێنانی قورسە بۆ بیرکردنەوەیەکی زانستیی مەنهەجی، فێربوونی شارەزایی و پلان، ڕێکخستن و پۆلێنکردن، خستنەکار و بەرهەمهێنانی زانیارییەکان. ئەوەیش ئەو فێربوونەیە، کە تاکی خوێنەر لە ڕێگەیەوە ڕووبەڕووی کێشەکانی ژیانی دەبێتەوە، چونکە ژیان بریتییە لە ڕووبەڕووبونەوەی بەردەوام لەگەڵ کێشەکاندا لە ڕێگەی فێربوونی خوێندکارەوە بە زانینی مەنهەجییانە؛ بە شێوەیەک کە لە ڕەفتارەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت و، بتوانێت ڕووبەڕووی کێشەکانی ژیان ببێتەوە؛ جگە لەوەی شارەزاییەکی زانستییانە کەڵەکە دەکات، کە لە هەڵوێستەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

زانکۆ: دەزگایەکی پەروەردەیی، فێرکاری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی و توێژینەوەیییە و، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکی و نێوەندە پەروەردەیییەکان، کە دەتوانێت ببێتە کرۆکێک بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی گەورەتر و، لەو ڕوانگەیەوە کە بە کۆمەڵگەی گەنجان ناسراوە، لە داهاتوودا دەتوانێت دەستەبژێرێکی بەرهەمهێن لە ڕۆشنبیر، ڕابەر، زانیاری و پەروەردەیی بێنێتە بوون. بۆیە، زانکۆ دەتوانێت ڕۆڵێکی زیندوو و کاریگەری هەبێت لە چاندنی ڕۆحی دیالۆگدا وەک بیروباوەڕ.

خوێندکاری زانکۆ: توێژێکی تایبەتە لەناو کۆمەڵگەدا، کە هەمیشە لە بواری پسپۆڕیی خۆیدا ئومێدی بنیاتنانی داهاتووی لێ دەکرێت. واتە ئەو کەسەیە کە، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی زانکۆییی پسپۆڕانە و شارەزایی، وانە و موحازەرات و ڕاهێنان وەردەگرێت.

چەمکی ڕۆشنبیری: ڕۆشنبیری، دەرەنجامی کارلێکی مرۆڤەکانە لەگەڵ ژینگەکەیاندا. بەو واتایە، بریتییە لە کۆمەڵێک چەمک و ئەو زانینانەی کەلتوور و ناسنامەی کۆمەڵگە پێک دەهێنن.

چەمکی دیالۆگ: بریتییە لە کارلێکی نێوان مرۆڤەکان، بە مەبەستی پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی مرۆیی و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان و شارەزایی، کە شێوازی جۆربەجۆر لەخۆ دەگرێت و لە کۆمەڵێک بنەما و کۆڵەکەی سەرەکی پێک دێت؛ هەروەک چۆن چالاکییەکیشە، ڕۆژانە لە ژیاندا پیادەی

دەکەین. بۆیە چەند دیالۆگ لە گەشەکردندا بێت، ئەوەندەیش لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا بەرهەمهێن دەبێت و، بەپێچەوانەوە بۆ کیانی تاک و کۆمەڵگە، ڕووخێنەر دەبێت.

**ڕۆڵی زانکۆ لە ڕۆشنبیربوونی تاکدا:**

زانکۆ ڕۆڵی کاریگەری لە ڕۆشنبیرکردنی تاکدا هەیە و، یەکێکە لەو بوارانەی پەیوەستە بە زمانی دیالۆگەوە، کە دەتوانێت لە بنیاتنانی ڕایەڵەکانی متمانە و یارمەتی لە نێوان خوێندکاراندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت؛ جگە لە زیادکردنی ڕۆحی لێبووردەیی و هاوکاری لە گەشەکردن و بنیاتنانی کەسایەتیی خوێندکاردا، بە مەبەستی هەنگاونان لەگەڵ ڕەوڕەوەی گەشەکردنی زانستی و تەکنەلۆژیی نوێدا.

دیالۆگ مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە، کە خۆی لە دوورکەوتنەوەی دەمارگیری، پێداگری، ڕێزگرتنی وەکیەکی و پەیبردن بە ماف و دوورکەوتنەوە لە مەسەلە کەسی و تایبەتەکاندا دەبینێتەوە؛ وێڕای ئەوەی دیالۆگ، بنەما و کۆڵەکە و شێوەی تایبەت بە خۆی هەیە، گەر زارەکی بێت، یان نووسراو، یان ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە ئازادیی بیر، کەسایەتییەکانی دیالۆگ، شێوازی بیرکردنەوە، خوڵقاندنی ژینگەی هێمن بۆ بیرکردنەوەی سەربەخۆ و دیاریکردنی بیرۆکە و ڕێسا و یاسا مەنتقییەکان لە گفتوگۆکردنی شوێنگەی جیاوازدا. وێڕای ئەوە، گرنگیی دیالۆگ لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی وەکیەکی دێت لە نێوان ئایین و تائیفە و مەزهەبە جۆربەجۆرەکان، جێگیریی کۆمەڵگە، جێگیرکردنی

بەهای پێکەوەژیان، دیالۆگی ئازادیی عەقڵانی، زاڵبوون بەسەر هەڵوێستە دەمارگیری و لایەنگرییەکاندا، دۆزینەوەی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی لەنێوەندە فرەڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە، کرانەوە لە نێوان کەلتووره ڕۆشنبیرییەکان، بەدیهێنانی دەستکەوتە هاوبەشەکان و ڕێزگرتن لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ.

**ڕۆڵی زانکۆ لە خوڵقاندنی ڕۆشنبیریی دیالۆگدا:**

بەگشتی زانکۆکان لە هێنانەکایەی ڕۆشنبیریی دیالۆگدا ڕۆڵی کاریگەر و باش دەگێڕن، لە ڕووی: کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی لەنێو زانکۆدا، بە مەبەستی دانانی سنوور، دابینکردنی هۆڵی تایبەت لە پێناو ڕێکخستنی کۆنگرەی ئەلیکترۆنی لە زانکۆکاندا، بە مەبەستی ڕەخساندنی دیالۆگی کارلێکی و زیندوو لە نێوان خوێندکاراندا، ڕێکخستنی چاوپێکەوتن بە شێوەی خولی لە نێوان خوێندکاران و سەرۆکایەتیی زانکۆ و دەستەی کارگێڕی و ئەکادیمییەکاندا، کە یارمەتیدەرە لە گەشەدان بە ڕۆشنبیریی دیالۆگ و ڕادەربڕین، چالاککردنی ڕۆڵی خوێندکاران لە سازدانی مێزگرد و سمینار و وۆرکشۆپی دیالۆگی و ڕۆشنبیری، یان هەر چالاکییەکی دی، کە یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی دیالۆگ لە زانکۆکاندا. ئەمە جگە لەوەی هاوکاری لە نێوان زانکۆکاندا بایەخێکی زۆری لەسەر گشت ئاستە کارگێڕی و ئەکادیمی و مرۆیی و شارستانییەکاندا هەیە؛ چونکە ئاڵوگۆڕی شارەزاییەکان دەبێتە هۆی گەشەکردنی

هـاوبـەش، کـە بـەشـداری بـە گشت عەقڵە ڕۆشـنـگـەر و بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگە جۆربەجۆرە مرۆییەکان دەکات، وێڕای وەگەڕخستنی ئاڵوگۆڕەکان لەسەر ئاستە مرۆییەکان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە و گەشەکردنی ئەو پەیوەندییانەیش بۆ بنیاتنانی کار و پرۆژەی خزمەتکردنی زیاتر و خوڵقاندنی دیالۆگ.

**ئامرازەکانی بنیاتنانی ڕۆشنبیری لە زانکۆدا:**

ژینگەی زانکۆ لە ڕووی پەروەردە، خوێندن، دەستەی بەڕێوەبردن، مامۆستایان، کەرەسە و ئامێرە ئەلتکرۆنی و تەکنەلۆژییەکانەوە، ڕۆڵی کاریگەر دەبینن و، دەتوانن ببنە یارمەتیدەر بۆ بنیاتنانی شارستانییەتێکی نوێی کراوە و زیندوو لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەوانی دیدا؛ کە خودی ئەم ئامانجەیش پێویستیی بە پلان و بەرنامەیەکی بەرفراوان هەیە کە باوەڕی بە زمانێکی نوێی قسەکردن هەبێت، بە گرتنەبەری شێوازی جۆربەجۆر لە ڕێی ڕاگەیاندن، یان پەیوەندییە گشتییەکانەوە. ئەوەیش هاوئاهەنگی و کارکردنی هەمەلایەنی پێویستە بۆ خوڵقاندنی ژینگەیەکی تەندروستی نێوان تاکەکان، بە ئامانجی خوڵقاندنی باوەڕی ڕاستەقینە بە فەلسەفەی ڕۆشنبیریی دیالۆگ، بەتایبەت لای خوێندکاران، تا ببێتە کەلتوور و وەک بیروباوەڕێک ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتاری تاکەکاندا بەرجەستە بێت؛ چ لەنێو ژینگەی زانکۆدا وەک خوێندکار، چ لەنێو کۆمەڵگەدا وەک ڕۆڵی هاووڵاتی.

گرنگترینی ئەو ئامرازانە لە ڕێی:

1. وانەوە: بە شێوەیەک کە ئەو وانە و بابەتانەی لە پۆلدا باس دەکرێن، پشت بە دیالۆگ و گفتوگۆ ببەستن و، ئاڵوگۆڕ و دەوڵەمەندکردنیان بە زانیاری، یارمەتیدەریان دەبێت لە پەرەپێدانی لایەنە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان و زیادکردنی توانای بەیەکگەیشتن و دیالۆگ و گوێگرتن لە ڕای ئەوی دی.

2. پۆلەکانی خوێندن: سازکردنی کۆنگرە و وۆرکشۆپ، خولی ڕاهێنان، ئاهەنگ و چاوپێکەوتنی گشتی، گەشتی تەرفیهی (خۆشگوزەرانی)ی بەکۆمەڵ، سازدانی سمیناری ڕۆشنبیری و زانستی، ئەنجومەنی خوێندکاری، بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکان، پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ کەمدەرامەتان و هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە نیشتمانییەکان.

هەمووی ئەوانە، بە تەنیا بێت یان بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ لایەنی دیکەدا، زۆرێک لە بابەتی هەمەڕەنگی بواری گشتی و تایبەتیی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، کە یارمەتیدەرە لە پەرەپێدانی ڕۆحی لێبووردەیی و دیالۆگ و گەشەکردنی پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان دەستەی مامۆستا و خوێندکار و خوڵقاندنی ژینگەی خۆشەویستی و تەباییدا.

3. چالاکیی هەمەڕەنگ: بە هۆی کێبڕکێی جۆربەجۆر و چالاکیی هەمەڕەنگی بواری توێژینەوەی زانستی، ڕۆشنبیری، فکری و کۆمەڵایەتی و ئەو چاوپێکەوتنانەوەی کە لەنێو زانکۆدا ئەنجام دەدرێن، یان پەیوەندیدارن بە پێشانگەی پەرتووک و چالاکییە خێرخوازی و وەرزشییەکانی نێوان کۆلێژەکانی نێو زانکۆ، یان زانکۆکانی تردا.

4. ئاهەنگ و فیستیڤاڵ: تایبەت بەو بۆنانەی پەیوەندیدارن بە جەژنی نیشتمانی و ئاینی و ئاهەنگی دەرچوونەوە، کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی بنەما و پاڵنەرەکانی ئینتمابوون بۆ نیشتمان و، یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی لایەنەکانی پەیوەندیدار بە دیالۆگ و لێبووردەییەوە؛ کە دەبێتە هۆی کۆڵەکەیەکی گرنگ لە بەهێزکردنی تەبایی و یەکگرتوویی لە نێوان خوێندکاراندا.

5. سەردانی تەرفیهی(خۆشگوزەرانی)ی بەکۆمەڵ: لە ڕێی ئەو گەشتانەی زانکۆ لە ناوەوە، یان دەرەوەی وڵات دەیانکات و، یارمەتیدەر دەبن بۆ گەشەکردنی زۆرێک لە توانا و زانیارییەکانی خوێندکار؛ جگە لە متمانەی زیاتر لە نێوان خۆیاندا، هەروەها لە نێوان ئەندامانی دەستەی خوێندندا، کە لە پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی دیالۆگ و لێبووردەییدا کاریگەریی دەبێت.

6. پەیوەندی: دروستکردن و پتەوکردنی ڕایەڵەی پەیوەندیی نێوان زانکۆ و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە لە ڕێی پرۆژە و چالاکیی هەمەڕەنگەوە، بە مەبەستی تێکەڵبوون و ئاشنابوون بە ژینگە و خەم و خەونەکانی یەکتری و پێشکەشکردنی هاوکاری و هاوئاهەنگی بۆ چارەی کێشەکان، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە یەکتری.

### ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا:

لە کۆمەڵگە مرۆیییەکاندا زانکۆ بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی لە کۆڵەکەکانی بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەردەمییانەی

کراوە دادەنرێت، کە لەسەر بنەمای بیری پێشکەوتوو و فێرکردن دادەمەزرێت و، هاوکات چەندین مەودای گەورە و مەترسیدار لەخۆ دەگرێت؛ لەبەر ئەوەی کرداری فێربوون، چەندین مەودای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هەیە، بەدەر لەوەی کردارێکی بەردەوامە و پەیوەست نییە بە شوێن و زەمەن و نەوەیەکی دیاریکراوەوە.

لەمەوە درککردن بە واقعی فێربوون دێتە ئاراوە، کە بە شێوەیەکی تایبەتی، بە لایەنێکی پەیوەندیدار و دیاریکراوەوە گەمارۆ نەدراوە، بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانی و ئاکاری و پەروەردەییە و بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو کەس و لایەنێک، کە بایەخ بە چارەنووس و داهاتووی میللەتەکەی دەدات. چونکە زانکۆکان بێ بەدیهێنانی کارلێکی نێوان تاک لە لایەک و، ژینگەی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵ لە لایەکی دیکەوە، ناتوانن ڕۆڵی تەواوی خۆیان لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا بە شێوەی کاریگەرانە بگێڕن، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی زانکۆ، گرێدراوی گۆڕانکارییەکانە و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانا و کارامەییەکان و، یارمەتیدەر دەبێت بۆ پتەوکردنی ڕۆحی داهێنان لای تاکەکان.

ئەمە خۆی، دەرفەتی بەرهەمهێنان دەخوڵقێنێت و کاریگەری و ئاسەواری باش لەسەر ئاستی دارایی و مووچە بەجێ دەهێڵێت. بۆیە ڕۆڵگێڕانی زانکۆکان لەو ئەرکەدا، گرنگیی خۆی هەیە و سەرمایەیەکی گەورەیە کە بە هیچ نرخێک ناخەملێنرێت، چونکە جووڵە دەخاتە نێو کرداری گەشەپێدانەوە. لەو ڕوانگەیەوە، سیستەمی فێربوون باڵاترین

دامەزراوەیە، کە ئەرکی دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە دەکەوێتە ئەستۆی، جگە لەوەی سەنتەری سەرەکیشە بۆ توێژینەوەی زانستی و جێبەجێکردن.

لێرەوە درککردن بە گرنگیی زانکۆکان، دەبێتە زەروورەتێکی واقعی؛ بەوەی کە نابێ وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشا بکرێت، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەی دامەزراوەیەکە لە ڕێی ئەو ئەرک و وەزیفانەی جێبەجێیان دەکات کاریگەری بەجێ دەهێڵێت و، بێ گومان بوونی پەیوەندیی بەهێز و گەرموگوڕی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگە، وا بەسەر زانکۆکاندا دەسەپێنێت کە بەردەوام لە ڕووی بنیاتنان و وەزیفە و بەرنامە و توێژینەوەکانیانەوە گۆڕانکاریی نوێ بهێننە ئاراوە، کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵگە و دەوروبەریدا ڕوو دەدەن بگونجێت، چونکە ئەو نێوەندە بەهێزترین و بەتواناترین چوارچێوەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو وەزیفانە کە دەتوانێت کاردانەوەی باشی هەبێت بۆ داخوازییەکانی کۆمەڵگە و، ئەو جۆرە پەیوەندییەش فەرز بەسەر نێوەندی خوێندنەکانی زانکۆدا دەکات، کە پەیوەندییەکی تۆکمەی هەبێت بە ژیان و کێشە و پێداویستی و خەونەکانی خەڵکەوە؛ بە شێوەیەک گەشەپێدانی کۆمەڵگە بۆ باشترین ئاستی ئابووری، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ببێتە ئامانجی یەکەمی فێرکردنی زانکۆکان. ئەو گرنگترین پەیوەندییانەی کە پێویستە زانکۆکان بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەیان کاری بۆ بکەن لەمانەدا بەرجەستە دەبن:

1. پەرەپێدان: پەیوەندیی زانکۆ و کۆمەڵگە پێکەوە جێگیر دەکات و، بێ گومان بەگشتی پێوار (غیاب)ی ڕۆڵی خوێندنی باڵا لە بەشداریکردن لە پلانی پەرەپێدانی وڵاتدا هۆکارێکی

سەرەکییە لە دواخستن و سستیی پلانی پەرەپێداندا، چونکە بەتەنگ پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی و بەراوردکاری (المقارن) و بەستنەوە و گرێدانەوەی توێژینەوە بە واقعی کارەوە دەبێت؛ بە شێوەیەک کە خوێندنەوەی هەبێت بۆ کێشەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و ڕێگری و بەربەستەکانی کارکردن و، بە پەرۆش دەبێت لەسەر ئامادەکردنی بەرنامە و ئەو توانا مرۆییانەی لە زۆربەی چالاکییەکاندا، کۆمەڵگە پێویستیی پێیانە، هەروەها دەوڵەمەندکردنیان بە نوێترین زانیاری و شارەزایی.

2. گەشەی مەعریفی: هەندێک بە شۆڕشی تەقینەوەی مەعریفی ناوی دەبەن، کە زانکۆ یارمەتیدەر دەبێت لە دروستکردنی شێواز و ئامرازی جیاواز بۆ گەیشتن بەو مەعریفەیە و تۆمارکردن و گەڕانەوە و شیکردنەوەی. بۆیە، هێزی زانکۆ و توانای کارمەندەکانی لە دەستەی مامۆستا، ستاف و خوێندکارەکانیدا بایەخێکی گەورەی هەیە، کە هاوکارە لە دیاریکردنی پلە و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە.

3. پێشکەوتنی تەکنیکی: ئاڕاستەی دیاریکراو بەسەر زانکۆکاندا فەرز دەکات، بۆیە هیچ بوارێک بۆ پەراوێزخستنی زانکۆکان لەو پێشکەوتن و گەشەکردنانە ناهێڵێتەوە و، بگرە ئەرکی بنیاتنانەوە بە کۆمەڵەکەی، بووە بە بەشێک لە بەرپرسیارێتییەکانی و چوونەناوەوەی بۆ سەردەمی تەکنیک و پێڕاگەیشتن بە گەشەی تەکنەلۆژی و هاوبەشیکردن تێیدا.

## هۆکارەکانی لاوازیی ڕۆشنبیری لەنێو خوێندکارانی زانکۆدا:

هـۆکـارەکـان فـرەبـوارن، هـاوکـات گـرێـدراوی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤەکانن، کە هەندێکیان هۆکاری خۆیین و بریتین لە: بایەخدان و سەرقاڵیی زۆرێک لە خوێندکاران بە زنجیرە دۆبلاژکراوەکان و گۆرانییەکانەوە؛ بە شێوەیەک کە بووەتە کەلتوورێکی پـەروەردەیـی و فێرکاری لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە، شـێوازی تەقلیدی وانەگوتنەوەی مامۆستایان، باوەڕنەبوون و متمانەنەبوون بە ڕۆشنبیربوون، ڕەتکردنەوەی زۆرێک لە کەسوکاری خوێندکاران بۆ بەشداربوونیان لە دیدارە ڕۆشنبیرییەکان و تێڕوانینی هەندێک لەوانە بە ڕوانینیان لە ڕۆشنبیری، تەنیا وەک خۆشی، نەک وەک گرنگی و سوودمەندی.

هۆکارە بابەتییەکانیش بریتین لە: بەگشتی لایەنێکیان پـەیـوەنـدیـدارە بـە گـەشـەسـەندنـی تـەکـنـەلـۆژیـیـەوە، بە بەراورد لەگەڵ سالانی پێشتر لە ڕێی ئەنتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، کە بـەداخـەوە هـەمـوو ئـەو شۆڕشـی زانیارییانە یارمەتیدەر بوون بۆ دوورخستنەوەی گەنجان لە سەرچاوە ڕۆشنبیرییە ڕاستەقینەکان و، وایان لێ کردن کە بایەخ و کاتیان تەنیا بۆ سەیرکردنی زنجیرە بێگانەکان و لایەنە خۆشییەکان بێت، جگە لە کەمدرککردنی خوێندکاران بە ڕۆشنبیریی زانکۆیی؛ لە کاتێکدا ئاشناکردنی خوێندکار بە ژینگە و ئاکار و بوونی زانکۆ، گرنگیی خۆی هەیە.

لایـەنـێـکـی تـــری پـــەیـــوەنـــدیـــدار بـــە کـۆمـەڵـگـە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە، دوورکەوتنەوەیە لە خوێندن، چونکە

پێش قۆناغی زانکۆ خوێندکار بایەخ بە خوێندنەوە نادات. بە واتایەکی دیکە، بەگشتی پێواری کەلتووری خوێندنەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاریگەریی خراپی هەیە، کە وای کردووە خوێندنەوە نەبووەتە کەلتوورێکی باوی پیادەکراو لای تاکەکان، وێڕای ئەوەی ئەم لایەنە لە دوو قۆناغدا کورت دەکرێتەوە:

1. قۆناغی پێش زانکۆ: خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە: لاوازیی ژینگەی خوێندنەوە لەنێو سیستەمی پەروەردەییدا، کەمتەرخەمیی خێزانەکان لە هاندانی منداڵەکانیان بۆ خوێندنەوە، نەبوونی ژینگەی گونجاو، ستافی خوێنەر و سیستەمی هاندان لە لایەن کتێبخانەکانەوە و کەمیی ژمارەی کتێبخانەکان بە شێوەیەکی سەردەمیانە.

2. قۆناغی زانکۆ: خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە: کەمتەرخەمیی مامۆستایان، نەبوونی ژینگە و کەشی گونجاو لە پۆلەکاندا، هاننەدانی خوێندکاران لە لایەن مامۆستایانەوە بۆ خوێندنەوە، لاوازیی سیستەمی کتێبخانەکان لەنێو زانکۆکاندا، سەرقاڵیی خوێندکاران بە کاروباری تایبەت و کەمیی کات و نەبوونی ئارەزووی خوێندنەوە و ڕانەهاتن.

### سیستەمی پەروەردە و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان:

ڕۆڵی سیستەمە پەروەردیی و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان، هیچی کەمتر نییە لەو ڕۆڵەی خێزان لە پێگەیاندنی هاووڵاتیدا دەیگێڕێت؛ لەبەر ئەوەی کاتێک

منداڵ دەگاتە (6-7) ساڵی، تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبێت. یەکەم تێکەڵبوونیشی لە قوتابخانەوە دەست پێ دەکات و، پاشان هاورێ، مامۆستا، بەڕێوەبەر، پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی خوێندن، کە لە بڵاوکردنەوەی بیروڕا و بەها نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەکاندا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن؛ هەروەها ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە بۆ ڕۆشنبیربوونی مرۆڤ و چەسپاندنی بیروڕا و بنەماکانی، چونکە فەلسەفە و ستراتیژیی پەروەردە و فێرکردن، لە پرەنسیپ و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگیرێت و لەژێر کاریگەریی بیروڕا و پراکتیکە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازەکاندا دەبێت، کە نەتەوە دەیانگرێتە خۆی.

هەر ئەم پابەندبوونە بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەبێتە هاندەرێک بۆ سیستەمە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکان بە هەموو ئاست و پلە و ئامرازە جۆربەجۆرەکانیانەوە، کە وەک کەناڵێکی کاریگەر و چالاک ببنە بەردی بناغەی گەشەپێدانی سیاسی لەنێو کۆمەڵگەدا، کە زامنی چاندن و بڵاوکردنەوەی بیروڕا و بەها گرنگەکان دەکات لەنێو تازەپێگەیشتووان و گەنجاندا، بە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و کارکردن لە پێناو بەهێزکردن و قووڵکردنەوەیدا و هەستکردن بە ئینتمای نەتەوەیی لە هەموو شوێنێک و بەگژداچوونەوەی بیروڕا دژەکان، بە جیاوازیی جۆر و سەرچاوەکانیانەوە.

بێ گومان پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا لە ڕێگەی دامـەزراوە جۆربەجۆرە فەرمی و نافەرمییەکانەوە بەڕێوە دەچێت، لە وێنەی: قوتابخانە، زانکۆ، پەیمانگە و هتد. ئەرکی سەرەکی و گرنگیی ئەو دامەزراوانەیش ئاراستەکردن و پەروەردەکردنی نەوەیەکە، شـارەزای مێژوو، کەلتوور و تایبەتمەندیی نەتەوەییی خۆی بێت؛ هەروەها دروستکردن و بەهێزکردنی ڕۆحی نیشتمانی و هاووڵاتیبوون، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی، بەتایبەت زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە هاووڵاتییان بە مێژووی نەتەوەی خۆیان ئاشنا بکات و، هاوکات گرنگیدان بە یادەوەری و بۆنە نیشتمانییەکان لە هەموو کایەکانی خوێندندا.

# گرنگیی کۆمەڵگەی مەدەنی
# لە پێشکەوتنی شارستانییەتدا

لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە یەکێک لە گرنگترین مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتن و گەشەکردن لە ڕووی سیاسی، خۆشگوزەرانی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە، ئەژمار دەکرێن. لەبەر ئەوەی بایەخ بە دوو فاکتەری گرنگی وەک تاک و کۆمەڵ دەدەن کە هەر یەکەیان بە ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئەو پێشکەوتنە دادەنرێن. بۆیە بەرپرسیارێتیی تاک لە بەرامبەر کۆمەڵەکەیدا، وا لێی دەخوازێت کە ببێتە کۆڵەکەیەکی کاریگەر و چالاک لە بەدیهێنانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی مرۆییدا کە پەی بە مافەکانی مرۆڤ دەبات، هەروەها درک بە پاراستن و گرەنتیکردنی کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵ دەکات.

### چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە واتای چی دێت؟

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە کۆمەڵێک ڕێکخراو دەگوترێت کە خەسڵەتی خۆبەخشی و قازانجنەویست لەخۆ دەگرن و، لە لایەکەوە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە نێوان خێزان و هاوولاتیدا دەگێڕن و، لە لایەکی دیکەوە یارمەتیدەرن بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بە مەبەستی هێنانەکایەوەی ئاشتی، سەقامگیری، هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشمەندیی تاکەکانی کۆمەڵ و هتد.

**کۆمەڵگەی مەدەنی، بە چ کۆمەڵگەیەک دەگوترێت؟**

بریتییە لە هەر کۆمەڵگەیەک کە هەڵگری بیروباوەڕ و بەها و ئەو ئاکارانە بێت کە خەسڵەتی خۆبەخشی و کاری باش و خۆشگوزەرانی لەخۆ دەگرن، بەدوور لەو بەهایانەی هەڵگری خەسڵەتی ڕق و کینە و تووڕەیین. کۆمەڵگەی مەدەنی، سیستەمی دامەزراوەیی لەخۆ دەگرێت وەک: ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، حزبە سیاسییەکان و، دامەزراوە ئایینییەکانی وەک: مزگەوت، کەنیسە و هتد.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خزمەتگوزاری و چالاکییەکانیان بەخۆڕایی و بەبێ بەرامبەر پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵگە و سەرجەم چین و توێژەکان دەکەن، وەک: پاراستنی ژنان، بایەخدان بە منداڵ، یارمەتیدانی نەخۆش، پاراستنی مافی مرۆڤ، هەموو یارمەتییەکی مرۆیی، خاوەن پێداویستیی تایبەت، فێرخوازان، گەنجان، گەشەپێدان و پەرەپێدانی سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەندروستی، سیاسی، وەرزشی، کەلتووری و ژینگەیی. گشت ئەو جۆرە چالاکییانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاوسەنگ و تەواوکەر بەڕێوە بچن، پێویستییان بە پشتگیری، پشتیوانی و پاڵپشتیی تەواو و باش هەیە لە لایەن دەوڵەتەوە لە ڕووی دارایی و مەعنەوییەوە.

**پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کێن؟**

کۆڵەکە و پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو ناوەندانەدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە: ڕێکخراوی میللی

و جەماوەری، دامەزراوە ئایینی و ڕۆشنبیرییەکان، سەندیکا، یەکێتی و ڕێکخراوە پیشەییەکان، ڕێکخراو و چالاکییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان، یانەی کۆمەڵایەتی، وەرزشی، سەنتەرەکانی گەنجان، یەکێتییە کرێکاری و پیشەییەکان، ڕێکخراوەکانی میللەتە ڕەسەنەکان، حزبە سیاسییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو، نوسراو). هەموو ئەو دامەزراوانە لە دەرەوەی چوارچێوەی حوکمڕانی و دامودەزگا جۆربەجۆرەکاندا کار دەکەن، بۆ ئەوەی ئیرادەی سەربەخۆیی خۆیان و هەڵوێست و ڕەخنەکانی خۆیان لەدەست نەدەن و بە هەموو شێوەیەکی ڕاستگۆیی و بابەتییانە بەردەوام بن.

### خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

گرنگترین خەسڵەتە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتین لە:

١- خۆبەخشیی ئیرادەگەرییانە: بوونی کاری خۆبەخش، گرێدراوی ئیرادەیەکی سەربەخۆی تاکەکانە، وێڕای ئەوەی خۆبەخشی پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەری دیکەوە، وەک سروشتی پێکهاتەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی لە پێکهێنانی کەسایەتیی تاکدا؛ بە شێوەیەک ئەندامبوون لە دامەزراوەکاندا بەناچاری و زۆرەملێ نییە. ئەمە وێڕای ئەوەی زۆربەی لێکۆڵینەوە و ئامار و ڕاپرسییە مەیدانییەکانی لە لایەن پسپۆڕانەوە ئەنجام دراون، هەروەها ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە بە

شێوەیەکی گشتی، ڕێژەی چالاکی و هاوکارییە خۆبەخشەکان لە ئاستێکی لاواز و سنووردارادایە؛ ئەوەیش بە هۆی پێوار (غیاب)ی هۆشیاریی تاکەکانە بە گرنگیی کاری خۆبەخشی لە کۆمەڵدا، چونکە بەهایەک نییە کە بووبێتە کەلتوور.

بۆیە یەکێک لەو کارانەی گرنگە بایەخی پێ بدرێت، چالاکبوون و بەهێزکردنی کاری خۆبەخشی و فراوانبوونی تێڕوانینەکانە بە پێدانی دەرفەت بە خۆبەخشەکان لە بەڕێوەبردنی کارگێڕی و ناوەندی بڕیارسازی و پلان و جێبەجێکردن لەو ڕێکخراوانەدا. ئەوەیش لە ڕێگەی هاندانیانەوە دەبێت بە چەسپاندن و کارکردنیان لەسەر بنەمای چەند بیروباوەڕێک وەک (بەخشین، جیاوازبوون، داهێنان و بەردەوامبوون لە کارەکانیاندا)، هەروەها بە بەگەڕخستنی نەوەی نوێ دەبێت بە بەردەوامبوونیان لە کارکردن لەو ڕێکخراوانەدا، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو، بەپێی پێوەری گونجاو و بوونی سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی لە گشت دامودەزگەکانی دەوڵەتدا بە شێوەیەکی تەواو و جددی، نەک ڕواڵەتکارانە و ناڕوون).

٢- دامەزراوەیی و ڕێکخستن: مەبەست لێی، گرنگیی کارکردنە لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخستن و دامەزراوانەی پشتئەستوور دەبن بە سیستەمی کارگێڕی و بەرنامە و ئامانجی هەنووکەیی و ستراتیژیی دیاریکراو؛ چونکە بوونی هەر کارێک، یان چالاکییەکی کاریگەر و چالاک، پەیوەستە بە ڕێکخستن و پلانی پێشوەخت، کە پێویستە لە لایەن دامەزراوەیەکی تەکنیکی و کارگێڕییەوە بەڕێوە بچێت و هەڵگری توانا و لێهاتوویی و شارەزاییەکی باش بێت.

٣- ڕۆڵ و ئامانج: چالاکبوون و کاریگەریی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پەیوەستە بە ڕاددەی ئەو ڕۆڵەی لەناو کۆمەڵگەدا دەیگێڕن و، بەپێی جۆری ئامانجەکەی. لەبەر ئەو ڕۆشناییيە، ڕاددەی سەرکەوتن و شکستهێنانی دامەزراوەکان دیاری دەکرێت و، هەروەها لە ڕێی ئەو ڕۆڵەی ئەو دامەزراوانە دەیگێڕن، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتدا دیاری دەکات؛ بە شێوەیەک هەر دوو لایەنەکە، بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە کۆمەڵگە، دەبێت لەگەڵ یەکتریدا کێبڕکێ و ململانێ بکەن.

بۆیە ئەو دامەزراوانە، لە بەرامبەر زۆرەملێکردنی دەسەڵاتدا ڕۆڵی پاراستنی هاووڵاتیان دەبینن. ئەوەیش نایەتە دی، گەر ئەو دامەزراوانە سەربەخۆ نەبن. بۆیە دۆزینەوەی دامەزراوە و ڕێکخستنی خۆبەخش و ئازاد بە شێوەیەکی چالاکانە، گوزارشت لە چالاکبوون و زیندوویێتیی گەل دەکات، لە ڕێی خولقاندنی هێزێکی کۆمەڵایەتیی نوێی دەسەڵات؛ بە جۆرێک لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا هاوسەنگ بێت و، لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا کاریگەریی هەبێت، جگە لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان وەک هاوکار و هاوبەشێک لە بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا؛ بە شێوەیەک کە دەسەڵات لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، تاکڕەوانە ڕۆڵ نەگێڕێ.

٤- سەربەخۆیی: بەو واتایە دێت کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناچنە ژێر ڕکێفی هیچ شێوەیەک

لە شێوەکانی زاڵبوون و ملکەچبوونەوە، گەر لە هێز و دەسەڵاتێکی دەرەکی، یان ناوخۆییەوە بێت، بەڵکوو پێویستە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ممارەسەی چالاکییەکانیان بکەن بەدوور لەو کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی دەبنە هۆی ڕێگریکردن لە کارەکانیان، یان لاوازبوونی ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا؛ ئەوەیش بە شێوە و ڕێگەیەک دەبێت کە لەسەر بنەمای پلانی دیاریکراو و شەفاف و خوازراوەوە کارەکانیان لە نێو کۆمەڵگەدا بەڕێوە بەرن.

بە دیوێکی دیکەدا سەربەخۆیی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەوڵەت، بە مانا و واتای لاوازبوونیان نایەت، بەڵکوو فاکتەرێکی بەهێز و باشە بۆ پێکەوە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە لە ڕووی ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانیی هاوولاتیانەوە؛ بە شێوەیەک هەست بە بوون و، درک بە پاراستنی کەرامەتی خۆیان بکەن.

٥- پابەندبوون بە سیستەمە ئاکارییەکان و بەها و ئادابی گشتیی پەیڕەوکراو لە ولاتدا، کە بریتییە لە چۆنێتیی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادییەکانی مرۆڤدا وەک مافێکی مرۆیی و یاسایی. ئامانج لێی بەدیهێنانی خودی تاک و کۆیە لە ڕێی چالاکیی جۆراوجۆرەوە بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ بەدەر لە پەسەندکردنی جیاوازی و فرەییەکان لە ڕا و ڕێزگرتنی ڕای زۆرینە و کەمینە، کە پرۆسەی دیموکراسی بڕیاری لێ دەدات.

٦- گرێدانەوە لە چوارچێوەی سیستەمێکی ڕۆشنبیریدا بە یەکێ لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

دادەنرێت؛ لەو ڕوانگەیەی چەمکێکە ناکرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر لە چوارچێوەی سیستەمێکی ڕۆشنبیریدا نەبێت کە پەیوەست بێت بە بەهاکان و چەمکە مرۆیی و شارستانییەکانی وەک دیموکراسی، بەشداریی سیاسی، مافەکانی مرۆڤ، شەرعییەتی سیاسی، فرەیی و.... هتد.

٧- ڕاستگۆیی و شەفافییەت: بوونی ڕاستگۆیی و شەفافییەت لە کارکردندا، هەروەها توانا و لێهاتوویی مرۆڤەکان گرنگ و پێویستە؛ بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی دەرخستن و ئاشکرابوونی سەرچاوەی دارایی، شێوازی خەرجکردن، جۆری پرۆژەکان، تێچوون و ڕێگەی خەرجکردنەکان، بەدەر لە بوونی سیستەمی چاودێری و کارگێڕیی ڕێگەپێدراو بەتایبەت بۆ لێپرسینەوە و چاودێریکردنی بەڕێوەبەر و سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە لە لایەن بالاترین دەسەڵاتی تەشریعییەوە، کە بریتییە لە دەستەی گشتی.

٨- پاڵپشتیی دارایی و یاسایی: یەکێکی تر لە گرنگترین کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی ڕێکخراوەکان، بریتییە لە بوونی چوارچێوەی دارایی و یاسایی بە شێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو لە لایەن دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەستە گشتییەکانەوە، کە کاری وێناکردنی ڕێگە و شێواز و هەیکەلەی کارکردن بۆ سەرکردە کارگێڕییەکان لەخۆ دەگرێت.

### گرنگیی سەربەخۆیەتی لە کاری ڕێکخراوەکاندا:

سەربەخۆبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕووی کارەکانیانەوە، گرنگی و کاریگەریی بەرچاوی

خۆی هەیە، چونکە لەدەستدانی ئیرادەی سەربەخۆبوونی کارکردنیان لە ڕووی دارایی و مەعنەوییەوە، دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی کارکردنی ئەو ڕێکخراوانە؛ بەشێوەیەک کە دەبنە ئامرازێک، هەروەها لە ڕووی بەڕێوەبردنیشەوە دەبنە ملکەچ بۆ حکوومەت و دەسەڵات، تەنانەت ملکەچی حزبە سیاسییەکانیش دەبن؛ لەو کاتەیشدا چەمکی ڕێکخراوی مەدەنی مانای خۆی لەدەست دەدات. بۆیە لێرەدا ئەوەی گرنگە، تێکەڵنەبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە وەرگرتنی هەر هەڵوێستێک، یان بڕیارێکی سیاسی، یاخود کردنی هەر یەک لەو ڕێکخراوانە بە سێبەرێک بۆ سیستەمی سیاسی لە دەسەڵاتدا؛ چونکە ئەو کارە لەگەڵ بنەما و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا یەکانگیر نابێتەوە.

### وەزیفەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

یەکێک لە گرنگترین وەزیفەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بریتییە لە ڕێکخستن و چالاککردنی ڕۆڵی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا؛ بەتایبەت لە کاتێکدا ئەو چارەنووسە بگاتە ڕادەی پاکتاوکردنی خەڵک لە لایەن لایەنێکی دیاریکراوەوە و، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک بەو سیاسەتانەی کاریگەریی دەخەنە سەر ژیانی ڕۆژانەیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و، دەبێتە هۆی ئاڕاستەکردنی چارەنووسی خەڵک بەرەو مەترسی لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بەدەر لەوەی ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشە ڕاستەقینەکانی نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەیش، وێنەی پلان و بەرنامە دەکێشێ و، هەروەها ئامانجەکان لەپێناو خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی هۆشمەنددا دیاری دەکات. لەو ڕوانگەیەوە وەزیفەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چەند خاڵێکدا کورت دەکرێنەوە، لەوانە: کۆکراوەی بەرژەوەندییەکان، چارەسەری ململانێ و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگە و یەکلاکردنەوەیان، زیادکردنی بەروبووم و باشترکردنی بارودۆخی ئابووری، بایەخدان بە توانا ڕۆشنبیرییەکان و گەشەکردنی، بەگەڕخستن و خولقاندنی سەرکردەی نوێ لە کۆمەڵگەدا و بانگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی دیموکراسی.

### ئامرازەکانی چالاککردنی کۆمەڵگەی مەدەنی:

زۆرن ئەو ئامرازانەی پێویستن بۆ چالاککردن و گەشەکردن و بەردەوامبوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەوانە:

1. پەروەردە و ڕۆشنبیربوون: دامەزراوەکانی پەروەردە و فێربوونی وەک ماڵ، قوتابخانە و زانکۆ، کە بە هۆیەوە پەروەردەکردنی نەوەی نوێ و ڕۆشنبیرکردنیان لە ڕێگەی چەمک و تێڕوانینی نوێوە دەربارەی پەیوەندیی هاووڵاتیان بە دەسەڵات و چۆنێتیی مامەڵەکردن و سەیرکردنیان، لە ئەستۆ دەگرێت.

2. شەقام، بە واتا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی: لەو ڕوانگەیەی هێمایەکە بۆ بەیەکگەیشتن و جووڵە و دەربڕینی تێڕوانینی خەڵک و خەم و دید و بۆچوونەکانیان.

3. ئازادکردنی بازاڕ: لەو ڕوانگەیەی دەرفەتێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردن و کێبڕکێ لە ڕووی ئامانجەکانی وەک:

بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زاڵبوون بەسەر کێشەکانی هاووڵاتییاندا؛ هەروەها لەو ڕوانگەیەی بازاڕ، بوونێکی ڕەمزییە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەخاتە سەر ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، بەدەر لەوەی نوێنەرایەتیی فەزایەکی فراوان دەکات، کە بە هۆیەوە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەیەکتری دەگەن.

4. چالاککردنی ئەو دامەزراوە و ڕێکخستنانەی کە لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی دەوڵەت دەریان دەکات، داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی تاک دەکەن؛ لەو ڕوانگەیەی هەر یەک لە کۆمەڵە و دامەزراوە و حزبەکان، هێمان بۆ هاوکاری و گواستنەوەی مرۆڤەکان لە قۆناغی بوونیان وەک تاک، بۆ چوارچێوەیەکی کۆمەڵگەی گشتی.

### پەیوەندیی نێوان دیموکراسییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی:

بێ گومان کاتێک دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە کۆمەڵگەدا مومارەسەی کرداری گۆڕان، نوێکردنەوە و تازەکردنەوە دەکەن، ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبنەوە. دیارترینی ئەو کێشانەیش بریتین لە پێگە و بوونی پابەندبوونە کۆمەڵایەتی، مەزهەبی، چین و خێڵەکییەکان و ..هتد. ئەگەرچی دیموکراسی، نوێنەرایەتیی بەها مرۆییەکان دەکات، بەڵام پێوەرەکانی، بەپێی سێ جۆری سەرەکی دیاری دەکرێن کە بریتین لە: شەرعییەت، لێپرسینەوە و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات. دەتوانرێت بگوترێت بە ئامرازێکی سەرکەوتوو بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەکان و پاراستنی یەکێتی و یەکبوونی نیشتمانیان دادەنرێت.

بەو شێوەیە، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرپرسیارێتیی جێگیرکردنی ئەو بەها مرۆییانە لە ئەستۆ دەگرن، کە لە ڕێی داهێنانی چارەسەری گونجاوەوە، بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە و جێگیربوونی لە گشت بوارەکاندا، گوزارشت لە ناوەڕۆکی ڕۆشنبیریی هەر کۆمەڵگەیەک دەکەن. بێ گومان گرنگترین ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی ئەو دامەزراوانە دەبنەوە، ڕەتکردنەوە و بەگژاچوونەوەی هەر ئەزموونێکی ستەمکاری و زۆرەملێی زاڵبوونە، کە دەبێتە هۆی داگیرکردنی شەرعییەتی سیاسی و دەستگرتن بەسەر مافی گەلدا لە دیاریکردنی چارەنووسیان، یان تۆڵەکردنەوە لە دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی حزب، یان دامەزراوە خێڵەکی و خێزانییەکان بەسەر ئەوانی تری پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا؛ ئەوەیش دەبێت، بەڵام بە باوەڕبوون و پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراسییەوە.

بۆیە ڕۆڵی گرنگی کارکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بریتییە لە گۆڕینی بنەماکانی دیموکراسییەت بۆ کەلتووری ژیان و بەرجەستەبوونی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا؛ بەو واتایەی سەرجەم ئەو بنەمایانە ببێتە شێوازی ژیانی مرۆڤەکان و ڕەنگدانەوەی هەبێت لە ڕەفتاریاندا، بە مەبەستی گۆڕین و گەشەکردنی ئاراستەی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی نوێ. وە بێ گومان دیموکراسی، کۆمەڵێک لە بەها گرنگە سەرەکییەکان لەخۆ دەگرێت کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە: «دابینکردنی ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆ بۆ هاووڵاتیان، فرەبوونی سیاسەت، ڕێزگرتنی ڕای زۆرینە و کەمینە کە لە لایەن سندووقەکانی دەنگدانەوە بڕیاری

لێ دەدرێت، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە، بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانیی ئابووری، سەروەریی یاسا، قایلبوون و دانپێدانان لەسەر بیروباوەڕی ئۆپۆزیسیۆن، ڕێزگرتن لە مافی جیاوازییەکان، ڕێزگرتنی تێڕوانین و بۆچوونەکانی ئەوی دی و...هتد. بۆیە گەشەکردنی دیموکراسیی سەرکەوتوو، پێویستیی بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بەهێز و زیندوو هەیە و، بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکەی بریتی دەبێت لە ڕۆڵبینێکی گرنگ لە بونیادنانی دیموکراسیدا؛ ئەوەیش لەسەر چەند ئاستێک دەبێت، کە بریتین لە:

1. ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە ڕێی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و گرنگیی کارپێکردنی، بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسیان لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە، بە شێوەی بڵاوکراوە و سازدانی سمینار و کۆڕی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە.

2. ڕۆڵی مەیدانی، کە لە ڕێی مومارەسەکردن و ڕاهێنان و سەرپەرشتیکردنەوە، بە مەبەستی بەردەوامی و جێبەجێکردنی کرداری دیموکراسی و ئامادەکردنی کادیرانی پسپۆر بۆ ئەو مەبەستە، بەدی دێت.

3. هاوئاهەنگیی هاوبەش لە نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە جیاوازیی بیر و بۆچوون و ئاڕاستەکانیان لە ڕووی فکری و سیاسییەوە بۆ ئەنجامدانی کار و قۆرخنەکردنی گۆڕەپانی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە هەر هۆکارێک بێت.

بەو شێوەیە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وا دەکەن دیموکراسییەت ببێتە بەهایەکی مرۆیی چەقبەستوو

لە کۆمەڵگەدا. ئەوەیش، لە ڕێی شێوازێکی ڕۆشنبیرییەوە کە کۆمەڵێک بەها و بیروباوەڕ و ئامانجی بۆ تاکەکان لە ژیانیاندا لەخۆ گرتووە؛ کە لە هەمان کاتدا تەرکیز دەخاتە سەر بیروباوەڕی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و، دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگە لە دابەشبوون و جیاکاری و جیاوازی و مافی ژیان لەسەر ئاستی جیاواز.

دۆخی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان:

لە سۆنگەی کۆڵەکە و بناغە سەرەکییەکانی بونیادنانی دامـەزراوەکـانـی کۆمەڵگەی مـەدەنـی و لە ڕوانـگـەی ئـەوەی بەگشتی دامەزراوەکانی تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری لە کوردستاندا، لە ڕووی شێواز و دەسەڵاتی کارکردنیانەوە، ئـەوەنـدەی دامـــەزراوەی ڕواڵـەتـکـارانـەن، هێندە لـە ڕووی دەسەڵاتیانەوە سەربەخۆ نین. نەبوونی دەستووری تایبەت بە کوردستان بە دیوێکی دیکەدا و، جێگیرنەبوونی بنەما و بیروباوەڕەکانی کارکردن بە سەرجەم چەمکەکانی دیموکراسی، هەموو ئەوانە وا دەکـەن بگەینە ئەو بـاوەڕەی کە زۆربـەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خۆیشیان لە کوردستاندا لە ڕووی کاریگەری و پێگە و ئاسەوارەکانی کارکردنیانەوە نەگەیشتوونەتە ئاستێک کە وەزیفە و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لە کوردستاندا بپێکن. بەو واتایەی ناتوانن ڕۆڵی ڕاستەقینە و کـاریـگـەری خـۆیـان لـە ئـاڕاسـتـەکـردن و گـۆڕینی ڕەوتـی بڕیارسازیدا بە سوودمەندی و قازانجی هـاووڵاتـیـان، یان بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا، بگێڕن. ئەو واقعەیش وای کردووە، هەمیشە هەیمەنەی حزبەکان لە سەرجەم نێوەندەکانی حوکمڕانیدا زاڵ بێت، وێڕای هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی

لە لایەن خەڵک و زۆرێک لەو ڕێکخراوانەوە کاری بۆ کراوە.

ئەو واقعەی لە کوردستاندا بەرجەستە بووە، ئەوەیە هەموو حزبەکان ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە: ژنان، گەنجان، منداڵان و ...هتد. ئەمە بە دیوێکدا مافی هەر حزبێکە وەک لە هەموو وڵاتانی دونیادا هەیە، ئەگەرچی لە ڕووی میکانیزم و شێوازی کارکردنیانەوە جیاوازی و سەربەخۆییی زیاتر لە کارکردنیان بەخۆوە دەبینن. بەڵام بە دیوێکی دیکەدا، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی کارکردن لە کوردستاندا زۆربەی ئەو حزبە سیاسییانە لەپاڵ ئەوەیشدا، بە ناوی جیا و لە بواری جیاواز و لەژێر سێبەر و چەتری جۆربەجۆردا ڕێکخراوی تری تایبەتمەندیان دروست کردووە و، لە ڕووی دارایی و ئەندامێتی و بڕیارسازییەوە جارێکی تر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان سوود لە توانا و لایەنی مەعنەویی ئەو ڕێکخراوانە وەردەگرن؛ چ لە ڕووی داراییییەوە بێت کە ئەم ڕێکخراوانە لەژێر چەتری سەربەخۆبوون و دامەزراوەی مەدەنیدا دەتوانن سوود و داراییی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بەدەست بهێنن و، چ لە ڕێی حکوومەتەوە بێت، سوود لەو بوودجەیە وەربگرن کە بۆ ڕێکخراوە ناحکوومییەکان تەرخان دەکرێت.

لە لایەکی تریشەوە، حزبەکان لە ڕووی دیکەی مەعنەوییەوە لە کاتی هەڵمەت و بانگەشە و پرۆسەکانی هەڵبژاردندا، سوود لە دەنگەکانیان وەردەگرن. ئەگەرچی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زۆر ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری جیاوازی کارکردن و پسپۆڕی و تایبەتمەندیی

جیادا، بە مەبەستی گوشارخستنەسەر دەسەڵات بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و داننان بە مافی هاووڵاتیان و کارکردن بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک و گەشەکردنی کۆمەڵگە، دروست بوون. تا ئێستا کاریگەریی ئەم جۆرەی ڕێکخراوەکانیش، دەشێت لە ڕووی هۆشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی بژێوی خەڵک و خزمەتگوزارییەوە ڕۆڵی زۆریان گێڕابێت، بەڵام لە ڕووی ڕێکخراوبوونیان وەک کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ئاستێکی لاوازدا بووە؛ ئەمەیش بە پلەی یەکەم پەیوەستە بەو دۆخەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە تا ئێستا قەوارەی کارکردنی دامودەزگاکان لە کوردستاندا وەک دەسەڵات سەربەخۆ نەبووە و، یاسا سەربەخۆ و بەرقەرار نەبووە. هەموو ئەوانەیش بەربەست و ڕێگری گەورە بوون بۆ بەرجەستەبوون و چالاکبوون و کاریگەریی کاری ڕێکخراوەکان، کە هەوڵ و کۆشش و باوەڕبوونی دوولایەنەی پێویستە، چ وەک دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و، چ وەک دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە وڵاتدا.

بوونی ئەو واقعەیشە لە کوردستاندا، وای کردووە توندوتیژییەکان بەرامبەر مرۆڤەکان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی درێژەی هەبێت. هاووڵاتیان ناحەقییان بەرامبەر بکرێت و، بکوژان، یان تاوانباران بەگشتی لە دەست یاسا قوتار بن و، دەرەنجامی هەموو ئەوانەیش هاووڵاتیبوون بە مانا و واتا ڕاستەقینەکەی، بوونی نەبێت و، کۆمەڵگەیش گەشەکردن و گۆڕانکاریی باشتر و ئەوتۆ بەخۆوە نەبینێ.

بۆیە کارکردن بۆ بەدیهێنانی بناغە و کۆڵەکە سەرەکییەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەک و، بەرقەرابوونی یاسا و گێڕانەوەی هەیمەنەی پەرلەمان و حکوومەت لە کوردستان لە لایەکی دیکەوە، گەرەنتیی سەرەکییە بۆ خولقاندنی کۆمەڵگەیەک کە هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی، هەست بە ئینتیمابوون و هاوولاتیبوونی خۆیان بکەن و، هەر لایەنەیش ئەرکی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ و، هەموویشی بە قازانج و خزمەت و بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگە بەدی بێت؛ کە ئەمەیش بە مەبەستی سەرخستن و پێشکەوتنی شارستانییەت لە کۆمەڵگەدا، ئەرک و هۆشیاریی هەمەلایەنەی پێویستە.

**سوودم لەم سەرچاوانە بینیوە:**

- دور منظمات المجتمع المدنی فی تعزیز البناء الدیمقراطی فی العراق: م. عباس فاضل محمود
- دور منظمات المجتمع المدنی فی حمایه حقوق الانسان: احمد السید الکردی

# ڕۆڵی بەهاکان
# لە ژیانی مرۆڤەکاندا

بەهاکان لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەکاندا گرنگییەکی زۆر و کاریگەریان هەیە؛ بە شێوەیەک بوونی بەهاکان بەگشتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێوەر و ئاماژەیەکی گرنگە بۆ گەشەسەندوویی کۆمەڵ و تێگەیشتن و ڕۆڵی مرۆڤەکان لە ژیاندا. بێ گومان زۆرێک لەو کۆمەڵگە داهێنەرانەی هەن، پەیوەستن بە کۆمەڵە بەهایەکی دیاریکراوەوە کە دەرەنجام بوونەتە هۆی گشت پێشکەوتن، سەرکەوتن و داهێنانێکیان.

ڕاستە بوونی بەهاکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێت، بەڵام کۆمەڵە بەهایەکی هاوبەش هەن کە هەموو میللەتانی جیهان تیایدا هاوبەشن و، دواتر مرۆڤەکان دەبنە هەڵگر و جێبەجێکەری لە ژیاندا؛ وێڕای ئەوەی بەهاکان دیاریکراو نین بەو شوێنانەی کەسەکان لێی نیشتەجێن، بەڵکوو لە ڕێی بوون و ژیانی مرۆڤەکانەوە دەردەکەون. گرنگترینی بەها هاوبەشەکانیش بریتین لە: لێبووردەیی، بەرپرسیارێتی، ڕێزگرتن لە خود و ئەوی دی، هاوکاری، پێزانین، پێکەوەژیان، ڕێزگرتن لە بیروباوەڕ و کەلتوورە جیاوازەکان، بەهای دادپەروەری، دیالۆگ، ئاشتی، ڕاستگۆیی و هتد.

**پێناسەی بەها:**

بریتییە لە کۆمەڵە پێوەرێکی کۆمەڵایەتی کە تاک لە ڕێی ژینگەوە وەری دەگرێت و، لە ڕەفتار و هەڵبژاردەکانی لە ژیانیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

**پێناسەی بەهای کۆمەڵایەتی:**

ئامرازێکی کۆمەڵایەتییە، بە مەبەستی پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و جێگیربوونی کۆمەڵگە.

**سەرچاوەی وەرگرتنی بەهاکان:**

بەهاکان فرەجۆرن و جیاوازیان هەیە، کە زۆر جار کۆمەڵگەکان ئەو بەهایانە لە بیروباوەڕەکانیانەوە وەردەگرن؛ هەروەها خێزان، خوێندنگە، هاوڕێ و ڕاگەیاندنەکانیش کەناڵ و سەرچاوەی تری وەرگرتنی بەهاکانن. بەهاکان، زۆربەی جار لە مرۆڤەکاندا هەر لە کاتی لەدایکبوونیان لە خێزانەکانیانەوە دروست دەبێت؛ بۆیە خێزان پەیوەندیدارە بە پێکهاتنی بەهاکانی. بەتایبەت زانایانی کۆمەڵناسی جەخت لەوە دەکەنەوە کە منداڵ بە ڕێژەی 80%ی بەهاکانی لە خێزانەوە پێک دەهێنێ، پاشان خوێندنگە بەهێزی دەکات و گەشەی پێ دەدات تا دەگاتە تەمەنی چواردە ساڵی، ئەمە جگە لەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش لە پێکهاتەی ئەو بەهایانەدا بەشدار دەبن؛ بەدەر لە خزم و کەسوکاریش کە ڕۆڵیان لە پێکهاتەی بەهاکاندا هەیە. شارەزایانی بواری پەروەردە، جەختیان لەوە کردۆتەوە کە بەهاکان لە ژیانی مرۆڤەکاندا کاریگەر دەبن، گەر لە ڕێی ئەم کەناڵانەوە تێ پەڕن، لەوانە:

١- زانینی سەرچاوەی بەهاکان: سەرچاوەکانی بەهاکان لە کۆمەڵێکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێت؛ ئەوەیش بەپێی فەلسەفەی ئەو کۆمەڵگەیانە، جیاوازییەکی سروشتییە

لە ڕوانگەی ژیان و شارستانییەت و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیرییان.

٢- زانینی مانەوەی بەهاکان: چاندنی تۆوی بەهاکان لە لای منداڵان لە ڕێی پێناسەکردنی مانای بەها وەرگیراوەکان و گرنگییان بۆ خۆیان و خێزان و کۆمەڵگەکانیان، هەروەها بۆ منداڵەکانیان، گرنگ و پێویستە؛ هەروەها بواری ڕۆشنبیری، کاریگەری و گرنگییەکی گەورەی لە دروستکردن و چاندنی بەهاکاندا هەیە. چەندە ژینگەی ڕۆشنبیریی مرۆڤەکان هۆشیار بێت و، درک بە گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە بکات، زیاتر دەتوانێت ڕۆڵی گرنگی لە دروستکردن و گەشەکردنی بەهاکاندا هەبێت. وێڕای ئەوەی فێربوونی بەهاکان لە مرۆڤدا، پەیوەست نییە بە تەمەنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکوو هەر لە لەدایکبوونی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات تا دواساتی ژیانی؛ بۆیە کارێکی بەردەوامە لەگەڵ مرۆڤدا. بەدەر لەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانیش، دەتوانن ڕۆڵی کاریگەریان لە بەهێزکردن و دروستکردنی بەهاکان لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەبێت.

**گرنگیی بەهاکان لە ژیانی مرۆڤدا:**

بەهاکان لە چەند ڕوویەکەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە، چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵ؛ چونکە بەهاکان لەسەر ئاستی تاک، ناسنامەیەکە بۆ بونیادی کەسایەتی و بەهێزکردنی توانا و ڕەفتاری باش و، هەروەها پێوەرێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی باشتر و بڕیاری دروستتر

و، له هەمان کاتدا یارمەتیدەره بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. بە دیوێکی دیکەدا بەهاکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، یارمەتیدەرن بۆ یەکگرتوویی و پاراستنی کۆمەڵگە و ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکان؛ هەروەها دەبنە هۆی بونیادنانی سیستەمێکی عەقڵانی.

**دەرهاوێشتەی بەهاکان:**

بەهاکان لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە وەزیفەی تایبەتییان هەیە، کە دەرەنجام تاکێکی مرۆڤدۆست بەرهەم دەهێنێ و، له هەمان کاتدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بونیادنانی کۆمەڵێکی گەشەکردوو، تێگەیشتوو و داهێنەر.

له ڕوانگەی بوون و گرنگیی بەهاکان له ژیانی مرۆڤدا چەندین پرسیاری جۆربەجۆر دێنێتە ئاراوە، لەوانە: ئاخۆ بەهاکان له مرۆڤدا وەرگیراون؟ بەو واتایەی له ژینگە یان کەسانی دەوروبەرەوە وەردەگیرێن، یان بۆماوەیین؟ بەو واتایەی لەگەڵ لەدایکبوونیاندا، دەبنە هەڵگری هەندێ لەو خەسڵەت و بەهایانە؟

له وەڵامی ئەو پرسیارانەدا زۆربەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان دەریان خستووە کە بەهاکان له مرۆڤدا بەگشتی وەرگیراون. وەرگرتنی هەر یەک لەو بەهایانەیش بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤەکان، له دامەزراندن و وەرگرتندا جیاوازی و گرنگی و تایبەتمەندێتی بەخۆوە دەبینێ. زانایانی بواری کۆمەڵناسی، ڕایان وایە کە مرۆڤ له

نێوەندی خێزاندا لە 80%ی بەهاکان وەردەگرێت، هەرچی نێوەندەکانی تریش هەیە هەر یەک بە شێوەی خۆی، لەوانە: نێوەندی قوتابخانە، هاوڕێ، ئایین، ڕاگەیاندن و بۆماوە و... کە هەر یەکەیان دواجار دەبنە بەشێک لە ڕەفتاری مرۆڤەکان.

**قۆناغەکانی دامەزراندنی بەهاکان:**

قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ جیاوازییان هەیە و، هەر یەک لەو قۆناغانە، بە مەبەستی بونیادنان و چەسپاندنی بەهاکان تیایاندا، بە شێوەیەک کاریگەری و ئاسەواریان لەسەر ژیان و کەسایەتییەکان دەردەکەوێت، لەوانە:

- قۆناغی ڕاهێنان: لە لەدایکبوونەوە 7 ساڵ دەگرێتەوە، کە بە قۆناغی چاندنی بەهاکان ناو دەبرێت.

- قۆناغی لاساییکردنەوە (تقلید): کە تەمەنی ( 7-14) ساڵی دەگرێتەوە.

- قۆناغی کۆمەڵایەتی: واتە تەمەنی (14-21) ساڵیی تەمەنی مرۆڤەکان.

- قۆناغی زانستی: واتە تەمەنی مرۆڤەکان لە (21-35) ساڵیدا.

**بەهاکان ڕێژەیین، یان ڕەهان؟**

یەکێک لەو پرسیارانەی دیکە کە هەمیشە جێی گفتوگۆ و باسە و مشتومڕی زۆری لەسەر دەکرێت ئەوەیە: ئاخۆ بەهاکان لە مرۆڤدا ڕێژەیین، یان ڕەهان؟ سەبارەت وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەوەیە کە تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاواز دەربارەی ئەم پرسە دەکرێت، کە

بەگشتی لە دوو تێڕوانینی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە: هەندێ کەس پێیان وایە بەهاکان لە مرۆڤدا ڕێژەیین نەک ڕەها، بەو واتایەی بەگشتی مرۆڤەکان، سەرچاوەی بەهاکان لە شارەزایی و موومارەسەکردنەوە وەری دەگرن. ئەمە ڕای زۆرێک لە نووسەر و فەیلەسووفەکان بووە وەک: ولیام جیمس، دیوی و کانت. هەندێکی تر پێچەوانەی ئەم تێڕوانینەیان هەبووە، کە پێیان وا بووە بەهاکان لە مرۆڤدا ڕەهان واتە جێگیرن؛ لەبەر ئەوەی لە جیهانی نموونەیی (مثالی)دا بەهای ڕاستەقینەن؛ ئەمە ڕای کەسانێکن کە «مثالین» لە بیرکردنەوەیان بۆ ژیان.

### جۆری بەهاکان:

بەهاکان زۆر جۆریان هەیە. وێڕای ئەوەی تێڕوانینی جیاوازیش سەبارەت بە جۆری بەهاکان هەن کە هەندێکیان تەنیا لە ڕووی «ڕۆحی» و «ماددی»دا دەیبیننەوە، هەندێکی تر لە ڕووی «ئاکاری»، «عەقڵی» و «جوانی»دا کۆی دەکەنەوە؛ بەڵام هەندێکی دیکە بەپێی کەسەکان جیایان دەکەنەوە، بەو واتایەی جۆری بەهاکان لەمانەدا دەبینێتەوە، لەوانە جۆری: سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی، ئایینی، تەکنیکی، کۆمەڵایەتی، کەسێتی، عەقڵی، جوانی و تیۆری.

### بەها کۆمەڵایەتییەکان لە چیدا خۆیان دەبیننەوە:

کاتێک باس لە بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکەین لە ژیانی مرۆڤدا، لە چەندین چەمکی جیاوازدا خۆیان دەبیننەوە کە هەر

یەک لەو بەهایانە؛ بە شێوەیەک کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ژیانی مرۆڤەکاندا، کە بریتین لە: ڕێزگرتن لەوی دی، خۆشەویستی، دادپەروەری، قبوولکردنی جیاوازییەکان، بەرپرسیارێتی، دیالۆگ، گوێگرتن، هاوکاری، کاری بەکۆمەڵ، لێبووردەیی، ڕاستگۆیی و ئاشتی.

**بەهاکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا چەند بوونیان هەیە؟**

لە ڕوانگەی جۆر و شێواز و تێگەیشتن لەو چەمکانەی لە بەها کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، واقعی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە کارکردن بە بەهاکان، ڕەنگدانەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکانە و، لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ژیانی مرۆڤەکاندا لە سەرجەم بوار و ئاستەکاندا لە دۆخێکی لاواز و کەمیی تێگەیشتن و کارپێکردندا خۆی دەبینێتەوە کە بێ گومان هۆکاری ئەوەیش زۆر و فرەلایەنە، لەوانە:

- نەبوونی پلانی ستراتیژیی نیشتمانی بۆ بەهاکان لە ئاست حوکمڕانیدا.

- ڕوودانی جەنگە یەک لە دوای یەکەکان و، بوونی ئابڵووقەی ئابووری لە کوردستاندا.

- ململانێ و ناتەبایی حزبە سیاسییەکان لە کوردستان.

- نەبوونی لێپرسینەوە و بەدواداچوون.

- لاوازیی ئینتما لای هاووڵاتیان.

- لاوازیی سیستەمێکی پەروەردەیی کە یارمەتیدەر بێت بۆ بونیادی کەسێتیی تاک لە سەرجەم قۆناغەکانی

خوێندندا؛ هەر لە باخچەی ساوایان و دایەنگەکان تا ئاستی زانکۆکان و ئاستە باڵاکانی تری خوێندن.

ئەزموونی هەموو وڵاتانی جیهان ئەوەیان سەلماندووە کە هەر وڵاتێک گەر لەسەر بنەمای بەهاکان فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی دامەزراندبێت و، تاکەکانی کۆمەڵگەی پێ پەروەردە کردبێت، ئەوا دەرەنجام بەردەوام وڵاتێکی گەشەکردوو بووە؛ بۆ نموونە وڵاتی مالیزیا، بە هۆی بوونی پلانێکی ستراتیژیی نیشتمانی بۆ بەهاکان و کارکردنیان بە ئامرازەکانی دروستکردنی بەهاکان لە کۆمەڵگەدا، ڕەفتاری تاک و کۆمەڵی مالیزی گەشەکردنێکی تەواوی بەخۆوە بینی، بۆ نموونە:

گەشەکردنی بەرزبوونەوەی دەرامەتی تاک و نەتەوەیی لە مالیزیا لە ساڵی 1980 لە 600 ڕنجت، بۆ 10.000 ڕنجت لە ساڵی 2001؛ هەروەها بەرزبوونەوەی نێردراوەکان لە مالیزیا کەمتر لە 5 ملیار دۆلار لە ساڵی 1980، بۆ 95.2 ملیار دۆلار لە ساڵی 2002.

## هۆکارەکانی لاوازیی بەهاکان لای مرۆڤەکان:

زۆرن ئەو هۆکار و فاکتەرانەی لە کۆمەڵگەدا کاریگەرییان لەسەر تاک دەبێت، کە دەرەنجام لاوازیی بەهاکانی لای مرۆڤەکان لێ دەکەوێتەوە کە گرنگترینیان خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە لەوانە: نەبوون، یان لاوازیی بوونی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان کەسەکە و هەر بیروباوەڕێکدا کە باوەڕی پێی هەبێت و کاری پێ بکات، کە دواجار پێوار

(نائامادەیی)ی ئەوە، هەستی ونبوون و نابەرپرسیارێتی بە مرۆڤەکان دەدات. هەروەها دانانی کەسێک بە پێشەنگ و ڕابەر لە لایەن کەسانێکەوە؛ بە شێوەیەک کە دواتر بە هۆی لاساییکردنەوەیانەوە، کاریگەریی خراپ دەخاتە سەر داهاتووی مرۆڤەکان.

جگە لەوەی هەژاری و پێویستی، لایەنێکی ترە لە هۆکارەکان و، لە هەمان کاتدا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دزین و ڕووداوە ناسروشتی و نائاساییەکان، بەدەر لە نەبوونی پەروەردەیەکی ڕاست و دروست لە لایەن دایکان و باوکانەوە و، بەکارهێنانی توندڕەوی لە بەرامبەر منداڵان و، لێدانیان بە شێوەیەکی توند، یان بەپێچەوانەوە پێدانی نازێکی زۆر بە منداڵان لایەنێکی تری هۆکارەکانە.

ڕۆڵنەبینینی خوێندنگە و دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پەروەردەکردنی نەوەکاندا، بە مەبەستی فێرکردنیان بە بیروباوەڕە ڕاست و بەهاکان، هەروەها نەبوونی توانا و لێهاتوویی فێرکاران لە ڕووی ئاکارییەوە، هەروەها هاوەڵی و هاوڕێیەتیی هاوڕێی خراپ، بینینی فیلمی سێکسی بە مەبەستی وروژاندن، نەک هۆشیاریی سێکسی، کارنەکردنی حکوومەت بە ڕۆڵبینینی خۆی لە بەرامبەر گەلدا، بەکارهێنانی ستەم و زۆرداری و کارنەکردن بە مافەکان، بوونی کێشە خێزانی و سیاسییەکان، نەزانین و لاوازیی فێربوون و تێکەڵبوون و بەرزبوونەوەی نرخ و ... هەر یەکەیان بە ڕاددە و شێوازی جۆربەجۆر، کاریگەرییان لەسەر لاوازی، یان نەبوونی بەهاکان لای مرۆڤەکان دەبێت.

بۆیە لە ڕوانگەی پێناسە و باسەکانەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت، لەوانە بەها و ڕەفتار دوو وشەی تەواوکەر و پێکەوەگرێدراون، وەک ئەوەی دووڕووی دراوێک بن؛ بە شێوەیەک بەهاکان لە مرۆڤدا دەبنە بناغە و سەرچاوەی ڕەفتارەکان کە دواجار لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا ڕەنگدانەوی دەبێت و، دەبێتە شێوازی ژیانیان.

بە دیوێکی تردا ناوەڕۆکی پێناسەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە لە دەرەنجامدا چەمکێکی نوێ دێتە کایەوە کە بریتییە لە باشترێکی نارەها؛ بەو واتایەی لە نێوەندی بەهاکاندا هەمیشە شتێک هەیە لە ڕووی بەکارهێنانەوە باشترە لەوی تر، بۆ نموونە: بەکارهێنانی وشەی «خۆشەویستی»، باشترە لە «ڕق و کینە»؛ «ئازادی»، باشترە لە «کۆیلایەتی»؛ «ڕاستگۆیی»، باشترە لە «دووڕوویی»؛ «ئاشتی»، باشترە لە «جەنگ»؛ «بەهێزی»، باشترە لە «لاوازی» و، «ململانێ»، باشترە لە «تەسلیمبوون»؛ بە شێوەیەک لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، بەهاکان کۆمەڵە پێوەرێک پێک دەهێنن کە ئاڕاستەی ڕەفتاری مرۆڤەکان دەکەن بەرەو بڕیاردان.

### چی بکرێت بۆ بەهێزکردنی بەهاکان لە مرۆڤدا؟

قەیرانی بەهاکان لە کۆمەڵگە، یان وڵاتێکدا، تەنیا بریتی نییە لە قەیرانی تاک، یان کۆمەڵگە؛ بەڵکوو بریتییە لە قەیرانی بونیادنان، یان ڕێگەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە ناوەندیدا هەڵگری سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و

سیاسیی دژبەیەکترن. بۆیە، چارەسەرکردنی بە مەبەست و ئامانجی چاندن و بەهێزکردنی بەهاکان لە ژیانی کۆمەڵگەدا پێویستیی بە هاوکاری و بەشداریی هەمووان هەیە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگەدا. لەو ڕوانگەیەوە، کارکردن بەم هەنگاوانە کاریگەری و گرنگیی خۆی هەیە، لەوانە:

خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانین و ڕۆشنبیری، باشترکردنی پەروەردەی منداڵ و لەدایکبوونی لە ژینگەیەکی خۆش و ئارامدا، بەدواداچوونی منداڵ و هاوڕێکانیان بەتایبەت لە قۆناغی هەرزەکاریدا و ئاڕاستەکردنیان بە شێوەیەکی باش و ئامۆژگاریکردنیان و بەکارنەهێنانی توندوتیژی دەرهەقیان، بەشداریکردنی خەڵک لە بۆنە و ڕۆژە گشتییەکانی وەک هەفتەی هاتوچۆ، ڕۆژی مامۆستا و ڕۆژی دایک و هتد.

بوونی دید و ئامانج و مەبەستی دیاریکراو لە لایەن هەموو تاکەکانەوە گرنگێتی خۆی هەیە کە پێویستە کات و هەوڵی بەردەوامی بۆ بدرێت، هەروەها کارکردنی ڕاگەیاندن لە شێوەی ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی و هاوکاریکردنی هاووڵاتیان لە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵدا، لەڕێی بەرنامەی هۆشیاریی و بانگەشەکردنەوە یان نیشاندانی فیلمی ئامانجدار و کێبڕکێ و پرۆژەی جیاواز کە هانی تاکەکان دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتارەکانیان، بەدەر لە گرنگیی کارکردن تایبەت بە چاکردن و باشترکردنی بەرنامەی خوێندنگەیی و ڕێگەکانی خوێندن؛ بە شێوەیەک کە

خۆشەویست بێت لای منداڵان و پاڵنەریان بێت بۆ داواکردن و بەردەوامبوون لە خوێندن، جگە لە تەرکیزخستنەسەر بەهێزکردنی بیروباوەر و ئاکاری باش لە نەوەکاندا زیاتر لە نمرەکانیان، یان بڕوانامەی خوێندنیان، لە لایەکی دیکە هاوکاریکردنی ئەوانەی پێویستیان پێیەتی، بڵاوکردنەوەی داد و کارکردنی دادگاکان لەسەر ڕۆڵبینینیان، هەروەها کارکردنی حکوومەت سەبارەت ئەرکەکانیان لە بەرامبەر گەل بە شێوەیەکی باش و، پاراستنی سامانیان و دابینکردنی ژیانێکی باش بۆ هەر تاکێک. هەموو ئەوانە یارمەتیدەر و هاندەرن بۆ چەسپاندنی بنەما و بیروباوەڕەکانی بەهاکان لە مرۆڤەکاندا.

بۆیە کارکردن بۆ چارەسەری هەر یەک لەو هۆکارانەی پێشتر باسی لێوە کرا، سەرچاوەی سەرەکین بۆ چاندنی تۆوی بەهاکان لە مرۆڤدا؛ جگە لەوەی هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سیستەمێکی تۆکمە لە بواری پەروەردەییدا کاریگەریی گرنگی هەیە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە تا قۆناغ بە قۆناغی ژیانی مرۆڤەکاندا، چونکە دواجار سیستەمی پەروەردەیی، ڕۆڵی جیاوازی هەیە تا بتوانێت ئازادانە پەروەردەی تاکەکان بکات تا هاووڵاتییەکی پەیوەست بن بە بەهاکانەوە لە ڕووی تیۆری و کردەییەوە و، ببێتە شێوازی ژیانیان و، لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت. ئەمە، وێڕای ئەوەی دەتوانێت تاکێکی ئازاد دروست بکات کە ئیرادەگەرییانە خودی خۆی لە

هەموو ئەو شتە چارەنووسسازە گرنگانەی پەیوەندییان بە ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەوە دەبێت بڕیاردەر بێت؛ کە بێ گومان هەستکردن بە پەروەردەکردن و تێگەیشتن لە ئازادییەکان ڕاکێشی چەمکێکی تری فێربوون دەکات کە چەمکی لێپرسراوێتییە کە دەرەنجام دوو چەمکی تەواوکەر و گرێدراوی یەکترن؛ لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنەوە کە مرۆڤەکان پێویستە پیادەی ئازادیی خۆیان بکەن، بەڵام بەو باوەڕەی کە هەموو مرۆڤێک ئازادییەکەی لەو شوێنەدا تەواو دەبێت کە ئازادیی ئەوی تر دەست پێ دەکات. بۆیە تێگەیشتن لە ئازادیی مرۆڤەکان و کارکردن پێی، بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە لە ژیانی مرۆڤدا، تا بتوانێت بەرپرس بێت لە هەموو ئەو شتانەی لە ژیانیدا بۆ بڕیاردان پێویستن.

بۆیە بەگشتی بوونی بەهاکان لە ژیانی هەموو مرۆڤ و کۆمەڵگەیەکدا، پێویستییەکی حەتمی و واقعییە کە لە گشت بوارەکاندا گرنگ و تەواوکەری یەکترن بە ئامانجی گەشەکردنی کۆمەڵگە؛ سەرەڕای تایبەتمەندێتی و گرنگیی بەها کۆمەڵایەتییەکان کە دەتوانرێت بگوترێت سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتین بۆ گەشەکردنی بەهاکانی تر لە سەرجەم بوارەکانی دیکەدا. بێ گومان ئەوەیش هەنگاو و پلان و کارکردنی هەمەلایەنەی پێویستە؛ هەر یەک بەپێی توانا و نێوەند و دەسەڵاتی کارکردنیان.

**سەرچاوەکان:**


- أهمية القيم في حياة المجتمعات، د. عفراء بنت حشر بن مانع آل مكتوم
- ما هي القيم، طلال مشعل

# ڕۆڵی سەرکردە
# لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا

سەرکردایەتیکردنی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، فرەبوارە؛ بۆیە بوارەکانی سەرکردایەتی جۆراوجۆرن و، هاوکات سەرکردەکانیش لە بواری جیاجیادا هەڵکەوتوو و دەرکەوتوو دەبن. چونکە زۆر کەس پێیان وایە کاتێک باس لە سەرکردە و سەرکردایەتی دەکرێت، مەبەست لێی، تەنیا سەرکردەی سیاسییە، یان لایەنی سیاسی دەگرێتە خۆ، لە کاتێکدا دەشێت سەرکردەکان لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، یاسایی و... دا هەبن و ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە بگێڕن.

سەرکردایەتیکردن، یان سەرکردە لە هەر بوارێکدا بێت، یەکێکە لەو کەسایەتییانەی هەموو مرۆڤەکان ئارەزووی دەکەن و خەونی پێوە دەبینن؛ وێڕای ئەوەی لە هێز و توانای هەموو کەسێکدا نییە، کە ببێت بە سەرکردە، چونکە سەرکردە پێویستیی بە جۆرێک ئامادەکردن و شیاندن هەیە لە ڕووی زانستی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها لە سەرکردایەتیدا، سەرکردە ئاراستە و سەرکردایەتیی زۆرێک لە کەسانی تر دەکات و بە ڕاوێژکردن لەگەڵیاندا لە بری ئەوانیش بڕیارەکان وەردەگرێت، یان یەکلاییان دەکاتەوە. بۆیە سەرکردایەتی، بە خەسڵەتە هەستیارەکان دادەنرێت؛ لەبەر ئەوەی پابەندبوون و هۆگربوونی کەسەکان لە ئەستۆ و لە دەستی کەسێکدایە و، بەرپرس دەبێت لە دیاریکردنی

چارەنووسیان، لە وەرگرتنی بڕیارەکانیان و فەرمانپێدانیان لەسەر ئاستی کەسایەتی بێت، یان لە بواری کاردا. گرنگیی سەرکردایەتی بریتییە لە ئەڵقەی بەیەکگەیشتن لە نێوان چینی کارکردوو و ئامانج و پلانی دامەزراوەکە و دیدگەی داهاتوودا.

سەرکردایەتی، یارمەتیدەر دەبێت لە نزیککردنەوەی توانای کارکردووان لە بەدیهێنان و دەستکەوتنی ئامانجەکاندا و، زاڵ دەبێت بەسەر ڕێگری و بەربەستەکانیدا و، لە بەرامبەر بەدیهێنانی ئامانجەکاندا دەوەستێت. هەروەها کار دەکات لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری ڕیشەیی و بنەڕەتی بۆیان و، یارمەتیدەر دەبێت لەسەر ڕاهێنان و پەرەپێدان و گەشەکردن بە تاک و ئەوانەی بەڕێوەیان دەبات، بۆ هاندانی توانا و کارامەیییەکانی تاکەکان لە ڕووی مرۆیی و کردەیییەوە.

سەرکردایەتی: توانای مرۆڤێکە بۆ باوەڕپێکردنی کەسانی دیکە و ڕۆڵگێڕانی وەک نوێنەر، بە شێوەیەک، کە ڕۆڵگێڕان و باوەڕپێکردنەکانی بۆ ئەوانی دیکە، لە ڕێی هەوڵدان و گەیشتنییەوە دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو؛ جگە لەوەی هونەرێکە، لە ڕێگەیەوە کاریگەری دەخرێتە سەر تاک و کۆمەڵگە، بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوە و ئامادەکردنیان بۆ خزمەتکردنی گشتی و گەشەپێدانی وڵاتەکەیان.

**خەسڵەتەکانی مرۆڤی سەرکردە: گرنگترین خەسڵەتەکانی سەرکردە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:**

1. وەرگرتنی بڕیار: توانای بڕیاردانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گونجاو و لە کاتی پێویستدا، بۆ کەسی سەرکردە

گرنگە. مرۆڤ لە ژیانیدا خۆی لە بەردەم زۆر هەڵبژاردەدا دەبینێتەوە، بۆیە کەسی سەرکردە بەوە لە کەسانی دیکە جیا دەکرێتەوە، کە بزانێت چۆن دەتوانێت بڕیاری گونجاو بدات، بۆ خۆی و ئەو کۆمەڵگەیەی بەڕێوەی دەبات. بۆیە سەرکردایەتیکردن، بریتییە لە هونەری وەرگرتنی بڕیار، وێڕای ئەوەی سەرکردە ڕووداو دروست دەکات، نەک چاوەڕوانی ڕوودانی ڕووداو بێت.

2. پلان: دانانی پلانی باش بۆ کار و چالاکی و بابەتەکان، یەکێکی ترە لە خەسڵەتەکانی سەرکردە، کە پێویستە هەمیشە بەرنامەڕێژیی بۆی هەبێت و توانای ئەڵتەرناتیڤی بەردەوامی چالاکانەی هەبێت بۆ دانان و ڕێکخستن و گۆڕینی پلانی تۆکمە و باش. توێژینەوەکان لە ئاست جیهاندا ئەوە دەردەخەن، کە سەرکردە 80%ی کاتەکانی لە پلاندا بەسەر دەبات، لە کاتێکدا 20%ی کاتەکانی لە جێبەجێکردندا سەرف دەکات و هیچ شتێکیش بۆ ڕێکەوت بەجێ ناهێڵێت.

3. ڕێکخستنی باش: سەرکردە لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێکوپێکدا کار دەکات و بە کەسێکی ڕێکخەر ناسراوە؛ هەر لە دەستپێکی کات و ئامانج و ئەولەوییاتییەوە تا ڕێکخستنی کتێبخانەکەی. هەروەها پابەند دەبێت بەو پلانانەی دایاندەنێت و، باوەڕی بەوەیە کە گەیشتن بە ئامانج پێویستی بە توانا و کات هەیە و، دەبێ بێ دوودڵی و ڕەشبینی و تەسلیمبوون، پابەند بێت بەو پلانانەی دایناون و کاریان لەسەر بکات.

4. هەستی بەرپرسیارانە: کەسی سەرکردە بە بەراورد بە مرۆڤەکانی دیکە، هەستێکی بەرپرسیارانەی گەورەی هەیە.

به شێوەیەکی گشتی بەرپرسیارێتیی بڕیارەکانی هەرچییەک بێت لە ئەستۆی دەگرێت و، هەوڵ دەدات گرووپی کارەکەی نەخاتە کێشە و تەنگوچەڵەمەیەکەوە کە دەرچـوون لێی ئەستەم و قورس بێت.

5. متمانەبوون بـە خـۆ: مرۆڤـی سـەرکـردە هەمیشە متمانەی زۆری بە خـۆی هەیە و، بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی خاوەن کەسایەتیی سەرکردەن، باوەڕیان بە توانا و متمانەیان بە هەڵبژاردە و بڕیارەکانیان هەیە و، لە چوونە ناو سەرکێشییەکانەوە ناترسن؛ بە شێوەیەک زۆر جار پێشوەخت پێشبینیی دەرەنجامەکان دەکەن. متمانەی سەرکردە لە توانا و بیروباوەڕەکانیدایە، کە هێزی پێ دەبەخشێت تا بتوانێت بەسەر کێشە و گرفت و هەڵوێستەکانیدا زاڵ بێت، کە لە کاتی پێویستدا وەریان دەگرێت.

6. ئاستی ڕۆشنبیری: یەکێک لە جیاکەرەوەکانی کەسایەتیی سـەرکـردە لەوانی دیکە، بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیرییەتی. هەروەها سەرلێدەرکردن و زانین و شارەزاییەتی سەبارەت بە کـاروبـارە جیاوازەکانی ژیـان. بۆیە دەبینین زۆربـەی کەسایەتییە سەرکردەکانی جیهان ژن بن، یان پیاو، خاوەنی ئاستێکی ڕۆشنبیریی تایبەت و بەرزن.

7. خەسڵەتی گشتی: زۆرن ئەو خەسڵەتانەی پێویستە لە کەسی سەرکردەدا هەبن، لەوانە: بەردەوامی و کارامەیی لە پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، زانینی بـەوەی چۆن قسە بکات و چۆن پەیامەکەی بنێرێت، جگە لەوەی گوێگرێکی باشە و حەز بە دیالۆگ دەکات؛ دەزانێت

چۆن و کەی وەکالەتی گشتی بەکار بهێنێت و ئەرک دابەش بکات بەسەر ئەو کەسانەدا کە دەتوانن بەجێی بێنن.

سەرکردە، ئەوە دەبینێت کە کەسانی تر نایبینن. ڕەخنە پەسەند دەکات و هەستی متمانە و پەرۆشی و هاندان لە کەسانی دیکەدا دروست دەکات. جگە لەوەی یەکێک لە خەسڵەتە بەهێزەکانی سەرکردەی سەرکەوتوو، ئەوەیە کە نابێ دەستکەوتەکانی لەسەر حیسابی لەدەستدانی بیروباوەڕ و بەها و باوەڕەکانی بێت، بەڵکوو پاراستنی ئەو بنەما سەرەکییانەیە کە دەبێتە هۆی هەستکردنی ئەوی دی بەئاسوودەیی و متمانە و ئارامی و باوەڕبوون؛ بەدەر لەوەی خەسڵەتی زیرەکی، بە شێوەیەک کە یارمەتیدەری بێت لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە جیاواز و هەڵوێستە قورسەکاندا، خەسڵەتێکی تری گرنگە کە پێویستە لە کەسایەتیی سەرکردەدا هەبێت.

### سەرکردایەتی، خەسڵەتێکی وەرگیراوە یان بۆماوەیی؟

بەگشتی سەرکردەبوون لە مرۆڤدا خەسڵەتێکی بۆماوەیی نییە، کە لەگەڵ لەدایکبوونیدا تێیدا بێت، بەڵکوو زیاتر خەسڵەتێکی وەرگیراوە و بەپێی کات، ئەزموون و شارەزاییەکانی لە ژیانیدا وەری دەگرێت، کە بەگشتی مرۆڤەکان دەتوانن لە پێناو بەدەستهێنانیدا گەشە بە خۆیان بدەن. توێژینەوەکان لە جیهاندا سەلماندوویانە کەمتر لە 2%ی مرۆڤەکان، وەک سەرکردە لەدایک دەبن و، لە 2% کەمتریان بۆ سەرکردایەتیکردن ناشێن؛ بۆیە پێویستیان بە مەشقکردن و ڕاهێنان و سازدانی خولە و، 97%ی

ئەو کەسانە ئامادەییان هەیە کە سەرکردایەتیکردن بکەن و، 96% ی، دەتوانن و ئامادەییی ئەوەیان تێدایە کە لە ڕێگەی مەشقکردن و ڕاهێنان و سازدانی خولەوە، ببن بە سەرکردە. بەگشتی چەندین خەسڵەت هەن، کە گرنگە لە کەسی سەرکردەدا هەبن، لەوانە:

1. خۆشەویستی: پێویستە کەسی سەرکردە لەنێو خەڵکدا خۆشەویست بێت و، لەگەڵیاندا ڕێز و خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ بکات، چونکە هەستی ڕێز و خۆشەویستییە کە وا لە مرۆڤ دەکات، نزیک بێت لە خەڵکەوە و هەستیان پێ بکات و پێویستییەکانیان بزانێت. بە واتایەکی دیکە، گرنگە سەرکردە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بێت.

2. خوێندنەوە: خوێندنەوە و بەدواداچوونی بەردەوام، وا لە مرۆڤ دەکات لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە کراوە بێت و هاوکات تێڕوانینی بۆ مەسەلەکان فراوانتر بێت، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ وەرگرتنی بڕیاری دروست و، دڵنیا دەبێت لەوەی مەودای بڕیارەکەی تا کوێیە.

3. توانای قەناعەتپێهێنان: توانای قەناعەتپێهێنان بە کەسانی تر لە سەرکردەدا، یەکێکە لە خەسڵەتە پێویستەکان، کە دەبێ بتوانێت بەو بڕیار و فەرمانانەی دەیدات و بەو هۆکارانەی کە خۆی بیری لێ کردوونەتەوە، لە کاتی پێویست و یەکلابوونەوەی مەسەلەکاندا قەناعەت بە کەسانی دیکە بهێنێت.

4. پشتبەستن بە خۆ: پشتنەبەستن بە کەسانی دیکە، بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ کەسی سەرکردە گرنگە. دەبێ مرۆڤ پشت بە خۆی ببەستێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە ئەو پلانەی دایناوە و ئەوەی خوازیارییەتی، وەک ئەوە دەڕوات و جێبەجێ دەبێت کە خۆی ویستوویەتی و، وا لە کەسانی دیکە بکات متمانەی پێ بکەن و پشتی پێ ببەستن.

5. کاری جددی: دەبێت کەسی سەرکردە بۆ کارەکانی بەپەرۆش بێت و، ببێتە نموونە بۆ ئەنجامدانی کاری جددی و ئامانجدار و بەدەستکەوت و بەرهەمدار و، ببێتە کەسێکی دەستەبژێر و نوێنەر بۆ دەوروبەری؛ بۆ ئەوەی دەوروبەرەکەی پشت بە تواناکانی ببەستن و متمانەی پێ بکەن و، بتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. چونکە کارکردنی جددی، وا لە کەسانی دەوروبەریشی دەکات، وەک خۆی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکاندا تێ بکۆشن.

6. پەیوەندیی بەردەوام: کەسی سەرکردە، دەبێ بەبەردەوامی پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی لەگەڵ ئەوانی تردا هەبێت، هەروەها ڕاوێژ بکات بەوانەی کە سەرکردایەتییان دەکات، یان ئەوانەی کارەکانی هەڵدەسەنگێنن، چونکە بەیەکگەیشتن، بەردەوامی و پشتگیری بە پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ ئەوانی تردا؛ کە ئەمە خەسڵەتێکی بنەڕەتی و سەرەکییە.

**ڕۆڵەکانی سەرکردە:**

ڕۆڵەکانی سەرکردە جۆراوجۆرن، لەوانە:

1. مامۆستا: سەرکردە ڕۆڵی مامۆستا دەبینێت، لەو ڕوانگەیەوە کە دەبێتە سەرچاوەی فێربوون بۆ ئەوانی دیکە. بۆیە ئەوانی تر بە مەبەستی فێربوون و بەرزکردنەوەی توانا و کارامەییە وەزیفییەکانیان، پشتی پێ دەبەستن و لێوەی فێر دەبن. هەروەها دەبێ ببێت بە نوێنەر بۆیان، بۆ ئەوەی ڕەفتار و بەها گرنگەکانی کارکردنی لێ وەربگرن.

2. ڕاوێژکار: ڕۆڵێکی تری سەرکردە، بوون بە ڕاوێژکارە و، ئەم ڕۆڵە لەسەری فەرز دەکات کە گوێگرێکی باش بێت و بتوانێت کێشە و گرفتەکانی نێوان خۆی و ئەوانی دیکە ڕابگرێت و چارەیان بکات. هەروەها ڕاوێژیان پێشکەش بکات، بە شێوەیەک کە بەپێی توانا لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بەشدار بێت، نەک چارەی هەموو کێشەیەک بکات.

3. دادوەر: سەرکردایەتیکردن ڕۆڵی دادوەری دەخوازێت، بۆیە دەبێ کار لەسەر داد بکات. هەروەها کار لەسەر ئامادەکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی تایبەت بە دامەزراوەکەی بکات و بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، جگە لە کارکردن لەسەر نەهێشتنی ناکۆکییەکان و دۆزینەوەی چارەی ڕیشەیی بۆیان؛ بەدەر لەوەی دەبێ دادپەروەر بێت لە نێوان ئەوانەی سەرکردایەتییان دەکات، لە ڕووی پێدانی پاداشت و دەستکەوت و بەرزکردنەوەی پلە و شوێنیان، بەپێی توانا و لێهاتوویییان، بێ ناسین و لێکدانەوەی خزمایەتی. هاوکات، دەبێ لە کاتی سەرپێچیکردنیاندا

یەکلاکەرەوە بێت؛ بە شێوەیەک کە بتوانێت لە کاتی پێویستدا سزای سەرپێچیکاران بدات.

4. قسەکەر: سەرکردە وەک ئەڵقەیەکی بەیەکگەیشتن وایە کە لە نێوان کەسانی دەوروبەر، کارکردووان و بەڕێوەبردنی بالای دەزگاکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت؛ بە شێوەیەک کە پێشنیارەکانیان دەگوازێتەوە و بە ناوی ئەوانەوە قسەکەر دەبێت بۆ گەیاندنی دید و تێڕوانینەکانیان لە دەزگایەکی دیاریکراودا.

**جۆرەکانی سەرکردایەتی: دەکرێت بە چوار بەشەوە:**

1. سەرکردایەتیی ئۆتوکراتی (دیکتاتۆری): دەسەڵات تەنیا لە سەرکردەدا کۆ دەبێتەوە؛ بە شێوەیەک سەرکردە ئازادە لە وەرگرتنی بڕیار و دانانی پلان و سیاسەتەکانی دەزگاکەیدا، بەبێ گوێدان و گرنگیدان و بەشداریپێکردنی ئەوانی دیکە. دەسەڵاتەکانی لە لایەنێکی فەرمییەوە وەردەگرێت و، بەپێی یاسا و سیستەم، کار لەسەر دەرچوونی فەرمان و ئاراستەکردنەکان دەکات. لەم جۆرەدا، متمانە و توانای وەرگرتنی بڕیاری ڕاست بۆ ئەو کەسانەی کە لە لایەن سەرکردەوە سەرکردایەتی دەکرێن، نامێنێت. بۆیە ئەم جۆرە سەرکردایەتیکردنە، بەوە وەسف دەکرێت کە خۆسەپێنە و کێشەی خەڵک فەرامۆش دەکات.

لە نەنگییەکانی ئەم جۆرە سەرکردەیە، ئەوەیە کە بڕی بەرهەم لە کاتی پێواری سەرکردەدا کەمتر دەبێت و، دەکرێت ئەم جۆرە سەرکردەیە پۆلێن بکرێت بۆ سێ جۆر: سەرکردەی

ئوتوکراتی توندوتیژ و کەڵلەڕەق، سەرکردەی ئوتۆکراتی دەروەست بە جێبەجێکردنی یاساکان و سەرکردەی باش.

2. سەرکردایەتیی دیموکراسی: تەواو پێچەوانەی سەرکردایەتیی ئوتوکراتییە. ئەم جۆرە، پشت بە ڕاددەی پەسەندکردنی دەسەڵاتی سەرکردەی دیموکراسی لە لایەن خەڵکەوە دەبەستێت.

لە ماوەی دەسەڵاتیدا، سەرکردەی دیموکراسی کار لەسەر گەشەکردنی پەیوەندییە مرۆییەکانی دەکات، کە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی ڕێز وەستاوە لە نێوان خۆی و خەڵکدا. هەروەها باوەڕی بە گرنگیی پشتیوانیی کۆمەڵگە و گرووپی کارکردووان هەیە و، لەسەر کارکردن بە گیانی گرووپی، هانیان دەدات. گرنگترین ئەو شێوازانەی کە سەرکردەی دیموکراسی پیادەی دەکات، بەڕێوەبردنی خەڵک، یان بەڕێوەبەرانییەتی و، شایەتیدان و ئاماژەکردنە بە ڕاستییەکان و، گرنگیی بە هەستەکانیان دەدات و بایەخ بە کەرامەتیان دەدات و دەیپارێزێت. هەروەها بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ و ڕێنماییکردنیان بەپەرۆش دەبێت. لە پەرەپێدانی داهێنان و بەدیهێنانی هاوکاری و دەرخستنی تواناکانیان و کۆششکردن بۆ دەستکەوتەکانیاندا ڕۆڵی چالاکی دەبێت.

ئەم جۆرە سەرکردایەتییە، بە سەرکردایەتیی دەستێوەرنەدان، یان ئاسانکاری ناو دەبرێت، کە تێیدا ڕۆڵی سەرکردە لاوەکی دەبێت و، تەنیا ڕۆڵی لەوەدا دەبێت کە خەڵکەکەی لە پلانی ڕەوڕەوەی کار و ئامانجەکانی ئاگادار بکاتەوە و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات و، ئازادیی هەڵسوکەوتیان

بۆ بەجێ دێڵێت، بێ ئەوەی هیچ دەستێوەردانێک لە کارەکانیاندا بکات. لایەنە خراپەکانی ئەم جۆرە سەرکردایەتیکردنە، لە لایەنە باشەکانی کەمترن، لەوانە: ناجێگیری، گشتگیربوونی ڕێنماییەکانی، فەرامۆشکردنی چالاکیی کردەیی، پێکدادانی کارەکان، بەرەڵڵاییی وەزیفی، مشەخۆری لە کاردا، نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان کەس و بەشەکانی دەزگەکەدا.

3. سەرکردایەتیی بەهەڵوێست: ئەم جۆرە سەرکردایەتییە پشت بە دۆخ، یان هەڵوێست دەبەستێت. سەرکردە پشت بە بەکارهێنانی هەڵبژاردنی یەکێک لە شێوازەکانی سەرکردایەتیکردن دەبەستێت، بەپێی ئەو دۆخەی پێیدا تێ دەپەڕێت؛ هەروەها لە ماوەیەکەوە بۆ ئەوی دی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاستی گەشەکردن و پەرەپێدانەکاندا بگونجێت.

4. سەرکردایەتیی ئاڵوگۆڕ: ئەم جۆرە سەرکردایەتییە بە ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆڵەکانیان ناسراوە. دەکرێ سەرکردە، یەکێک بێت لە ئەندامانی گرووپی کار، هەروەک چۆن دەکرێت خەڵک، لە هەندێ هەڵوێستدا ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینن و، ئەم جۆرە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی ئابووری بنیات دەنرێت.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، سەرکردایەتیکردن بەگشتی مۆرکێکی پیاوانەیە و زۆر جار بە کاری پیاوانەیش ناسراوە، لە کاتێکدا زانستەکان ئەوەیان سەلماندووە کە جیاوازیی جێندەری لە سەرکردایەتیکردندا هەر نییە. بۆیە کە باس لە ژنانی سەرکردە دەکرێت، چەندین گفتوگۆ و پرسیاری لێ دەکەوێتەوە، لەوانە: تا چەند ژنان خەسڵەتی سەرکردەیان تێدایە؟ تا چەند ژنانی سەرکردە هەن؟ ئایا خەسڵەتەکانی

ژنان و پیاوانی سەرکردە لە یەکتری جیاوازن؟ قورسایی و ڕێگرییەکانی بەردەم ژنانی سەرکردە لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟ چین ئەو ڕێگەیانەی کە بەگشتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا پیاوان، بۆ دەرنەکەوتنی ژنانی سەرکردە دەیانگرنە بەر؟

بەگشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هۆکارگەلێک لە سەرجەم بوارەکانی یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی، ڕامیاری و کەلتووریدا هەن، کە وایان کردووە بەگشتی بوون و ڕۆڵی ژنانی سەرکردە لە بوارە جیاوازەکاندا کەمتر بێت؛ وێڕای نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی و مەدەنی لە حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا، کە وای کردووە دەرفەتەکان بۆ ژنان دووهێندە قورستر و بەرتەسکتر بن. سەرەڕای ڕێگرییە بابەتی و خۆییەکان، کە بەگشتی پیاوان لە کاتی هەڵوێستەکانیاندا کۆمەڵە تەکنیک و تەکتیکێک بەکار دەهێنن، بە مەبەستی شاردنەوە و دەرنەکەوتنی ژنان وەک سەرکردە، کە گرنگترینیان لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:

1. قۆرغکردنی زانیارییەکان: پیاوان لە کۆبوونەوەیەکی بچووکتردا، بەر لە کۆبوونەوەی فەرمی، هەوڵی تاووتوێکردنی بڕیارەکان دەدەن. پاشان بە شێوەیەکی خێرا لە کۆبوونەوە فەرمییەکەدا هەوڵی چەسپاندنی بڕیارەکان دەدەن، بێ ئەوەی دەرفەتی گفتوگۆ لە بەردەم ژنانی بەشداربوودا بهێڵنەوە؛ ئەوەیش بە پاساوی جۆربەجۆری وەک درێژەنەدان بە کۆبوونەوە.

2. سزادانی دووهێندەی ژنان: بە خستنەڕووی ناهاوسەنگبوون لە لایەن پیاوانەوە لە نێوان کاری ناوماڵ و دەرەوەدا، بەوەی بە ژنان دەڵێن «شوێنی ژنان ناوماڵ و بایەخدانە بە منداڵ»؛ لەو ڕوانگەیەی ژنان چەند بەتوانا و بەهرەدار بن، هەوڵەکانیان گرنگیی پێ نادرێت. بۆیە پیاوان هەمیشە لەو ڕێگەیەوە هەستی سەرنەکەوتن و بێدەسەڵاتی دەخەنە پاڵ ژنان.

3. نیشاندانی ژنان بەوەی کەسانێکن شایەنی گاڵتەپێکردنن و کەسانی «زۆربڵێ»ن. مەبەست لە پیادەکردنی ئەو شێوازەیش لە لایەن پیاوانەوە، پشتگوێخستن و سووکایەتیکردنە بە تواناکانی ژنان؛ ئەوەیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی نوکتەی بێبایەخەوە دەبێت لەسەر حیسابی ژنان.

4. گرانکردنی باری ئەستۆی ژنان بە تاوان و عەیبە: ئەم شێوازە زۆرترین ڕێژەی شپرزەکردن بۆ ژنان دروست دەکات؛ ئەگەرچی ژنان لەو ڕێگەیەوە قوربانیی مامەڵەکردنی ناشرین و نامرۆڤانەن و، لە هەمان کاتدا هەستی بەتاوانکردنیان تێدا دروست دەکات.

5. شاردنەوەی ڕاستییەکان: ڕێگەیەکی بێدەنگە کە پیاوان دەیگرنە بەر لە کاتی بوونی ژنان وەک قسەکەر لە کۆبوونەوە، یان تایبەت بە بابەتێکی دیاریکراو. ئەوەیش لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەبێت، وەک: چپاندن، دروستکردنی دەنگەدەنگ لەناو خۆیاندا، یان هاتنەدەرەوەیان لەو شوێنە بە پاساوی جۆربەجۆر، خۆ گەر ژنە قسەکەرەکەیش چەند بەتوانا بێت، هەوڵی پشتگوێخستنی ڕاستییەکان دەدەن و

پەی بە تواناکانیان نابەن؛ بۆیە لەو کاتانەیشدا بێدەنگبوون، یان گوێنەگرتن، یان دەستێوەرنەدان هەڵدەبژێرن.

لەو ڕوانگانەوە، ژنان بۆ ئەوەی ببنە سەرکردەیەکی سەرکەوتوو، بەدەر لە بوونی خەسڵەتە گشتییەکانی هەر سەرکردەیەک، کە پێویستە بەگشتی هەڵگری بێت، گرنگە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز بن، خۆڕاگر بن، باوەڕیان بە توانا و بەردەوامییان هەبێت، بوێر بن، کۆڵ نەدەن و، لە پێناوی ئامانجەکانیاندا ئامادەی قوربانییەکان بن؛ لەو ڕوانگەیەی ململانێ و کێبڕکێ و ڕێگرییەکانیان زیاترە لە پیاوان. لەوەیش گرنگتر، تەقلیدنەکردنەوەی پیاوان و لەدەستنەدانی خەسڵەتە مێیینەکانیانە وەک ژن. ئەوە خاڵێکی گرنگی سەلماندنی خۆیانە، کە بەداخەوە هەندێ جار بە هۆی هۆکارگەلێکەوە هەمان بیرکردنەوە و مامەڵەی پیاوان دەکەن؛ لەو ڕوانگەیەی پێیان وایە ئەو شێوازە، تەنیا ڕێگەیە بۆ سەربەخۆبوون و فەراهەمکردنی ئازادییەکانیان.

# قەیرانی دارایی
# هۆکار و کاردانەوەکانی

بە درێژاییی قۆناغەکانی مێژووی وڵاتـان لە جیهاندا، دیاردەی  قەیرانی دارایی لە هەر وڵاتێکدا یەکێکە لەو دیاردە، یان کێشانەی کە ئەگەری ڕوودانی لە هەر کۆمەڵێکدا بە هۆکاری جیاجیا بوونی هەیە و سـەر هـەڵدەدات. ئەگەرچی بوونی قەیرانی دارایی، دەرەنجامی کۆمەڵێ فاکتەری جۆربەجۆرە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوودانـی ئەو کێشەیە دەرەنجامە و، هەڵقووڵاو و گرێدراوی کۆمەڵێ هۆکاری جیاوازە، کە بێ گومان  لە ئەنجامدا لەسەر ئاستی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵ بەگشتی و تاکەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی کاردانەوە و ئاسەوار و کاریگەریی خراپ و مەترسیداری جیاواز و زۆر، لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێ و، دواتریش ڕەنگدانەوە و ئاسەواری زیاتر و تایبەتتری بۆ دۆخی ژنان لێ دەکەوێتەوە.

گرفت، یـان مەترسییەکەی، تەنیا کاریگەریی لەسەر چەقبەستوویی ساتەوەختی دۆخ و قۆناغی دروستبوونەکە نابێت، بەڵکوو  کاردانەوە و کاریگەریی لەسەر بارودۆخی ئێستا و ڕابـردوو و داهـاتوویش دەبـێت. بـە واتایەکی دیکە، لە دەرەنجامدا هەموو گەشەکردن و پەرەپێدان و دەستکەوتەکانی کە لە ڕابردووی کۆمەڵدا دروست بوون و کاریان بۆ کراوە، دەکەونە ژێر مەترسی و پاشەکشەکردن بـەرەو دواوە، چ لە ڕووی ژێرخانی بـواری ئابووری و سەرجەم بوارەکانی دیکە و، چ لە ڕووی پرۆژەی گەشەپێدان و پەرەپێدانی مرۆییەوە.

بە دیوێکی دیکەدا، مەترسی دەخاتە سەر داهاتووی کۆمەڵ بەگشتی، لەوەی پلانڕێژی و بەرنامەیەکی تۆکمەی هەمەلایەنە پێویستە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ کار لەسەر هەستانەوە و بونیادنانەوە بکرێت. ئەمەیش ئاسان نییە و پێویستیی بە کاتێکی زیاتر و قوربانییەکی جیاوازتر دەبێت؛ کە دواجار هەموو ئەوەیش گرێدراوی ئیرادەیەکی یەکگرتووی تۆکمەیە و، لە لایەن حوکمڕانان و دەسەڵاتدارانەوە هەوڵی جددیی دەوێت.

### چەمکی قەیرانی دارایی:

قەیرانی دارایی، بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە داڕووخانی سیستەمی دارایی، کە پەیوەستە بە سەرنەکەوتنی دامەزراوە دارایی و ناداراییەکان لەگەڵ گرژبوونێکی توند لە کۆی چالاکییە ئابوورییەکان. هەروەها مەبەست لێی، تێکچوونێکی بێشومار و کتوپڕە لە بازاڕی پشکەکاندا، یان لە دراوی هەر دەوڵەتێکدا یاخود لە بازاڕی خانووبەرە، یان کۆمەڵێک لە دامەزراوە داراییەکان کە دواجار بۆ ئابوورییەکانی تر درێژە دەکێشێت و، ئەو جۆری داڕووخانە داراییانە دروست دەبێ کە لە دەرەنجامدا ئاسەوارەکانی بۆ زۆرێک لە بوار و کەرتەکانی تر درێژە دەکێشێت.

### قەیرانی داراییی نێودەوڵەتی، کەی سەری هەڵدا؟

قەیرانی دارایی لە ئاستی جیهاندا، بە شێوەیەکی ئاشکرا کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر لایەنی ئابووریی گشت

وڵاتــان، وێــڕای ئــەوەی لە ڕوویــەکی تــرەوە بــووە هۆی دەرخستنی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان گشت لایەنە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتانە. بۆیە دەرچوون لێی، پێویستیی بە یەکگرتوویی توانا نێودەوڵەتییەکان هەبوو بۆ گێڕانەوەی چاوپێداخشاندنەوە بە سیستەمی دراوی نێودەوڵەتی؛ بـەوەی ئازادیی ئابووری و سیاسیی تـەواوی بە گشت وڵاتان داوە بۆ هەڵبژاردنی گرێدانەوەی دراوەکانیان بە یەک پریاسکەی دراوەکانەوە، کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت. هـەروەهـا بە پێداچوونەوە بە بنەما و ئامرازەکانی کاری سندووقی دراو و بانکی نێودەوڵەتی، بەدەر لە پشتگیریی چاودێریی دارایی لەسەر دامەزراوە داراییەکان لە ڕێی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیی دەستەی چاودێریی سەربەخۆی نێودەوڵەتی، کە باوەڕی بە شەفافییەتی تەواو هەیە و هەوڵی گێڕانەوەی متمانە دەدات لە ڕێی دەستێوەردانی حکوومەت و بانکە ناوەندییەکان، بە مەبەستی گرێنتیکردنی دراو بۆ دەزگە بانکییەکان و کارکردن بۆ بەڕێوەبردنێکی باشتر بۆ دراوی نێودەوڵەتی و وەستانی پشتبەستن بە دراوی دۆلار.

قەیرانی داراییی نێودەوڵەتی، کە دواتر گۆڕا بۆ قەیرانی ئابووری و پاشان بۆ قەیرانی کۆمەڵایەتی، کاری کردە سەر زیادبوون و تەشەنەسەندنی دیاردەی بێکاری؛ کە بوونی ئەو قەیرانە، بۆرسات و مامەڵە دراوییەکانی تێ پەڕاند بۆ ئەوەی بگاتە ئابووریی ڕاستەقینە.

ئاسەوارەکانی ئەو قەیرانە، بەئاشکرا لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا ڕەنگدانەوەی هەبوو. هەروەها کاردانەوەیشی بەسەر ملیۆنان لە فەرمانبەران دەرکەوت کە لە لایەن دامەزراوەکانەوە، بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگی و خۆلادان لە داڕووخان، لە وەزیفەکانیان دەرکران.

لە کۆتاییی ساڵی2008، ڕێژەی بێکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا گەیشتە نزیکەی 9،5% ؛ ئەوەیش ڕێژەیەکی بەرزە کە لە ساڵی 1973ەوە نەهاتۆتە دی.

**هۆکارەکانی قەیرانی دارایی:**

هۆکارەکانی قەیرانی دارایی، کاتێک لە هەر کۆمەڵێکدا ڕوو دەدات، فرەهۆکارە: ڕوودانی جەنگ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، نەبوونی پلان و ستراتیژیی ڕوون و درێژخایەن لە لایەن فەرمانڕەوایانەوە، بەهەدەردانی سامانی سروشتیی وڵات، دابەزینی نرخی دراوەکان، هەڵاوسانی ئابووریی وڵات، نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمەی پەیڕەوکراو، بایەخنەدان بە ژێرخانی ئابووریی وڵات و کۆمەڵ، سوودوەرنەگرتن لە بەرهەمە ناوخۆییەکان و بەروبوومی سەرجەم سەکتەرە ئابووری، کشتوکاڵی، پیشەسازی و گەشتیارییەکان لە هەر کۆمەڵێکدا و هتد.

هەموو ئەوانە پێکەوە، یان هەر یەک لەوانە به تاک و بەڕێژەی جیاواز، دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە هەر وڵاتێکدا، کە دەرەنجام گۆڕانکاریی ڕیشەیی و جیاواز لە کۆمەڵدا دەخوڵقێنێت.

**ئاسەوارەکانی قەیرانی ئابووری:**

بە شێوەیەکی گشتی کاردانەوە و ئاسەوارەکانی هەموو قەیرانێک لە کۆمەڵدا، لایەنی خراپ و مەترسیداری زۆری لەسەر ئاستی کۆمەڵ و تاکەکان بەگشتی هەیە، لەوانە: پەکخستنی پرۆسەی دیموکراسی، دواکەوتنی گەشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، ئابووری، تەندروستی، دەروونی، نزمیی نرخی دراوەکان، لاوازی ئاستی گەشەکردن و پەرەپێدانی مرۆیی، دواکەوتوویی کۆمەڵ و سەرجەم هاووڵاتیان، سەرهەڵدانی بێکاری، زیادبوونی نەخوێندەواری، دابەزینی ئاستی هۆشمەندیی هاووڵاتیان، تێکشکانی باری ئابووریی وڵاتانی جیهان بەگشتی، زیادبوونی دیاردەی کۆچکردن، تێکچوونی دۆخی خێزانی، سەرهەڵدانی دیاردەی دزین، کەمکردنەوەی جموجوڵی بازاڕ و کڕین و فرۆشتن، وەستان یان لاوازبوونی کاری بانکەکان، کەمبوونەوەی وەبەرهێنان، لاوازیی ئەمن و ئاسایش، داخستن بە ڕووی هاتوچۆ و گەشتکردنی وڵاتان و پێشکەوتنە نێودەوڵەتییەکان، کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئالوودەبوون بە جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان و خواردنەوەی مەی، کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، زیادبوونی جۆرەکانی توندوتیژی و ڕەفتاری توندڕەوانە، زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تەڵاق و جیابوونەوە، بچووککردنەوەی خێزانەکان، زیادبوونی کێشە دەروونی و تەندروستییەکان و، چەندین دیاردەی

نەشیاو و نەهەمواری تر، کە هێمایە بۆ چەقبەستوویی دۆخەکە لە هەموو بوارێکەوە و هتد.

بوونی هەموو ئەو ئاسەوارانە، ئەگەرچی لە دەرەنجامدا هەموو هاووڵاتیان لە پیاوان، ژنان، منداڵان و گەنجان و پیران و... و مێژووی ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیە، بە هۆیەوە زەرەر و زیانی زۆریـان بـەردەکـەوێت و هـەر یـەک بە شـێوەیـەک دوچـاری گرفت و نەخۆشیی جەستەیی و دەروونـی دەبێتەوە، بـەڵام بەگشتی ئەگەر پیاوان باجی گـەورە و زۆری قەیرانە ئابوورییەکانیان بەرکەوێت، ژنان دووهێندەی پیاوان پشکی مەترسی و زیانەکانیان بەردەکەوێت؛ لە لایەک وەک مرۆڤ و لە لایەکی تر تەنیا لەبەر ئەوەی ڕەگەزی مێن.

**ئاسەوارەکانی قەیرانی دارایی لەسەر ژنان:**

زۆرن ئەو ئاسەوارانەی بۆ ژنان جیاوازتر دەکەونەوە، ئەو کاتەی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی دەبێتەوە. گرنگترینی ئەو ئاسەوارانە لە چەند بوارێکەوە دەخەمە ڕوو، کە بریتین لەم بوارانەی خوارەوە:

– لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: زۆربوونی تـەڵاق و جیابوونەوە، زیادبوونی دیـاردەی لەشفرۆشی، تەشەنەسەندنی جـۆرەکـانـی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی، زیادبوونی دەستدرێژیی سێکسی، بازرگانیکردن بە ژنانەوە، سنووردارکردنی منداڵبوون یان وەچەخستنەوە،

بێبەشکردنی ژنان لە خوێندن، گێڕانەوەی ژنان بۆ سووچی ماڵەوەی خێزانەکان، سەرهەڵدانەوەی دیاردەکانی وەک زوو بەشوودان، بەزۆر بەشوودانی کچان و گەورە بە بچووک و چەندینی تر، یان زیاتربوونی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان، زۆربوونی بێکاری، کەمیی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری، قبووڵکردنی سووکایەتی و دەستدرێژی، زیادبوونی کێشەی منداڵ و خێزانی، سنووردارکردنی منداڵبوون، زیادبوونی ناپاکیی هاوسەرگیری و هتد.

- لە ڕووی دەروونییەوە:

زیادبوونی کێشە و گرێ دەرونییەکانی وەک: خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، بێتاقەتی و بێزاری، بێمتمانەیی و گوشاری دەروونی و لاوازبوونی لایەنی ڕۆحیی مرۆڤەکان و هتد.

- لە ڕووی تەندروستییەوە:

زیادبوونی نەخۆشییەکان لە ڕووی جەستەییەوە، وەک: جەڵتەی دڵ و دەماغ، زیادبوونی پەستانی خوێن، لاوازبوونی جەستە، بەدخۆراکی و زۆرێک لەو نەخۆشییانەی دەبنە هۆی سستی و بێهێزیی مرۆڤەکان، کە دەرەنجام دوچاری زۆرێک لە نەخۆشییەکانی تر دەبنەوە.

- لە ڕووی چالاکییە مەدەنییەکانەوە:

جگە لە هەموو ئەو بوارانەی پێشتر ئاماژەم پێ دا، لاوازبوون، یان کەمبوونەوە یاخود وەستان و داخستنی ڕێکخراوەکانی شارستانی لە لایەک و، چالاکییەکانیان لە لایەکی تر، بە ڕاددە و شێوازی جیاجیا کاریگەرییان لەسەر دەردەکەوێت. دیارترینیان کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی چالاکییەکانی

ڕێکخراوەکانی ژنان دەبێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، کە بە هۆیەوە بە بەراورد بە دۆخی ڕابردوویان، پاشەکشە بە دۆخی ژنان دەکاتەوە سەبارەت بەو هەوڵ و ماندووبوونانەی بە درێژایی مێژووی کارکردنیان لە سەرجەم بوارەکانی یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونــی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵ بەگشتی خەباتیان بۆ کردووە. هەروەها بەرتەسککردنەوەی بەشداربوونی ژنان لە ئاست هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردن و بەشداربوونی چالاکانەیان لە بواری سیاسیدا، لەو ڕوانگەیەی بەشداربوونی ژنان لە پرۆسەی خۆکاندیدکردندا پێویستیی بە سەرمایەیەکی ئابووریی سەربەخۆ هەیە تا بتوانێت کارەکانی بانگەشەکردن و خۆپاڵاوتنی بۆ پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی بەڕێوە بەرێت. وێڕای لاوازبوونی پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی، سەبارەت بە ئەرک و مافەکانی ژنان کە لە ڕێی شێواز و میکانیزمی جیاوازەوە بەڕێوە دەچــوو، وەک کۆنفرانس، وۆرکشـۆپ، سمینار و کۆبوونەوەی فراوان لە ئاست شار و گوندەکاندا و تەنانەت لە ئاست بەشداربوون لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکانی لە سەرجەم وڵاتاندا بەڕێوە دەچوو.

### مێژووی قەیرانی دارایی لە جیهاندا:

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، جیهان بەگشتی و سەرمایەی ئـابووری  بە شێوەیەکی سەرەکی، زۆرێک لە قەیرانەکانی بەخۆوە دی، کە گرنگترینیان لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:

ڕوودانی قەیرانی ساڵی 1866، ئەو کاتەی بەشێک لە بانکە ئینگلیزییەکان دوچاری ئیفلاسبوون هاتن، کە دەرەنجام بووە هۆی قەیرانێکی دارایی کە سیستەمی دارایی بریتانیای لەق کرد؛ ئەو قەیرانە، کۆنترینی ئەو قەیرانانەیە کە جیهان بەخۆیەوە دی. هەروەها قەیرانی گەورەی کەڵەکەبوو، کە لە ساڵی 1929دا ڕووی دا و، بە بەناوبانگترین قەیرانە داراییەکان دادەنرێت کە دارایی جیهان بەخۆیەوە بینی و بەهێزترین کاریگەریشی هەبوو و، هەروەها بووە هۆی دابەزینی نرخی ئەوانەی بەش، یان پشکیان لە بازاڕی دارایی ئەمریکیدا، بە ڕێژەی 13% هەبوو؛ پاشان لە بازاڕەکاندا بووە هۆی ڕوودانی هەڵئاوسانی دارایی کە ئاسەوارەکانی لەسەر لایەنی ڕاستەقینەی دارایی ئەمریکا درێژەی هەبوو، بە شێوەیەک دەرکەوتە و کاردانەوە دیاردەکانی خۆی لە چەند لایەنێکەوە بینییەوە، لەوانە:

- دابەزینێکی زۆر لە بەکارهێنانی گشتی.
- دابەزینی وەبەرهێنان لە لایەنی کەرتی بەروبوومیدا.
- بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، تا ئاستی نزیکەی سێ بەشی هێزی کاری ئەمریکی لە ساڵی 1932.

لە لایەکی دیکە، ڕوودانی قەیرانی ئابووریی وڵاتان لە ساڵی 1997، کە بە هۆیەوە وڵاتانی ئەوروپا قەیرانێکی دارایی گەورەیان بەخۆوە بینی و، بووە هۆی تێکشکانی دراوی تایلەندی. بەدەر لە ڕوودانی قەیرانی کۆمپانیاکانی ئینترنێت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و، سەرەتای هەزارەی

سێیەمدا، جیهان جۆرە قەیرانێکی تری نوێی بەخۆوە دی، بە شێوەیەک لە سەرەتادا نرخی بەش و پشکە داراییەکانی ئەو کۆمپانیایانە بە شێوەیەکی گەورە بەرز بۆوە؛ لە کاتێکدا ژمارەیەکی کەمی ئەو کۆمپانیایانە قازانجی ڕاستەقینەیان بەدەست هێنا، کە بووە هۆی تەقینەوەی  قەیرانەکان لە ساڵی 2000دا.

**دەرچوون لە قەیرانی دارایی:**

لەو ڕوانگەیەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، فرەهۆکار و فرەسەرچاوەن، لە هەمان کاتدا کاریگەری و کاردانەوە و ئاسەوارەکانی، لەسەر ئاستی تاک و گشتی باجی گەورە هەبوو، بۆیە دەرچوون لە قەیرانەکان پەیوەستە بە باشبوونی دۆخی کۆمەڵ لە زۆر لایەنەوە؛ کە گرنگترینیان پەیوەندیدار و گرێدراوە بە بوونی پلان و ستراتیژیی تۆکمەی فەرمانڕەوایان لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە بەهێزبوون و پتەوبوونی پردی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیهان بەگشتی و چەندین هەوڵی تری هەمەلایەنەی حوکمڕانیی ناوخۆیی و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ؛ کە ئەوەیش بەدەر لە بوونی ئیرادە و یەکگرتوویی، لە ڕووی بابەتییەوە گرێدراوی کۆمەڵێ فاکتەر و هۆکاری دیکەیە.

**دۆخی قەیرانی دارایی لە کوردستاندا:**

زیاد لە دوو ساڵە قەیرانی دارایی لە باشووری کوردستان، بووەتە کێشەیەکی دیار و مەترسیدار، کە ڕۆژانە

ئاسەوار و کاردانەوەی لەسەر ئاستی تاک و گشتیی کۆمەڵدا دەردەکەوێت.

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە فرەلایەنە، بریتین لە: بوونی جەنگی داعش لە عێراق و کوردستان لە لایەک و، ناتەبایی و ناڕێکیی حزبە سیاسییەکان، نادادپەروەری لە سیستەمی مووچە، لەخۆگرتنی زۆربەی پەنابەرانی ناوچەکانی تری کوردستان و عێراق، زۆریی ژمارەی مووچەخۆران، هەڵنەتۆقان و پشتگیرینەکردنی کەرتی تایبەت، زۆریی ڕێژەی خانەنشینان، بوونی دیاردەی گەندەڵی، پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان، چالاکنەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لاوازیی دەسەڵاتی دادوەری، نەبوونی پلانی تۆکمە لەگەڵ عێراق، بەهەدەردانی سامانی سروشتی، نەبوونی ژێرخانی ئابووریی تۆکمە و چەندین هۆکاری تر؛ کە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوورین و، لە لایەکی ترەوە تا ئێستا بوونەتە هۆی بەردەوامی و لە هەمان کاتدا سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسییش.

بێ گومان لە دەرەنجامدا سەرجەم ئەو ئاسەوارانە بوونە هۆی دواکەوتن و پاشەکشەکردنی کۆمەڵ لە ڕووی بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنەوە لە گشت بوارەکاندا، هەروەها کاریگەریی خراپی هەبوو لە ڕووی پاشەکشەکردن بە مەسەلەکانی ژنانەوە.

یەکەم جارە لە مێژوودا، باشووری کوردستان، لە سەردەمی حوکمڕانیی دەسەڵاتدارانی سیاسیی کوردەوە

تووشی دۆخێکی قەیراناویی یەک بەدوای یەکی لەم جۆرە ببێتەوە، کە بەدەر لە هەموو ئەو ئاسەوارانەی دیکە، یەکێک لە جیاوازیی کاردانەوەکانی تر بریتییە لە پاشەکەوتکردن و دواخستنی مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی کوردستان، کە زیاد لە ساڵێکە درێژەی هەیە؛ دەرەنجامی هەموو ئەوانەیش دۆخێکی ناجێگیری سیاسی، دەروونـی، کۆمەڵایەتی و تەندروستییە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاردانـەوەی خراپ دێنێتە ئاراوە.

چـارەسـەری دۆخـی ئێستای بـاشـووری کوردستان بە پلەی یەکەم، هەنگاونانی ئیرادەگەرییانەی پێویستە بۆ یەکڕیزی و یەکخستن و یەکگرتوویی هێز و توانای حزبە سیاسییەکان بە وەلانانی بەرژەوەندیی کەسێتی و پاراستنی پەرژەوەندیی گشتی؛ هەروەها دوورکەوتنەوە لە دەمارگیری و سەپاندنی تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیی حزبی و بایەخدان بە بیری نیشتمانی و کوردستانی، فەرامۆشکردن و وەلانانی ناکۆکی و گرفتەکانی ڕابردوو لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا و گرنگیدان بە ئێستا و داهاتوو، پشتگیری لە بزووتنەوە و جووڵانەوەی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەدوور لە پشتێکردن و دژایەتیکردنیان، بەدەر لە چالاککردنەوەی پەرلەمان و ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دانـانـی پـلان و بەرنامە و ستراتیژیی کورتخایەن و درێژخایەن و چەندین هەوڵ و هەنگاوی جددیی تر، بە مەبەستی پاراستنی دەستکەوتی مێژوویی گەلی کورد و چارەسەری دۆخەکە.

هەروەها بە ئامانجی یەکخستنی ناوماڵی کوردی، بونیادنانەوەی کۆمەڵ و ئابووریی کوردستان، چاککردنەوەی باری ئابووریی خەڵکی کوردستان، کە بە درێژاییی مێژوو لەپێناو هێنانەدیی فەرمانڕەواییییەکی کوردیی دادپەروەر و باوەڕمەند بە بنەما و چەمکەکانی دیموکراسی لە پێناو هێنانەدیی کۆمەڵێکی مرۆڤدۆست و دیموکرات، خەبات و قوربانیی زۆریان داوە، کە لە گشت ڕوویەکی ڕەگەزی، ئایینی، ئایدیۆلۆژی و مەزهەبییەوە و بە دوور لە هەموو جیاکارییەک ڕێز لە جیاوازیی مرۆڤەکان بگرێت، وەک ئەوەی لە بەندەکانی یەکەم و دووەمی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە و دەڵێت: «هەموو مروڤێک بە ئازادی لەدایک دەبێ و کەرامەت و مافی یەکسانیان هەیە.» هەروەها دەڵێت: «ئەو ئازادی و مافانە، هەموو مرۆڤێک بە شێوەی یەکسان و بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەک دەگرێتەوە، واتە بە جیاوازیی نەژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیر و ڕای سیاسی و، یان هەر باوەڕێکی دیکە، هەروەها ڕەچەڵەک، بارودۆخی کومەڵایەتی، سەروەت و سامان، لەدایکبوون و هەر شێواز یان بارودوخێکی دیکە.»

**سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**

- الأزمات والدورات الاقتصادية، مصطفى العبدالله
- الأزمة الاقتصادية العالمية (أزمة العالم الرأسمالي الكبرى لسنة 1929)،محمد عبد السلام

# فەیسبووك وەك
# دراوێکی دوودیو

فەیسبووک، وەک یەکێک لە بەرفراوانترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمڕۆ هەموو کەس دەتوانێت بەخۆڕایی و بێ تێچوون، بەئاسانی بەکاری بهێنێت و سوودی لێ وەربگرێت، لە لایەن کۆمپانیای فەیسبووکەوە، بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە کەسانی ترەوە و کارلێککردنیان بەڕێوە دەبرێت. ئەمڕۆ فەیسبووک بووەتە یەکێک لە کەناڵە بەهێزەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەک کە ژیان و دنیای لە بەردەم مرۆڤەکاندا بچووک کردووەتەوە و کارئاسانیی بۆ کردوون و، لە لایەن توێژ و چینێکی زۆر و هەمەڕەنگی کۆمەڵگەوە بەکار دەهێنرێت، بێ جیاوازیی ڕەگەزی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هتد. بە شێوەیەک، کە بووەتە مینبەر و هاوڕێ بۆ زۆرێک لەو مرۆڤانەی پەیجی فەیسبووکی تایبەت بە خۆیان هەبێت؛ بەتایبەتی بۆ گەنجان و ژنان. لە هەمان کاتدا، بووەتە دەروازەیەک بۆ دەربڕینی ڕا و دید و چالاکی و بیروبۆچوونەکانیان. هەروەها لە هەندێ کاتیشدا هێندە تێیدا قووڵ بوونەتەوە، کە وەک دەروازەیەک بۆ بەتاڵکردنەوەی کێشە و خەم و بێزاری و گرفتەکانیان بەکاری دەهێنن؛ جا لە ئاستی شەخسیدا بێت، یان لە بواری کار، یان هەر لایەنێکی دیکەی ژیان.

لەو ڕوانگەیەوە، بەگشتی دەروازەی کێشەکانیش ڕووی لە ئاواڵەبوون کردووە و، ژنان بە هۆیەوە دوچاری چەندین

گرفتی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، کە وا دەکات هەڵوەستە و پێداچوونەوەیەکی نوێی لە لایەن مرۆڤەکانەوە پێدا بکرێتەوە، بۆ چۆنێتیی بەکارهێنانی فەیسبووک؛ بە شێوەیەک کە کەمترین کێشەی بۆ مرۆڤەکان لێ بکەوێتەوە و، لە هەمان کاتدا زۆرترین سوود و قازانجیشی هەبێت.

**چۆنێتیی بەکارهێنانی فەیسبووک:**

بەکارهێنانی فەیسبووک لە لایەن مرۆڤەکانەوە، وەک چۆن لایەنی باشی هەیە، لایەنی خراپیشی هەیە، کە دەتوانێت ڕۆڵی باش، یان خراپ لە پەیوەندییەکان و بەیەکگەیشتنی مرۆڤەکاندا بگێڕێت؛ بەڵام دواجار ئەوە مرۆڤەکانن بڕیاری لێ دەدەن. ئامارەکان بەگشتی ئەوە دەردەخەن، کە بەکارهێنەرانی فەیسبووک بە خێراییەکی زۆر لە زیادبووندان، کە دەگاتە ڕێژەی 70% و زۆربەی بەکارهێنەرانیش لە توێژی گەنجانن.

**دراوی دوودیو:**

فەیسبووک لە ڕووی بەکارهێنانییەوە، وەک دراوێکی دوودیو، یان وەک چەکێکی دووجەمسەر وایە، کە دەتوانێت لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی کاریگەر و گرنگ بگێڕێت. بێ گومان خودی بەکارهێنان و ئاراستەکردنی بۆ هەر یەک لەو دوو دیوە، گرێدراوی چۆنێتیی بەکارهێنانێتی لە لایەن مرۆڤەکانەوە، کە خودی ئەو بەکارهێنانانە پەیوەستە بە ڕادده و ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگەوە، کە لە ئاراستەکردن و

بڕیاردانیاندا ڕۆڵ دەگێڕن. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە، دەکرێ زیانەکانی فەیسبووک لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێنەوە:

1. زیانە کۆمەڵایەتییەکان: دەشێ لە فەیسبووکدا هەر ناوێکی خوازراو بەکار بێت، بێ ئەوەی کەسە ڕاستەقینەکە دیار بێت و بەئاشکرا بزانرێت کێیە. ئەوەیش بە مەبەستی ناوزڕاندنی کەسێک، یان دامەزراوەیەک، شێواندن، سووکایەتی، هەڕەشەکردن، خۆبەدەستەوەدان، بەرژەوەندیی تایبەتی، توندوتیژیی دژ بە هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە ڕێی بلۆککردنی پەیج و فەیسبووکەوە بیکەن بۆ بەدەستهێنان و بەکارهێنانی زانیاری، یان بەهۆی وێنەی نەگونجاو و نەشیاوەوە زیان بە کەسی بەرامبەر بگەیەنن، لە ڕێی تەلەفۆن و کامێرا و میکرۆفۆنی تایبەت بە ئامێری تەلەفۆنەکەوە؛ هەروەها ڕووخاندن، تێکشکاندن، لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی بە جۆری پەیوەندییەکان لەڕێی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە، بەدەر لە دزەکردن بە زانیاری و وێنەی کەسەکان و بەکارهێنانی بە شێوەی نەشیاو و ناوزڕاندنیان بێ ئاگاداربوونی خۆیان، نەبوون، یان پێوار (غیاب)ی چاودێری و ئاڕاستەکردن بۆ پەیج، ڕێگەیەکە بۆ بەهەدەردانی کات و زۆرێک لە کارەکان و، دەبێتە هۆی کەمکردنەوە و سنووردارکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ خزم و کەسوکار و تەنانەت ئەندامانی خێزان و، پچڕانی هەست و سۆز و کەمکردنەوەی لایەنی سۆزداری لە نێوان مرۆڤەکاندا.

2. زیانە دەروونییەکان: ئەوەیش لە دەرەنجامی ئەو حاڵەتانەوە دروست دەبێت، کە هەندێ کەس بە هۆی هەژاندن و ورووژاندنی ئەوانی دیکەوە دەیکەن، لە ڕێی بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسێک، یان دزینی ژمارەی بانکی، یان بڵاوکردنەوەی درۆ و ناڕاستی لەسەر زاری ئەوانەوە و، چەندین کاری نەشیاوی تر؛ کە زۆر جار ململانێ، یان دۆخە سیاسییەکانیش وا دەکات، زیاتر ئەم جەنگە دەروونییە بۆ کەسی بەرامبەر بەرپا بکەن، کە بەگشتی دەشێ زیاتر کاریگەریی خراپی لەسەر لایەن و کەسایەتیی هەرزەکاران هەبێت، بەپێی هەستیاریی تەمەنیان. هەروەها دەشێ ئاسەواری خراپی بۆ ژنان هەبێت، بەتایبەتی کە زۆر جار بە هۆی ئەو کار و تۆمەت و ناوزڕاندنانەوە دوچاری جۆرەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبن، وەک: جۆرەکانی توندوتیژی، لە لێدان و ئەشکەنجە و جیابوونەوە و تەڵاقەوە، تا کوشتن و خۆکوشتن.

**لایەنە باشەکانی فەیسبووک:**

کرانەوەیەکی ڕۆشنبیریی زانیاریبەخشی فراوانە لە نێوان وڵاتاندا و سەرچاوەیەکی یارمەتیدەرە بۆ خێراییی بەیەکگەیشتن و یەکترناسینی مرۆڤەکان و، زانینی گرنگترین هەواڵ و ڕووداوەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، وەرزشی، تەکنیکی، ئایینی، سیاسی و گشت بوارەکانی دیکە؛ ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنان و دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی نوێ، بەدوور لە هەموو شوێنێکی کارکردن و

خوێندن و خێزان. بەدەر لە بەیەکگەیشتن و بە شێوەیەکی ئاسان نزیککردنەوەی ئەو هاورێیانەی لێک نزیکن، یان لە ڕووی جوگرافییەوە مەودایەکی دووریـان لەگەڵ یەکتردا هەیە، دەروازەیەکیشە بۆ گوزارشتکردنی مرۆڤەکان لە خۆیان و بەشداربوونی ڕا و تێڕوانینەکانیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی وێنەی فۆتۆیی، یان ڤیدیۆیی، بە شێوەیەکی واقعی و وەک خۆی، ئامرازێکە بۆ خۆشی و، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت بۆ نزیککردنەوەی کەسەکان لە یەکتری بۆ بەئاگابوون لە روداو و بۆنەکانیان. جگە لەوەی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، هەموو کەسێک بەئاسانی دەتوانێت بابەت، زانیاری، وێنە و ڤیدیۆی خۆی بڵاو بکاتەوە و، بەپێچەوانەوە دەتوانێت سوود لە بینینی چالاکی و زانیاریی کەسانی تریش وەربگرێت؛ بەدەر لەوەی ڕێگەیەکیشە بۆ گوزارشتکردن لە ڕا و بۆچوونەکانی مرۆڤ سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە سەرتاسەری دنیادا ڕوو دەدەن.

### مێژووی دامەزراندنی فەیسبووک:

دامەزراندنی فەیسبووک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ و لە لایەن «مارک زوکێربێرگ»ەوە دامـەزرا. ئەو کاتەی «مـارک» لە زانکۆی هـارڤاردی ئەمریکا خوێندکار بوو، ئامانجێکی ڕوونی لە دامەزراندنیدا هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە: کارکردن لە دانانی نەخشـەی پەیجێکدا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی هاوڕێکانی؛ تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی بەردەوامیان هەبێت، بە مەبەستی گەیاندنی

هەواڵ و زانیاری و وێنەکانیان؛ کە توانیی لە ماوەیەکی کەمدا ئامانجەکە بپێکێت.

بیرۆکەکە لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی هارڤاردەوە کۆدەنگی و خواستێکی زۆری لەسەر بوو؛ بۆیە بوو بە مەسەلەیەک، کە جێی بایەخی زۆربەی خوێندکاران بوو. دواتریش، بوو بە هاندەرێک بۆ فراوانکردنی بازنەی هەموو ئەو کەسانەی مافی بەشداربوونیان تێیدا هەبوو؛ بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆکانی دیکەیش بگرێتەوە، یان ئەو خوێندکارانەی پێش هاتنە زانکۆ، هەوڵ دەدەن بە ژیانی زانکۆ ئاشنا بن. بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٦دا، «مارک» بڕیاری دا پەیجەکەی خۆی لە بەردەم هەر کەسێکدا کە بیەوێت بەکاری بهێنێت، بکاتەوە. لە ماوەی نێوان مانگی ٩ی 2016 بۆ مانگی 9ی 2017دا، پەیجەکە 64 ملیۆن بەشداربووی هەبوو. لە ساڵی 2007دا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بانگەوازی کرد کە لە فەیسبووکدا بەشێکی بە نرخی 240$ کڕیوەتەوە، کە گەیشتە 1.6%؛ بە شێوەیەک کە دواتر نرخی کۆی گشتیی پەیجەکە گەیشتە 15 ملیار$.

**فەیسبووک و پەیوەندییە خێزانییەکان:**

زۆرێک لە چاودێران وای دەبینن، کە زیادەڕۆییکردن لە زۆر بەکارهێنانی فەیسبووکدا بەگشتی لە لایەن خەڵک و خێزانەکانەوە، شێوەیەکی خراپی لێ کەوتووەتەوە و کاریگەری و ئاسەواری زۆریشی لەسەر جۆری پەیوەندیی ئەندامانی خێزانەکان بە یەکترییەوە جێ هێشتووە. ئەمڕۆ

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، مرۆڤێکی زۆر، لە خوێندەوار و نەخوێندەوار، خاوەنی ئاستی جیاواز لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری و دەروونییەوە، جیاواز لە لایەنی جوگرافی، ئایینی، ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی، خاوەنی پەیجی فەیسبووکی تایبەت بە خۆیانن.

بە هۆی زۆریی کاتی زۆربەی ژنان و دەستبەتاڵی و قەتیسکردنیان لە ماڵەوە، ژنانیش بە ئاستی جیاواز، بەتایبەتی ئەوانەی هاوسەریان هەیە، چوونەتە نێو ئەو بوارەوە و زۆربەی کاتیان بۆ تەرخان کردووە و، سەرقاڵن بە بەکارهێنانی فەیسبووکەوە؛ بە ئەندازەیەک، جاری وایە کە ڕوو لە خێزانێک، سەنتەرێک، یان تەنانەت دامەزراوەکان و شوێنە گشتییەکان و شوێنەکانی کارکردنیش دەکرێت، زۆربەی تاکەکان سەرقاڵی بەکارهێنانی فەیسبووکن، کە زۆر جار، تەنیا وەک سەرچاوەیەک بۆ قسەکردنێکی ڕۆژانەی ڕۆتین لەگەڵ هاوڕێ و خزم و کەسوکاردا بەکاری دەهێنن؛ ئەوەیش لە سنووری هەواڵپرسین، یان گەڕان بەدوای مۆدیل و کڕینی کەلوپەل، یان ئاڵوگۆڕی وێنە و سەیرکردنی زیاتر نییە. لە کاتێکدا سەرچاوەکانی بەکارهێنانی فەیسبووک، دەشێ سنووری زۆرێک لەو ڕۆتینانە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان ببەزێنێت و ببێتە لینکی پەیوەندی و ئاگاداربوون لە هەواڵەکان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا. هاوکات سەرچاوەیەکیش بێت بۆ بڵاوکردنەوەی نووسین و بابەتی هەمەڕەنگ بۆ بەهێزکردنی لینکی پەیوەندییەکان لە ڕووی چالاکییە هەمەڕەنگەکانەوە لە بوارە جیاوازەکاندا.

لە زۆرێک لە خێزانەکاندا سەرقاڵبوونی دایک و باوک بە ئەنتەرنێت و فەیسبووکەوە، هەر یەکەیان بە ئامانجی خۆی، بووەتە هۆکاری فەرامۆشکردن و لە ئەنجامدا بێزاربوونی منداڵەکانیان و، لە هەمان کاتدا خوڵقاندنی ژینگەیەکی نائارام و ناخۆش بۆ تاکەکانی خێزان. بەپێچەوانەوە سەرقاڵیی منداڵەکانیش بەو مەسەلەیەوە، بە ڕاددەی گیرۆدەبوون بە فەیسبووکەوە، بووەتە دیاردەیەکی دیار و باوی خێزانەکان؛ بە ڕاددەیـەک کە لە کاتی میواندارییکردنی کەسانێکدا، یان بەپێچەوانەیشەوە، ناتوانن خۆیانی لێ قوتار بکەن.

وێـڕای ئـەوەی زۆرێـک لـەو هەڵوێستانە بـەدوورن لە ئەتەکێت و ڕێز و سوودوەرگرتن لە کات و خۆشگوزەرانیی خێزانەکانەوە، کەچی هیچ تایبەتمەندییەکی بۆ خێزان نەهێشتووەتەوە و، پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزانی گەیاندووەتە ئەوپەڕی لاوازی. ویڕای ئەوەی سەرلێشێواوی، نائارامی، ناجێگیری و پەرتەوازەییی خێزانەکانیش دەبێتە بەشێکی تری دەرەنجامەکانی، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازیی لایەنی سۆزداری و خۆشەویستی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا و، زیادبوونی ڕێژەی تووڕەبوون لە چۆنێتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتریدا و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان، گۆشەگیری و پەراوێزی و تاکڕەوی و ... لە نێوان تاکەکاندا دەخوڵقێنێت.

### چی بکرێت لە پێناو باش بەکارهێنانی فەیسبووک؟

بە هۆی گرنگی و بەردەوامی و پێویستیی فەیسبووک لە ڕووی بەکارهێنانی لە لایەن مرۆڤەکانەوە، گرنگە بۆ چۆنێتیی

بەکارهێنانی لە ڕووە ڕاستییەکەیەوە، کار لەسەر بەرنامە و پلان و ستراتیژێک بکرێت. ئەوەیش لە ڕێی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانەوە دەبێت، کە بێ گومان ئەو کارکردنەیش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و مەودایەکی فراوانی هەیە، کە پێویستە نەک خودی مرۆڤەکان بەگشتی کاری بۆ بکەن، بەڵکوو گرنگە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش پلانیان هەبێت لە ڕێی بەرنامە و ڕیکلامی هەمەڕەنگەوە سەبارەت بە زەرەر و قازانجەکانی فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتی و ئەلکترۆنییەکان؛ بەدەر لە چالاکبوونی ڕۆڵی یاسا و جێبەجێکردنی لە بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەدا کە فەیسبووک و کەناڵە ئەلکترۆنییەکانی تر دەکەنە دەروازەیەک بۆ هەڕەشەکردن و سووکایەتی و ناوزڕاندنی کەسانی بەرامبەر، کە ئاقار و ئاسەواری توندڕەویی تری بۆ مرۆڤەکان لێ دەکەوێتەوە.

بێ گومان کارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی، دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر و بەرجەستە بگێڕن بە ئاراستەی هۆشیارکردنەوەی ژنان بەگشتی و گوشارخستنە سەر دەسەڵاتی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی یاسا و سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانەکان و خراپ بەکارهێنانی فەیسبووک؛ چونکە قوربانیی یەکەم و کۆتایی پرۆسەکە، بە پلەی یەکەم، خودی ژنانن. بۆیە ئەرکی لایەنە جۆربەجۆرەکانە پێکەوە یارمەتیدەر بن لە پێشگرتن و ڕێگریکردن لەو تاوانانەی لەو کەناڵەوە دەکرێن؛ کە دواجار خودی ئەو کەناڵانەی وەک فەیسبووک، تویتەر، ڤایبەر،

یوتیوب، سکایپ و...، لە خودی عەقڵییەتی مرۆڤەکانەوە هەڵقووڵاون و بوونەتە واقع و، لە هەمان کاتدا بۆ خزمەتی مرۆڤەکانیش هاتوونەتە بوون، نەک بۆ ڕووخاندن و دارمان و تێکشکانی پەیوەندییە مرۆییەکان و ئازاردان و زیانگەیاندن بە مرۆڤەکان، کە دەرەنجام، نەک دەبێتە مایەی زیان و زەرەرگەیاندن بە مرۆڤەکان، بەڵکوو کۆی گشتیی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، لە پرۆسەی پێشکەوتن، گەشەکردن و بنیادنان دەوەستێنن.

بێ گومان باشترین ڕێ بۆ چارەسەری ئەو ژینگەیە، پێداچوونەوە و دارشتنەوەی بەرنامەی خێزانییە بۆ چۆنێتیی بەکارهێنانی فەیسبووک، لە ڕێی بەرنامەی دیاریکراوی ڕێکخراوەوە و، چۆنێتیی دابەشبوونی کاتەکان لە لایەن سەرجەم ئەندامانی خێزانەوە بۆ باشتر بەکارهێنانی. چونکە وەک باس کرا، دەکرێت بە دوو جۆری پێچەوانەی یەکتر بەکار بهێنرێت؛ کە یەکێکیان لە خزمەتی مرۆڤەکاندا بێت و، ئەوی تریان بۆ تێکشکانی مرۆڤ و خێزانەکان بێت.

**سەرچاوە:**

حياة النساء على صفحات الفيس بوك، آلاء هاشم القطب.

# ڕۆڵی زانکۆکان
# لە گەشەپێدانی مرۆییدا

وتووێژ سەبارەت بە گەشەپێدان و پەرەپێدانی مرۆیی لە لایەن زانکۆکانەوە، ڕا و بۆچوونی جیاوازی لەخۆ گرتووە. هەندێک لە تێڕوانینەکان پێیان وایە ئەم کارە ناچێتە چوارچێوەی ئەرکی زانکۆکانەوە، بەڵام هەندێکی دیکە بەپێچەوانەوە، پێیان وایە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی زانکۆ گرنگیدانە بە سەرچاوە مرۆییەکان، وەک دەزگەیەکی زانیاری و ڕۆشنبیری و بەرهەمهێنەری مەعریفە. بەگشتی ئەوەی لە زۆربەی زانکۆ ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەدی دەکرێت، سنووردداربوونی بایەخی زانکۆکانە لە بواری پەرەپێدانی فکری و ڕۆشنبیری و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەدا. بۆ نموونە، ئەو کێشە و مەسەلانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە و دەوڵەت و نیشتمان دەبنەوە، وەک مەسەلەی بێکاری، زیادەڕۆیی، گەندەڵی، دواکەوتوویی کارگێڕی و زانستی، لاوازیی گەشەی ئابووری و دەرچووانی داموودەزگەکانی خوێندن، کە لەنێو زانکۆ و لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا ڕەنگدانەوەیەکی واقعییانەی نییە، جگە لە لاوازیی بەرنامەیەکی زانستی و گفتوگۆیەکی بەرفراوان. هەندێک پێیان وایە زۆرێک لە زانکۆ و کۆلێژەکان وێڕای ئەوەی نەیانتوانیوە گەشە بە خۆیان بدەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لە هەمان کاتدا نەک نەیانتوانیوە بەشدار بن لە چارەسەری مەسەلەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەدا، بەڵکوو بوونەتە بەرهەمهێنەری هەندێ

پرسی یەکلاکەرەوەی وەک: بێکاری، دواکەوتوویی زانست و زیادەڕۆیی فکری.

بە دیوێکی دیکەدا، هەندێک بۆچوون پێیان وایە، بەگشتی واقعی کارکردنی ئەمڕۆی زانکۆکان، بەتایبەت زانکۆ حکوومییەکان، ڕێ نادات بەرپرسیارێتیی مەسەلەکانی کۆمەڵگە و سەردەم لەخۆ بگرن؛ لەو ڕوانگەیەی ئەو سەربەخۆیەتییەیان نییە تا بتوانن لە ڕێگەیەوە کار و جووڵە و بەرپرسیارێتییەکان بگرنە ئەستۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێگری و قورساییانەی دێتە ڕێگەیان، چونکە یەکێک لەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی زانکۆکان دەبێتەوە سیستەمی دارایی و کارگێڕییەکەیانە؛ لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە سیستەمی حکوومیی بیرۆکراتیی دابینکردنی بوودجە و دەرکردنی ڕێنمایی و سیستەمەوە هەیە، کە هەموویان لە ڕووی ناوەندییەوە گرێدراوی وەزارەت و ئەنجومەنی خوێندنی باڵان، جگە لە سەربەخۆنەبوونی هەر زانکۆ و کۆلێژێک لە ڕووی دەسەڵاتی دارایی و بڕیاردان و ڕێنمایی و قەواڵەی کارگێڕی و ئەکادیمییەوە. ئەوەیش بووەتە هۆی لاوازیی ڕۆحی کێبڕکێ و گەشەپێدان و نەهێشتنی ژینگەی ئەکادیمیی ڕاستەقینە لەناو زانکۆکاندا، بەپێچەوانەی ئەوەی لەنێو زانکۆ جیهانییەکاندا بەدی دەکرێت لە ڕووی فرەیی چالاکییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان و بوونی ڕۆحی لێبووردەیی و ئازادیی فکری و هاوکاری لە گفتوگۆکردنی مەسەلە جیهانییە سیاسی و ئابووری و فکرییەکاندا.

بوونی ئەم پێوارە لای سەرکردە پەروەردەیییەکان و ئەندامانی دەستەی خوێندن و فێرخوازان، بووەتە هۆی لاوازیی ڕۆحی ئینتما بۆ زانکۆ و کۆلێژەکان؛ جگە لەوەی هەندێک لە سەرکردە ئەکادیمییەکان و ڕاگەیاندنەکان بانگەشە بۆ ئەو چەمکانە دەکەن کە ڕێگری لە گەشەکردن دەکەن، وەک: گرنگیی یەکخستنی قەواڵە و کورتکردنەوەی مەوداکانی نێوان زانکۆکان و سنووردارکردنی ڕۆحی کێبڕکێ لە نێوان زانکۆ و کۆلێژەکاندا. بۆیە سەربەخۆنەبوونی زانکۆ و کۆلێژەکان و دامەزراندنی سەرکردە ئەکادیمییەکان لە لایەن لایەنە باڵاکانی دەوڵەتەوە بە پێوەری دوور لە ڕۆحییەتی داب و نەریتی زانکۆیی و زانستی، دەبێتە هۆی بایەخنەدانی ئەندامانی دەستەی خوێندن و توانا مرۆیییەکان بە پێوەر و نەریتی ئەکادیمی و دەستکەوتە زانستییەکان؛ لەبەر ئەوەی بە زۆری هەڵبژاردنی سەرکردەکان، لە سەرۆکبەش و ڕاگری کۆلێژەکان و جێگر و بەڕێوەبەرەکانەوە بەپێی پێوەری دەستکەوتی زانستی و توانای کارگێڕی و خەسڵەتە سەرکردەیییەکان بەرێوە ناچێت، بەڵکوو تێهەڵکێشی فاکتەری دیکە دەبێت؛ جگە لەوەی نەبوونی سەربەخۆیی زانکۆکان وا دەکات، سەرقاڵی مەسەلە لاوەکی و ڕواڵەتییەکان بن و لەگەڵ دامودەزگا حکوومییەکانی دیکەدا گرێدراوی زنجیرەیەکی دوورودرێژی کاری ئاڵۆزی کارگێڕی بن. چونکە بەدەستهێنانی وەزیفەی ئەکادیمی بە کۆمەڵێ کار و بەڕێوەبردنی درێژدا تێ دەپەڕێ، کە خۆی لە پەیوەندییەکان و واسیتە و دەستێوەردانی کەسیدا دەبینێتەوە و وا لە

سەرکردە کارگێڕییەکان دەکات لەنێو خەم و ژینگەیەکی نازانستیدا بژین، نەک ژینگەیەکی ئەکادیمیی دروست.

پارەپێدانی خوێندنی باڵا، یەکێکە لە کێشە ڕاستەقینەکان، کە ڕێگرە لە بەردەم گەشەپێدانی زانکۆ و کۆلێژەکاندا بە شێوەیەکی بەردەوام، بەتایبەت لە ڕووی جۆری (چۆنێتی)، نەک چەندێتییەوە، کە هەندێ جار بەدەستهێنانی پشتگیریی حکوومی ئاسان دەبێت بۆ دروستکردنی کۆلێژ، یان هەر شتێکی لاوەکیی تر، بەڵام بەدەستهێنانی پارەپێدان بۆ بەدەستهێنانی بەرنامەی گەشەسەندنی تواناکان و بووژانەوە و خزمەتگوزاریی جۆری بۆ فێرخوازان، جگە لەوەی سەرچاوەی پارەپێدانی سەرەکی بۆ خوێندنی باڵا تا ئێستا بە میزانییەی حکوومەتەوە گرێ دراوە و سەربەخۆنەبوونی زانکۆکان و نەبوونی بەرنامە و ڕێنمایی بۆ زانکۆکان، ڕێگرن لەوەی کە سەرچاوەکانی پارەپێدانی دیکە گەشەی بە خۆیانەوە ببینن.

لەو ڕوانگەیەوە، گرنگیی پێشەنگبوونی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دێتە ئاراوە بۆ بەدیهێنانی هۆشیاربوونەوە، ژیانەوەی شارستانی، پەرەپێدانی مرۆیی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی و، سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگە لە مەسەلەی ناکۆکییە فکری و ڕۆشنبیرییە گەشەکردووەکاندا، کە پێویستی بە باشترین عەقڵ و توانا و ئامێرەکان هەیە تا گەنجان لە ڕێیانەوە باشترین کاتی ژیانیان بەسەر بەرن. بۆیە پێویستە لە گشت گرفت و ڕێگری و مومارەسەکردنێکی دواکەوتوو ئازاد بکرێ، گەر بمانەوێت لە ئاست پێشکەوتنی

وڵاتانی دیکەدا بین لە ڕووی هاوکاریی بەرهەمهێنانی زانین و زانستە پێشکەوتووەکاندا؛ جگە لە بەرهەمهێنانی توانا مرۆییەکان، بە شێوەیەک کە توانای کارکردن و خزمەتی پەرەپێدان و پێشکەوتن و شارستانییەتە مرۆییەکانیان هەبێت. ئەمەیش تەنیا پێویستی بە ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوەی فراوان هەیە، جگە لە ئیرادە و ئاراستەکردنێکی باش، کە دەرەنجام زانکۆ ڕووەو گەشەکردن و بنیاتنان هەنگاو دەنێت.

## ڕۆڵی تەکنۆکراتەکان لە حوکمڕانیدا:

لە کۆمەڵگەی کورددا قۆناغ و پێشکەوتنەکان لە ڕووی زانست و تەکنەلۆژییەوە بە شێوەیەک گەشەیان کردووە، کە ڕۆ چوونەتە نێو وردەکاری و درێژەی ژیانەوە؛ تا ئەو ئەندازەیەی بنیاتنان و ڕەوڕەوەی ئابووری، بەبێ بوونی توانای شارەزایان تێ ناپەڕێت؛ جگە لەوەی بەڕێوەبردنی یەکەکانی بەرهەمە گشتی و تایبەتەکان، بە گشت جۆرەکانیانەوە، بێ بوونی پسپۆڕییەکان، هەر تەنیا بە هەڵگری بڕوانامەی زانستی بەڕێوە ناچن، بەڵکوو بە زانین و شارەزاییەوە مەرجدار دەکرێن. بۆیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، سەرکردەکان تەنیا کاریزمای سیاسی نین، بەڵکوو بوونەتە سەرکردەی بەڕێوەبردنی زانین و نوێبوونەوە، کە بۆ بەڕێوەبردنی ڕەوڕەوەکە و ئاراستەکردنی، پشت بە عەقڵی زانستیی شارەزایانە دەبەستێت. بۆیە بەڕێوەبردنی ئەو سیستەمە، کەسانی تەکنۆکرات دەخوازێت، بۆ ئەوەی لە سەرەتا و لووتکەی بەڕێوەبردندا بن لە پێناو داخوازییەکانی سەردەمدا.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا حکوومەتی تەکنۆکرات چارەسەری دۆخی ئێستای کوردستان دەکات؟

تەکنۆکرات، وشەیەکی یۆنانییە و بە مانای پیشەسازی (تەکنیکی)، یان هونەری دێت و لە دوو وشەی یۆنانی پێک هاتووە: «تەکنەلۆژی»، بە مانای زانین، یان زانست و، «کرات» کە بە مانای دەسەڵات دێت. واتای وشەکە بەسەریەکەوە بە مانای دەسەڵاتی چینی زانستی، تەکنیکی، پسپۆڕی و ڕۆشنبیر دێت. فەلسەفە ماددەی سەرەکیی تەکنۆکراتییە و پشتگیرییەکەیشی بنەما زانستییەکەی و کەڵەکەبوونی شارەزاییە لە بڕیارسازی و تواناسازی بەسەر پلاندانانندا؛ بەو واتایەی، دەتوانرێت ڕۆڵی تەکنۆکرات بەوە شی بکرێتەوە کە گوتراوە: «مرۆڤی شیاو بۆ شوێنی شیاو.»

حکوومەتی تەکنۆکرات، حکوومەتێکی پسپۆڕی ناحزبییە، کە لایەنگری لە هەڵوێستی هیچ حزبێک ناکات. ئەم جۆرە حوکمڕانییە لە کاتی ناکۆکییە سیاسییەکاندا بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە، مامۆستایەکی پسپۆڕ لە بواری ئابووریدا، دەکرێ وەزارەتی ئابووری و، ئەوی تری پسپۆڕ لە بواری تەکنەلۆژیدا، وەزارەتی گەیاندن و، ئەوی دیکەی شارەزا و دیار لە بواری پزیشکیدا وەزارەتی تەندروستی وەربگرێت. حکوومەتی تەکنۆکراتی لە ڕووی بیروباوەڕەوە، پشتئەستوورە بە کەسانی بەتوانا و شارەزا و بەئەزموونی زانستی لە بڕیاردان و سەرکردایەتیکردندا، کە ئەوە یەکێکە لە ئامرازەکانی دەربازبوون لە تەنگانە و، بێ گومان لە پێناو

گەیشتنی هەر دەوڵەتێک بە ئامانجەکانی لە چارەسەکردنی کێشە هەڵپەسێردراو و ئاڵۆزەکانیدا، ڕێگە بە تەکنۆکراتەکان دەدات بۆ توانای بڕیاردانی ڕاست. هەر ئەمە بوو کە دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی پشتی پێ بەست، کە ئێستا لە بواری ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی شارستانیدا بازدانێکی زۆری بەخۆوە دیوە، کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابـــردوودا بیابان بـوو و، «دوبـەی»یـش وەک لادێیەکی بچووک بـوو، بـەڵام دەسـەڵاتـدارەکـانـی بەزیرەکییەوە لە کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ هاوکاریکردنیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پشتیان بە شارەزایانی تەکنۆکراتی بێگانە و ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان بەست.

کەسانی تەکنۆکرات: تەکنۆکراتەکان لە ڕووی زانست و پسپۆڕییەوە لە بواری خۆیاندا دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیرترن و دەتوانن لە ڕێی لێکۆڵینەوەوە خوێندنەوەی بارودۆخ بکەن و پاشان پلانی گشتی بۆ چارەسەری ئامرازەکانی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن دابنێن و، ئەوانەن کە خاوەنی عەقڵە زانستییەکەن، نەک تەنیا خاوەنی بڕوانامە، بەڵکوو شـارەزان و توانای داهێنانیان هەیە و، بە زۆری کەسانێکن ئینتمایان بۆ حزبی سیاسی نییە، یان کەمتر بە کاری سیاسییەوە سەرقاڵن .

تەکنۆکراتی، بزووتنەوەیەکە ساڵی 1932 لە ئەمریکا دەستی پێ کرد و تەکنۆکراتەکان لە ئەندازیار و ئابووریناسانی سەرقاڵ بە زانستەکان و بیناسازییەکان پێک هـات، لەو ڕوانگەیەی لایەنە ئابوورییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە ئەندازەیەک ئاڵۆزە کە سیاسەتمەداران ناتوانن لێی تێ بگەن،

یان بەسەریدا زاڵ بن؛ بۆیە پێویستی دەکرد بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری بچێتە ژێر ڕکێفی زانایان و ئەندازیاران و پسپۆڕانەوە.


نووسەری فەڕەنسی، جۆن ویلیەم لابییر، لە کتێبی «الثورە والتكنوقراطیە»دا باس لە ڕۆڵی تەکنۆکراتەکان دەکات لە داڕشتنی ناسنامەی کۆمەڵگەی فەڕەنسی لە ماوەی سێ کۆماری یەک لە دوای یەکی حوکمڕانیدا، کە تێیدا بانگهێشتی بەشداربوونی کرد بۆ ڕۆڵی کەسانی تەکنۆکرات لە داڕشتنی ئەو بڕیارانەی سوودمەندی دەبێت بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی ڕاستەقینە، چونکە عەقڵییەتی تەکنۆکراتی دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر دەستکەوتەکان و مەرجی بنەڕەتییە کە هەر وێنایەکی لەسەر بونیاد بنرێت؛ بەمەبەستی نوێبونەوەی کۆمەڵگە. لەو ڕوانگەیەی تەکنۆکراتی، بریتییە لە عەقڵێکی بنیاتنەر، نەک ئەوەی کەسێک، شوێنێک، یان وەزیفەیەک بگرێت.

واقع و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردییش لە ڕووی شلەژان و ناسەقامگیریی ئەمن و ئاسایش، گەندەڵیی کارگێڕی و بەڕێوەبردن، نەبوونی دەستوور، پەرتەوازەییی کۆمەڵایەتی، نەبوونی سیستەم، زاڵێتیی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و خێڵەکی و ئایینی و ناوچەگەرییەوە، وا دەکەن بیر لە گۆڕانکاری و ئەڵتەرناتیڤی تر بکرێتەوە بۆ حوکمڕانی، بەوەی چەندین ساڵە عەقڵییەتی سیاسی و حزبی و خاوەن ئەزموونێکی کەموکورتی پیشەیی، بە باکگراوندێکی زانیاری و زانستیی ئاسایی بەڕێوەی دەبات و پێویستیی زۆری بە خوێندنەوەی

بابەتییانە و توێژینەوەی جددی هەیە تا لە قەبارەی زیان و هۆکارەکانی ورد ببێتەوە و، پاشان لەو ڕوانگەیەوە سەرەتییەکان (ئەولەوییات) و خاڵی دەستپێکردنی هەنگاوی چارەسەرەکان ڕووەو گەشە و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و مرۆیی دیاری بکرێن. بەڵام بێ گومان بە هۆی بوونی ململانێی حزبەکان و تەکەتولاتی نێو خۆیان، بووە هۆی ڕوونەدانی ئەو واقعە. بەمەیش پێشکەوتنەکانی دوا خست و، وەزیفە و پۆستەکانیش بە شێوەیەک دابەش بوون، کە هەندێ جار دەگاتە ئەو ڕاددەیەی هەڵگری خاوەن بڕوانامەیەکی دیاریکراو، لە بەڕێوەبردنی پسپۆڕییەکی جیاوازتر لە خۆی کار بکات و، لە هاوشێوەی ئەو نموونانەوە پرسیارێک دیتە ئاراوە بەوەی چۆن نەخوێندەوارێکی نەزان، یان نیمچەخوێندەوارێک دەتوانێت دامەزراوەیەکی نوێ بەڕێوە بەرێت؟ بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین هەموو توانایی و پسپۆڕییەک لە کاری شیاودا بەکار بێنین، پێویستە لە لووتکەی قووچەک (هەرەم)ەکەوە ڕەوایەتیی پێ بدرێت و ڕێ بە کەسانی تەکنۆکرات بدرێت بۆ فەرمانڕەوایەتیکردنی وڵات. چونکە بوونی ژێرخانی عەقڵی و ممارەسەکردنی، مەیدانێکە، شارەزایی بەرهەم دەهێنێت و دوو مەرجی سەرەکین بۆ بەرجەستەکردنی ئەرکی تەکنۆکرات.

بۆیە هەوڵدان بۆ هاتنەکایەوەی حکوومەتی تەکنۆکرات کاری جددی و عەقڵییەتی دەسەڵاتدارانی پێویستە، بەتایبەت لە لایەن سەرکردایەتیی حزبەکانەوە، چونکە بوونی ئەم جۆرە ئاراستەیە دەبێتە فاکتەرێکی چارەسەر بۆ نەهێشتنی گەندەڵی

و خزمایەتی و ناسین بە گشت شێوەکانییەوە، جگە لەوەی هەنگاوێکی کاریگەر و کردەییە بۆ بەگەڕخستنی ئیشکردن و بەرپرسیاریێتی و، کارکردنی کەسانی خاوەن توانا و شارەزایی لە بوارە جیاجیاکاندا. بەوەیش دۆخی کوردستان لە حاڵەتی دواکەوتووییەوە بۆ گەشەسەندن دەگۆڕێت و، دەرفەت بۆ بەگەڕخستنی کرداری وەبەرهێنانێکی کردەییی ڕاست لە کوردستاندا واڵاتر دەبێت.



**بەرهەمە بڵاوکراوەکانی ( کنێر عەبدوڵا )**

1.(ژن لە بازنەیەکی داخراودا) کۆمەڵە وتارێکی تایبەتە بە کێشەکانی ژنان، ساڵی 2005 چاپکراوە.

2.(پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا) توێژینەوەیەکی زانستی تیۆریی و پراکتیکییە. باس لە پێگەی ژنانی ئیشکەر دەکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ساڵی 2006 چاپکراوە.

3.(توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حکومییەکاندا) توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانییە لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر. باس لەو توندوتیژیانە دەکات کە رووبەڕووی ژنانی فەرمانبەر دەبێتەوە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، ساڵی 2006 چاپکراوە.

4.(کاتێک تەنیایی سەپێنراو ڕوو لە ژن دەکات) کۆمەڵە بابەتێکی وەرگێراوە لە زمانی عەرەبییەوە. لە دوو بەشی

سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم باس لە بارودۆخی ژنانی تەڵاقدراو دەکات و بەشی دووەم کێشەکانی ژنانی بێوەژن دەخاتەڕوو، ساڵی 2007 چاپکراوە.

5.(کوشتنی ژنان لە ئاماری میدیاکانەوە). توێژینەوەیەکە سەبارەت کوشتنی ژنان لە باشوری کوردستان، ساڵی 2008 چاپکراوە.

6.( بەشداریکردنی سیاسی ژنان) کۆمەڵە ووتارێکی وەرگێڕاوە لە زمانی عەرەبییەوە، باس لە گرنگی و ئاسەوارەکانی بەشداریکردنی سیاسی ژنان دەکات ، ساڵی 2008 چاپکراوە.

7. ( ژن و توندوتیژی) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، باس لە جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان و هۆکارو چارەسەرەکانی دەکات و جەخت دەکاتە سەر جۆری خێزانی و توندوتیژی لە خوێندنگەکاندا ، ساڵی 2008 چاپکراوە.

8.( پێم دەڵێن) کۆمەڵە بابەتێکی تایبەتە بە ژنان و ئامانج لەم کتێبە ئەوەیە ژنانێکی زۆر بوونە قوربانی لە رابردوودا و با زۆریک لەو ژنانەی ماون نەبنە قوربانی، بۆیە وێڕای کێشەکانیان، چارەسەریش خراوەتە ڕوو، ساڵی 2009 چاپکراوە.

9.(توندوتیژی دژ بە ژنان) باس لە توندوتیژی دژ بە ژنان دەکات لەهەریەک لە وولاتانی میسر، ئەردەن،

سوریا، لوبنان و فەلەستین. لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، ساڵی 2010 چاپکراوە.

10.(دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان). باس لە توندوتیژی سێکسی دەکات کە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، ساڵی 2010 چاپکراوە.

11.( تۆم خۆشدەویێت، ئەی تۆ ؟!) لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە؛ بەشی یەکەم باس لە پەیوەندی خۆشەویستی دوو رەگەزی جیاواز دەکات لە کۆمەڵی کوردی و بەشی دووەمی کۆمەڵێ پرسیار و وەڵامی خەڵک لەخۆ دەگرێت و بەشی کۆتاییش باس لە کۆمەڵێک نموونەی زیندووی سەرکەوتووی پەیوەندی خۆشەویستی دەکات، دوو جار چاپکراوە ساڵی 2013 و 2014.

12.(ڕەوشی ژنانی هەرێمی کوردستان لە نێوەندی بڕیارسازیدا) لێکۆڵینەوەیەکە باس لە ڕەوشی ژنانی باشوری کوردستان دەکات لە چوار نێوەندی دەسەڵات لە سەرجەم (خولەکانی پەرلەمانی کوردستان، کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆنگرەکانی پێنج حزبی سیاسی و دەسەڵاتی دادوەری). بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی، ساڵی 2015 چاپکراوە.

13.( بەشداری سیاسی ژنان لە باشوری کوردستان) لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر دۆخی ژنانی باشور لە نێوەندی بڕیاردا، دوو جار چاپ کراوە ساڵی 2016 و 2017.